




# شەرەفکەندی

## نموونەی مودیرێکی مودێڕن

### بەشی: دووهەم

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێڕست:

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٢........................ لاپەڕەی ...................... ٤

١- ژن لە ئاوێنەی روانگەکان دوکتور شەرەفکەندی نەمردا ........................................ خەدیجە مەعزووری

٢- وتاری سکرتێری گشتیی حیزب خالید عەزیزی لە رێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا .......

٣- دەقی وتەکانی مستەفا هیجری لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی یادی دوکتور سادق شەرفکەندی لە فەڕانسە ................

٤- دوکتور شەرەفکەندی، لە ئاوێنەی بیر و بۆچوونەکانی دا .................................................. قادر وریا

٥- پەیمانی لۆزان و سێور لە نووسینی د. سادق شەرەفکەندی ........................................... و: تەها عەتیقی

٦- کاک د. سەعید، بەو جۆرەی لە دڵی من دابوو! ................................................... عەلی مێهرپەروەر

٧- تیرۆری د.شەرەفکەندی پەڵەیەکی دیکەی تاوان بە تەوێلی ریژیمی ئیسلامیی ئیرانەوە ............. برایم جەهانگیری

٨- چەند پەیڤێک لەسەر بیر و ئەندێشە و روانگە و بۆچوونەکانی د،سادق شەرەفکەندی .............. ئەحمەد شێربەگی

٩- گەشتێک بە نێو بیر و بۆچوونەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندیدا ................................ کوردستان و کورد

١٠- لە پەراوێزی تیرۆری میکۆنووسدا .......................................................... هاشم رۆستەمی

١١- کاک د. سەعید، بەو جۆرەی لە دڵی من دابوو! ............................................... سەید عەلی هاشمی

١٢- ئەو ئەلفوبێیەی د.شەرەفکەندی فێری کردین! ............................................... قادر وریا

١٣- دوکتور شەرەفکەندی لە نێو حیزبیش دا مامۆستا بوو ........................................ سەلاح پوور ئەسەد

١٤- دوکتۆر شەرەفکەندی، وجوودێکی جیانەبۆوە لە شوناسخوازیی نەتەوەی کورد ......................... ئارەش لوڕستانی

١٥- رۆڵی دوکتور شەرەفکەندی لە پێوەندی لەگەڵ رێکخراو و کەسایەتییە ئێرانییەکان .......... حەمە رەسووڵ حەسەنپوور

١٦- ئامانج وئاکامەکانی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان ................ لوقمان زەهرایی

١٧- روانگەی دوکتۆر سەعید دەربارەی مێژووی کورد ............................................. مێهدی مێهرپەروەر

١٨- شەهید دوکتۆر سەعید لە چەند وشەیەکدا ................................................. عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

١٩- شەرەفکەندی، نموونەی مودیرێکی مودێڕن .................................................. هەیاس کاردۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

٢٠- کورتەیەک لە ژیانی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری بێرلین ........................................................ شۆڕش

٢١- تێرۆری میکۆنووس، شرۆڤەی تێرۆرێکی سیاسی .......................................................... و: تەها رەحیمی

٢٢- من دەبووا لەگەڵ نەمران و رێبەرانی لەخۆبردووی دێموکراتی کوردستان تێرۆر کرابام! ............ د. گوڵمرادی مرادی

٢٣- وتووێژی خاتوو مونیکا تیمنی بەرپرسی شارەوانی گەڕەکی شارگۆتن بۆرک ....................... و: سوڵتان گوڵاوی

٢٤- پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە»، چیرۆکێک لە تاوان و سزاکان ...................................... و: ڕێبوار مەعروفزادە

٢٥- بەیاننامە بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تێرۆری د. سادقی شەرەفکەندی و هاوڕێیانی ..............................

٢٦- هۆرەی شەوێکی خوێناوی ...................................................................... ڕێبوار کەریمی

٢٧- بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی شەهید کردنی د. شەڕەفکەندی و هاوڕێیانی ............................. ئەبووبەکر قەدیکورد

٢٨- با کارەساتی میکۆنووس هاندەرێک بێت بۆ یەکدەنگیمان ................................................ حوسێن بەخشی

٢٩- بەرەو ٢٠ساڵەی کارەساتی تیرۆری میکونووس ................................................................ ب.هیوا

٣٠- بەرەو یادی ٢٠سالەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی ................................ کەریم ئەلاوەیسی

٣١- شەڕەفکەندی بەحەق شایستەی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بوو ................ محەممەد سولەیمانی

٣٢- تەنیا بۆ مێژوو بەیادی کاک دووکتۆر شەرەفکەندی ............................................... ئیبراهیم لاجانی

٣٣- با کارەساتی میکۆنووس بەبێتە ڕۆژی ریسوابوونی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ............... عوسمان ئیبراهیمی

٣٤- د. سادق باشتر و زۆرتر بناسین .................................................................. سماعیل زارعی

٣٥- ڕاپۆرتێک سەبارەت بە تێرۆری ڕێبەرانی کورد لە بێرلەنی ئاڵمان ................................ دەنگی ئەمریکای کوردی

٣٦- ئاوڕدانەوەیەک لە کتێبە مێژووییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی ........................................ سۆران عەلیپوور

٣٧- شەرەفکەندی ؛ ورەی هەرمان و سەرنموونەی تیکوشان ............................................... عارف نادری

٣٨- دوکتور سەعید بوێرانە پشتیوانی لە بیرۆکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم"ی کرد. ............ ئەحمەد شێربەگی

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٣ .......................... لاپەڕەی ...................... ١٩٧

٣٩- شەرەفکەندی، ئەو پیاوەی گەورەیی بە مردن بەخشی ................................................ وریا رەحمانی

٤٠- دوکتور شەرەفکەندی، بەڕێوەبەری و ڕێبەری ....................................................... شکۆفە قوبادی

٤١- لە یادی ٢١ ساڵەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا ......................................... برایم چووکەلی

٤٢- دوکتۆر شەڕەفکەندی ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ.! ...................................................... برایم لاجانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ۲۰۱۲

---

# ژن لە ئاوێنەی روانگەکان دوکتور شەرەفکەندی نەمردا




**(بە بۆنەی بیست ساڵەی شەهید بوونیەوە)**

**ئامادە کردنی: خەدیجە مەعزووری**

۲٦ی خەرمانانی ۱۳۹۱ هەتاوی، ۲۰ ساڵ بەسەر کارەساتی ناسراو بە "تێرۆری میکونووس" دا رابرد. ۲۰ ساڵ لەمەوبەر گەلی کورد  و حیزبی دێموکراتی کوردستان تووشی رووداوو کارەساتێکی زۆر جەرگبڕو دڵتەزێن بوون، کە بیرەوەری ئەو رووداوە تاڵە بۆ هەتا هەتایە لە مێژووی نەتەوەکەمان دا دەمێنێتەوە. ئەو کارەساتە تیرۆری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی نەمرو هاوڕێکانی لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی یەوە لە بێرلینی ئاڵمان بوو.

دەسەڵاتبەدەستانی جینایەت پیشەی رێژیم، پێیان وابوو بە شەهید کردنی رێبەرێکی بەوەج و لێوەشاوەی وەک دوکتۆر شەرەفکەندی، گەلی کورد و حیزبی دێموکرات لە خەبات و بەربەرەکانی سارد دەبنەوەو بۆ هەمیشە بە چۆک دا دێن. ئەوان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

لەوە نەفامتر بوون کە تێ بگەن بە قەولی "جوامێر"ی شاعیر:

"ئەم کۆستانە ئەمانگرێنن، بەڵام ئەژنۆمان ناشکێنن،
ئەم جەزرەبانە بۆ ساتێ ئەمانشڵەژێنن، بەڵام نامانبەزێنن،
ئەم خوێنانە بۆ ساتێ ئەمانگرن، بەڵام هەرگیز چاوترسێنمان ناکەن
ئەم فرمێسکانە بۆ ساتێ بەر چاومان تاریک دەکەن، بەڵام هەرگیز
هەتاومان لێ ناشارنەوە
ئەم گوللانە بۆ ماوەیەک کاسمان دەکەن، بەڵام دوایی ئاگر بەردەدەنە
رقی کەڵەکە بوومان."

دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی (دوکتۆر سەعید) نموونەیەکی بەرزی "سیمای دێمۆکرات" بوو. لە روانگەی دێمۆکراتیکەوەو وەک ئینسانێکی پێشکەوتنخواز دەیڕوانی یە مەسەلە جۆراوجۆرەکان. بیروباوەڕی خۆی بە راشکاوی دەردەبڕی و بە هەموو توانایەوە دیفاعی لێ دەکردو بۆ بەرەو پێش بردنی هەوڵی دەداو خۆی ماندوو دەکرد.

روانین و بیر کردنەوەی دوکتۆر سەعید لە بارەی کێشەی ژن لە کوردستان دا، گۆشەیەک لە کەسایەتی و روانگەی پێشکەوتووانەی ئەو دەردەخەن. بۆیە لە بیستەمین ساڵی شەهید بوونی دا بە وەبیر هێنانەوەی هێندێک لە وتەو بۆچوونەکانی لە بارەی مەسەلەی ژنان لە ئێران و کوردستان و لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا بە رێزەوە یادی ئەو رووناکبیرە شۆڕشگێڕەو ئەو رێبەرە لێوەشاوەیە، دەکەینەوە:

دوکتۆر سەعید لە زۆر بۆنەو موناسیبەت دا لەسەر ژن بە تایبەتی ژنانی ئێران و کوردستان و بەشمەینەتی یەکانی ئەوان دواوەو ئەوە لە نووسراوەو تەنانەت لە وتووێژەکانیشی دا رەنگی داوەتەوەو نیشان دەدەن کە باوەڕێکی قووڵی بە مافی بەرامبەر لە نێوان ژن و پیاودا هەبووەو بۆ ئەوە تێ کۆشاوە کە ژنی کورد چی دیکە لە پاشکەوتوویی دا نەمێنێتەوە کە بە بۆنەی ٨ی مارس، رۆژی جیهانی ژن، لە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە بڵاو بۆتەوە. دوکتۆر سەعید لەو وتارەدا، دەڵێ:

"ئەگەر رێز گرتن لە رۆژی ژن ئێستا لە وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان دا وەک جێژنێک و رەسمێک چاوی لێ دەکرێ، بۆ وڵاتانی پاشکەوتووی وەک ئێران بە تایبەتی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندەکان و بۆ کۆمەڵی کوردەواریی خۆمان وەک

## بەشی دووهەم

ئەرکێکی گەورە و بەشێکی گرینگ لە خەبات و تێکۆشان دژی پاشکەوتوویی دەبێ بە حیساب بێ.

لە راستی دا وەزعی خراپی ژنان لە کۆماری ئیسلامی دا شتێک نیە کە لە کەس شاراوە بێ و هەر بۆیەش بە پێویستی نازانین لە سەر شتێک بڕۆین کە بۆ هەموو کەس روونە. کاربەدەستانی رێژیم بۆخۆشیان پێشێل کردنی مافی ژنان نەک هەر ناشارنەوە، بەڵکوو شانازیشی پێوە دەکەن و بە عەینی دەستووراتی ئیسلامی دەزانن، تا ئەو جێگایە کە نوێنەری مەجلیس بە ئاشکرا پیاوان هان دەدا ٣ ژن و ٤ ژن بێنن و لە نێو مالا دا وەک دیل رایانبگرن. هەروەها بەپێی فتوای خومەینی مەسەلەی " صیغە" واتە راگرتنی ژن بۆ ماوەیەکی کاتی ـ کە لە وانەیە زۆر کورتیش بێ ـ مەنعی قانوونی نیە. واتە کڕین و فرۆشتنی ژن وەک کۆیلە یان کالایەک بە قانوونی! کڕین و فرۆشتنی پێ بکرێ، ئەوەیە رێز گرتن لە مەقام و پلەی ژن لە کۆماری ئیسلامی دا!

هەر بۆیە لە رۆژێکی پیرۆزی وەک ئەمڕۆدا، جێگای خۆیەتی روو لە دایکان و خوشکانی خۆشەویستمان بکەین و ئەو راستی یەیان بۆ دووپات بکەینەوە کە بۆ بە دەست هێنانی ئازادی و گەیشتن بە مافە رەواکانیان تەنیا رێگایەک کە لە پێشیانە بریتی یە لە خەبات و تێکۆشانی بێ وچان بۆ رووخان و لە بەین بردنی یەکجاریی رێژیمی کۆماری ئیسلامی. گومانی تێدا نیە کە ئەو رێژیمە بەو نێوەرۆکەی کە هەیەتی ئەگەر لە هەموو بارێکەوە بتوانێ ئاڵوگۆڕی بەسەر دابێ، لە باری مافی راستەقینەی ژنانەوە چاوەڕوانیی هیچ هەڵوێستێکی پێشکەوتووانە و هیچ جۆرە گۆڕانێکی لێ ناکرێ و هەروەک گوتمان تەنیا رێگا رووخاندن و تەفرو تونا کردنیەتی و بەس."

دوکتۆر شەرەفکەندی ئەمر هەر لەو وتارەی دا ئاماژەی بە نەخشی گرینگی ژنانی کوردستان لە بواری ئابووری دا کردووەو گوتوویە: "ژنانی کوردستان لە گوندەکان دا بێجگە لەوەی ئەرکی گەورە کردنی منداڵ و ئیدارەی نێو ماڵیان بە تەواوی بە ئەستۆوەیە، ئەساسەن بەردی بناغەی تێکۆشانی ئابووریی گەلی کورد لە کوردستان دان. شێرە ژنانی کوردستان چ لە کاروباری کشتوکاڵ و چ لە کاروباری ئاژەڵداری دا کە هەر دووکیان کاری ئەساسیی خەڵکی کوردستانن، بەشێکی هەرە گەورەو دژواریان بە ئەستۆی خۆیانەوە گرتووە کە بە گشتی ئەگەر لە بەشەکانیکاری پیاوەکان گرینگ ترو زیاتر نەبێ، کەمتر نیە."

دوکتۆر شەرەفکەندی ئەمر لە وتووێژێکی خۆی دا لەگەڵ سەعیدی رەهنما کە لە گۆڤاری "مهرگان" دا چاپ و بڵاو بۆتەوە دەڵێ: "رەد کردنەوەی مافی بەرامبەری ژنان لەگەڵ پیاوان بە هەر بیانوویەک چ مەزهەبی و چ سیاسی بێ، بە هیچ

## بەشی دووهەم

شێوەیەک قبووڵ ناکرێ. یەکەم بەندی مافە کۆمەڵایەتی یەکان لە بەرنامەی حیزبی دێمۆکرات دا بەو ئەسڵەی "مافی مرۆڤ" دەست پێ دەکا کە هەر جۆرە جیاوازی دانانێک تەنانەت مەزهەبیش رەد دەکەینەوە. ژن و پیاو مافی بەرامبەریان هەیە و لە بەرامبەر کاری وەک یەک دا مووچەی وەک یەک وەردەگرن. ئێمە بە کردەوە چیمان کردوە؟ ئێمە هاتووین بۆ دابەزاندنی ئەم سیاسەتە لە کۆمەڵێکی وەک کوردستان دا، کە یەکێک لە ناوچە دواکەوتووەکانی ئێرانە، زۆرمان هەوڵ داوە و کاریشمان بۆ کردووە. بەڵام بێ شک لەگەڵ گیروگرفت بەرورووو بووین. ئەم کارەش بەپێی ئوسوولی دێمۆکراتیک ناتوانین بە زۆر دایسەپێنین. دەبێ وردە وردە کۆمەڵەکەمان بۆ ئەم مەبەستە ئامادە بکەین. ستەمی جۆراوجۆر لەسەر ژن هەیە، بۆ وێنە ژن هەر لە منداڵی یەوەو تەنانەت هێشتا لە دایک نەبووە، مارە دەکرێ. یان بڕیار دەدەن ئەگەر کچیان بوو، بیدەن بە کوڕی فلانە کەس کە قەرارە لە دایک بێ. یا هێشتا منداڵن پێشکەش بە کوڕی یەکتریان دەکەن. لە تەمەنی منداڵی دا، بە مێردیان دەدەن و هیچ کات تەمەن لەبەر چاو ناگرن.

لە کوردستان دا هێندێک داب و نەریت هەن، دیارە نازانم لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش باون یان نا، ئەویش یەک لەوان دابی ژن بە ژنەیە. بەو مانایە بنەماڵەیەک کە لە باری ئابووری یەوە دەستیان ناڕوا و ناتوانن بۆ کوڕەکەیان ژن بێنن ـ چونکە ژن هێنان خەرجێکی زۆر هەڵدەگرێ ـ هەوڵ دەدەن کچێک بدۆزنەوە کە کچەکەی خۆیانی لەگەڵا بگۆڕنەوە. بەوە دەڵێن ژن بە ژنە. دروست وەک گۆڕینەوەی کەلوپەل وایە. ئێمە هەموو ئەوانەمان قەدەغە کردووە. هێزی پێشمەرگە دەتوانێ بچێ ئەو پێوەندی یە هەڵوەشێنێتەوەو ئەوانەی ئەم کارەیان کردوە زیندانی و جەریمەش بکا. ئەگەر بە زۆر کچێک بە مێرد بدەن و کچەکە سکاڵای خۆی بێنێتە لای حیزب، ئەرکی هەموو کومیتەکانی حیزبی و هێزی پێشمەرگەیە بە گوێرەی یاسای حیزب دیفاع لەو کچە بکەن.

هەر چەند بۆ گۆڕینی ئەم وەزعە زۆر هەوڵ دراوە، بەڵام دابونەریتی کۆنی فەرهەنگی و مەزهەبی بە رۆژێک ناگۆڕدرێن، چونکە ئەگەر بە زۆر بێ، ئەو هەوڵانە بەرهەڵست و دژکردەوەی زۆر مەنفیان بە دواوە دەبێ. بە تەجروبە بۆمان دەرکەووتوە کە دەبێ لەسەر ئەو کارە سوورو پێ داگر بین، بەڵام نابێ هەر لە سەرەتادا چاوەڕوانی قەڵەمباز (جهش) و شوێندانانێکی زۆر گەورە بین کە ئەوە تەفرەقە دروست دەکا.

هەر لەو وتووێژە دا دوکتۆر شەرەفکەندی لە بارەی وەزع و مافەکانی ئەو ژنانەی لە نێو ریزەکانی حیزب دا خەریکی کار و تێکۆشانن دەڵێ: "لە نێو حیزبی دێمۆکرات دا دوو جۆرە ژن هەن، تیپێکیان ئەندامانی حیزبن و هیچ جیاوازی و هەڵاواردنێک بۆ ئەوان نیەو پێشکەوتنیشیان بەستراوەتەوە بە لێهاتوویی خۆیان، کە دیارە لە نەزەر ئێمەوە ئەوەش هەر

## بەشی دووهەم

ستەمێکە، لە بەر ئەوەی ژنان بوار و دەرفەتیان بۆ گەشە کردن لە پیاوەکان کەمتر بووە، بێگومان لەگەڵ پیاو لە یەک ئاست دا نین. بۆیە حیزبی ئێمە زۆر ئیمتیازاتی زیاتریان دەداتێ کە قەرەبووی ئەو دوا کەوتنەیان بۆ بکرێتەوە. تیپی دووهەم ئەو ژنانەن کە لە راستی دا لە تەنیشت بنکەکانی کۆمیتەی ناوەندی و دەفتەری سیاسی، لە کۆمیتەکانی حیزبی، لە دەروەی شارەکان و لە کێوو دۆڵەکان لە حیزب دا کار دەکەن. ئێمە ئەو ژنانە وا بار دێنین، کە بۆ وێنە هاوسەری ئەوان کە ئەندامی حیزبن بە کردەوە نیشان بدەن کە جیاوازی لە نێوان ژن و پیاو دانانێن و هاوسەرەکەیان وەک خۆیان بە خاوەن ماف بزانن و ئەگەر پیاوێک ئەوەی وەبەر چاو نەگرت، ژنەکەی دەتوانێ ئیعتراز بکا. لە راستی دا بووینەتە هۆی بزواندنی ژنان لە بەرامبەر مێردەکانیان دا."

لەسەر داوای رەحمان نەقشی بۆ نامیلکەی ٢٠ ساڵە ئامادە کراوە.

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتاری سکرتێری گشتیی حیزب بەڕێز خالید عەزیزی لە ڕێوڕەسمی ٢٠ ساڵەی تیرۆری د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی دا



**خوشک و برایانی بەڕێز !**
**میوانانی ئازیز!**
**نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان!**
**کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان!**
**دۆستانی خۆشەویست!**

پڕ بە دڵ بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ یادی ٢٠ ساڵەی د. سادق شەرەفکەندی، ڕێبەری لێوەشاوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان هاورێیانی، کە ٢٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ لە بێرلێن بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. بەشداریی ئێوە لەو ڕێورەسمەدا هاودەردییە لەگەڵ بیر و فکری د.سادقی شەرەفکەندی کە کاربوو، تێکۆشان بوو بۆ جێبەجێ کردنی ویستی نەتەوایەتی بیروباوەڕی دێموکراتیکی د.سادقی شەرەفکەندی، کە لە فەرهەنگی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە. و ئەرکی د. سادقی شەرەفکەندی کە هەوڵی دەدا و تێدەکۆشا یەکڕێزی لەنێو ریزەکانی کورد دا بەقووەت بکا.

ئاوڕدانەوەیەکی کورت بەسەر ئەو سەردەم کە د. شەرەفکەندی تێیدا تیرۆر کرا، ڕەنگە تا ڕادەیەکی بەرچاو دەربخا کە جمهوریی ئیسلامی بۆچی بەدوای ئەوەدا بوو، دوای تیرۆر کردنی د. قاسملوو، د. شەرەفکەندیش تیرۆر بکا. شەڕی ئێران و عێراق ماوەیەک بوو تەواو بووبوو، کۆماری ئیسلامی بەرەو ئەوە دەچوو کە پاڵ بداتەوە کێشەی شەڕی لەکۆڵ ببۆوە، هەوڵی دەدا لەنێوخۆی ئێران ئۆپۆزیسیۆن کە بەو جۆرەی چالاکییان هەبوو نەیانهێڵێ. کوردستانی ئێرانی تا ڕادەیەکی زۆر لە

## بەشی دووهەم

مەیدانی نیزامیدا گرتبۆوە. لەو کەش و هەوایەدا کە تا رادەیەکی زۆر کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا هەوڵی ئەوە بوو کە بە جۆرێکی دیکە دیسان جووڵانەوەی کورد مونزەوی بکا، وە ئەو مەجال و دەرفەتانەی کە لانیکەم بەهۆی حیزبی دێموکرات لە ئاستی نێودەوڵەتی تا رادەیەکی زۆر لەگۆڕێ دابوو فشار بۆ کۆماری ئیسلامی بێنێ، و ئەو مەجالەش لەوێش لەبەین بەرێ، بۆیە لە پلانی دابوو، بەرنامەی داڕشت، کاتێک د.سادقی شەرەفکەندی لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال لە بێرلین بەشداربوو، و دەیویست لە کۆڕێکی ئاوا کە حیزب و سازمانە سیاسییەکانی بەشێکی زۆر لە وڵاتان تێیدا بەشدار بوون، بەشێک لەوانە لە دەسەڵات دابوون و بەشێکیش لە ئۆپۆزسیۆن دا لەو فورسەتە کەڵک وەربگرێ مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران مەسەلەی دیموکراسی مەسائلی نەتەوایەتی کورد بێنێتە گۆڕێ پاش ئەوەی کە لەو کۆبوونەوەیە تەواو بوو، هەر ئێوارەی ئەو رۆژە لە مێکۆنووس لە بێرلین تێرۆر کرا.

تیرۆری د. شەرەفکەندی، لە راستی‌دا ئیدامەی ئەو تێرۆرانە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە دژی ئۆپۆزیسیۆنی خۆی بەتایبەت رێبەرانی کورد دەستی پێکردبوو. ئەگەر کاتی خۆی لە تێرۆری ڤییەندا کە د.قاسملوو تێرۆر کرابوو، وڵاتی ئۆتریش و دادگای ئۆتریش بەو جۆرەی کە لە ئاڵمانیا، دادگای ئاڵمانیا بە ئیستقلالی تەواو لەسەر کەیسەکە کاری کردوو، پاش ماوەیەک لێکۆڵینەوە، بە ئەسنادێکی زۆر دەری خست کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بڕیاری ئەو تێرۆرەیان داوە و سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمانیا کارسازی بۆ ئەو تیرۆرە کردوە، ئەگەر کاتی خۆی دەوڵەتی ئوتریش ئەوەی کردبایە، رەنگ بوو ئەو تیرۆری دووەم بەو جۆرە رووی نەدابایە. بۆیە بە دوای بڕیاری دادگای بێرلین تا ماوەیەکی زۆر مەجالی جم و جۆڵی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمانیا و حەتا کە وڵاتانی ئورووپایی تەواو بوو.

بڕیاری دادگای بێرلین، بووبە هۆی قەیرانێکی دێپلۆماتیک بەینی وڵاتانی ئورووپایی و ئێران کە چەند مانگێکی خایاند. بەڵام بەداخەوە، ئەوەی کە کەیسی د.قاسملوو تەوەجوهی پێنەکرا بووبە وەسیلەی سات و سەودای بازرگانی دەوڵەتی ئوتریش و ئێران بووبە هۆی ئەوەی کە ئەوەی دووەمیشی بەدوودا بێ.

ئاورێکی کورت بەسەر مێژووی شێوەو میکانیزمی بەرخوردی دەوڵەتە مەرکەزییەکان بە کەسایەتی و رێبەرانی سیاسیی کورد، بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رەنگە زۆر بە کورتی ئەوەمان بۆ دەربخا کە تا ئێستا چ شێوازێکیان گرتۆتە بەر.

لەسەردەمی پەهلەویدا ئەگەر سمکۆ لە مەیدانێکی کەم توانی مەسەلەی نەتاوایەتی بێنێتە گۆڕێ، بە لەحازی جوغرافیایی مەجالەکەی کەم بوو، بەڵام دوایە تەنانەت ئەویش کووژرا و ئیعدام کرا. ئەگەر بە دوای سمکۆ، جووڵانەوەی نەتەوایەتیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد ئیدامەی پەیدا کردو لە کۆماری کوردستان بەشێوەیەکی مۆدێرن هاتە گۆڕێ، دەوڵەتی تاران لە جیاتی دیالۆگ و حقووقی بۆ ئەوەی کە کێشەی کورد چارەسەر بکا رێگا چارەکەی لە رووخاندنی کۆمار و ئێعدامی قازی محەمەد دا بینی، تەنانەت ئەو شێوە مێتۆدە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە دوای ئینقلابی ئێرانیشدا بەردەوام ئیدامەی دا. ئەوە لە حاڵێک دایە نە کووژرانی سمکۆ نە ئێعدامی قازی محەمەد، نە تێروری د.قاسملوو لە ڤییەن، وە نە تێروری د.سادق شەرەفکەندی لە بێرلین دەگەڵ هاورێیانی، هیچکام لەوانە نەبوون بەهۆی ئەوە جووڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران تووشی شکست بێ... کێشەکە هەر لە جێگای خۆیەتی و تا ئێستاش هەر وەک خۆی ماوەتەوە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژی دروست بوونیەوە تا ئێستا هەمیشە ئەوە بووە، بەدوای ئەوەدا گەڕاوە چونکە کێشەی کورد کێشەی نەتەوەیەکی بن دەستە، کێشەیەکی مافخوازانەیە، کێشەیەکی دێموکراتیکە، باشترین رێگە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە گفتوگۆ و موزاکیرە، و ئێمە بەو جۆرەی کە هەین قبوڵ بکرێین، بکەوینە مەیدان و معاملەیەک بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە، بەڵام بەداخەوە رێگا چارەی دەسەڵاتەکان لە تاران هەمیشە ئەوە بووە کە تا ئێستا بەردەوام بردوویانەتە پێشێ.

... ئیفتخاری ئەوەم پێ برا لە ئیدامەی رێبازی د.شەرەفکەندی کە ٢٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ لە کۆنگرەی ئەنتەرناسیۆنال لە بێرلێن قسەی دەکرد، دەوری دوو حەوتوو پێش ئێستا هەر لەو کۆنگرەیە دا کە گیرابوو وەبیریان بێنمەوە وە بە حوزوری ئەو لایەنانەی کە بەشداری ئەو کۆنگرەیە بوو تأکید بکەمەوە کە ئێمەی کورد بە گشتی بەتایبەت کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە دوای دێموکراسی دا دەگەڕێ، بە دوای مافی خۆی دا دەگەڕێ، بە دوای حوقووقی بەشەر دا دەگەڕێ، بە دوای ئەوە دا دەگەڕێ وەکی هەموو ئێوە لێرەن وڵاتەکەتان سەربەستە، ئیستقلالی خۆی هەیە حیزبەکانتان لە ئازادی دا فەعالیەت دەکەن ئێمەش ئارەزوومان دەکرد لە وڵاتی خۆمان دا بە شێوەیەکی ئازاد فەعالییەتمان کردبایە و توانیبامان بیر و بۆچوونی شەرەفکەندی کە لە بێرلێن لەگەڵ ئێوە دیفاعی لێ دەکرد بیبەینەوە نێو دەیان و سەدان و میلیۆنها ئینسانی ئێرانی بە کورد و غیر کورد بنەماکانی دێموکراسی پێ سەقامگیر بکەین.

**دۆستانی بەڕێز!**

دقیقەن ٢٠ ساڵ دوای تێروری د.سادقی شەرەفکەندی لە کەش و هەوایەک دا ئێمە ئەو ئاوڕدانەوەیە دەکەین کە گۆڕانکارییەکی زۆر لە دنیا لە ناوچە و تەنانەت لە قەزییەی کوردیش دا هاتۆتە گۆڕێ. ئەگەر لە سەردەمی د.شەرەفکەندی تازە شەڕی سارد تەواو دەبوو بەرەو ئەوە دەچوو کە دێموکراسییەکان لە دنیادا پەرە بستێنن و وردە وردە ماف نەهادینە

بێ، ئێستا بە خۆشییەوە رادەی دیکتاتۆرەکان لە کەمی دایەو ئیستبدادەکان دەڕوخێن و ماف و دیمۆکراسی و هەروەها حوقووقی نەتەوەکان رۆژ بە رۆژ دەبێ بە ئەمری واقع و تکۆڵی لێ ناکرێ. ئەگەر لە سەردەمی د.شەرەفکەندی دا تازە ماوەیەکی کورت بوو لە ئەنفاڵ و هەڵەبجە و لە ئێعدامی دەستەجەمعی لە ئێران تێپەڕ دەبوو ئێستا بە خۆشییەوە بەشێک لەوانە بوونە بە مێژوو و عەقڵیەتی کوردی و وەحدەتی کوردی، و یەکڕیزیی کوردی ئیجازە نادا جارێکی دیکە ئەو کارەساتانە لە کۆمەڵگەی کوردی، لە سەحنەی سیاسیی کورد دا روو بدەنەوە. ئەگەر لە سەردەمی تیرۆر کردنی د.شەرەفکەندی دا کۆماری ئیسلامی دڵخۆش بووە کە رێبەرێکی بە توانای وەک د.شەرەفکەندی کە جێگەی هیواو هومێد بوو لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا (نە تەنیا لە کوردستان) کە لە بەینی دەبا، ئێستا لەو مەیدانانەدا ئەو رێبوارانە بە سەدان و بە هەزاران هاتوونەتە گۆڕێ. ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئەو وەختی پێی وابوو بەوە بنەمای حکوومەتەکەی خۆی سەقامگیر دەکا، و تەمەنی خۆی درێژ دەکاتەوە، ئێستا لەگەڵ گۆڕەپانێک رووبەڕووە لە ئاستی نێودەوڵەتی دا رۆژ بە رۆژ دۆستانی کەم دەبنەوە، دیکتاتۆرەکان دەڕوخێن، ئیستبدادەکان نامێنن، خەڵک بە دوای ماف دا دەڕوا ئاڵوگۆڕ ناوچەکەی داگرتوە، ئینقلابێکی بەربەرین رۆژ بە رۆژ لە گۆڕێدا هەیە، و دۆستانی کۆماری ئیسلامی بە دوو سێ وڵات لە دنیایەدا مەحدود بوونەتەوە، یەکێک لە دۆستەکانی، دوڵەتی سوریەو حکوومەتی بەشار ئەسەدە کە کۆماری ئیسلامی تێدەکۆشێ بە هەموو توانای نیزامی و ئابووری و دیپلۆماسی و مەزهەبیی خۆی نەهێڵێ ئەو حکوومەتە بڕووخێ، بەڵام ئەو حکوومەتەش دەڕوخێ و دڵنیاین ئومێدی روخانی کۆماری ئیسلامی و گۆڕان لە ئێران دا نیزیک دەبێتەوە و تەمەنی کۆماری ئیسلامی کورت دەبێتەوە.

کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دیپلۆماتیدا تەنها شتێکی کە بە دەستەوەی بوو، کەڵکی لێوەربگرێ، کۆبوونەوی وڵاتانی «غیرمتعهد» بوو لە تاران کە ئەویش تەواو بە زەرەری خۆی تەواو بوو لە ئاستی دیپلۆماسییش رۆژ بە رۆژ پتر تەریک دەبێتەوە. لە ئاستی کێشەیەک کە بۆخۆی دروستی کوردبوو بەردەوام دەچێتە پێشێ کێشەی وزەی ئەتۆمی رۆژ بە رۆژ ئیعتباری لە ئاستی نێودەوڵەتی دا لە دەست دەدا و لە ئاخرین بڕیاری رێکخراوی وزەی ئەتۆمی بۆ جارێکی دیکە زیاتر لە جاران کەوتۆتە بەر فشار. لە ناوچەکەدا خۆی خستۆتە نێو رقابەتێک کە مەجالی ئەو رقابەتەی بەهۆی ماهییەتی خۆی لە خۆی بڕیوە کە وەک سەرکەتوو بێتە دەرێ. لە هەموو ئەوانە گرینگتر لە نێوخۆی وڵات دا ئەگەر لەبەر دەسەڵاتی تاک رەوانە و حکوومەتی زوڵم و زۆر، کۆمەڵانی خەڵک ناتوانن بڕژێنە نێو خیابانەکان، بەڵام بە تەواوی دەرکەوتوە کە ئەو حکوومەتە لە باری ئابوورییەوە وەڵامدەر نییە، شکانی نرخی تمەنی ئێرانی لە موقابیل ئەرزەکانی ناوچەیی و قەیرانێکی قووڵ و بەربەرین کە کۆمەڵگەی ئێرانی گرتۆتەوە، هەمووی ئەو فاکتۆرانە دەست دەدەنە دەستی یەک کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی وەڵامدەر نییە درەنگ یان زوو کە بەباوەڕی من زوو دەبێ لەناو بچێ و حکوومەتێکی دێموکراتیک جێی بگرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

کێشەی ئێمە تەنها بە روخانی کۆماری ئیسلامی تەواو نابێ، رەنگە ئینقلاب هاسان بێ و رووخانیش هاسان، بەڵام دروست کردنەوە و چۆن دروست بکرێتەوە، کورد لەو دروست کردنەوەیەدا لە کوێ قەرار دەگرێ، بۆ ئێمە گرینگترە. ئێمە هەر لە ئێستاوە دوای کۆماری ئیسلامییش لەگەڵ کۆمەڵێک کێشە و گرفت لەگەڵ ئێران دا رووبەروین. یەکێک لەو کیشانەی کە ئێمە لەگەڵی رووبەروو بووین، و لە تەواوی ئەو ماوەیەدا هەوڵمان داوە کە لێک حاڵیبوونێک بەینی کێشەی کورد و قەزییەی کورد لەگەڵ میللییەتەکانی دیکە بەتایبەت میللەتی فارس دروست بکەین شتێکە ئینکار ناکرێ، موشکیلەیەکە کە بە تەواوی لەگۆڕێ دا هەیە. خوێندنەوەی ئێمە ئەوەیە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە، و مادام لە ئێران دا لەسەر بنەمای موشارەکەت و بەشداریی هەموو لایەک جارێکی دیکە ئێران بە سیستم و بە قانوون و بە هەموو مؤسساتی ئیداری و وڵاتەکە دروست نەبێتەوە ئێران ناتوانێ لە داهاتوو دا وڵاتێکی دێموکراتیک بێ و کورد لە وڵاتێکی تەواو موتەمەرکز کە عەدەمی تەمەرکوز تێیدا بەرقەرار نەبووە لەسەر بەشداریی لایەنەکان مافەکانی مسۆگەر ناکرێ.

دژکردەوەی بەشێکی بەرچاو لە پانئێرانیستەکان یان لە شونیستەکان لە چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ قەزیەی کورد لە ماوەی ٣٠ ساڵی رابردوودا ئێمە زۆرجار تەجروبەمان کردوە، لانیکەم یەکێک لەو نموونانەی کە لەو دواییانەدا هاتۆتە گۆڕێ یەکیان ئەوە بوو ساڵێک پێش ئێستا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەک دا بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی داوای کرد لە پێوەندی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەیی، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو ئامادەگییەی هەبێ بۆ دەخالەتی بەشەردۆستانە لە پێوەندی لەگەڵ قەزیەی کورد حەتا لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا. ئەو وەختە کۆمەڵێک گلەیی و گازندە رووبەڕووی حیزبی ئێمە ببۆوە. لەو دواییانەش دا کە دوو لایەنی سیاسیی کوردی بە یەکەوە رێکەوتننامەیەکیان بڵاو کردۆتەوە کە زۆرتر لەسەر تەوافوقی حیزبییە، چوارچێوەی هاوکاری حیزبییە،

**بەڵام بەشێکی بەرچاو لە پانئێرانیستەکان و شووێنیستەکانی تووڕە کردوە.**

دەمهەوێ ئەو حەقیقەتە لێرە رابگەیەنم ئەویش ئەوەیە لە ئێستاوە کە ئێمە رووبەڕووی کۆمەڵێک سێناریۆی ناڕوون لە داهاتووی ئێران دا دەبینەوە. ئایا ئێران ئاڵوگۆڕی لە نێو خۆی دا پێک دێ ئیحتیمالێکە زەعیف یان قەوی لە جێگەی خۆی دایە، ئایا ئێران تووشی شەڕێکی نێودەوڵەتی دەبێ و لە نەتیجەی شەڕێک دا لە نێو دەچێ، ئایا ئێران لە نەتیجەی ئاڵوگۆڕ و ئینقلابێکی نێوخۆیی و جەماوەری دا لە نێو دەچێ، هەموو ئەوانە رەنگە بۆ ئێمەی کورد یەک سێناریۆ بێ ئەویش ئەوەیە ئێمە کورد بە گشتی چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو حاڵەتە ناڕوونانە دەکەین. تەجروبەی رابردووی ئێمە لە تەعامول لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی و ئەو تەجروبە زیندووەی کە لە هەرێمی کوردستان لە چەند و چۆنی تەعامول لەگەڵ چارەسەری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کێشەکانی خۆیان هەیە تەنیا یەک ڕێگامان هەیە بۆ ئەوەی کە لەو کێشانەدا بتوانین بە جۆرێک تەعامول بکەین، بە جۆرێک ئەو سێناریۆیانە بە قازانجی خۆمان بقۆزینەوە کە وەحدەت و یەک ریزی لە نێو ریزەکانی کورددا بە گشتی هەبێ. لە کەش و هەوایەک دا من ئەوە دێنمە گۆڕێ بەداخەوە ئێمە ئێستاش لە خانەی ئینشعاب و لەتبوون و لێک ترازان و چەندین حیزبی دا دەژین کە بەو قەناعەتە نەگەیشتووینە میکانیزمێک ببینینەوە لەسەر زەروورەتی بەرژەوەندی نەتەوەیی و ئاڵۆزیی کێشەی ئێمە لە داهاتووی ئێران دا قورساییەکی زۆرتر بە کاری خۆمان و بە موقعیەتی مەسەلەی کورد بدەین، بۆیە ئێمە جارێکی دیکە لێرە تەئکید دەکەینەوە و هیوادارین کە هەموو لایەک بەیەکەوە بە لەبەر چاو گرتنی ئەو واقعیەتە ئاوڕیک لە رابردووی هەڵس و کەوتی خۆیان لەگەڵ یەکتر بدەنەوە. تا پێم خۆشە لێرە ئاماژە بە حەقیقەتێکیش بکەم یەکێک لەو شتانەی کە کاتی خۆی دوکتور سادقی شەرەفکەندی زۆری پێوە ماندوو بوو ئەوە بوو کە ئەو وەختیش حیزبی دێموکرات تووشی لێک ترازانێک ببوو تووشی ئینشعابێکی نێوخۆیی ببوو، ببوو بە دوو بەش. من لە بیرمە لە ئورووپا دەقیقەن لە سەرو بەندی کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالدا بوو کە فورسەتی بۆ هەڵکەوت بکرێ قسەی لەگەڵ بکەم بە تەلەفوون یەکێک لەو بابەتانەی کە بە خەمخۆرییەوە باسی دەکرد و بە راستی بە نیگەرانییەوە باسی دەکرد دەی گوت ئێمەی کورد دەبێ لە نێو خۆمان دا ئەوەڵ وەحدەتمان هەبێ جا دوایە دەتوانین لەگەڵ حیزبەکانی ئێرانی و لایەنەکانی ئێرانی لەسەر مەسەلەی کورد بە تەوافوقێکی مەسئولانە و مەعقولانە بگەین کە وڵامدەر بێ بۆ قەزیەکەی ئێمە. دەقیقەن بە دوای هەردووکی ئەوانەوە بوو، هەر ئەو وەختە لە ئورووپا لە فکری ئەوە دا بوو کاتێک دەگەڕێتەوە کێشەی ناکۆکی هەردوو لای دێموکرات چارەسەر بکا و بە جۆرێک بنەماڵەی گەورەی دێموکرات بخاتەوە سەریەک بەڵام بەداخەوە تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی ئەو مەجالەی دروست نەکرد، دوایە ڕێبوارانی ڕێگەی شەرەفکەندی لە هەر دوو لای دێموکرات کاریان لە سەر ئەو قەزیە کرد و ئەو کێشەیە کاتی خۆی چارەسەر کرا.

شتێکی دیکە کە پێوەی ماندوو ببوو و دەکرێ بڵێین هەر لەو پێوەندییەش دا گیانی خۆی فیدا کرد کار کردن بۆ دروست کردنی پردێکی پێوەندی لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی و حیزبەکانی ئێرانی بوو. دوکتور شەرەفکەندی کە لە میکۆنووس تیرۆر کرا، لە کۆبوونەوە دابوو لەگەڵ لایەنەکانی ئێرانی بۆ ئەوەی کە لێک حاڵی بوونێک بەینی لایەنەکانی ئێرانی دروست بکا و کاتێک ئەو لێک حاڵی بوونە دروست بکا لەسەر بنەمای ئیعتراف بە مەسەلەی کورد بێ. ئەوە هەمیشە هەوڵی ڕێبەرانی ئێمە بۆوە کە دەچنە نێو بازنەی چەند و چۆنی تەعامول لەگەڵ ئەحزابی ئێرانی تێدەکۆشن لەوێ دا قەزیەی کورد و مەسەلەی کورد بکەن بە فەرهەنگ و جێی بخەن بۆ ئەوەی کە لە سەحنەی سیاسیی ئێران دا پتر قابیلی قبووڵ بێ و کاتێک دێنە نێو ڕێگاچارەکان هەڵبەزینەوەی لەسەر نەبێ. بۆیە ئەو دوو پرۆژەیەی کە دوکتور شەرەفکەندی باوەڕی پێی بوو دەستی پێ کرد کاری بۆ دەکرد، ئەوەی یەکەمیان کە دوایە جێبەجێ بوو، ئەوەی دووهەمیان کە دیتنەوەی میکانیزمێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەحدەت و لێک حاڵی بوون لەگەڵ ئێرانییەکان بێ ئێستاش لە جێگەی خۆی دایە بۆیە ئەو کارەی ئەو دەستی پێ کرد و ناتەواوە ئەرکی ئێمەیە و وەزیفەی ئێمەیە بە حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکە هەمووماں کاری لەسەر بکەین بچێتە پێشێ. لە پێوەندی لەگەڵ ئێمە و لایەکەی دیکەی دێموکرات واتا دێموکراتەکان بە خۆشییەوە لەو دوایانەدا کرانەوەیەک لە گۆڕێ دا هەیە ئاڵوگۆڕێک لە گۆڕێ دا هەیە، ئێمە دانیشتنێکمان بووە و لەو دانیشتنەدا لە هەوڵ داین کە ڕێگاچارەی دیکەش ببێنینەوە و پێمان وایە باشترین میکانیزم بۆ ئەوەی کە کۆمەک بکەین وەحدەتێکی گشتگیر بەینی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران جێ بکەوێ ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەم دا دێموکراتەکان لێک حاڵی بن، لێک نزیک ببنەوە، میکانیزمێک ببیننەوە لە هەنگاوی یەکەم دا بۆ یەکگرتنەوە و ئەگەر ئەوە عەمەلی نەبوو کار لەسەر ئەوەش بکەن و وەلای نەنێن و لە ئیدامەی خۆی دا بۆ ئەوەی کە چۆن وەک دوو حیزب ئێمە بتوانین کار بکەین، ئەوە دەتوانێ ئاواڵەییەکی باش بێ بۆ کار کردن لە سەر پرۆژەیەکی گەورەتری حیزبەکانی ئێرانی.

**دۆستانی خۆشەویست!**
**بەشدارانی بەڕێز!**

لە بیستەمینساڵرۆژی بیرەوەریی دوکتور سادقی شەرەفکەندی پێم خۆش بوو ئاماژە بەوە بکەم کە بیرو هزری دوکتور شەرەفکەندی وەک بیری نەتەوایەتی رۆژ بە رۆژ بە خۆشییەوە لە کوردستانی ئێران پتر نەهادینە دەبێ، و رۆژ بە رۆژ بە خۆشییەوە پتر لە سەحنەی سیاسیی لە کوردستانی ئێران دەبێ بە گوتاری زاڵ. ئەگەر لەو سەردەم دا بەداخەوە بڵێین لە کوردستانی ئێران بە هۆی ئەوەی کە مەجالی ئەوە نەبووە تەنەوعاتی میللی تەنەوعاتی مەزهەبی و لەهجەکانی جۆراو جۆر لە چوارچێوەی گوتارێکی واحیددا پێناسەیەکی واحیدیان هەبێ و لەسەر ئەساسی ئەو گوتار و پێناسە و زمانە واحیدە لەگەڵ چەند و چۆنی کێشەکان تەعامول بکەن، ئێستا ئەو ئەرکە دەکەوێتە سەر نوخبەکانی کورد لە کوردستانی ئێران بە تایبەت سازمان و حیزبە سیاسییەکان کە چۆن بتوانین ئەوە پەرە پێبدەین و چۆن بتوانین ئەوە بە هێز بکەین حیزبی دێموکراتی کوردستان تا ئەو جێیەی پێوەندی بە قەزیەی کورد لە ئاستێکی نێودەوڵەتیدا هەیە لە هەمووی ئەو مەجال و دەرفەتانەی کە بۆی هەڵکەوتوە تێکۆشاوە ئەرکی نەتەوایەتیی خۆی لەو پێوەندییە دا جێبەجێ بکا و لەو شوێنانەی کە موناسب بووە و بەتایبەت ئەو کۆبوونەوەی سۆسیالیست ئەنتەرناسیۆنال کە جێگایەکە لانیکەم حیزبی ئێمە لە کەش و هەوای ئێستا دا ئەو مەجالەی بۆ هەڵدەکەوێ لەگەڵ لایەنەکان چ حکوومەتی و چ غەیرە حکوومەتی ئەو مەسەلەیە بێنێتە گۆڕێ یەکێک لەو حیزبانە بووە کە کاری کردوە لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد مافی ئەو میللەتەیە و ئەو میللەتە حەقی خۆیەتی لە هەموو شوێن و لە هەموو جێگایەک بەتایبەت کە ئێستا لە

## بەشی دووهەم

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو ئاڵوگۆڕانە لە گۆڕێ دا هەیە، ئەو مەوزوعانە لە حەدی توانای خۆی دا و لەو شوێنانەی کە لە باری عەمەلییەوە بۆی دەگونجێ تەرحی بکا. بۆیە بۆ جارێکی دیکەش لەسەر ئەو بنەما بەهێزە نەتەوەییانەی دوکتور سادقی شەرەفکەندی ئێمە ڕێبورانی ڕێگای دوکتور شەرەفکەندی، دوکتور شەرەفکەندی دڵنیا دەکەینەوە کە ئەو ڕێبازە ئیدامە دەدەین و دڵنیاین ڕێبازی نەتەوەیی دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە بە لەدایکبوونی حیزبی دێموکرات و بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان نەهادینە بوو لە نێو کۆمەڵانی خەڵک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام دەچێتە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێبواری زیاتر دەبێ، هیواداریین ئەو ڕێبوارانە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بن، دۆستان زۆر و پشتیوانی ئەوبیرە هەر زۆر بن و بە هیمەت و تێکۆشانی هەموو لایەک بتوانین لە داهاتوودا بیرەوەریی دوکتور قاسملوو، بیرەوەریی و یادی دوکتور شەرەفکەندی و یادی پێشەوا قازی محەممەد، بیرەوەریی و یادی هەمووی ئەو شەهیدانە کە لە ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخت کردوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو بنەماڵەی شەهیدان و لە نێو کۆڕ و کۆمەڵانی خەڵک بکەینەوە و ڕێزنان بگرین، بە هیوای ئەو ڕۆژە و ئێوەش هەر سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی "کوردستان ژمارە ٥٩٢ - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری لە کۆنفڕانسی نێودەوڵەتیی یادی دوکتور سادق شەرفکەندی لە فەڕانسە



**دێموکراسی لە ئێران، ئاشتی و سوبات لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست!**

**خوشک و برایانی هێژا!**

لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەخێرهاتنێکی گەرمتان دەکەم بۆ ئەم کۆنفرانسە. پێم خۆشە سپاسی ئەنستیتۆی کورد لە پاریس بکەم بۆ ئامادەکاری ئەم رێوڕەسمە و هەروەها بۆ دانی دەرفەت بۆ ئاخفتنی من لێرە. ئەمڕۆ لێرە کۆبووینەتەوە کەلە ساڵرۆژی مەرگی دکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەلان و نووری دێهکوردی یادی ئەو مرۆڤە ئازادیخوازانە بکەینەوە. پەیوەست بوونی دوکتور شەرەفکەندی بە ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگەرێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ١٩٧٠، ئەو کاتەی قوتابی دکتورا بوو لە فەرانسە. ئەو شانازییەم پێ براوە کە ساڵانێک هاوکاری بم. دکتور شەرەفکەندی تێکۆشەرێکی بەئەمەگی مافی کورد و دێمۆکراسی و ئازادی لە ئێراندا بوو. پاش تێرۆری دکتور قاسملوو لە ١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩، دکتور شەرەفکەندی رێبەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی وەئەستۆ گرت. تێرۆری دوکتور قاسملوو، خەسارێکی مەزن بۆ کورد بوو، بەڵام لەم رۆژە سەخت و دژوارانەدا دکتور شەرەفکەندی بە رێبەرایەتی لێبڕاوانە و ژیرانەی خۆی توانی هیوا و هومێد لە نێو ریزەکانی حیزب و لە نێوی خەڵکی کورددا بێنێتە ئاراوە.

دکتور شەرەفکەندی و سێ هاورێ تری، بە دەستی رێژیمی ئێران لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا لە بێرلین تیرۆر کران. ئەگەر

## بەشی دووهەم

بڕیاری بوێرانەی بەشی دادوەری ئەڵمان بۆ راکێشانی بکوژان بۆ بەردەم دادگا نەبووبایە، دۆسیەی تێرۆری دکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بێ ئاکام دەمایەوە. تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی یەک لەو کۆمەڵە تیرۆرانەی ڕێژیمی ئێران بوون کە لە ناو خاکی ئوروپادا ئەنجام دران.

بە پێی ناوەندی بەڵگەکانی مافی مرۆڤی ئێران کە رێکخراوێکی سەربەخۆیە و لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن چەند پارێزەر و پسپۆر دامەزراوە، رێژیمی ئێران ١٦٢ جیابیری خۆی لە ١٩ وڵات لە سەرانسەری جیهان تیرۆر کردووە. زێدە لەمە، بۆ ئاگاداری ئێوە تەنیا لە ساڵەکانی دەیەی ٩٠دا، رێژیمی ئێران ١٥١ ئەندامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە کوردستانی عێراق تیرۆر کرد.

ئەگەرچی هیندێک لە وڵاتانی دیکەش جیابیران و دژبەرانی خۆیان لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان کردۆتە مەبەست، بەڵام رێوشوێنی تیرۆری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەیانگەری ئەو راستییەیە کە تیرۆریزم بەشێکی جیانەبووەی ستراتیژیی ئەم رێژیمەیە بۆ درێژەدان بە دیکتاتوریەت لە نێوخۆ و پەرەپێدانی توندئاژۆیی و خۆف لە دەرەوە. پشتیوانی رێژیمی ئێران لە تیرۆریزم، نە تەنیا هاووڵاتییانی ئێرانی کردۆتە مەبەست، بەڵکوو هاووڵاتیانی بیانی و لە نێو ئەواندا ئوروپاییەکانیشی لێ بێبەش نەکردووە.

تێگەیشتن لەم راستییانە ـ کە تیرۆریزم بەشێکی جیانەکراوەی ستراتیژیی رێژیم لە نێوخۆ و لە دەرەوەیە و قوربانییانی تەنیا ئێرانی نین ـ کاردانەوەی سیاسی گرینگی هەیە.

لەمێژ ساڵە، ئێمە لە نێو ئوپۆزسیۆنی دێمۆکراتی ئێرانیدا پێداگریمان کردووە لەسەر ئەوەی کە بەرژەوەندی درێژخایەنی خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی یەک شتن: ئێرانێکی ئازاد و دێمۆکرات. بەڵام، بەلەبەرچاوگرتنی هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی، پشتیوانی لە تیرۆریزمی جیهانی و هەروەها هەوڵی ئەم رێژیمە بۆ سەیتەرەی تەواو بە سەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمە لە جاران زۆر روونترە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم راستییە، پشتیوانی کردن لە خەباتی لەمێژینە بۆ ئازادی و دێمۆکراسی لە ئێراندا نە تەنیا ئەخلاقەن دروستە، بەڵکوو لە روانگەی ئاشتی ناوچەیی و سوباتی بەواتا پرسێکی ستراتژیکی حەیاتییە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە شێوەی سروشتی، ئەوە بەو واتایە دێ کە سوبات پێویستە پێناسەکی نوێی بۆ بکرێت. سوبات نابێت تەنیا بە واتای نەبوونی شەڕ، یان بوونی ئالۆزی و ناکۆکی بەرتەسک لێکبدرێتەوە، بەڵکوو پێویستە بە باری ئەرێنیدا بخوێندرێتەوە و بە بوونی دێمۆکراسی بەردەوام گرێ بدرێ - وەک ئورووپای رۆژئاوا. لە حاڵێکدا واتای زاڵی "سوبات" لە رۆژهەڵاتی ناڤیندا بووەتە تراژێدیایەکی مرۆڤایەتی سەلمێندراوە. چالاکانی مافی مرۆڤ لە سەرانسەری ناوچەکەدا دەیان ساڵە هاوار دەکەن کە سوباتی بەرهەم هاتووی دامودەزگای سەرکووت نەتەنیا تراژێدیایەکی مرۆڤایەتییە بەڵکوو ئاکامیشی هەر شکستە.

رێژیمە دیکتاتۆرییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، حکوومەتەکانی ناوچەیان کردۆتە دوژمنی گیانی هاووڵاتییانیان و بەهاری عەرەبی جارێکی دیکە ئەم راستییەمان وەبیر دێنێتەوە. کەوابوو، نابێ جێگای سەرسوورمان بێت کە مەزنترین هەڕەشە بۆ رێژیمە نامەشروع و سەرکوتکەرەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرەکی نین، بەڵکوو نێوخۆیین. ئەو "سوباتەی" ئەوان پێیان وابوو پێی گەیشتوون و بە پێشێل کردنی سیستماتیکی مافی مرۆڤ رایان گرتبوو لە ئاکامدا بە رووخان و لەبەین چوونیان تەواو بوو ـ هەروەک لە تونیس و میسر و لیبی و یەمەن شاهیدی بووین. ئەم پرۆسەیە ئێستا سووریەشی گرتووەتەوە، گەرچی رێژیمی دەسەڵاتدار بە هاوکاری تەواوی رێژیمی ئێران و بە بەکارهێنانی ماشینی کوشتار لە هەوڵی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ ئەم پرۆسەیە دایە. ئەوانەی کە پێشتر لەو بڕوایەدا بوون کە دیکتاتۆرەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین توانایی راگرتنی سوباتیان هەیە، و هەر بەم هۆکارەش چاویان لەم تراژێدیایە ئەخلاقی و مرۆڤاییەتی نووقاند بوو، دەبێ خوێندنەوەی ئەرێنی سوبات رەچاو بکەن.

خوێندنەوەی سەقامگیری بەم چەشنە نوێیە نە تەنیا ئەخلاقەن دروستە، بەڵکو لە روانگەی ئاسایشی ناوچەیی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخی ستراتژیشی هەیە. بۆ سەلماندنی ئەم راستییە تەنیا پێویستە سەیری پێوەندییەکانی ئورووپای رۆژئاوا، ئەمریکا، ئوسترالیا و ژاپۆن پاش شەڕی دووهەمی جیهانی بکەین. سەقامگیریی واتادار و ئاسایشی ناوچەیی و نێودەوڵەتی بەردەوام تەنیا لە رێگای دێمۆکراسییەوە بەئاکام دەگات.

ئێرانێکی دێمۆکراتیک کە رێز لە مافەکانی نەتەوەیی، کولتووری و ئاینی کۆمەڵگای خۆی بگرێ، ئەو رێبازە بوو کە دکتور شەرەفکەندی خەباتی بۆ دەکرد. ئەو باوەڕی بەوە بوو کە ئێرانی ئازاد و دێمۆکراتیک نەک هەر لەگەڵ خۆی بەڵکوو لەگەڵ دونیای دەرەوەش لە ئاشتیدا دەبێ. ئێران هەموو ئەو پتانسیەلانەی تێدا بەدی دەکرێ کە وڵاتێکی گرنگ و ئەندامێکی کارامەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بێت گەر بێت و رێگای بەرەوە سەربەستی و دێمۆکراسی بگرێتە بەر.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

بەڵام هەتا هەنووکە ڕێژیمە دەسەڵاتدارەکانی ئێران مافی هاووڵاتییانیان بە شێوەیەکی سیستماتیک ژێرپێ ناوە. گەرچی بە میلیونان لە خەڵکی ئێران، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕەگەز و جنسیەت، سەرکوت کراون، بەڵام ناکرێ ئەم ڕاستییە نەبینین کە هەرکام بە هۆکارێکەوە سەرکوت دەکرێن. کورد، ئازەری، بەلوچ، تورکمان و عەرەبەکان و کەسانی سەر بە کەمایەتییە ئاینییەکانی بەهایی و یارسان بە هۆی شوناسی نەتەوەیی، زمانی و ئایینییانەوە سەرکوت دەکرێن. تێگەیشتن لەم ڕاستییە گرینگییەکی ئەساسیی هەیە لە داڕشتنی سیستمێکی سیاسی نوێ لە ئێراندا کە بە ڕاستی دێمۆکراتی بێ.

لە کوردستانی ئێران سەرکوت نەهادینە کراوە و لایەنی سیاسی، کولتووری، ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە. لە گشتیان گرینگتر، کورد مافی خوێندن بە زمانی زگماکی و مافی خۆبەڕێوەبەری بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوەیی و کولتووری لێ زەوت کراوە کە بۆتە هۆی ئەوە کە کولتووری کوردی بەردەوام لە ژێر مەترسیدا بێ. زێدە لەمە، دەسبەسەر کرانی سەرەڕۆیانە، بەند و شکەنجە کردنی چالاکانی مافی مرۆڤ، بیرمەندان و بگرە خەڵکی ئاساییش کردەوەگەلێکی ڕۆژانەن لە کوردستانی ئێران. بێجگە لەوانە ئاکامی ڕەوشی بەڕێوە بردنی ئەم سیاسەتە کوردستانی لە دۆخی خوارگەشەی ئابووری هێشتووەتەوە و کاردانەوەی نەرێنی وەک نەبوونی هەلی گونجاوی پەروەردە و کار، دڵەڕاوکیی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی، بەرز بوونی ئاستی خۆکوژی (بەتایبەتی لە نێو ژناندا) گیرۆدە بوون بە مادە هۆشبەرەکان و گەلێک دیاردەی ناحەزی کۆمەڵایەتی دیکەی بەدواوە بووە.

ئەم هۆیانەن کە پشتیوانی بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانی بۆ گۆڕینی ڕێژیم ڕاکێشاوە. بەشداریی کەمی خەڵک لە هەڵبژاردنە شانۆییەکان، تەنانەت بایکوت کردنی ئەو هەڵبژاردنانەی کە ڕێژیم ئاخووندی لە کوردستان بەڕێوەیان دەبات بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. ئێمە دڵنیان کەلە ئەگەری لە ئارادا بوونی هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە ـ کە بە بڕوای ئێمە لەژێر سێبەری ڕێژیمی ئێستادا مومکین نییە - خەڵکی کورد دەنگ بە دێمۆکراسی فێدراڵی و سێکولار دەدەن. جێگای وەبیرهێنانەوەیە کەلە کوردستانی ئێراندا بۆ ڕاپرسی گشتی دیاری کردنی چەشنی حکوومەت لە ساڵی ١٩٧٩ دا بایکوت کرا. بڕوامان وایە کە داخوازی سیستمێکی سیاسیی نوێ لە سەرانسەری وڵاتدا پشتیوانی بەربڵاوی خەڵکی لە گەڵە. بەڵگەی ئێمە بۆ ئەم بۆچوونە لەم پرسیارەدا دەردەکەوێ: ئەگەر ڕێژیمی ئێستای تاران لای وایە کە پشتیوانی زۆربەی حەشیمەتی ئێرانی لە پشتە، بۆچی ڕێگا بە هەڵبژاردنی ئازاد و دادپەروەرانە بە ئامادە بوونی چاوەدێرانی نێودەوڵەتی نادەن؟ وڵامی ئەم پرسیارە ڕوونە و ئاشکرایە.

لە نیهایەتدا ئەوە ئەرکی سەرشانی خەڵکی ئێرانە ـ بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە ـ کە دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

وڵاتەکەیان بێننە ئاراوە کە ئاوێنەی ویست و داخوازەکانیان بێت و رێز لە مافەکانی تاک و کۆمەڵ بگرێت. بۆ سەرکەوتن لەو خەباتەیە کە ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٦ دا بە هاوپەیمانی لەگەڵ ژمارەیە کەلە رێکخراوەکانی باقی نەتەوەکانی ئێرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵمان پێکهێنا هەتا هەموو پێکەوە لە راستای بە ئەنجام گەیاندنی ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران تێبکوشین لەهەمان کاتدا بۆ سەرکەوتن لەم خەباتە پشتیوانی سیاسی و ئەخلاقی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیمان پێویستە. بەشێک لەو هۆکارانە بوو کە دوکتور شەرەفکەندیی هان دا کەلە ساڵی ١٩٩٢دا سەفەری بێرلین بکات و کۆبوونەوە لەگەڵ سیاسەتڤانانی ئورووپایی پێک بێنێ بۆ شێ کردنەوەی روانگەی خۆی لەسەر داهاتوویەکی دێمۆکراتی بۆ ئێران و کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ ئەم رێبازە.

دکتور شەرەفکەندی و رێبەران، سیاسەتڤانان و چالاکانی بێ ئەژماری کورد ژیانیان پێشکەشی ئەم رێبازە کردووە. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، خەباتی خۆی بۆ وەدی هێنانی مافی نەتەوایەتی کورد و ئازادی و دێمۆکراسی لە ئێراندا درێژە پێ دەدا. ئێمە، وەک هەمیشە، بۆ وەئەستۆ گرتنی بەرپرسایەتی بۆ گواستنەوەیەکی دیمۆکراتی لە ئێراندا حازرین و قوربانیشی بۆ دەدەین.


**سپاس بۆ سرنجتان**

سەرچاوە: ماڵپەڕی فەرمی رێزدار مستەفا هیجری - رێکەوتی ١٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور شەرەفکەندی، لە ئاوێنەی بیر و بۆچوونەکانی دا



**قادر وریا**

## شەرەفکەندی،تێکۆشەر و رووناکبیرێکی نەتەوەیی

د.سادق شەرەفکەندی، لە ژێر سەرپەرستیی براگەورەکەی، شاعیری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەر مامۆستا هەژار دا، پەروەردە ببوو. هەر لە منداڵییەوە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمان، بە هۆی شێعر و رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی ئەو برایەی تێکەڵ بە هەست و بیری ببوو.

هاوینی ١٣٥٩، کە لە «یەنگیجە»ی نزیک سەردەرابات لە گەڵ ژمارەکی زۆر لە لاوە دیموکراتەکانی شارو ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، بەشداری دەورەیەکی سیاسی نیزامی بووین، د.شەرەفکەندی کە بۆ خۆی خەڵکی ئەو دەوروبەرە بوو، سەرپەرستیی ئەو دەورەیەی دەکرد. رۆژێک لە خزمەتی دا، بەو دۆڵ و دەرەیەی ئەوێدا بەرەوژوور، بەرەو «کانیەرەش» رۆیشتین. لە ریگایەدا هێندیک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منداڵیی خۆی بۆ گێڕاینەوە. باسی رۆژانی جێژن و وەدەرکەوتن لە گوند لە گەڵ مندالانی دیکە و شێعری تایبەت بە منداڵان و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا هەژاری بۆ کردین. بۆی باس کردین کە چۆن هەژار هانی دەدان نیشتمانی خۆیان خۆش بوێ و دواتریش کە گەورە بوو هەر لە ژێر کاریگەریی ئەو وتانەی هەژاری براگەورەی دا بووە.

بۆیە کاتێکیش رووی کردە کاری سیاسی و کۆڕی تێکۆشان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی وەک حیزبی خۆی هەڵبژارد، چونکە ئەو حیزبە هەڵگری داوای نەتەوەیی بوو.

د.شەرەفکەندی پێی وابوو پرسی چینایەتی، بڕوا بە هیومانیزم (انساندوستی) و ململانێی بەرەی سوسیالیزم و ئیمپریالیزم، کە هەموویانی لە جێی خۆیاندا بەوە گرنگ بوون، هیچیان لە سەرووی پرسی نەتەوەیی نین. نابێ بۆ هیچکامیان مەسەلەی نەتەوەیی وەلا بنێ.

لەو وتووێژانەدا کەلەگەڵ «کشتگر»و بڵاوکراوەکانی ئۆپوزیسیۆنی ئێرانی دا کردوونی، زۆر بە توندی داکۆکی لە پرسی نەتەوەیی و پێویستیی دابینکردنی مافی نەتەوەکان لە ئێراندا دەکا و بە توندی دژی هێندێک بۆچوون دەوەستێتەوە کە ئینکاری هەبوونی پرسی نەتەوەیی و فرە نەتەوە بوونی ئێران دەکەن.

ئەو، بە دروستی پیی وابوو ماهییەتی خەباتی خەڵکی کوردستان نەتەوەیی یە نەک چینایەتی. لەو وتارانەدا کە وەک وڵامدانەوە بە هێرشەکانی حیزبی کۆمونیستی ئێران و کۆمەڵە بۆ سەر حیزبی دیموکرات نووسیونی، کە دێتە سەر باسی ناکۆکییە سیاسییەکانی ئەو کات ، زۆر بە شێوەیەکی زانستی باسی تەرکیبی چینایەتیی خەڵکی کوردستان دەکا و بە بەڵگە و ئیستیدلالی بە هێز دەیسەلمێنێ کە بزووتنەوەی کوردستان بزووتنەوەیەکی نەتەوەییە و لە قۆناغی ئێستا دا بە شوێن دابینکردنی ئامانجی سیاسی و نەتەوەیی یەوەیە، نەک چینایەتی.

ئەو کاتەی بە شوێن نەمانی یەکیەتیی سۆڤیەتی و ئاڵوگۆڕەکانی جیهان لە دوا دەیەکانی سەدەی بیستەمدا، کۆمارە نەتەوەییەکانی یەکیەتیی سۆڤیەت سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، چێک و سلۆڤاکی، وەک دوو نەتەوە و دوو وڵات لێک جیا بوونەوە، نەتەوەکانی نێو یۆگۆسلاویی پێشوو،هەر کام بۆ جیابوونەوە و راگەیاندنی سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیانی نەتەوەیی خۆیان هەنگاویان نا، لە نووسینەکان و لە وتووێژەکایندا ، گرنگیی زۆری پێدان، وەک رەوتی رزگاری و سەربەخۆیی نەتەوەکان، ناوی بردن وپێیان خۆشحاڵ و گەشبین بوو، ئەمەی بە سەرەتا و مۆژدەیەک بۆ رزگاریی نەتەوە بندەستەکانی دیکە زانی.

نەورۆزی ١٩٩١(١٣٧٠) کە راپەڕینی خەڵکی باشووری کوردستان بە رزگاریی کەرکوک گەیشتە چڵەپۆپە، ئەم رووداوە کە لە باری نەتەوەییەوە، گرنگی و بایەخێکی تایبەتیی هەبوو، بە ڕادەییەک بووە هۆی خۆشحاڵیی ئەو کەسایەتییە کە هاتە

## بەشی دووهەم

نێوشایی و هەڵپەڕکێیەک کە کادر و پێشمەرگەکان بەم بۆنەوە لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێکیان هێنابوو و وێڕای ئەوان بەو بۆنەوە هەڵپەڕی و شادیی کرد.

ئەگەر سەیری وتار و نووسینەکانی لە بارەی فەلەستینەوە بکەین، لەو مەیدانەشدا، گرنگیدانی بە مەسەلەی نەتەوایەتی و بە ڕەوا و پیرۆز زانینی خەباتی نەتەوەیی و ڕاوەستان لە بەرامبەر داگیرکەران و بەرزنرخاندنی خەبات و قوربانیدان لەم ڕێگایەدا، بە ڕاشکاوی و با باشترین شێوە بەدی دەکەین.

### چەپ بەڵام چەپێکی نەتەوەیی و دیموکرات

نووسین و وتووێژەکانی د.شەرەفکەندی، ئاوێنەیەکن کە دەتوانین باوەڕکانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لە بارەی سۆسیالیزم و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان زۆر بە ڕوونی تیدا ببینین. ئەو، داکۆکیی لە سوسیالیزم، وەک سیستمێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی دەکرد، چونکە دەیتوانی مەودای نێوان چینەکان کەم کاتەوە. نەک هەر لە ئاستی کوردستان و ئێران، بەڵکوو لە ڕادەی دنیاشدا دژایەتی لەگەڵ چەوسانەوەی چینایەتی و نابەرابەریی کۆمەڵایەتی دەکرد. لەم بارەیەشەوە، ڕوانینێکی جیهانیی هەبوو و لە لێکدانەوەی مەسەلە نێونەتەوەییەکان و ئالوگۆڕە جیهانییەکاندا، بایەخێکی تایبەتیی دەدا بە گرنگیی مەودای چینایەتی و دابەشبوونی ناعادڵانەی سامان و ڕۆڵیان لە گۆڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئاسوودەیی ژیان، ئەوەندە بەلای د. شەرەفکەندییەوە گرینگ بوون کە لە نەبوونیان دا هەم دیموکراسی، هەم ئاشتیی جیهانیی بە ناتەواو و ناسەقامگیر دەزانی. لەم بارەیەوە لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم، کە بۆ خۆی وەک سکرتێری گشتیی حیزب نووسیویە و ئامادەی کردوە، دەڵێ:

«...ئاشتی و هێمنایەتی لە سەرانسەری جیهان ئاواتێکی پیرۆزن. بەلام شەڕ و ئاشتی لەسەر مەیل و داخوازی یەک یا چەند حکوومەتی گەورە و بەهێز یا دوو بەرەی جیاواز پێک نایەن. ئەم شتانە لە ئەسڵ دا بەرهەمی ڕازی بوون یان نەبوون و هەست بە بەختەوەری کردن یا نەکردنی ئەفراد ئینسانی و گەلانی ئەم دنیایەن نەک ئاکامی پێکهاتن یا نەهاتنی دوو یا چەند دەوڵەت و حکوومەت. هەتا ئەوکاتەی ناعەداڵەتیی جۆراوجۆری سیاسی و ئابووری لە دنیادا بمێنێ، هەتا ئەوکاتەی چەوساندنەوە بە شێوەی ڕەنگاوڕەنگ درێژەی هەبێ و تا ئەوکاتەی مەودایەکی زۆری هەژاری و بێ دەرەتانی لە لایەک و دەوڵەمەندی و زیادەخوازی لە لایەکی دیکە لێک جیا بکاتەوە دیارە ئاژاوە و شەڕە و کێشەش هەر سەر هەڵدەدا...»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

زۆر لە لاپەڕەكانی دیكەی راپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی بۆ كۆنگرەی نۆیەم پڕن لە داكۆكی لە سۆسیالیزم و باس لە نابەرابەریی كۆمەڵایەتی و مەودای زۆری نێوان هەژاری و دەوڵەمەندی لە جیهان دا كە وەك مەترسی بۆ سەر ئاشتیی جیهانی و دیموكراسی سەیریان كراوە. هەر لەو راپۆرتەدا لە سەر كاریگەریی نەبوونی و خراپیی ژیان و بەرێچوون لەسەر دیموكراسی دەڵێ:

«دیموكراسی دیارە بۆ ژیانی كۆمەڵگەی ئینسانی وەك هەوا وایە، بەڵام ئینسان تەنیا بە هەوا ناژی و نان و ئاویشی دەوێ.» (پاشان ئاماژە بە وڵاتانی ئامریكای لاتین دەكا كە ١٠ ساڵێكە دێموكراسی لە نێویان دا جێگیر بووە، بەڵام هەنگاو بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكانیان نەنراوە، دوایە نەتیجە دەگرێ) «:...دێموكراسی هەرچەند مەرجێكی زۆر پێویست بۆ ژیانی بەختەوەرانەی ئینسانە، بەڵام تەنیا مەرج نییە و دێموكراسیی سیاسی بە بێ دێموكراسیی ئابووری و عەداڵەتی كۆمەڵایەتی چ لە یەك وڵات و چ لە رادەی جیهانی دا ناتوانێ هەموو بۆشاییەكانی ژیان پڕ بكاتەوە.»

### جێگای دیموكراسی لە باوەڕەكانی د. شەرەفكەندیدا

د. شەرەفكەندی دێمۆكراسیی بەم جۆرە پێناسە كردوە: «دێموكراسی» یانی پێكهاتنی فەزایەك كە لەودا هەر كەس هەست بەوە بكا كە دەتوانێ لە بارەی ژیان و چارەنووسی خۆی و وڵاتەكەی بە ئازادی نەزەر بدا و، بزانێ كە نەزەر و هەڵوێستەكانی لە بەرێوەچوونی كاروباری وڵاتەكەی دا جێگا و شوێنیان هەیە و حیسابیان لەسەر دەكرێ.» (راپۆرتی كۆمیتەی ناوەندی بۆ كۆنگرەی نۆیەم)

لەم پێناسەیە دا دەبینین د.شەرەفكەندی لە مەنزەر یا روانگەی نەتەوەیەكی بندەستەوە، سەیری دیموكراسی دەكا. ئەو، لە زۆر نووسین و بۆنەی دیكەدا لە روانگەی نەتەوەییەوە بۆ دێمۆكراسی دەڕوانێ و دەیەوێ دێمۆكراسی، وڵامدەری نیاز و چاوەڕوانییە نەتەوەییەكانیش بێ.

لە تێگەیشتنی د. شەرەفكەندی دا، دێموكراسی ئەگەر بە رەسمی ناسینی ئازادی و هۆوییەتی تاك بێ، دەبێ دانانی بە مافەكانی نەتەوەیەكیشی تێدا بێ:

«ئەگەر ئینكاری هۆوییەت و شەخسییەتی تایبەتیی تاقە فەردێك كارێكی غەیرە واقعی بێ، روونە كە ئینكاری هۆوییەت و

شەخسییەتی تایبەتیی کۆمەڵێک ئەفرادیش کە گەل و نەتەوە پێک دێنن تا چ ئەندازە غەیرە واقعی یە».

هەروەها لە نیوان دێموکراسی و «عدم تمرکز» و مەسەلەی نەتەوایەتیدا، بە قازانجی مەسەلە ڕەواکەی نەتەوەکەی پێوەندی دروست دەکا وپێیّ وایە خودموختاری یا مافی نەتەوەیی لە راستیدا دەبێ شکڵی پیادەکراوی ئەو دێموکراسییە بێ کە لە وڵات دا هەیە. هەر وەها بە دروستی وای بیر دەکردەوە کە ئەو مافە نەتەوەییە کە گەلان لە وڵاتێکی وەک ئێران دا دەیانبێ، دەبێتە دەستەبەری دێموکراسی، دەبێتە هۆی کۆنەبوونەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە مەرکەز.

د.شەرەفکەندی لە نێوان دێموکراسی و چالاکبوونی کۆمەڵ، لە نێوان دیموکراسی و پێشکەوتنی ئابووریی کۆمەڵ، لە نێوان سەربەخۆیی سیاسیی وڵات و دیموکراسی دا، پێوەندیی دەدیت و سەرنجی تێکۆشەرانی حیزبەکەی و لایەنە سیاسییەکان و خەڵکی بۆ رادەکێشان. ئەو پێی وابوو لە حکوومەتی دیکتاتۆری دا خەڵک خۆی لە حکوومەت بە جیا دەزانێ و دڵخۆشییەکی بە رۆڵ و جێگای تایبەتیی خۆی لە کاروباری وڵات دا نییە، بۆیە کار کردن و بەرهەمهێنان بۆوان وەک بێگاری لێ دێ (نموونە وڵاتانی سۆسیالیستیی ئەو سەردەم، هەر وەها ئێران، کە خەڵکەکەیان لە دیموکراسی بێبەشن) بەڵام لە دێموکراسی و سیستەمی دیموکراتیک دا خەڵک دەسەڵات بە هی خۆیان دەزانن و بە عەلاقەوە لە کاروباری کۆمەڵ دا بەشداری دەکەن:

«بەستراوەیی» ئاکامی بێ ئەملاو ئەولای دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی یە. تەنانەت لە باری ئابوورییشەوە. هەر وەک گوتمان «خودکفایی» مانایەکی روونی نییە، ئەوە دێموکراسی یە کە نەخشی هەرە کاریگەر دەگێڕێ. وڵاتێک ناتوانێ خۆ لە پێوەندیی ئابووریی لەگەڵ وڵاتانی دیکە ببوێرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە نەبێتە بەستراوەیی، پێویستە کە خەڵکی وڵات لە کاروباری ئابووری و بەرهەمهێنان دا چالاکانە و دڵسۆزانە بەشداری بکەن. ئەمەش وەدی نایە مەگەر لە سایەی دێموکراسییەوە، یانی کاتێک کە خەڵک حکوومەت بە هەڵبژاردە و نوێنەری خۆیان بزانن و هەست بە کاریگەربوونی بەشداریی خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبردنی وڵات دا بکەن.» (راپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرەی نۆیەم)

## بوێر بوون لە رەخنەگرتن و ئازایەتی لە داواکردنی گۆڕاندا:

رازی نەبوون بە وەزعی مەوجوود و نەزمی مەوجوود و پێناسەکانی سەردەم، یەکێک لەو تایبەتمەندییە بەرزانەی د.شەرەفکەندیین کە کاریگەریی زۆریان لە سەر بیر و باوەرەکانی و لە سەر هەڵوێست و کەسایەتیی خەباتگێڕانەی هەبووە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

با ئاماژە بە درەوشانەوەی ئەو تایبەتمەندییەی لە نێو هێندێک هەڵوێست و روانینەکانیدا بکەم.

د.شەرەفکەندیی نەمر، لایەنگری سۆسیالیزم بوو و سەرسەختانە داکۆکی لە بیروباوەڕی سوسیالیستی دەکرد، بەڵام رەخنەگری سیستەمی سیاسیی وڵاتانی سۆسیالیستی بوو، بوێرانە رەخنەی لەو شتانە دەگرت کەبە ناوی سۆسیالیزمەوە دەکران.

لە وتاری «رابردوو و دوارۆژی ئەفغانستان» (١٣٦٧)دا دەڵێ: « ئەمە چ سۆسیالیزمێکە کە لە ترسی ئیمپریالیزم دەبێ بە زۆر و لە رێگای دامەزراندنی دیکتاتۆرییەکی ئاشکرای نیزامییەوە دیفاعی لێ بکرێ، نەک بە پشتیوانیی رەوابوون و حەقانییەتێک کە لە جەوهەری خۆیدا هەیەتی؟»

هەر وەها ئەو کاتەی وڵاتانی سۆسیالیستی نەمان و سیستەمە سۆسیالیستییەکان رووخان، ئەوەی وەک ئاکامی خراپیی سیستەمی سیاسی وبەتاڵبوونیان لە دیموکراسی سەیر کرد نەک وەک نیشانەی خراپیی سوسیالیزم، و بە هەمان راشکاویی جارانەوە دیفاعی لە سوسیالیزم دەکرد.

نموونەیەکی دیکە لەم تایبەتمەندییەی ئەوە بوو، تەسلیمی  روانین و بیرکردنەوە و پێناسەی دەوڵەتان و هێزە گەورەکان نەدەبوو. لە روانگەی خۆی و بەرژەوەندی بزووتنەوە و نەتەوەکەی خۆیەوە سەیری دنیای دەکرد. چەمکە جۆراوجۆرەکانی لە روانگەی سیاسی و خەباتگێڕی نەتەوەیەکی بندەستەوە پێناسە دەکرد. لە وتارێک لە ژێر سەردێڕی «تیرۆریزم بە چی دەڵێن»دا، بەم جۆرە روانینی دەوڵەتان و رێژیمە زۆردارەکان لە بارەی تیرۆریزمەوە رەت دەکاتەوە:

«زۆر داران بە کەیفی خۆیان هەرچی بە زەرەریان و دژی خۆیان بووە، بە تیرۆریزمیان داناوە و حکوومەتیان کردوە و هەرچی بۆخۆیان کردوویانە و بە قازانجی خۆیان دیتووە بە رەوایان زانیوە. حکوومەتە دیکتاتۆر و سەرەڕۆکان بە مەیلی خۆیان تا ئەو جێگایە دەستیان دەڕوا، خەڵک دەگرن، دەکوژن و... بەڵام بە هیچ جۆرە ئەوە بە تێرۆریزم ناو نابەن. لە بەرامبەر دا هەر کات کەسێک یان تاقمێک لە ناچاری دژی زەبر و زەنگی حکوومەت و تاقمی زۆردار و دەسەڵاتدار راپەڕن و بە ناچار دەست بۆ چەک و توندوتیژی بەرن، ئەوە دەستبەجێ ناوی تێرۆریزمی لەسەر دادەنرێ و هاواری مەحکوومییەتی بۆ بەرز دەبێتەوە.» (لاپەرەکانی ١٥٣ و ١٥٤ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، چاپی سوئێد)



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەر وەها دەڵێ:**

«بە کورتی تا کاتێک لە دنیادا ماف و ئازادییەکانی ئینسانی «تابع»ی هەوا و هەوەسی زۆرداران بێ و قانوون لە لایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەک هەر تێرۆریزم بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی روون و دیاریکراویان نابێ و زۆرداران دەتوانن هەموو جووڵانەوەیەکی عادڵانە و هەموو راپەڕینێک و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیانی دابنێن و بە عینوانی تیرۆریزم مەحکوومیان بکەن، لە بەرامبەر دا هەموو جینایەتێکی خۆیان بە رەوا و عادڵانە و قانوونی لە قەڵەم بدەن.» (لاپەرەی ١٥٦ی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، چاپی سوئێد)،

یەکێکی دیکە لە رەنگدانەوەکانی ئەو تایبەتمەندییە بەرزەی د.شەرەفکەندی لە هەڵوێست و روانینەکانی دا، بەرەسمی ناسینی خەبات دژی ستەم و بێ مافی بوو، جا ئەگەر بە هۆی ئەم خەباتخوازییەوە ئاشتی لە ئاستی ناوچە و جیهانیش دا کەوتبایە مەترسییەوە:

«تا کاتێک زوڵم و زۆر هەبێ، تا کاتێک چەوساندنەوەی جۆربەجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێ، تا کاتێک دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی لە لایەک و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکە لە گۆڕێ دابێ، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێ. چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچکات بە مەیلی خۆیان دەست لە چەوساندنەوە و زوڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن، مەگەر بە زۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتێکی توندوتیژ دا نەبێ! کەوابوو سوڵح و ئاشتیی گشتیی جیهانی و هەروەها شەڕ و خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و بۆ لە نێوبردنی زوڵم و چەوساندنەوە نەک هەر لێک جیا نین، بەڵکوو دوو لایەن و دوو دیوی یەک مەسەلەن کە یەکیان تەواوکەری ئەوەی دیکەیە. ئەو مەسەلەیەش بریتییە لە ئازادی و بەختەوەریی مرۆڤ.» وتاری «ساڵی تازەی جیهانی» (بە بۆنەی دەسپێکردنی ساڵی ١٩٨٩)

**ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"(ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

# پەیمانی لۆزان و سێور



لە نووسینی د. سادق شەرەفکەندی

وەرگیراو لە کتێبی کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد

وەرگێڕ بۆ کوردی: تەها عەتیقی

## پەیمانی سێور (۱۹۲۰ی زایینی)

بەر لەوەی باسی بڕیارەکانی کۆنفرانسی شەڕی یەکەمی جیهانی لە بارەی کوردستان دا و ئاکامی ئەم بڕیارانە بکەین، باسکردنی پێشینەیەکی کورت بە پێویست دەزانین!

لە تەواوی ماوەی شەڕدا، وتووێژ و کەینوبەین لە نێوان دەسەڵاتدارە ئیستعمارییەکان بە مەبەستی دابەشکردنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خاکی عوسمانی لە ئارادا بوو. هەروەک پێشتر باسکرا لە بەهاری ساڵی ۱۹۱٦دا، لە نێوان ئینگلستان و فەڕانسە بڕیارنامەیەک لە مەڕ دابەشکردنی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مۆرکرا کە بە پەیمانی «سایکس پیکۆ» ناسراوە. بە گوێرەی ئەم پەیمانە ناوچەکانی جنوبی و ناوەندی «بين النهرين» عێراقی ئەمڕۆ تا ژورووی بەغدا و سولەیمانی دەدرا بە ئینگلستان. بەشێکی زۆری سوریا و لوبنانی ئێستا و خوارووی تورکیا (ناوچەی مووسڵ) وەبەر فەڕانسە دەکەوت. رووسیای تێزارییش دەستبەجێ داوای بەشی خۆی کرد. لە ئەنجامدا ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی «وان» لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ژورووی کوردستان و ئەرمەنستان بۆ رووسیا تەرخان کران. ئینگلستان کە لە ماوەی شەڕدا زانیارییەکی زۆری لە بارەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

کانگای ژێر زەوییەکانی رۆژهەڵاتی نیوەڕاستی عەرەبی دا وەچنگ هێنابوو، بۆی دەرکەوتبوو کە کوردستانی خواروو بە تایبەتی لە باری نەوتەوە دەوڵەمەندە، چوار رۆژ پاش مۆر کردنی پەیماننامەی کۆتایی پێهێنانی شەڕ لەگەڵ عوسمانی (١٩١٨)، یەک لایەنە ناوچەی «مووسڵ»ی داگیر کرد کە وەبەر فەڕانسە کەوتبوو. ئەم کارە کێشەیەکی زۆری بە دواوە بوو، بوو بە هۆی رەخنە و بێزاریی فەڕانسە. بەڵام ئینگلستان کە دژ کردەوەی فەڕانسەی چاوەڕوان دەکرد، بۆ ململانێ کەوتە بیری راکێشانی سەرنجی کوردەکان و دانی بەڵێنی سەربەخۆیی یان خودموختاری بە کوردەکان، بە یەکێک لە رێگاکانی دەست هەڵگرتنی فەڕانسە لە داواکردنی ناوچەی مووسڵ دادەنا. چوونی «سێر پێرسسی کاکس» کە پاشان بوو بە کۆمێسێری بەرزی بریتانیا لە عێراق بۆ خوارووی فەڕانسە لە پوشپەری ساڵی ١٩١٨دا، وتووێژ لەگەڵ ژەنێراڵ شەریف پاشا کە دوو ساڵ پاشان بوو بە سەرۆکی کۆڕی نوێنەرایەتیی کوردەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە بارەی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ یان خودموختاردا نموونەیەکن لەم سیاسەتە. لە لایەکی دیکەوە، پاش شۆڕشی مەزنی سوسیالیستیی ئۆکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧، یەکیەتیی سۆڤیەتی کە جێی رووسیای تێزاریی گرتبووە، لە تەواوی فراوانخوازییەکانی موستەعمەراتی و داوا ئەرزییەکانی لە وڵاتەکانی دراوسێ وازی هێنا. لە ئاکام دا ئەم ناوچەیە کە بڕیار وابوو بەشی رووسیای تێزاری بێ، تەماحی تێکرا. بە تایبەتی ئەمریکاییەکان بە راستی خەریک بوون بیکەنە هی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاریان کردبوو: حکوومەتێکی ئەرمەنی لە بەسێکی زۆری ئیمپەراتۆریی عوسمانی دا کە بڕیار وابوو بدرێ بە رووسیا دابمەزرێ. سەرەڕای ئەوە حکوومەتێکی «کورد»یش دابمەزرێ کە بە پێی نەقشەو پلانی ئەو کاتی ئەمریکا نیزیک بە چواریەکی سەرجەم خاکی کوردستانی دەگرتەوە. ئەم سێ حکوومەتەش دیارە دەبوو لە ژێر چاودێریی ئەمریکادا بوایەن.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنفرانسی ئاشتی لە «سێور» هەڵکەوتوو لە دەوروبەری پاریس پێک هات. لەم کۆنفرانسەدا کۆڕێکی نوێنەرایەتیی کوردیش بە سەرۆکایەتی ژەنێراڵ شەریف پاشا (کۆنە ژەنێراڵی عوسمانی و باڵیۆزی پێشووی ئەم ئیمپەراتوورییە لە سوید) وەک چاودێر لە وتووێژەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و ئەرمەنستان دا بەشدار بوو. وتووێژەکانی کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس بوو بە هۆی مۆر کردنی پەیمانێک لە ١٠ی مانگی ئووتی ١٩٢٠ (٢٠ی خەرمانانی ١٢٩٩ی هەتاوی) لە ٤٣٣ خاڵدا. دەقی ئەم بڕیارەی لەمەڕ کوردستان لە بەشی سێهەمی پەیمانەکەدا هاتووە بەم جۆرەیە:

**ماددەی ٦٣**: کۆمیسیۆنێک لە نوێنەرانی بریتانیا، فەڕانسەو ئیتالیا لە قوستەنتەنیە جێگیر دەبێ و لە ماوەی شەش مانگ پاش بەڕێوەچوونی ئەم پەیمانە خودموختاریی ناوچەیی دەدا بە ناوچەیەک کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و لەو چاچێوەیەدا هەڵکەوتوون: رۆژهەڵاتی فورات، جنوبی سنوورەکانی خوارووی ئەرمەنستان بەم شێوەیەی کە پاشان دیاری دەکرێ. هەروەها بەشێک لە خاکی تورکیا هەڵکەوتوو لە ژوورووی سنووره هاوبەشەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ بەین نەهرێن و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سوریا بە لەبەر چاوگرتنی ماددەی (٢٧) بەشی دووهەم (خاڵی ٢ و ٣ ). هەرکات کۆمیسیۆن لەمەڕ کێشەیەک دا ساخ نەبۆوە، کێشەکە لەلایەن ئەندامانی کۆمیسیۆن دەدرێتەوە بە دەولەتەکانی خۆیان. گەڵاڵەی ئەم خودموختارییە دەبێ مافی ئاشورییەکان، کەلدانییەکان و باقی کەمایەتییە رەگەزی و مەزهەبییەکانی نیشتەجێ لەو ناوچەیەدا بە تەواوی دەستەبەر بکا. کۆمیسیۆنێک کە لە نوێنەرانی ئینگلستان، فەڕانسە، ئیتالیا، ئێران و کوردەکان پێک دێ سەر لەم ناوچە دەدا ئەگەر پێویست بوو لە بارەی پێداهاتنەوەو ساغکردنەوەی سنورەکانی تورکیا کە بە گوێرەی ئەم پەیمانە لەگەڵ سنوورەکانی ئێران هاوبەشە، بڕیار بدا.

**ماددەی ٦٣**: حکوومەتی عوسمانی لە سەریەتی کە بڕیارەکانی هەرکام لەم کۆمیسیۆنانەی کە لە ماددەی ٦٢دا پێشبینی کراون لە ماوەی ٣ مانگ پاش وەرگرتنیان قبووڵ و جێبەجێیان بکا.

**ماددەی ٦٤**: لە ماوەی ساڵێک پاش جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانە، بێتوو کوردەکانی دانیشتووی ئەم ناوچانە کە ماددەی ٦٤ دەیانگرێتەوە بچنە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان و بیسەلمێنن کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە حەزیان لە سەربەخۆیی لە تورکیایە و دەیانەوێ جیا ببنەوە و ئەنجومەنیش بۆی دەربکەوێ کە ئەم خەڵکە شیاوی سەربەخۆیین، بە تورکیا دەسپێرێ کە سەربەخۆیی بدا بە کوردەکان. تورکیا لەسەریەتی کە لەو کاتدا هەڵوێستی خۆی لەگەڵ ئەم راسپێرییە رێک بخاو لە هەموو مافی خۆی لەم ناوچانە دا دەست هەڵبگری. چۆنیەتیی ئەم دەستهەڵگرتنە لە وتووێژە تایبەتییەکانی‌دا کە لە نێوان هاوپەیمانە سەرەکییەکانی و تورکیادا پێک دێ، دیاری دەکرێ.

گەر ئەم «دەستهەڵگرتنە»ی باسکرا لەلایەن تورکیاوە ئەنجام بدرێ و کوردەکانی دانیشتووی بەشێک لە کوردستان کە ئێستا لە ناوچەی مووسڵ هەڵکەوتووە بە پێی ویستی خۆیان بیانەوێ رەگەڵ حکوومەتی سەربەخۆی کورد بکەون هیچ کام لە هاوپەیمانە سەرەکییەکان لەم بارەوە مافی رەخنە و ئێعترازیان نییە.

باس کردنی چەند مەسەلە لە بارەی ئەم پەیمانەدا بە پێویست دەزانرێ: لە سەرەتادا پێویستە بزانرێ کە بە گوێرەی ماددەی ٦٤، چارەنووسی ویلایەتی کوردنشینی مووسڵ، بە شێوەی سروشتی و کتوپڕ بە چارەنووسی بەشەکانی دیکەی کوردستان گرێ نەدراوە.

**ئەم ویلایەتە نەوتەڵاّنییە تەنها کاتێک دەکرا وەسەر کوردستان بخرێ کە:**

**بەشی دووهەم**

**یەکەم**: ئەم کوردستانە سەربەخۆیە پێک هاتبایە.

**دووهەم**: دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ نیشان بدەن کە حەزیان لە پێوەلکانە.

**لەلایەکی دیکەوە پێکهاتنی کوردستانی سەربەخۆش بە مەرج و شەرت گرێ دراوە:**

**یەکەم**: خەڵکی کوردستان دەبێ سەر لە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بدەن و بیسەلمێنن کە زۆربەیان سەربەخۆیی‌یان گەرەکە.

**دووهەم**: ویست و دەنگی زۆربەی خەڵکیش بەس نییە و ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان پێویستە ئەوان بە شیاوی وەرگرتنی سەربەخۆیی بزانێ. ئەگینا دەبێ داوا لە ئینگلستان بکا کە بە لوتف و کەرەمی خۆی کوردەکان بخاتە ژێر سەربەستیی خۆیەوە!

خاڵێکی دیکە لە مەڕ سنوورەکانی ئەم «کوردستان»ـەی کە دەبووایە پێک بێ: بە پێی نێوەرۆکی پەیمانەکە، ئەم کوردستانە بەشێکی بەرینی لە ناوچە کوردنشینەکانی وەک «ئاد یامان» و «مەڵاتیە» و ... کە لە ڕۆژئاوای چۆمی فورات هەڵکەوتوون نەدەگرتەوە، لە بەر ئەوەی ئەم ناوچانە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە بوون. سەرەڕای ئەوە بە گوێرەی ماددەی ٢٧ی بەشی دووهەمی پەیمان (خاڵەکانی ٣،٢) جگە لە ناوچەکانی «کورد داغ» و دەشتەکانی «جزیرێ» کە ئێستاش بەشێک لە خاکی سووریان، هەروەها شارەکانی «ئورفە»، «ماردین»، «نەسیبین» و «جزیری ئیبنی عومەر»یش لە قەڵەم درابوون کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە. ئەم دوو بەشەی لە خاکی کوردستان کە دەبووایە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بدرێن بە فەڕانسە نیزیکەی سێ یەکی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە.

بەڵام لە بارەی «سنوورەکانی خوارووی ئەرمەنستان وەک پاشان دیاری دەکرێن» ئەم سنورانە لە ڕاستی دا لە ماددەی ٨٩ی پەیمان (بەشی شەشەم: ئەرمەنستان) دیاری کرابوون. بە گوێرەی پەیمان: تورکیا و ئەرمەنستان و وڵاتەکانی دیکەی بەشدار دەبووایە دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان لە ناوچەکانی «ئەرزەڕۆم» و «تەرابوزان» و «وان» و «بتلیس» بە داوەریی سەر کۆماری ئەمریکا بسپێرن و بڕیارەکان و ئەم ڕێوشوێنانەی کە ڕەنگە ناوبراو بۆ دەست پێڕاگەیشتنی ئەرمەنستان بە دەریا و هەروەها غەیرە نیزامی کردنی چەند بەشێک لە خاکی عوسمانی کە لە نیزیک سنوورەکانی ئەرمەنستان هەڵکەوتوون پێشیاری بکا، قبووڵ بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەڵام دەنگی سەرکۆماری ئەمریکا بە کردەوە لەگەڵ ئەم چوارچێوەیەی کە خۆی پێشتر لە مەڕ دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا رایگەیاندبوو، یەکی نەدەگرتەوە. چونکە بێ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی ناوچە دەست نیشانکراوەکان راوێژ بکرێ و پێکهاتەی رەگەزیی ئەو ناوچانە دیاری بکرێن، سەرکۆماری ئەمریکا بەشێکی بەرین لە خاکی کوردستانی عوسمانی کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کورد بوون و نیزیک بە سێ بەشی دیکەی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە وەک ناوچەکانی «موش» و «ئەرزەنجان» و «ئەرزەرۆم»و «بێنگۆل» و «بتلیس» و «وان» و «ئاگری»ی دابوو بە ئەرمەنستان « کە دیارە دەبوو لە ژێر سەرپەرستیی ئەمریکادا بوایەن».

بەمجۆرە ئەگەر پەیمانی «سێور» جێبەجێ بوایە، کوردستان لە راستیدا بە کوردستانی ئێرانەوە دەبووە پێنج بەش. کوردستانی سەربەخۆی لەبەرچاوگیراو لە ناوەندی ئەم دابەشکرانەدا، وڵاتێک بوو کە لە باری خاکەوە تەنیا سێ یەکی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە و بە تایبەتی ئەم بەشە ناوچە بە پیتو بەرەکەتەکانی کشتوکاڵیی لەبار بۆ ئاژەڵداری دەگرتەوە. ئەوەی دەمایەوە ناوچە هەژارو دەسکورتەکانی وەک «خارپوت» و «دەرسیم» و «حەکاری» بوون و دیاربەکر وەک «ناوەندی ئیداری» و مووسڵ وەک «ناوەندی ئابووری» دەمانەوە. دیارە ئینگلستانیش مەسەلەی نەوتی دەخستە ژێر چاوەدێری.

کەوابوو پەیمانی «سێور» لە بارەی کوردستان و چارەنووسی نەتەوەی کورددا ئەوە نەبوو کیسەی بۆ هەڵدروین. سەرەڕای ئەوە هەروەک دەزانین تەنانەت ئەم پەیمانەش بەرێوە نەچوو. سەرئەنجام کوردستانی عوسمانی، بە پێی پەیمانی «لۆزان» بەسەر سێ حکوومەتی تازە دامەزراوی جیابۆوە لە ئیمپەراتۆریی پێشووی عوسمانی، واتا تورکیا، عێراق و سوریادا، دابەش کرا.

## پەیمانی لۆزان (١٩٢٣)و دابەشکردنی ئیستعماریی کوردستان

بڕیارەکانی پەیمانی «سێور» لە بارەی کوردستان دا، زیاتر نووسراوی سەرکاغەز بوون و هەر لە سەرەتاوە دیار بوو کە دەرەتانی جێبەجێ بوونیان نییە. لەمەڕ بەرێوەبردنی ئەم پەیمانەدا هێندێک بەرپرسایەتی درابوو بە دەوڵەتی عوسمانی کە لە راستیدا بە کردەوە دەوڵەتێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو. هۆیەکەی ئەوە بوو کە لە ساڵی ١٩١٩ وە، حەرەکەیەک بە رێبەریی ژەنەڕاڵ مستەفا کەماڵ کە پاشان بە ئاتا تورک (باوکی تورک) ناوی دەرکرد، بە مەبەستی لەسەر کار لابردنی سوڵتانی عوسمانی و وەدەرنانی هێزەکانی بێگانە لە وڵاتی تورکیا و وەدەستهێنانی سەربەخۆیی سیاسی دەستی پێ کردبوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرەبەرە گەشەی ستاندبوو.

دیارە لە باسەکانی داهاتوودا بە وردی وێڕای باسکردنی بزووتنەوەکانی کورد لە کۆماری تورکیادا بە کورتی باسی هاتنە سەرکاری مستەفا کەماڵیش دەکەین.

لێرەدا هەر ئەوەندە دەکوترێ کە تێکۆشانی مستەفا کەماڵ وەها گوشاری خستبووە سەر حکوومەتی عوسمانی لە ئەستەمبووڵ کە هاوپایمانەکانی ناچار کرد لە بەرانبەر هەڵوێستی ناسیۆنالیستیی مجلسی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٠ دا ئەستەمبووڵ داگیربکەن و مەجلیسیش هەڵوەشێنن.

سەرەڕای ئەمە لە سەرەتای مانگی بانەمەڕی ئەو ساڵەدا کۆبوونەوەیەکی بەرین لەژێر ناوی «مەجلیسی مەزنی نیشتمانیی تورکیا» لە شاری ئەنقەرە کە لە ژێر نفوزی تەواوی مستەفا کەماڵ دا پێک هاتبوو حکوومەتی نوێی دامەزراند و ئەم حکوومەتەی بە تاقە شوێنی نیشتمانی و قانوونی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دانا.

یەک لە یەکەمین بڕیارەکانی مەجلیسی مەزنی نیشتمانی تورکیا و حکوومەتی دیاری کراو لە لایەن ئەم مەجلیسە ئەوە بوو کە بەرەسمی بە تەواوی جیهانی ڕاگەیاند:

«هەموو ئەم پەیمان و بڕیارنامانەی لەلایەن حکوومەتی ئیستەمبووڵەوە مۆر کراوە، بە ڕەسمی ناناسێ و بێ بایەخن» واتا لە ڕاستی دا پەیمانی «سێور» لە بارەی چارەنووسی تورکیا (دیارە کوردستان)یش بەر لەوەی لە دایک بێ، بەرەسمی لەلایەن هێزی ڕاستەقینەی تورکیاوە بەرپەرچ درایەوە و هیچ دەستەبەرێک بۆجێبەجێ کردنی نەما.

سەرئەنجام شەڕی سەربەخۆیی تورکیا لە ١٩ی خەرمانانی ساڵی ١٩٢٢ی زایینی بە سەرکەوتنی یەکجاریی هێزی مستەفا کەماڵ بەسەر یونانییەکاندا کۆتایی هات. بەستنی کۆنفرانسی «لۆزان» لە «سویس» دوو مانگ و نیو پاش سەرکەوتنی مستەفا کەماڵ بەمانای بە ڕەسمی ناسینی حکوومەتی نوێی تورکیا لە باری نێونەتەوەیی‌یەوە بوو. لەم کۆنفرانسەدا کە نوێنەرانی ئینگلستان و فەڕانسە و ئیتالیا و ژاپۆن و ڕۆمانی و «سێرب و کرۆوات» لە لایەک و نوێنەرانی تورکیای نوێ لە لایەکی دیکەوە بەشداربون پاشملەی کوردەکان زۆر باسی کێشەی کورد و چارەنووسی ناوچەی مووسڵ کرا. هەروەک لە پێشدا باسمان کرد، ساڵی ١٩١٨ پاش برانەوەی شەڕ لەگەڵ عووسمانی ناوچەی مووسڵ دەست بە جێ لەلایەن هێزەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینگلستانەوە داگیر کرا. فەڕانسە ڕەخنەی لەم کارە گرت چونکە بە گوێرەی پەیمانی «سایکس پیکۆ» مووسڵ وەبەر فەڕانسەی کەوتبوو. پاش باس و کێشمە کێشمێکی زۆر، لە نێوان سەرۆک وەزیرانی ئینگلیستان و فەڕانسە چاوپێکەوتنێک سازدرا. سەرۆک وەزیری فەڕانسە کە لە کانگا نەوتییەکانی مووسڵ ئاگادار نەبوو، بەوە ڕازی بوو لەبەرانبەر دانی مووسڵ بە ئینگلیستان بەشێکی دیکە لە خاکی عوسمانی بدرێ بە فەڕانسە. بەڵام کاتێک بوونی کانگا نەوتییەکان لە مووسڵ ئاشکرابوو، فەڕانسە ئەم ڕێکەوتنەی خستە بەر ڕەخنە. پاش دەمەقاڵەیەکی زۆر لە بەهاری ١٩٢٠دا لەسەر ئەمە ساغ بوونەوە کە هێندێک لە داهاتی نەوت بدرێ بە فەڕانسە. بەڵام ئەمجار ئەمریکا کە لەم سەودایەدا سەری بێ کڵاو مابۆوە ڕەخنەی گرت. لە ئاکام دا پاش کێشەو هەرایەکی زۆر، هەر سێ دەوڵەت لەسەر بەشکردنی داهاتی نەوت ڕێک کەوتن و بە ڕەسمی بڕیار درا کە »چارەنووسی مووسڵ پاشان لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان دیاری بکرێ».

لە کۆنفرانسی لۆزاندا تورکیا داوای ملکایەتیی ویلایەتی مووسڵی دەکرد. لەبەرانبەر ئەم داوایەدا بریتانیا کێشەی کوردی لە کوردستاندا دەهێنایە گۆڕێ و داوای دەکرد کە کوردەکان وەک نەتەوەکانی ناوچە مافی نەتەوایەتیی خۆیان وەربگرن و حکوومەتی تایبەتیی خۆیان ببێ. وەڵامی نوێنەرانی تورکیا ئەمە بوو «ئەم حکوومەتە لەلایەن مەجلیسی مەزنی نیشتمانیی تورکیاوە دامەزرراوە و حکوومەتی تورک و کوردە و نوێنەرانی ڕاستەقینەی کوردەکان لە مەجلیسی نیشتمانیی تورکیا لەگەڵ نوێنەرانی تورک بەشدارن» هەروەها «کوردەکان و تورکەکان وەک یەک لەحکوومەتی تورکیادا هاوبەشن» و «کوردەکان هەرچەند بە زمانێکی دیکە بێجگە لە تورکی قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ تورکەکان جیاوازییان نییە و لەباری ڕەگەزو ئایین و تایبەتمەندییەوە وەک یەکن» بەم چەشنە بەم فڕوفیشاڵانە، نەک ئامادە نەبوون مافی نەتەوایەتیی کوردەکان بە ڕەسمی بناسن، بەڵکوو داوای مووسڵیشیان دەکرد!

سەرئەنجام لە ٢٤ی ژوئیەی ساڵی ١٩٢٣ی زایینیدا (سێهەمی گەلاوێژی ١٣٠٢ی هەتاوی) پەیمانی لۆزان مۆرکرا. بە گوێرەی ئەم پەیمانە تورکیا وازی لە مووسڵ هێنا و دانی بەوەدا هێنا کە چارەنووسی مووسڵ لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵی نەتەوەکانەوە دیاری بکرێ. لە بەرامبەردا بەشی زۆری کوردستان وەبەر تورکیا کەوت. لەم پەیمانەدا بە هیچ شێوەیەک باسی کوردو مافی نەتەوایەتیی کورد ناکرێ. دیارە لە بەشی سێهەمی پەیمانەکەدا «ماددەکانی ٢٧ تا ٤٤) لە بارەی پێویستیی پاراستنی مافی «کەمایەتییەکان» چەند شتێک هاتووە. بۆ نموونە لە ماددەی ٣٩ دا: «بۆ کەڵک وەرگرتنی ئازادانەی تەبەعەی تورکیا لە هەموو چەشنە زمانێک، چ لە پێوەندییەکانی تایبەتی و بازرگانی و کاروباری ئایینی و چاپەمەنی و چ لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، نابێ هیچ بەربەستێک پێک بێ» هەروەها: «سەرەڕای بوونی زمانێکی ڕەسمی، بۆ ئەم تاقمە لە دانیشتوانی تورکیا کە بێجگە لە زمانی تورکی، زمانێکی دیکەیان هەیە، دەرەتانی تەواو پێک بێ تا لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادگاکاندا بۆ قسەکردن بەدەم، لە زمانی تایبەتیی خۆیان کەڵک وەربگرن.

**بە گوێرەی ماددەی ۳۹**: «حکوومەتی تورکیا وەئەستۆی خۆی دەگرێ کە خاڵەکانی هاتوو لە ماددەکانی ۳۸ - ٤۹ دا وەک قانوونی بنەڕەتی بناسێ، بە جۆرێک کە هیچ قانوونێک، هیچ «ڕێوشوێن و هەنگاوێکی رەسمی لەدژ یان ناتەبا لەگەڵ ئەم خاڵانە نەبێ و هیچ قانوونێک بە سەر ئەواندا زێدەیان نەبێ».

**بەڵام دەقی ماددەکانی ٤٠ تا ٤٥ دەری دەخا کە مەبەست لە «کەمایەتییەکان» بریتین لە:** کەمایەتییە غەیرە موسوڵمانەکانی وەک ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان و هی دیکە...

کار بەدەستانی حکوومەتی تورکیا بەو بیانووە کە کوردەکان وەک تورکەکان لە حکوومەتدا بەشدارن، ئەوانیان وەبەر ئەو ماددانەی لە سەرەوە باسکران و لە بارەی کەمایەتییەکاندایە نەخست. بەم چەشنە تەنها لەماوەی چەند ساڵدا، گەلی کورد لە تورکیا لە نەتەوەیەکی هاوبەشی بە مافی وەک یەکەوە بوو بەشتێکی «نەبوو».

لە بارەی ویلایەتی مووسڵیشدا، لێرەدا تەنیا دەبێ ئاماژە بە ئەمە بکەین کە دوای ئەوەی ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بۆچوونی دانیشتوانیی (واتە کوردەکان) وەرگرت، سەرەڕای ویستی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە مەڕ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد، لە ٥ی ژوئەنی ساڵی ١٩٢٦دا (١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی) ئەم ویلایەتەش لە لایەن بریتانیاوە خرایە سەر وڵاتی تازە دامەزراوی عێراق.

بەمجۆرە کوردستان کە تا پێش شەڕ تەنیا لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دابەش ببوو، بە پێی ویست و داخوازی وڵاتە ئێستعمارییەکان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریا دا بەشکرا. ئەم دوو وڵاتەی دوایی واتا عێراق و سووریا پاش شەڕ لە دایک بوون.

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کاک دوکتور سەعید بەو شێوە کە من ناسیومە



عەلی مێهرپەروەر

سەرەتا لەسەروبەندی بیستەمین ساڵی تیرۆرکرانی تێکۆشەری ناوداری کورد کاک دوکتور سەعید سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هاوڕێکانی لە شاری بێرلینی وڵاتی ئاڵمان، هەزاران سڵاویان پێشکەش دەکەم و سەری ڕێز و حورمەت لە بەرانبەر گەورەییاندا دا دەنوێنم.

باسکردن لەسەر کەسایەتییەکان بەتایبەت ئەوانەی کە بوونەتە یەکێک لە مرۆڤە ناودارەکانی مێژووی گەلێک، بەشیوەیەک کە بکرێت هەموو کەلێن وقوژبنەکانی کەسایەتییەکە بپشکنرێت و بێلایەنانە لە سەری دادوەری بکرێت، ئەگەر نەڵێم نامومکین دەتوانم بڵێم زۆر ئەستەمە. چونکە کەسێک کە سەبارەت بە مرۆڤێک کە ناسیاری لەسەری هەیە دەدوێت گومانی تێدانیە کە ناتوانێت بێ لایەنی ڕەها بێت، بەڵکوو بەرێژەیەک بەلایەکی ئەرێنی یان نەرێنیدا دەشکێنێتەوە.

هەر مرۆڤێک خاوەن کۆمەلێک تایبەتمەندییە کە سەرجەم کەسایەتیی ئەو کەسە دەنەخشێنێت. بێ گومان لەو تایبەتمەندیانەدا خاڵی لاواز وبە هێز یان ئەرێنی ونەرێنی بوونی هەیە. بەگشتی ئەو کەسەی خاڵی ئەرێنی زۆرترە لە نێو خەڵکدا بە مرۆڤێکی باش ناودێر دەکرێت. بە کورتی کە سایەتیی هەر مرۆڤێک لەرووی رێژەی تایبەتمەندییە باش و ناباشەکانیەوە پێناسە دەکرێت. هەر چەند ئەو تایبەتمەندییانەش لە مرۆڤێکدا نەگۆڕ و چەسپاو نین و بەدرێژایی تەمەنی هەر مرۆڤێک گۆڕانیان بەسەردا دێت.

## بەشی دووهەم

من هەوڵ دەدەم تائەو جێیە کە بیرم بڕ دەکات و بە پشت بەستن بەو ئاستە لە زانیاری کە لە سەر کەسایەتیی کاک دوکتور سەعید (دوکتور سادق شەرەفکەندی) هەمە بەهۆی ئەو ماوە کە دەرفەت و شانازیی هاوکاریی ناوبراوم بووە، کورتەیەک لەسەر کەسایەتیی ناوبراو بنووسم. بەڵام پێش ئەوەی بچمە سەر باسەکە، ئەو پرسیارە دێتە پێش کە پێویستە وەڵامی بدرێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە مەبەست لە باس لە سەر وەها کەسایەتییەک بە چ مەبەستێکە؟ گومان لەوەدانیە کە ئەرکیکی سەرەکییە لاوەکان وجیلی ئیمرۆ لە بەسەرهات و ژیانی کەسانی ناوداری گەلەکەمان ئاگادار بن، بەومەبەستە کە هەم بیرەوەریی مێژوویی (حافظە تاریخی) گەلەکەمان بپارێزین، هەم تۆوی رێز وخۆشەویستیمان سەبارەت بە پاڵەوانای مێژووی بزووتنەوەی کورد لە دڵی لاوەکاندا چاندبێت، و هەم بتوانین دەرس لە رێباز و بیر و ئەندێشە وفیداکارییان لە رێی ئازادی وسەربەستیی نەتەوەی کورددا وەر بگرین.

من ناچمە سەر ئەو بابەتە کە کاک سەعید لە کوی لە دایک بووە یان ژیان وبەسەرهاتی مندالی و مێر منداڵی و لاوەتیی ناوبراو بگێڕمەوە. بەڵکوو پتر هەوڵ دەدەم کەسایەتیی ناوبراو بخەمە روو. کاک سەعید مرۆڤێکی خاوەن پلەیەکی بەرزی خۆێندەواری بوو. خوێندەوار بوون و چاوکراوەیی کاک سەعید لە پلەیەکی بەرزی خوێندەواری وەکوو دوکتورا لە بەشی کیمیای شیکردنەوە(شیمی تجزیە) کە لە سەردەمی خۆیدا زۆر کەم بوون ئەو کەسانە کە لە ئیراندا خاوەن وەها پلەیەک بن، بەتایبەت کە خویندنەکەی لەوڵاتیک وەک فەرانسە ولە یەکیک لە زانکۆ بەناوبانگەکانی پاریس واتا زانکۆی ژمارە ۶ی ئەو شارە بەدەست هێنابێت. بیگومان خویندن لەفەرانسە وتوانای وەرگرتنی وەها پلەیەکی زانستی پێویستی بە زانینی زمانی فەرانسە ئەویش لە ئاستێکی بەرزدا دەبێت. کاک سەعید بەتەواوی بەسەر ئەو زمانەدا زاڵ بوو. شارەزایی لە زمانێکی گرینگی دەرەکی سەرەرای زمانی فارسی و زمانی دایکی، ئەو توانایەی پێ بەخشیبوو کە بتوانێت لە سەرچاوە زانستیەکان بە باشی کەڵک وەر بگرێت و لە رووی زانستیەوە خۆی پێ دەوڵەمەندتر بکات و بەهرەیەکی زۆرتر بە خویندکارەکانی لە زانکۆکانی تاراندا ببەخشێت.

خاڵێکی دیکەی جێی ئاماژە پێکردن ئەوەیە کاک سەعید پێش ئەوەی کورسیی زانکۆ بەرەو شاخ بە جێ بێڵیت، مامۆستا بووە. گومان لەوەدانیە کە هەر کار وپیشەیەک خاوەن هەندێک تایبەتمەندییە کە لە کەسایەتیی خاوەن پیشەکەدا بە شێوەیەک لە شێوەکان رەنگ دەداتەوە وکاریگەری دەبێت و شوێن دادەنێت. پیشەی ماموستایەتی بۆ کاک سەعیدیش بەدەر لە و نورمە نەبوو. یەکێک لەو تایبەتمەندیانە کە ماموستایان هەیانە دلاوەڵایی و بەخشەندەیی (سخاوت) یە. ماموستایان لەگواستنەوەی ئەوەی کە دەیزانن بۆ قوتابیەکانیان درێغ ناکەن، بۆیە کاک سەعیدیش بەشێک لەو بەخشەندەیی ودڵاوەڵاییە کە هەیبوو و سنووری نەدەناسی لە مامۆستایەتیەکەیەوە بۆی مابۆوە. من کەم کەسم دیوە کە بەرادەی کاک سەعید دڵاوەڵا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێت. ئەو لە کاتی وتنەوەی وانە زانستیەکانی لە زانکۆ دا ئەوێش لە زانستێکی وەک کیمیا، پەنای بۆ بەڵگە و یاسا زانستیەکان دەبرد و دەی سەلماند. بۆیە نائاسایی نەبوو کاتێک لە ژیانی سیاسییشدا هیچ بابەتێکی سیاسی یان کۆمەلایەتی یان... بە بێ بەڵگە وەرنە گرتبایە. بۆ قسە و راو بۆچوونەکانی بەڵگەی دەهێنایە و وقەناعەتی بە لایەنی بەرانبەری خۆی دەهێنا. لەخۆڕایی نەبوو کە کاک سەعید لە ئاخەوتندا راشکاو و قسە لەروو، بوێر ولەئاستیکی لۆژیکیدا جەسوور وچاونەترس بوو.

هەر چەند لە ریزی شۆرشدا بەفەرمی ئەرکی ناوبراو مامۆستایەتی نەبوو، بەڵام هەموو کات بۆ هاوڕێیانی نەخشی مامۆستایەکی دڵسۆزی هەبوو و هەوڵی دەدا بنەماکانی شۆڕش وشۆرشگێری لە رووی زانستیەوە بۆ کادەرەکانی حیزب لە خولەکانی راهێناندا شی بکاتەوە. لەسەر ئەو بروایەدا بوو کە مرۆڤی شۆڕشگێر لە پەنای هەستی شۆڕشگێریدا پێویستە بە زانست و زانیاری سەبارەت بە بابەتە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان کە پێوەندیان بە شۆڕش و شۆرشگێرییەوە هەیە، تەیار ببێت.

وا نیە هەر کەس زانابوو، خوێندەوار بوو، مامۆستابوو،و... حەتمەن دەبێ شۆڕشگێریش بێت. یان هەر شۆڕشگێریکیش بەناچاری پیویستە پلەی بەرزی زانستیی هەبێت. ئەوە بۆ کەم کەس رێ دەکەوێت کە هەر لە تەمەنی منداڵیەوە بە هۆی بارودۆخی تایبەتیی بنەماڵەکەیەوە هەستیکی شۆڕشگێری و ئاگایی لەسەر بێبەشی و مەزڵوومیەتی گەلەکەی لا دروست بوویێت کە پاشان لە گەورەییدا بوویێت بە شعوورێکی شۆڕشگێری وبڕوایەکی پتەو و چەسپاو بۆ هەوڵدان و خەبات و فیداکاری لە رێی ئازادی و سەربەستیی گەلەکەیدا. شۆڕشگێریی کاک سەعید کوتوپڕ و یەکدا بە دوو نەبوو بەڵکوو هاوتەریب لە گەل چوونەسەری تەمەن و تێکەڵ بوون بە ژیانی کۆمەڵایەتی، هەست کردن بە زوڵم وستەمی رێژیمی زاڵ بەسەر وڵاتدا لە ناخیدا جێی خۆی کردەوە و ئەوکاتەی کە هە ر لە تافی لاوەتیدا بەتاوانێکی نەکردوو و بەهۆی مامۆستابوون و بەهۆی کوردبوون، لەزێدی باب وباپیرانی و بە تۆپزی دوور خرایەوە تا سەر ئیسقان هەستی بە بەشخوراوی و ژێر دەستەیی گەلەکەی کرد.

شۆرش و خەبات لە رێگای رزگاری گەلێکدا تەنها شێوازێکی نیە و لە تاکە روانگەیەکەوە نابینرێت یان بەواتایەکی دیکە رزگاریی گەلێک تەنها لەوە دا نیە کە خاکەکەی لە دەست دوژمنەکەی رزگار بێت، بەڵکوو هاوتەریب لەگەل ئەوەش شۆڕشگێرەکان پێویستە لە رووی ئابووری وسیاسی و کۆمەڵایەتییشەوە پلانی رزگاریی گەلەکەیان لە چنگ بێعەدالەتی و چەوسانەوە و دابینکردنی دیموکراسی وئازادییش هەبێت. کاک سەعید یەک لەو کەسانە بوو کە بروایەکی قووڵی بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

عەدالەتی کۆمەلایەتی وئابووریش هەبوو کە هەم لەرووی سیاسی وکومەلایەتیەوە چەشنێک لە یەکسانی بال بە سەر کۆمەلگای کوردیدا بکێشێت و هەم لە رووی ئابوورییەوە ژیانی مرۆڤەکان هاوسەنگیەکیان لە نێواندا هەبێت و ئاستیک لە ژیانی نورمال بۆ هەموو خەلکی کوردستان مسۆگەر ببێت. ئەو بۆ دابین بوونی وەها ئاوات وئامانجێک سوسیالیزمی دیموکراتیکی بە ئولگوو و نموونەیەکی باش دەزانی کە لە لایەک ژیانی ئابووری خەلک مسۆگەر بێت و لە لایەک ئازادیی سیاسی نەبیتە قوربانیی خۆشگوزەرانی. هەربۆیە بە توندی پشتیوانیی لەو ئایدیایە دەکرد و بەرێگەیەکی گونجاوی بۆ بەختەوەریی خەلک دەزانی.

سەردەمی خەباتی کاک سەعید خەباتی چەکداری وژیانەکەی، ژیانی پێشمەرگایەتی وئەرکەکەی رێبەریی شۆڕشیکی چەکداری بوو . بۆیە بەو هۆیەوە هەر دەم ژیانی لە مەترسیدا بوو،(هەر وەک بە دەست تیرۆریستە نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ بێرلین شەهید کرا) رێبەری شۆڕشێکی وەها پێویستی بە ورە و بوێرییەکی واهەیە کە لە کاتە هەستیارەکاندا بتوانێت بڕیاری دروست بدات و ورەی هاوڕێیانی دەوروبەری رابگرێ و بپارێزێ و تەنانەت بەرزیشی بکاتە وە. ئەو تایبەتمەندییە لەو پەڕی خۆیدا لە کەسایەتیی کاک سەعید دا رەنگی دەدایەوە و هەموو ئەو کەسانەی کە ئەو گەورە پیاوەیان دەناسی دانیان بە ورەی بەرز و خۆڕاگریی ئەودا دەنا و تەنانەت موخالیفەکانیشی نەیان دەتوانی حاشا لە وەها تایبەتمەندییەک بکەن. ئەو بوێرییە تەنها لە بواری مەیدانەکانی شەڕی داسەپاوی ریژیمدا نەبوو، بەلکوو مرۆڤ بۆ دەربڕینی را وبۆ چوونی خۆی لەهەموو هەلو مەجێکدا پێویستی بە چەشنێک لە ئازایەتی و چاو نەترسی هەیە. کاک سەعید لە ئاخاوتنەکانیدا لە هەر کۆڕ و کۆمەلێکدا بە راشکاوی و جەسوورانە قسەی دلی خۆی دەکرد و ئەهلی نان بە قەرزدان و چاو نووقاندن لە ئاست راستییەکاندا نەبوو.

بۆ کەسێک زۆر گرینگە کە خەلکیی بروا ومتمانەیان پێی بێت، گومان نەخەنە سەر قسەکانی و ئەوە کە دەیلێت بەدلنیاییەوە لەلایەن جەماوەرەوە لێی وەر بگیریت. ئەو متمانە بەدەست هێنانە کاری رۆژێک و دوو رۆژ نیە، بەلکوو کاری سالانێکی دوور و درێژە. هەر چەند لە کیس چوون و لە دەست دانی متمانە، پێویستی بەو هەموو سالە نیە. راستوێژی وراستگۆییش لەو تایبەتمەندییانەن کە لە هەندێک کەسایەتیدا خۆ دەنوێنن. بەخۆشیەوە کاک سەعیدی جێی باسی ئەم بابەتە خاوەن وەها خەسلەتێک بوو. زۆر کەس لە تەمەنی گەورەسالیدا نازناویکیان پێ دەبرێت کە جاری واهەیە ئەرێنیە وجاری واشە نەرێنی ونگەتیفە، بەلام کاک سەعید پاش لەدایکبوونی ناوی (صادق)ی لەسەر دانرا هەرواش بوو تالەژیانیدا مابوو مرۆڤێکی راستوێژ، قسەلەروو، بێ رووەدەربایست و ئەوەی لە دلیدا بوایە، بەزمانیش دەری دەبڕی وباکی لەکەسێک نەبوو کە ئەوەیش خۆی لە خۆیدا جۆرێک لە بوێرییە. ئەوەی کەدەی گوت قسەی دلی بوو، وانەبوو کە بەزمان شتێک بلێت و

لەدڵیدا بە پێچەوانەکەی بیر بکاتەوە، بۆیە خەلک بڕوایان بە وتەکانی هەبوو وگۆمانیان نەدەخستە سەر قسەکانی و ئەوە بۆ رێبەرێکی شۆرشگێر تایبەتمەندییەکی بەرز وبەنرخ ولەهەمان کاتدا پێویستە.رەنگ بێت «صادق» بوون بۆ ئەو ئەرکێک بووبێت کە هەر لە منداڵیەوە پێی ئەسپێردرابێت.

کاک سەعید بەخۆشیەوە ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسابوو کە لەمەکتەبی گەورە پیاوی مێژووی بزووتنەوەی کورد واتا دوکتور قاسملوو پەروەردە ببێت. ئەو مەجال و دەرەتانەی بۆ رەخسا کە چەم و خەمی بەرێوەبەری واتا (مدیریت)ی رێکخراوێکی پان وبەرین و جەماوەریی وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە تەنیشت قاسملووی مامۆستای بەباشی فێر بێت و لەو بوارەشدا کەم نەهێنێت. کاک دوکتور سەعید بۆ خۆی کەسێکی بە بەرنامە وخاوەن پلان بۆ کارەکانی بوو، هەروەک پێشتریش باسمان کرد ماموستا بوو، کە ماموستاکان هەرچەند لە رووی زانیاری و شارەزایی بە سەر وانەکانیشدا زاڵ بن، بەڵام هەر پێویستە لە هونەری بەرێوەبەریی پۆلەکەشدا شارەزابن. ئەوە لە خۆیدا راهێنانێکی باش بووە بۆ کەسێک کە بەرێوەبەریی حیزبێکی گەورەی لە هەلومەرجێکی دژواردا کەوتبێتە ئەستۆ. بە راشکاوی دەتوانین بلێن کە کاک سەعید بەرێوەبەرێکی باش بوو بەو مانایە دەیزانی کەسی شیاو بۆ پۆستی شیاو دابنێت، رێز لە تێکۆشانی هاوریانی بگرێت و بایەخ بە کارەکانیان بدا، ولەئاست کەم وکووریەکان و هەڵە و کەمکاری هاورێکانیدا بی دەنگ نەبیت. کەسێک بوو کە بەکردەوە بنەماکانی بەرێوەبەریی[مودیریەت] بەرێوە دەبرد. سەرەرای بە برشت بوون لە بەرێوەبەریدا تاکرەو و دیکتاتۆر مەسلەک نەبوو، و ئەهلی راوێژ و پرسورا لە وەرگرتنی بریاردا بوو. هەرچەند وەک باس کرا هەموو کاتێک بەراشکاوی رای خۆی دەردەبری، بەلام لە بەرانبەر دەلیل و بەڵگەی بەرانبەری خۆیدا قەناعەتی هەبوو.

کاک دوکتور سەعید لە هەمانکاتدا بۆ راپەراندنی کارەکان زۆر جیدی بوو، و لە بەرانبەر گنخاندن و شل و وێلی لەکارەکاندا لەکەس خۆش نەدەبوو، بەلام لەژیانی تایبەتیدا مرۆڤێکی قسەخۆش و مەجلیس گەرم بوو. سەرەرای ئەوەی پلەی زانستیی ئەو لە بواری ئەدەبیاتدا نەبوو بەلام بۆخۆی دەستی نووسینی باڵای هەبوو. بەتایبەت لە نووسیی بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. هەر وەها لەگەل ئەوەی شاعیر نەبوو بەلام شیعرناس بوو، زۆر شیعری شاعیرانی لە بەر بوو بەتایبەت ئۆگریی بە شێعری حافزەوە زۆر بوو. زۆر جار دەمدیت بە وردبینییەکی سەیرەوە پارچە شێعری شاعیرانی کوردی بۆ نموونە شاعیری بەناوبانگ شێرکۆ بێکەسی بە دەستخەتی خۆی دەنووسیەوە ولەبەری دەکرد.

نامهەوێ بە ئەنقەست هەرچی خەسڵەتی باشە بیدەمە پاڵ کاک دوکتور سەعید، بەلام لەهەمانکاتیشدا بەهەڵەی دەزانم ئەگەر تایبەتمەندییەکی بەرزی ببێ و من پێی بزانم، بیشارمەوە. بۆ نموونە بەراستی ئەو کەسێک بوو کە زۆر بە سادەیی

## بەشی دووهەم

دەژیا و خۆشی لە زەرق و بەرقی تەشریفات نەدەهات و تەنانەت لێیشی قەڵس بوو. سادە و ساکاری وخاکی بوون، ژیانی پێشمەرگایەتی بۆئەو ئاسان کردبوو. ئەوە راست بوو کە کاک سەعید هەموو هاورێیانی بەیەک چاو سەیر دەکرد بەڵام وەک هەموو کەسێک لە بواری ژیانی تایبەتی خۆیدا کۆمەڵێک دۆستی نزیکی هە بوو کە لە دۆستایەتیدا لەگەلیان زۆرسەمیمی و بە وەفا بوو.

کەسایەتیی کاک سەعید ئەو کاتە بەتەواوی خۆی دەرخست کە بەرپرسایەتیی راستەوخۆی رێبەریی حیزبی دیموکراتی پاش شەهید کرانی کاک دوکتور قاسملوو کەوتە ئەستۆ. بەواتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین تائەو کاتەی دوکتور قاسملوو لەژیاندا مابوو، کاک دوکتور سەعید لە سێبەردا دەژیا و جگە لە بەرێوەبردنی ئەرکە پێ سپێردراوەکانی لە حیزبدا کەمتر خۆی دەر دەخست، یان دەر دەکەوت و دەناسرا. بەلام کاتێک کە بووبە سکرتێری حیزب ئەو کات هەموو توانا و داهێنانی خۆی لە لایەک بۆ سارێژ کردنەوەی برینی قووڵی شەهیدکرانی کاک دوکتور قاسملوو لە جەستەی حیزب و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ولە لایەکی دیکە بۆ بەرەو پێشبردنی کاروبارەکانی حیزب تەرخان کرد. هەر چەند ماوەی سکرتێریی کاک دوکتور سەعید چەند ساڵ زیاتری نە خایاند و ئەویش هەر وەک مامۆستاکەی کەوتە بەر تیری تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید کرا و بۆ جارێکی دیکە حیزبی دیموکرات سکرتێرێکی بە وەج و بزووتنەوەی کورد رۆڵەیەکی هەڵکەوتووی خۆی لە دەست دا، بەلام ئەوە کە لێرەدا دەتوانم بە راشکاوی قامکی لە سەر دابنێم ئەوەیە کە ئەگەر مەرگ مەجالی ژیانی پتری بە کاک دوکتور سەعید بدایە زۆر بە باشی دەیتوانی ئەو برینە کە ئاماژەم پێ کرد سارێژ بکاتەوە و جێی بەتاڵی قاسملوو بەباشی پڕ بکاتەوە. بەڵام سەد مەخابن ئەو دەرفەتە نە بۆ ئەو ونە بۆ حیزبی دیموکرات ونە بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا، نە رەخسا.

هەر وەک لە سەرەتای ئەم بابەتشدا باسم کرد بۆ کەسێک ئەستەمە بتوانێت هەموو کون و قوژبنەکانی کەسایەتیی مرۆڤێک بپشکنێت و سەری لێ دەر بکات. بۆیە ئەوەی کە لەسەرەوە سەبارەت بەو کەڵە پیاوەی مێژووی جووڵانەوەی کورد باسم کرد، مشتێک لە خەرواری تایبەتمەندییەکانی کاک دوکتور سەعید بوو.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# تیرۆری د.شەرەفکەندی پەڵەیەکی دیکەی تاوان بە تەوێڵی ڕیژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە



**برایم جەهانگیری**

دوای تیرۆر کردنی رێبەری هەڵکەوتەی گەلی کورد د.عەبدولرەحمان قاسملوو کە هەم زەربەیەکی کاریگەر بوو لە جەستەی حیزبی دیمۆکرات و هەمیش زەبرێکی گران لە سەنگەری ئازادیخوازان و ئاشتیخوازان لە سەرتاسەری ئێراندا،رەنگدانەوە و کاردانەوەی ئەو تیرۆرە بۆ ماوەیەکی کورت هەم خەلکی کوردستانی نیگەران کرد و هەم سەرجەم ئازادیخوازانی تاساند.

بەڵام بوونی رێبەرو مودیرێکی شارەزای وەک د.سادق شەرەفکەندی هەر زۆر زوو ئەو تەمەی رەواندەوە کە داخوا دوای نەمانی سەرکردەیەکی وەک د.قاسملوو حیزبی دیمۆکرات چی بەسەر بێت!؟ چی پێ نەچوو ئەو کەلێنە و بۆشاییە تارادەیەکی زۆر پر بۆوە و حیزب وەک جاران لەمەیدانی خەبات دا چالاک بۆوەو لە هەندەرانیش و لە نێو کۆر و کۆمەلی نێو دەوڵەتی دا وەک رابردوو جێگەی دیار و دەنگی دلێر بوو. ئەو هەڵسو کەوتە لە راستی دا پەیامێکی بۆ بکوژانی د.قاسملوو هەبوو بەو مانایە کە ئەوان بە کوشتنی د. قاسملوو لەراستی دا نە تەنیا هیچ دەسکەوتێکیان نەبوو بەلکوو ئەو تۆسقالە ئابرووەی بەدرو و دەلەسە و لەژێر پەردەی دیپلۆماسی فریو دەرانەی دنیای دەرەوە دا هەیان بوو ئەویشیان لەدەست دا، دیارە بە ئاشکرا نا ئاشکرا بەلام هەموو هیز و لایەنێک ئەنگوستی تاوانی بەرەوە بەرپرسانی هەرە سەرووی ئێرانی درێژ کرد.

د.شەرەفکەندی کەسێک بوو کە هەموو تێکۆشێرێک و نیشتمانپەروەرێک فەخری پیوە دەکرد بەڵام چۆن بوو بەو کەسایەتییە کە ببێتە جێگەی متمانەی خەڵک و هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورد شانازی پێوە بکات،دەبێ چ هەورازو لێژێکی بڕیبێ تا گەیشتبێ بەم پلەو پایە سیاسییە و کۆمەلایەتییە؟ لە پاش لە دەست دانی باوکی و راست ئەو کاتەی کە

## بەشی دووهەم

بەرپرسایەتییەکەی دەکەوێتە سەر شانی براگەورەکەی خۆی واتە شاعیر و ئەدیبی ناوداری کورد مامۆستا هەژاری نەمر سەرەتای بیری کوردایەتی لەمێشکی دا چەکەرە و چرو دەردەکات، ئەو بە بیرەوەری و یادگارەکانی کۆمارەوە خۆشەویشتی کوردو کوردستانی پەیدا کرد و لە ناو کۆرو کۆمەلی روناکبیری ئەو سەردەم دا بیری کوردانەی فراوانتر کرد و بە تایبەتی کاتێ بۆ دیتنی دەورەی دۆکتورا چوو بۆ فەرانسە و لەوێ چاوی بە مامۆستاو بیرمەندی بە توانای گەلی کورد و حیزبی دیمۆکراتی کوردسان د.قاسملوو کەوت راستەو خۆ دەستی بە کار کردن لەگەڵ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان کرد.

د. سادق وەک سەرکردەو رێبەرێک بە دوو قۆناخی پێویست وجێگەی سەرنج دا تێ پەڕی، هەم لە نێو کۆرو کۆمەڵی رۆناکبیریدا پەروەردە بوو و خۆی پەروەردە کردو هەم لە ناو کۆری یاران داو لە خەباتی سەختی شاخ دا بوو بە پۆلای ئاودراو، ئەم دوو ئەزموونە وای کرد کە ئەم سەرکردەیە هەم لە بواری تئۆرییەوە مرۆڤێکی بەتوانا بێت و هەم لە باری کردار و مودیریەت دا کەسێکی شۆرشگێر و بە برِشت بێ. د.سادق هەرگیز نەدەبوویە پاشکۆی بیرو ئەندێشەی کەس و خۆی بیری دەکردەوە و پاشان بریاری دەدا لەناو بۆچوونە جیاجیاکان دا کام بۆچوون هەلبژیرێ. لەگەرمەی چەپ خۆشەویستی دا هەرگیز تەبلیغاتی ئەو کاتەی بەناو چەپەکانی قەبوول نەکرد ولە حالێک دا زۆر رووناکبیری ئەو کات دروشمی پر زەرق و بەرقی دنیای چەپ هەڵی فریواندبوون ئەو بیری کوردانەو ناسیۆنالیستی هەلبژارد و لە ناو ریزەکانی تیکۆشەرانی دێمۆکرات دا خۆی دیتەوە. لەگەرمەی خەباتی سەختی شاخ دا خۆی پێگەیاند و هەرلەوێش بوو بە مودیرێکی لایق و بەتوانا و رێبەرێکی بە برشت لە باری تئورییەوە.

د.سادق شەرەفکەندی لە ماوەی بوون بە ئەندامی ریبەری واتە لە کۆنگرەی ٤ بەم لاوە زیاتر وەک بەشی راگەیاندن و بەرپرسی بەشی رادیۆ لە حیزب دا کاری دەکرد، لەم بارەشەوە وەک مرۆڤێکی ژۆرنالیست و ئاگا لە هەموو مەسەلەکان زۆر بە وردی سەرنجی دەدا روداو و پێشهاتەکانی ئێران و جیهان ولە زۆر بوار دا بابەتی بە پیز و جێگەی سەرنجی دەنووسی. لە هەموو هەلسو کەوتەکانی کاربەدەستانی ئیرانی بەوردی ئاگا بوو و لەسەر زۆربەی رووداوەکانی ئەو کات بابەتی سیاسی و لێکدانەوەی زانستی و مەنتیقی هەیە. د.سادق لەبواری بیرو هزرەوە زۆر شتی جیگای سەرنجی هەیە و نیشان دەدا کە بەرامبەر بە مەسەلەی کورد و رزگاری لە ژێر دەستەیی دا چەند بە ئیمانە و چەندە بە باوەرە بۆ سەرکەوتنی خەباتی گەلی بن دەستی کورد. لە پەیامی سوپاس و پێزانینی د.سادق کە بە بۆنەی هاودەردی خەلکی کوردستان بەدوای تیروری د. قاسملوو دا بلاو کرایەوە هاتووە"با لاوانی کورد کور و کچ باش بزانن کە ژیان لە ئەسیری و ژێر دەستەیی دا و، بەسەرشۆری و شەرمەزاریەوە چەندە بێ قەدرو قیمەتە و لە بەرامبەر دا هەڵمژینی هەوای پاک و بێگەردی سەربەرزی و ئازادی چەندە خۆش ودلرفێن".



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

د.سادق لە هەمان کات مرۆڤێکی واقع بین بوو و باوەری بە ئالو گۆر و بەرەو پێش چوونی هەموو کۆمەلگا هەبوو، هەر گیز بە شیوەیەکی دۆگم چاوی لە پێشهاتەکان نەدەکرد، ئەو بەپێچەوانەی هیندی مرۆڤی ویشکەرۆ کە لایان وا بوو کورد و حیزبی دێمۆکرات بێ قاسملوو وەجاخ کوێر دەمێنیتەوە هەر دەس بەجێ داوا لە لاوان دەکات کە بێنە ریزی تێکۆشەرانی دیمۆکرات و بەتایبەتی کەلینی د.قاسملوو پر کەنەوە، ئەو زۆر بەراشکاوی دەلی "ئاشکرایە کە گەلی کورد وەجاخ کوێر نییە و خاوەنی دەیان و سەدان قاسملووبووە و هەیە.تایبەتمەندی قاسملوو ئەوە بوو کە لێوەشاوەیی و زانایی خۆی لە خزمەت رزگاری و ئازادی گەلەکەی دانابوو.

دوای شەهید کردنی د.قاسملوو شەهید د.شەرەفکەندی بەحەق جیگرێکی شایستە بوو بۆ ئەو ریبەرە و بۆ پۆستی حەساسی سکرتێری حیزبی دیمۆکرات،ئەو بە هێنانە ئارای گەلالەی بەرەی یەکگرتوو لەراستی دا زەبرێکی کوشندەی لە پەیکەری رێژیمی ئیسلامیی ئێران دا و هیواو هومێدی خستە دل و دەرونی ئازادیخوازانی ئێران بە گشتی و کوردستانیش بە تایبەتی. هەر بۆیە سەردەم دارانی ترۆر و ریبەرانی جەهل و خورافات پیلانی تیرۆری هاورێ د.سادق شەرەفکەندی یان دارشت و بە داخەوە لە ٢٦ی خەرمانانی سالی ١٣٧١ بەرامبەر بە ١٧ سیپتامبری ١٩٩٢ لە ریستورانی میکۆنوس لە ولاتی ئالمان لە حالێکدا بۆ تاو توێ کردن و لێک نزیک بوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی قەراری چاوپیکەوتنییان هەبوو هاورێ دەگەڵ هومایون ئەردەلان و فەتاح عەبدولی نوری دیهکوردی کەوتنە بەر دەستریژێ چەند بەکرێ گیراوێکی رێژیمی ئیسلامیی و شەهید کران.

ئەگەرچی رەوتی خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە لەدەستدانی ئەو دوو سەرکردە بلیمەتە ناوەستێ بەلام با ئەو راستیە تاڵە بزانین کە پڕ کردنەوەی کەلێنی هێندە گەورە تەنیا بە یەکریزی و رێکخستنی ناو ماڵی کوردان دەستەبەر دەبێ . هەر هەنگاوێک بۆ یەکرێزی و تەبایی و رەبایی، وفاداریە بۆ ئامانجی پیرۆزی شەهیدان و وەگەڕ خستنی تەوژمێکی بە گوڕتری خەباتی رەوای گەلەکەمانی بە دوادادێ.

**یادی شەهید شەرەفکەندی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی لە دڵدا زیندوو.**

**سەرچاوە: کوردستان بیری ئازاد وێبلاگی نووسەر - رێکەوتی: ١٨ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چەند پەیڤێک لە سەر بیر و ئەندێشە و ڕوانگە و بۆچوونەکانی د.سادق شەرەفکەندی.




**ئەحمەد شێرەبەگی**

ئەگەر بمهەوێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە وپێناسەیەک لە ڕوانگەو بیر و بۆچوونەکانی دوکتور سەعید وەک هاوڕێ و دۆستێکی ئەم چەند ساڵەی خۆم بکەم دەبێ بڵێم کە کاک سەعید خاوەن و هەڵگری گەلێک ڕوانگەو بیرو بۆچوونی شەففاف و ئاشکرا بوو کە باسکردنیان حەوجێی بە کاتێکی زۆر هەیە .بۆیە من بەکورتی تەنیا ئاماژەبە یەک ڕوانگەو بۆچوونی ناوبراو دەکەم.

دیارترین ڕوانگەی دوکتور سەعیدکە بەلای من گرینگتریانە هەستی نەتەوەییخوازیی و کوردایەتی ناوبراو بوو. ئەم هەستە بەتەواوی لە بیری دوکتور سەعید دا پەنگی خواردبۆوە کە دەکرێ بڵێم کەسایەتی وچوارچێوەی هزریی دوکتور سەعید ی تەنی بوو و شکڵی پێ گرتبوو..ئەمەش سروشتی بوو، دەکرێ بڵێم ڕیشەیەکی مێژوویی هەبوو و بیرێکی ئاوا بە بێ هۆ لە دوکتور سەعید د ا سەری هەڵنەدا بوو. دوکتور سەعید لە نێو چوارچێوەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورد دا پێ دەنێتە دونیا. سەردەمی منداڵی هاوکاتە لە گەڵ هەڵایسانی شەری دووهەمی جیهانی و هاتنی هێزی هاوپەیمانان بۆ ناو خاکی ئێران، هاوکاتە لە گەڵ تێکشکانی نازیسم لە ئاڵمان و فاشێسم لە ئیتالیا، هاوتەریبە لە گەڵ پەرەگرتنی سۆسیالیزم و هەڵکردنی شنە بای ڕزگاریی زۆرێک لە گەلان و دروست بوون و شکڵ گرتنی زۆر وڵات، سەرئەنجام هاوکاتە لە گەڵ دامەزرندانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

لە لایەکی دیکە کاک سەعید برا چووکەی عەبدولرەحمان شەرەفکەندی "مامۆستا هەژار" شاعیری نیشتمانی کۆماری کوردستان

بوو. ناوبراو بە چاوی خۆی ئاڵای کۆماری کوردستان دەبینێ کە لەسەر دامو دەزگاکانی حکوومەتی دەشەکێتەوە. بە شەوقەوە پێدەنێتە قوتابخانە و بە زمانی شێرینی کوردی دەرس دەخوێنێ و مێشکی بە نۆتەکانی سروودی کوردایەتی سەردەمی کۆمار زاخاو دەدرێ. هەر بۆیە بوونی ئەودیاردانە دەبنە هۆی ئەوە کە کاک سەعید هەر لە تەمەنی منداڵی یەوە تێکەڵ بە کەشی سیاسەت و کوردایەتی بێ و یەکەم بەردی بناغەی کۆشکی کوردایەتی لە دەروونیدا دابمەزرێ. بیری نەتەوەیی بۆ کاک سەعید دەبێتە یەکەم ئامانج ومەشغەڵی ڕووناکی ڕێگای تێکۆشانی دواڕۆژی کەسایەتی کاک سەعید هەر لەژێر کارتێکەریی و ڕووناکی ئەم بیرەدا گەشە دەکا. بە جۆرێک کە چ ئەوکاتەی وەک مامۆستا لە بوارەجور بەجۆرەکانەوە مامۆستایەتی کردوە و وانەی کوتۆتەوە، چ ئەوکاتانەش بە کردەوە دێتە نێو بزووتنەوەی کوردستان وتێکۆشانی سیاسی خۆی دەست پێدەکات و پاشان جڵەوی ڕێبەرایەتی حیزبی دێمۆکرات بەدەستەوە دەگرێ ئەو بیری نەتەوەخوازی یە بەتەواوی لە هەستان و دانیشتن و گوتارو نوسینەکانی دوکتور سەعید داڕەنگ دەدەنەوە و دەردەکەون.

دوکتور سەعید شارەزای مێژووی کوردە وخوێندنەوەیەکی زانسیی یانەی لە سەر مێژووی سەرهەڵدان و بزووتنەوەکانی کورد هەیە.ئەو لە نووسینی "کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوەکانی کورد" دا ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان، کەمایەسی یەکان و تێکشکانەکانی ئەو جووڵانەوانە دەکا، هەر بۆیە لە گۆڕەپانی بە کردەوەدا بە دیدێکی زانستی یانەو واقێعبینانە دەڕوانێتە داهاتووی کورد. لە دووره روانینی خۆی دا کێشەی کورد و مافەکانی بەرامبەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا شی دەکاتەوە و ئەوانەی ئێران تەنیا بە فارسەوە دەبەستنەوە دەکاتە مەسەلەیەکی دیار و بەرجەستە.

دوکتور سەعید بۆ دامەزراندنی ئێرانی داهاتوو ناچێتە ژێر ئاڵای هیچ بەرەیەکەوە کە لایەنەکانی ئەو بەرەیە باوەڕیان بە چارەسەری مافی نەتەوایەتی گەلانی ئێران نەبێ.خەتێکی سووری پان بەسەر بیری سەڵتەنەتخوازی دا دەکێشێ و بۆ هەمیشە ئەو سیستمە بۆ داهاتووی ئێران ڕەتدەکاتەوە. بە خوێندنەوەیەک کە لەسەر ئەم سیستمە هەیەتی دەزانێ و لێی روونە مافی نەتەوایەتی و دیاریکردنی چارەنووس لە گەڵ سیستمی دواکەوتوانەی سەڵتەنەتی لە ناتەبایی دایە و بە هیچ شکڵێک ناتوانێ خۆی لە گەڵ مافی نەتەوەیی وپلۆرالیسمی سیاسی گەلانی ئێران بگونجێنێ. پاشان زۆر لێبڕاوتر و شەففافتر لەمە لەسەر مافی نەتەوەی کورد لە ئێران دا دەدوێ و بێ ئەوەی هیچ شک و گومانێک لای کەس دروست بکات زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەوە راستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی و موزاییکی نەتەوە جیاجیاکان پێک هاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتا هەتایی وئەزەلی نییە، چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیاون، نەکرێ لێک جیا بنەوە و جیالە یەکتری بژین؟ مەسەلەکە ئەو هەلومەرجە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

دوکتور سەعید باوەڕی تەواویی بە سەربەخۆیی و بە یەکپارچەیی کوردستان هەبوو. زۆرجار ئەو کاتەی بەرپرسی یەکەمی حیزب بووە ورێبەرایەتیی حیزبی وەئەستۆ گرتوە بە بێ ترس و دڵەڕاوکە و بە ئاگاهییەوە یارمەتیدەری ئەو بەشەی کوردستان بووە کە پێوستیی بە یارمەتیی حیزبی دێمۆکرات بووە. لەو جێگایەی پێویست بووە قازانجی نەتەوەیی وە پێش قازانجی حیزبایەتی داوە و لەم ڕێگایەش دا باجی بۆ داوە. لەبەر ئەوەی دوکتور سەعید لە حیزب وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی دەیڕوانی. باوەڕی وابوو حیزب دەتوانێ بۆ قۆناخێک لە ژیانی کۆمەڵ کارساز بێ بەڵام هەتاهەتایی نیە ولە قۆناخەکانی دیکەدا کۆمەڵگە حیزبی خۆی دیاری دەکات.

با نموونەیەکی دیکە بێنمەوە بۆ ئەوەی بەس بێ کە دوکتور سەعید چەندە شانازیی بە کورد بوون دەکا. لە ڕێورەسمی ١٠ ساڵەی دامەزرانی رادیۆدەنگی کوردستانی ئێران داکاک دوکتور سەعید لە سەرنەتەوەیی خوازی و مافی نیشتمانیی کورد دەڵێ:

... دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین. خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە. تەنیا کوردە ئەمرۆ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێران دا بۆ ئازادی خوێنی دەڕژێ و قوربانی دەدا.کەواتە هیچ کەس ناتوانێ لە ئێران دا خۆی بەسەر کورد دا فەرز بکات . من وەکوو کورد نە لە هیچ کەسێکی کەمترم نە زیاتر...

لەو سەردەمەداکە هێڵە فیکری یەکانی چەپی کلاسیک لە قاڵبی سوسیالیزمی مەوجوود دا باڵی بە سەر کەشی سیاسیی ئێران دا کێشا بوو و بیری نەتەوەخواز ی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە ڕوانگەی زۆرێک لە هیز و لایەنە ئێرانییەکانی سەر بەم ڕێبازە فکرییە ئیرتجاعی و دواکەوتووانە پێناسە دەکرا، ئەم بیرە لێبڕاوانەی دوکتور سەعید ئەوکاتەیە کە دەبێ هەڵوێستەی لە سەر بکرێ و گرینگی و بایەخیان پێ بدرێ.

دوکتور سەعید لەو سەنگەرەشەوە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو تێئۆریانە، لەبیری نەتەوەخوازی بە هەموو توانایەوە دیفاعی دەکردو هەڵوێستی دەگرت. راستی و درووستیی ئەم بیرەی دوکتور سەعید ئەو کاتە بۆ هەموو لایەکی سەلمێنرا و دەرکەوت کە دیتمان چۆن هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلانی بلۆکی شەرق داکە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێدەنگ و کپ کرابوون تەقیەوە و بوو بە هۆی هەڵوەشانی ئەو بەرەیە و جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆیان؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

لەکۆتایی دا دەڵێم: شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی بەر لە هەموو شتێک کوردێکی دێمۆکراتی چەپ بە مانای وشە بوو. باوەڕێکی یەکجار قووڵی بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە لە سەر بنەمای سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک هەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لێبڕاوانە و بوێرانە پشتیوانیی لەم بیرۆکەیە کرد. یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەتەواوی پشتی دوکتور قاسملووی ڕیبەری بۆ پەسەندی کورتە باسێک لە سەر سۆسیالیزم›› گرت کە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبدا هاتە بەرباس و مشتومڕ و هەڵلایەکی زۆری لێکەوتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## گەشتێک بە نێو بیر و بۆچوونەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندیدا



بە شێوەیەکی گشتی دەبێ هەر کەسێک بتوانێ لە نێوخۆی حیزبدا بۆچوونی وەک بۆچوونی موخالیف دەرببڕێ و بە شێوەیەکی ئازادانە بۆ ( بردنەپێشی) ئەم بۆچوونەی لە نێو حیزبدا، هەوڵ بدا. لە کۆنفرانسەکان و کۆبوونەوە حیزبییەکان دا، ئەو بۆچوونەی رابگەیەنێ و لە کۆنگرەی داهاتوودا کە پێک دێ بۆچوونی خۆی بەرێتە پێش. دەتوانێ نامیلکەی نێوخۆیی هەبێ، لە نامیلکەی نێوخۆیی دا بیرو ڕای خۆی بێنێتە گۆڕێ و داکۆکیی لێ بکا، بەڵام لە دەرەوەی حیزب، دەبێ هەوڵ بدا وەک یەکەیەک، وەک گشتێک (حیزب) پێشان بدا.

دەبێ دێموکراسیی تەواو هەبێ قسەی من لە سەر دەنگدانەوەکەی لە دەرەوەی حیزبە. وەک وتم ( موخالیفان) تەنانەت دەبێ بتوانن لە نامیلکەی نێوخۆیی حیزب دا، بۆچوونی موخالیفی خۆیان دەرببڕن. بگەڕێینەوە سەر دەوڵەتی دێموکراتیک، بۆ وێنە نوێنەری رەسمیی وەزارەتی دەرەوەی دەوڵەتێکی دێموکراتیک ناتوانێ بچێ بۆچوونی خۆی، ئەگەر موخالیفی بۆچوونی دەوڵەت بێ و بۆخۆشی سەر بە حیزبێکی ئوپۆزیسیۆن بێ، دەرببڕێ... لە نێوخۆی حیزبیش دا دەبێ ئەوەندە دامەزراوەی دێموکراتیک هەبن کە هەر کەسێک بتوانێ رای خۆی دەرببڕێ و کار بۆ پێشچوون و سەرکەوتنی بکا.

**لە وتووێژی دوکتور شەرەفکەندی لەگەڵ «سەعید راهنما» دا، گۆڤاری «مهرگان»، هاوینی ١٣٧٢**

### ئەگەر خەڵک حکوومەت بە هەڵبژاردە و نوێنەری خۆیان بزانن

لە دنیای پڕ پێچ و خەمی ئەورۆدا ئەو شتە سەرەکییە کە دەتوانێ دەستەبەری سەربەخۆیی راستەقینەی سیاسی لە وڵاتی ئێران دا بێ «دێموکراسی»یە و، «بەستراوەیی» ئاکامی بێ ئەم لا و ئەولای دیکتاتۆری و سەرەڕۆییە. تەنانەت لە باری

ئابووریيشەوە هەر وەک گوتمان «خودکفایی» مانایەکی روونی نیە، ئەوە دێموکراسییە کە نەخشی هەرە کاریگەر دەگێڕێ، هیچ ولاتێک ناتوانێ خۆ لە پێوەندیی ئابووری لەگەڵ ولاتانی دیکە ببوێرێ. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو پێوەندییە نەبێتە بەستراوەیی، پێویستە کە خەڵکی ولات لە کارو باری ئابووری و بەرهەمهێنان دا چالاکانە و دڵسۆزانە بەشداری بکەن، ئەمەش وەدی نایە مەگەر لە سایەی دێموکراسییەوە یانی کاتێک کە خەڵک حکوومەت بە هەڵبژاردە و نوێنەری خۆیان بزانن و هەست بە کاریگەر بوونی بەشداریی خۆیان لە کاروباری بەڕێوەبردنی ولات دا بکەن...

**وتاری: «دیکتاتۆری و سەربەخۆیی»، نووسینی دوکتور شەرەفکەندی، رۆژنامەی «کوردستان»، ژمارە ١٤٣، خەزەڵوەری ١٣٦٧**

## نەبوونی ئازادیی بەیان، تایبەتمەندیی سیستمێکی دیکتاتۆر

نەبوونی ئازادیی بەیان دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو کەسەی یان ئەو تاقمەی بە هەر شێوەیەک حکوومەتیان بە دەستەوە گرتوە، هەرچی پێیان خۆش بێ و هەر شتێکی بە فکریان بگا ئەنجامی بدەن بێ ئەوەی بزانن نەتیجەو ئاکامی ئەو بڕیارەو ئەو هەڵوێستە لە کۆمەڵ دا و لە ولات دا چۆن بووە و چۆن دەبێ و کەم و کورییەکان - ئەگەر هەن - چۆن و لە چ رێگایەکەوە دەکرێ چارەسەر بکرێن. ئەوە (ش) دیکتاتۆری پێک دێنێ، یان روونتر بڵێین: بەرگرتن و لابردنی ئازادیی بەیان یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی بەرچاوی رێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆیە.

**وتاری «ئازادی دەربڕینی بیرو ڕا لە کۆماری ئیسلامی دا»، کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، ل ١١٦ و ١١٥**

## گرنگیی خەبات بۆ ئازادیی ژنان

ئەرکی سەر شانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتە کە زۆر بە جیددی و بە شێلگیرییەوە تێ بکۆشن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە پیرۆزە (نەهێشتنی زوڵم و زۆر لە سەر ژنان) و بە هەموو توانایانەوە یارمەتیی برایان و خوشکان و بابان و دایکانی کوردستانە خۆشەویستەکەمان بدەن. لە بیرمان بێ کە خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادی و بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە کە خەباتی چەکداری لە دژی دوژمنی داگیرکەر و چەوسێنەر تەنیا یەکێک لەوانەیە و خەبات بۆ ئازادیی ژنانیش کە نیوەی کۆمەڵن، یەکێکی دیکە لەو لایەنانەیە کە گرنگییەکەی زۆر لە خەباتی چەکداری بۆ ئازادیی گەلی کورد



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەمتر نیە.

**وتاری «ڕۆژی جیهانی ژن» بە بۆنەی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٦٣ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو بۆتەوە**

## یاسای زۆرداران

«تا کاتێک لە دنیادا ماف و ئازادییە ئینسانییەکان، «تابع»ی هەوا و هەوەسی زۆرداران بێ و قانوون لەلایەن زۆردارانەوە بنووسرێ، نەک هەر تێرۆریزم بەڵکوو زۆر کاری دیکەش مانایەکی دیاریکراویان نابێ و زۆرداران دەتوانن هەموو جووڵانەوەیەکی عادڵانە و هەموو ڕاپەڕینێک و کردەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بە خیلافی قانوونەکانی خۆیان دابنێن و بە عینوانی تیرۆریزم مەحکوومی بکەن، لە بەرامبەردا هەموو جینایەتێکی خۆیان بەڕەوا و عادڵانە و قانوونی لە قەڵەم بدەن».

**وتاری تیرۆریزم بە چی دەڵێن «کتێبی» هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی ١٣٦٨ - ١٣٦٢، لاپەڕەی ١٦٦ ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان" (ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە پەراوێزی تیرۆری میکۆنووسدا



هاشم رۆستەمی

لەگەرچی میکۆنووس ناوێکی خاریجی و هی رێستوورانێکیشە کە لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری بێرلینی وەڵاتی ئاڵمان هەڵکەوتوە، بەلام ئێستا بۆ کوردەکان نەک هەر ناوێکی ئاشنایە بەڵکوو بێ ئەوەی کورد بۆ خۆی ویستبێتی ئەو ناوە ئاوێتەی مێژووە پر کارەساتەکەی بووە. هەر کە ناوی میکۆنووس دێت دەسبەجێ تیرۆر و جینایەت لە لایەک و، عەدالەت و قەزاوەتیش لە لایەکی دیکەرا وێکرا دەبنە هەوێنی بیر و ئەندێشەمان. تیرۆر و جینایەتێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردی و عەدالەت و قەزاوەتێکیش کە دەستگای قەزایی ئاڵمان لە خۆی نیشان دا. جگە لەم دوو مەوزوعە، هەر کە باسی رێستوورانی میکونووس، تیرۆری میکۆنووس یا دادگای میکۆنووس دەکرێ، دەسبەجێ دیمەنێکی تاڵ و خەمهێنەر، دێمەنی لە خوێنا شەلالی تەرمی شەهید شەرەفکەندی و هاورێیانی دێتە بەرچاو. دیمەنێکی تاڵ کە وەبیرهێنەرەوەی زۆر کارەساتی تراژیدیای مێژووی گەلە ماف زەوتکراو و غەدر لێکراوەکەمانە.

بیست ساڵ بەر لە ئێستا لە ناوەندی ئورووپای ئازاد و لانکەی دێموکراسی و مافی مرۆڤدا دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە کۆمەڵێک لە باشترین تێکۆشەرانی رێگای رزگاریی کوردستان و، لەو هێرشە بەرنامەریژی کراوەدا مخابن دوکتور سادق شەرەفکەندی ناسراو بە دوکتور سەعید، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاورێ لە گەڵ کاک فەتاح عەبدولی بەرپرسی حیزب لە ئورووپا، کاک هومایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و نووری دێهکوردی شەهید بوون. لە پێوەندی لە گەڵ ژیان و خەباتی ئەو شەهیدانە و چۆنیەتی شەهید بوونیان و ماجەرای میکۆنووس بە گشتی لەم سالانەی رابردوودا زۆر شت باس کراوە و بە دەیان و بگرە بە سەدان بابەت و وتار نوسراوە و بلاو

کراوەتەوە، تەنانەت هەر لەم پێوەندیەدا چەند کتێبێکیش نووسراون و و ئامادە کراون. هەرکام لەو نوسراو و بابەتانە لە روانگەی جۆراوجۆر و لایەنی جوراوجۆر تیرۆر و دادگای میکۆنووسیان باس کردوە. بەلام رادەی خەساری ئەو تیرۆرە و ئاکامەکانی ئەوەندە بەر بڵاون کە دیسانیش دەکری خاوەن نەزەران و نووسەران لە گۆشە نیگای دیکەوە باس لە لایەنەکانی دیکەی ئەو مەسەلەیە بکەن.

ئەمە راستە کە پێشتریش و لە زۆر ولاتی دیکەش دەستی رەشی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتبووە گەرووی ئازادیخوازانی ئێران و رزگاریخوازانی کوردستان. بە واتایەکی دیکە هێشتا خەڵکی کوردستان لە خەمی لە دەستدانی دوکتور قاسملوو سکرتێری گشتیی حیزبدا بوون کە جینایەتی میکۆنووس رووی دا.

هەر وەک ئاماژەم پێ کرد پێشتریش کۆماری ئیسلامیی ئێران سەدان کردەوەی تیرۆریستیی لە نێوخۆی ئێران و گۆشە و کەناری جیهان لە دژی نەیارانی سیاسیی خۆی بەرێوە بردبوون، بەلام ئەوەی کە تیرۆری میکۆنووس لە کردەوە تیرۆریستیەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی جودا دەکاتە ئەوەیە کە ئەم جارەیان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر نەیانتوانی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەر بچن، بەلکوو بە هۆی ئازایەتیی دەزگای قەزایی ئاڵمان، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تەواوەتیی خۆیدا توشی رووڕەشیەکی مێژوویی بوو و تێوەگلانی بەرزترین دەستەلاتدارانی رێژیم لەو تیرۆرەدا بە ئیسبات گەیشت. کاربەدەستانی رێژیم زۆر هەوڵیاندا کە بە دانی بەرتیل و تەماعی بازرگانی و ... ئەو کردەوە تیرۆریستیەشیان وەک کردەوەکانی دیکەیان دیزە بە دەرخۆنە بکەن. بەلام بە خۆشیەوە لەو بوارەدا بە تەوای ناکام بوون و سەرئەنجام دادگای ئالمان لە ١٠ی ئاپریلی ١٩٩٧ بریاری خۆی دا. بە پێی ئەو بریارە لە لایەک سەزا بۆ تیرۆریستەکان دیاری کرا، لە لایەکی تریشەوە ئەو جینایەتە وەک کردەوەیەکی تیرۆریستیی دەولەتی ناسێندرا کە لەو دا سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی، خامنەیی و رەفسنجانی و... نەک هەر تێیدا مەحکووم کران، بەلکوو حوکمی گرتنی عەلی فەللاحیان کە ئەوکات وەزیری خاریجەی کۆماری ئیسلامی بوو، درا.

**دادگای میکۆنووس لە مێژووی دەستگای قەزایی ئالمان دا بە پر جنجاڵترین دادگای ئەو وڵاتە دێتە ئەژمار.**

ئەو دادگایە بۆ ماوەی ۵ ساڵان بەردەوام بوو، بە هەزاران لاپەڕە لە بەلگە و بازجوویی و قسەی شاهیدەکان و... لە جەریانی ئەو ٥ ساڵ دادگایە دا تۆمار کراون. لێرە دا جێی خۆیەتی کە هەم سوپاسی سەربەخۆیی دەستگای قەزایی ئاڵمان بکەین هەم رێز بگرین لە شەهامەت و ئازایەتیی ئاغای بەنی سەدر و رێزدار پەرویزی دەستماڵچی کە بە ئامادە بوونیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە دادگادا و، دانی شاهیدی و هێنانی شاهیدی تر، زۆر کۆمەگیان بە دادگا کرد.

لە کاتێکدا کە دوکتور شەرەفکەندی لە حەیات دابوو، وەک تێکۆشەرێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان و دێموکراسی بۆ ئێران داییم چقلی چاوی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی بوو. ئاخر ئەو دوای شەهید کرانی دوکتور قاسملوو، زۆر بە لێهاتوویی نەک هەر ڕێبەرایەتیی حیزبی کرد بەڵکوو شێلگیرانە لە هەوڵی ئەوە دابوو کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرهەڵستکاری ڕێژیم لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە تا بە یەکگرتوویی هەم بە گژ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی دابچنەوە و هەم وێکرا کار بکەن بۆ دابینکردنی ئێرانێکی دوور لە زولم و ستەم. هەر وەک دەزانین لە کاتی شەهید کردنیشیدا ئەو هەر لەو پێوەندیەدا لە گەڵ کۆمەڵێک لە کەسانی موخالیفی ڕێژیم لە ڕێستوورانی میکۆنووسدا کۆبوونەوەی هەبوو. تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لەو کردەوە تیرۆریستیەدا هەم ویستیان دوای تیرۆری شەهید قاسملوو زەبرێکی تر لە پەیکەری حیزبی دێموکرات بدەن هەم ناکۆکییش بخەنە نێوان ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەوان بە پێی پلانێکی لە پێشدا دارێژراو هەوڵی ئەوەیان دابوو کە لە جەریانی تەقە کردندا تەنیا دەستڕێژ لە هەیئەتی حیزب بکەن و ئەوانی تر زەربەیان وێ نەکەوێ تا دواتر هەم کردەوەکەی خۆیان بە ئەستۆی ئەوان دابێنن و هەم دوو دڵی و بەد گومانی لە بەینی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری و خەڵکی کوردستان دروست بکەن. بە واتایەکی دیکە کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی ویستیان کورد گوتەنی بە بەردێک دوو کێل بشکێنن. هەم دوکتور و هاورێیانی شەهید بکەن هەم تەفرەقە لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بنێنەوە.

بەڵام بە خۆشیەوە هەر وەک چۆن لە کاتی ژیانی دا، شەرەفکەندی هۆکاری لێک نزیک بوونەوەی بەرهەڵستکارانی ڕێژیم بوو، شەهید بوونیشی هەر بوو بە چقڵی چاوی کار بەدەستانی کۆماری ئیسلامی و ئەو جار دادگایەکی خاوەن سەڵاحیەتی وڵاتێکی بە دەسەڵاتی ئورووپایی مۆری تیرۆریست بوونی لە تەوێڵی کۆماری ئیسلامی دا.

پێم وایە جێی خۆیەتی لێرەدا و لە پێوەندی لە گەڵ ڕەوتی دادگای میکۆنووسدا ڕەخنەیەک لە خۆمان چ وەک تاکەکانی کورد چ وەک ئەندامانی حیزبی دیموکرات بگرین. شەهیدانی جینایەتی میکۆنووس کورد بوون، سەرکردەی حیزبێکی کوردی بوون، لە پێناو ڕزگاریی کورد و کوردستاندا شەهید کرابوون، کەوابوو دەبوو حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان بیان توانیبا لە جەریانی ٥ ساڵ بەردەوامیی کاری دادگادا زۆر بەهرە بەرداریی سیاسی بکەن تا لەو ڕێگەیەوە خزمەت بە ئامانجەکانی شەرەفکەندی بکەن، کەچی وەک ڕاستییەکی تاڵ دەبێ ئاماژە بەو ڕاستیە بکەین کە مخابن کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە گشتی کەمترین بەهرەبەرداریی سیاسیان لەو قەزیەیە نەکرد. کەچی ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی

## بەشی دووهەم

خەڵک بە ئامادەبوون لە بەر دەرگای دادگا و بە تایبەت لە کاتی دەر کردنی بریاری نیهایی دا زۆرترین بەهرەبەرداریی سیاسیان لێ کرد. ئەوان هەم پشتیوانیان لە بریاری دادگا دەکرد هەم تەپڵی ریسوایی رێژیمیان لێ دەدا و هەم توانای رێکخراوەیی خۆیان بە جیهانیان نیشان دەدا.

ساڵێک دوای بریاری داگای ئاڵمان و دیاریکردنی سەزا بۆ تاوانباران و مەحکوم بوونی کۆماری ئیسلامی لە دادگادا، ئەو کات من وەک پەنابەری سیاسی لە هەولێر خۆم بە کۆمیسارییای بەرزی پەنابەران ناساندبوو و بەرپرسی کومیتەی کار و باری پەنابەران لە هەولێر بووم. بۆ زیاتر ریسوا کردنی کۆماری ئیسلامی وەک رێژیمێکی تیرۆریست لە لایەک و رێز گرتن لە بریاری دادگای ئاڵمان لە لایەکی تر، لە کومیتەی پەنابەراندا بریارماندا کە لە ساڵرۆژی بریاری دادگادا کە دەکاتە ١٠ی ئاپریل، رێپێوانێکی بەرفراوان بۆ بەردەرگای یوئێن وەڕێ بخەین. دوای ئامادەکاریی تەواو، لە گەل نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر پێوەندیمان گرت ولە مەبەستی خۆمان ئاگادارمان کردن و داوامان کرد کە حیزبیش بە گوێرەی مومکین لەو حەرەکەتەدا بەشدار بێ.

رۆژی رێپێوانەکە لە پەیامی حیزبدا وێرای ئاماژە بە کارەساتی میکۆنووس و لایەنە جۆراوجۆرەکانی تر، پێشنیار کرابوو کە رۆژی ١٠ی ئاپریل بکرێتە رۆژی بەربەرەکانی لە دژی تیرۆریزم.

ئەمن هەر ئەو کات، ئەو پێشنیارەم پێ درووست بوو، کەچی مخابن تا ئێستاش حیزب بۆ خۆی کە خاوەنی قەزیەکەیە و بۆخۆی پێشنیارەکەی مەترەح کردوە، بە جیددی کاری بۆ ئەو مەبەستە نەکردوە. دەبا لە بیستەمین سالیادی کارەساتی میکۆنووسدا ئەو پێشنیارە جارێکی تر بێتەوە بەرباس و بەئەرکی خۆمانی بزانین کە بۆجێگرتنی ئەو پێشنیارە هەوڵ بدەین.

### بەرز و بەرێز بێ یادی دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی

**مەرگ و نەمان بۆ رێژیمی تیرۆریست و تیرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی،**

**ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## کاک د. سەعید، بەو جۆرەی لە دڵی من دابوو!



سەید عەلی هاشمی

دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە لای من و لە نێو دڵی من, چۆن بوو بەو شێوەیە یادی دەکەم. ئەو سەرەڕای ئەوەی کە پسپۆرێکی بەمشوور و غەمخۆرێکی بە تەواو مەعنا بۆ نەتەوەکەی بوو، زانایەکی هەڵکەوتوو لە باری مێژوو فەرهەنگ وئاداب و رسوومی گەلەکەی خۆی و هەر وەها بە غیرەت و بە زیبک و کەم وێنە لە نێو هەموو سەرکردەی هێزە شۆڕشگێرەکانی کوردستاندا بوو. بەڵام لە هەمووی سەیر تر ئەوە بوو کە دەتکوت لە ناو جەرگەی کوردەواریدا گەورە کرابوو. سەرکردەیەکی بێ هەوا، بێ ئیفادەو تەکەببور بوو. من زۆر جار بیرلەوە دەکەمەوە کە ئەو بەشێکی زۆر لە ژیانی دوور لە نیشتمانی خۆی جا چ بەهۆی خوێندن و مامۆستایی یان کاری شەخسی، لە شار و دوور لە کۆمەڵی کوردەواری ژیانی بردبووە سەر ، بەڵام بە کردەوە دەتکوت دەنێو جەرگەی دێهاتی کوردەواریدا گەورە بووە. لە نێو کۆڕی هاوسەنگەرانیدا خوێن شیرن وروحسووکییەکی تایبەتی هەبوو ، بزەی سەر لێوەکانی و نێوچاوانە پاکەکەی و رووخۆشییەکەی، نیشاندانی موحیبەتە راستگۆیانەکەی ، هاوڕێیانی دێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە بەبێ دوودڵی پشتی پێ ببەستن.

یەکی دیکە لە سیفەتە هەرە پاکەکەکانی ئەو، ئەوە بوو کاتێک قسەت دەگەڵ دەکرد بەشێوەیەک خۆی دەنواند کە پیاو پێیوابوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی سادەو سادق قسە دەکا، نەک دەگەڵ سەرکردەیەک یان سکرتێرێک. هەر بۆیەش ئەو سەرنجڕاکێشییەی ئەو، وای لە پیاوی دەکرد کە هەم دەردی دڵ و هەم باسە گرینگەکانی ناو بازنەی تەشکیلاتی حیزبەکەمان بەبێ پێشەکی (موقەدەمە) دەگەڵی باس بکەین. فەرقێکی دیکە و گەورەییەکی دیکەی ئەو لە گەڵ جێ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نشینەکانی دوای خۆی( بە هەردووک باڵی حیزبی دێموکراتەوە) ئەوە بوو، هەر داوایەکی بە نووسراوە لێیکرابا، ئەو داوایە هەرگیز بێ جواب نەدەماویەوە، جا چ نامەکەی بە دڵ با یان بە دڵی نەبا، با نامەکەش سیاسی نەبا ویان هی کەسێک لە سەتحێکی خوارێ دا با، بۆ ئەو هیچ فەرقی نەبوو، هەر ئەو سیفەتانە و ئەو جۆرە مودیرییەتە بوون کە وایان کردبوو ئەو بە هاسانی برینی لە دەستدانی رێبەری مەزن د.قاسملوو سارێژ بکا و کەلێنی بێ قاسملوویی پڕ بکاتەوە.

کاک سەعید لەو رۆژەوە بوو بە سکرتێری گشتیی حیزب زۆر بە خێرا وەک کارگی بەهار هەڵتۆقی وەک چرایەکی رووناک و هیوابەخش گەشەی کرد و جێگای لە ناو دڵی نەتەوەکەی و هاورێیانیدا کردەوە و تەمومژی غەمی لەبن نەهاتووی شەهیدبوونی د. قاسملووی لە سەر کوردستانی رۆژهەڵات وهاوسەنگەرانی ڕەواندەوە. بۆیە دەبێ دڵنیا بێ هەر چەندە بیست ساڵ بە سەر شەهید بوونیدا تێدەپەرێ، بەڵام لە ناو بیرو هەستی رێبوارانیدا وەک ئەوە وایە بیست رۆژ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردبێ.

کاک سەعیدی مێژوونووس، بە شەهید بوونەکەشی مێژوویەکی دیکەی بۆ شەهیدانی سەربەرزی حیزبی دێموکرات لە نێو جەرگەی ئورووپای ئازادیخواز بۆ مەزلوومیەتی گەلەکەی چەسپاند، دادگای لێوەشاوەی ئەڵمان و خوێنی شەهیدانی میکۆنووس رێبەری کۆماری ئیسلامی ئیران و گەورە بڕیاردەرانی رێژیمی تێرۆریستی ئێرانی لە قەفەزی (ممنوع الخروج) ی هەتا هەتاییدا بەستنەوە.

**یادی شەهیدانی میکۆنووس لە دڵی رێبوارانیدا هەمیشە بە زیندوویی دەمێنیتەوە.**

**سلاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی شەهیدان دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، همایوونی ئەردەلان و نووری دێهکوردی و هەموو شەهیدانی کوردستان.**

**بیرەوەرییەکی هەندەران لەگەڵ شەهید فەتاح عەبدولی**

دوای شەهید بوونی نەمر د. قاسملوو، هێزە سیاسییەکانی کوردستان بۆ پاراستنی گیانی ئەندامانی رێبەرییان کەوتبوونە نەهێنیکاری. کاک برایم جۆرابچییش لە وڵاتی سوید یەکێک بوو لەو کادرانە کە هەم دیسیپلینی حیزبیی دەپاراست و هەم

بەشی دووهەم

زۆریش نەهێنیکار بوو. ڕۆژێک زەنگی بۆ لێدام زۆر بە سرتە بە تەلەفوون پێی گوتم لە فلان سەعات دەچی کاک فەتاحیدێنی، لە پاریسڕا دێت، بەڵام لەوێ قسەی دەگەڵ ناکەی و ئەوەش نیشانە نەهێنیەکەیەتی، لەبیرت نەچێ.
کاتێک چوومە شوێنی دیاریکراو، دۆزینەوەی کاک فەتاح لە بەر حەشیمەتی زۆر بۆ من کەمێک سەخت بوو، بەڵام ناو نیشانی من بۆ کاک فەتاح زۆر هاسان بوو (بە دوو شەقە و یەک لاق) یەکێک هاتە پێش و وتی تۆ سەید عەلی؟ من فەتاحم! دەستمان دەملی یەک کرد و وەسیەتەکەی کاک برایمم لە بیر چۆوە.

شوێنی کۆبوونەوەکە لە دەرەوەی ستۆکهۆڵم بوو، دەبوو خەتی ٧٣ م گرتبا، منیش بۆ یەکەم جار بوو کاک فەتاحم دەدی و ئەویش پێموایە یەکەم جاری بوو دەهاتە سوید، تۆشی بیرەوەریی پێشمەرگایەتی بووین و ڕێگاکەم گوم کرد و سەرم لێشێوا. نیزێک بە کاتژمێرێک لە ناو شاردا بی ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەچم هەڵسووڕام، جارێک نا جارێکیش کاک فەتاح وا دەکا، تەح.... لەو شارەی؟ کوڕە خۆ دەڵێی بەحرە! هەربنەی نایە! من وامدەزانی هەر پاریس گەورەیە، خۆ دەسکان لە دووی ئێرە ناکا، منیش بۆ ئەوەی خۆم نەشکێنم بە کاک فەتاحی نیشان بدەم کە ئەو سەید عەلییە نیە کە لە دەشتی لاجانی پیرانشار مەڵەغانی دەکێشاو شەنە و درمەغی دەکرد، ئێستا لە سوید زمانی هەندەران فێر بووە و تابلۆیان دەخوێنێتەوە، خۆش خۆش چاوم لە تابلۆی سەرجادە دەکرد و بە زەحمەت وبە منگە منگ دەمخوێندنەوە، بە هیچ ئاکامێک نەگەیشتم. مەجبوور بووم لە لای کیوسکێک ماشێنەکەم ڕاگرم. تاکسیەک لەوێ ڕاوەستابوو، خەڵک لە سەف ڕاوەستابوون، رووم لە سەفەکە کردو پرسیم کێ خاوەنی ئەو تاکسیەیە، کوڕێکی کورتەباڵای سەر ڕەش لە سەفەکە هاتەدەر و وتی من. داواوی یارمەتیم لێکرد، پرسیم چۆن خەتی ٧٣ وەبینم؟ لە حاستەخۆ منی سووڕاند و وتی بەڕێی خۆتدا بگەڕێوە، ئەوە خەتی ٧٣ یە، کە هاتمەوە ناو ماشێنەکە کاک فەتاح بەو سەحنەی کە دیبووی پێدەکەنی، پرسی ئەرێ ئەوە چ بوو؟ ئەو کوڕەت دەناسی؟ منیش زانیم تازە خۆ هەڵکێشانەکەم هیچ سوودێکی نیە و شۆفیری تاکسی ریسەکەی لێ کردوومەتەوە خوری، وتم ماڵت نەشێوێ کاک فەتاح بەحری چی وپاریسی چی!! ڕێم لێون بووە و سەرم لێشێواوە، دەنا ئەوسەرەو سەری ستۆکهۆڵم نیو سەعاتە ڕێ نابێ.

هەزار جار یادت بەخێر بێ کاک فەتاح گیان.

سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی شەهیدانی میکۆنووس و سەرجەم شەهیدانی کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## ئەو ئەلفوبێیەی د.شەرەفکەندی فێری کردین!.



### قادر وریا

بۆ ستوونی بەرلەمالاوایی رۆژنامەی 'کوردستان' ژمارە ٥٩١ (تایبەت بە یادی ٢٠ساڵەی شەهیدبوونی د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

بیست ساڵ لەمەوبەر، لە بەرە بەری پایزێکی دڵڕفێنی داوێنی قەندیلدا،راست لەو کاتانە دا کە خۆمان بۆ گەڕانەوەی ئامادە دەکرد، هەواڵی شەهیدبوونیمان بۆ هات. چەند تاڵ بوو! مێژوو لە ئێمە دووپات دەبۆوە. دیسان بە رۆژی هەینی، لە دەفتەری سیاسییەوە، نەفەریان بۆ ئاگادارکردنمان نارد. جارێکی دیکە سکرتێری گشتی و چەند هاوڕێیەکی بەوەجمان، ببوون بە نێچیری تیرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمجاریش پێتەختێکی ئورووپا،شایەدی رژانی خوێنی رێبەرێکی کورد و چەند هاواڵێکی بوون. سەرلەنوێ سەرنجی راگەیەنە گشتییەکان لە سایەی تاوان و غەدرێکی دیکە کە لە کورد کرابوو، چۆوە سەر بزووتنەوەی کورد و ئەو پیلانانەی لە سەر رێی نەتەوەکەمانن. دیسان بە شێوەی نائاسایی گەڕاینەوە شوێنی کار و قۆڵهەڵماڵین لە نووسین و گوڕاندن و ئەو ئەرک و کارانەی لەوکاتانە دا دەبێ بیانکەین. دووبارە خۆ ئامادەکردن بۆئەوەی لە ئاستی چاوەروانیی نەتەوەیەک دابین کە ٣ ساڵ پێشتر، د.قاسملوو و ئێستاش جێنشینی ئەو رێبەرەیان لێ ئەستاندبوو.

٣ ساڵ پێشتر کە هەواڵی شەهیدکرانی د.قاسملوو بڵاو بۆوە، ئەومان شک دەبرد بۆ ئەوەی بە خەڵک بڵێین نیگەران مەبن،د.شەرەفکەندیمان هەیە کە دەتوانێ جێنشینێکی شیاو بێ بۆ ئەو رێبەرە بە توانایە. ئێستاش دەبوایە بە خەڵکەکەمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵێین، راستە لە دەستدانی ئەو رێبەرە گەورانە، خەسارێکی گەورەن، بەڵام ئێمە و ئێوە بۆمان نییە ناهومێد بین.حیزبێک کە ئەم رێبەرانەی پێگەیاندوە، رێڕەوان و قوتابیانی ئەوتۆشی لە گەڵ ئەواندا بۆ بەردەوامیی رێگاکەیان و ئەرکەکانیان پەروەردە کردوە کە ئەگەر کەسێک بە تەنیاش نەتوانێ جێگای ئەوان پڕبکاتەوە، بە کاری بە کۆمەڵ و بە گیانی هەستکردن بە بەرپرسایەتی دەتوانین وا بکەین کەمتر بۆشایی نەبوونی ئەوانمان پێوە دیار بێ. هەر واشمان وت، هەر واشمان کرد. بەو هاودەردی و هاوپێوەندییە بەرینە کە لە رادەی کوردستان و لە رادەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران و لە ئاستی رێکخراو و کەسایەتییە دێموکرات و مرۆڤدۆستەکانی جیهان لە گەڵ حیزبی دێموکرات شایەدی بووین، بۆ مەگەر دەکرا غەیری ئەوە بکەین کە لێمان چاوەروان دەکرا؟

چەندین ساڵ لەمەوبەر دێڕە شێعرێکی فارسیم دیوە کە ناوەرۆکەکەی ئەوە بوو"لە خدریان پرسی تەمەنی درێژ چ سوودێکی بۆ تۆ تێدابووە بێجگە لە دیتنی مەرگی ژمارەیەکی زیاتر لە ئازیزانت" کە ئاوڕ لە رابردوو دەدەمەوە ودەبینم زۆر لەو کەسانەی بوون و مانیان لە مانی من بۆ نەتەوەکەیان و خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان، پێویستتر بوو، و هەر لەو کاتەش دا خۆشم دەویستن و هیوای خۆم و حیزبەکەم و نەتەوەکەمم لە سەر بنیات نابوون، لە ژیان دا نەماون وشەهید بوون، ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم،ئەرێ خۆشیی ئەو زۆرتر ژیان و درەنگتر مردنە بۆ مەمانان لە چێ دایە؟ بە تایبەتی کە بە حوکمی کار و ئەرک و بەرپرسایەتییەکەم، دەبێ ناوە ناوە(جارێک بە بیانووی یادی ١٠ ساڵە و جارێک بە ناوی ٢٠ ساڵە، ئەمجارەیان بۆ ئەمیان و جارێکی دیکە بۆ ئەویان) بچمەوە نێوقووڵایی ئەو ساتە تاڵ و ناخۆشانەی ئەم کارەساتانەیان تێدا روو دا. هێندێ جار دڵی خۆم بەوە خۆش دەکەم حیکمەتێک لەم مانەوەیە دا هەیە. دەبێ کەسانێکیش هەبن بۆ بەرزراگرتنی یادی ئەوانی پێش خۆیان، بۆ پێشگرتن لە نیشتنی غەور و ژیلەمۆی فەرامۆشی لەو بیر و ئەندێشانەی کە هەتا دەیان ساڵی دیکەش دەتوانن وەک گەوهەر بدرەوشێنەوە. دەبێ کەسانێکیش بمێنن بۆ ئەوەی شایەدی بدەن لە سەرئەم هەمووە پاکی و خاکی و گەورەیی و بەخشەندەیی پێشەوا و پێشەنگانی قۆناغە سەختەکانی رابردوو. غەدرێکی گەورە دەبێ، ئەوانەی دەرۆن بکەونە بەر بێئەمەگیی ئەوانەی دێن. ئەمەش روو دەدا ئەگەر کەسانێک نەبن سەرنجی تازەهاتووەکان بۆ لای ئەم مێژووە بە خوێن نەخشاوە رانەکێشن و شێعرەکەی ئەحمەد موختار بەگی جافیان بە گوێ دا نەدەن کە "بە بێقەدری بە سەریا رامەبوورن حورمەتی بگرن ئەم خاکە شیرینە..."

بیست ساڵ لەمەوبەر ئەوکاتەی ژمارەی تایبەت بە شەهیدبوونیمان، ئامادە دەکرد، بە دوورم دەزانی شانس و شانازیی مان و بەشداری لە ژمارەی پێنج ساڵە و ١٠ ساڵەی شەهیدبوونی ئەو رێبەر و مامۆستایەی خۆمم دا هەبێ.ئەوا نەمردم و بەشداری ئامادەکردنی ژمارەی تایبەتی رۆژنامەیەکم کە یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی یەکێک لە سەرنووسەرەکانی خۆی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

دەکاتەوە. هەر ئەو سەرنووسەرەی کە ئەلف و بێی کاری راگەیاندن و رۆژنامەنووسیی شۆڕشگێڕانەی پێ وتین. بەڵام گرنگتر لە ئەلفوبێی نووسین، ئەلفوبێی سادەژیان و جیدی بووون وشۆڕشگێڕی وشێلگیربوون و هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە ئاست نەتەوە و نیشتمان و بەرهەمی خەبات و فیداکاریی تێکۆشەرانی پێش خۆمانی فێرکردین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور شەرەفکەندی لە نێو حیزبیش دا مامۆستا بوو



سەلاح پوورئەسەد

ساڵی ١٣٦٢ی هە تاوی ئێمە سێ کەس واتا شەهید ئازاد، مستەفا قازی زادە و من بە هۆی هێندێک کێشە و ناکۆکی کە لەگەڵ ڕێکخراوەکەی پێشوومان دا بوومان، بڕیارمان دا کە بچینە نێو یەکێک لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان. شێوە ی بیرکردنەوەی ئەو کاتەمان فەرقی دە کرد و لە باری فیکرییە وە لە سەر زۆر مەسەلە لە گە ل حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە ناکۆک بووین. چۆنکە پێشتر لە ریزی ریکخراوێکی چەپی دا بووین یەکەم جار چووینە لای کۆمەڵە و پێمان گوتن بە پاراستنی بیروبۆچوونی خۆمان دە مانهەوێ ببینە پێشمەرگەی کۆمەڵە، بۆ کوێمان دەنێرن دە چین. گوتیان ئێمە ئەوەمان قەبوول نییە و ئێوە یان دە بێ هەموو بیر و باوەڕی ئێمە قەبوول بکەن، یان وەک میوان لامان بمێننەوە تا ئەو کاتەی خۆتان بڕیار دەدەن. لە بەر ئەوەی نەمان دەویست بێکاردانیشین ئەم پێشنیارەمان قەبووڵ نەکرد و چووینە لای حیزبی دێمۆکرات کە ڕێبەرایەتییەکەی تازە لە گەلاڵەی نزیک سەفرە جێگیر ببوون. ئەو کات دوکتور شەرەفکەندی بەرپرسی کومێسیۆنی تەشکیلات بوو. ڕێنۆینییان کردین بۆ لای کاک سەعید(د.سادق شەرەفکەندی) کە شۆینی کارەکەی چادرێک بوو. زۆر بە گەرمی بە خێرهاتنی کردین، گوتمان ئێمە چە ند ساڵێک لەگەڵ ڕێکخراوێکی مارکسیستی بووین، بیروبۆچوونمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات فەرقی هەیە. گوتی دەتانهەوێ بێنە نێو حیزب بەلام بیروبۆچوونی خۆتان بپارێزن؟ گوتمان ڕاست وایە. گوتی هەر بیرو باوەڕێکتان هەیە دەتوانن بیپارێزن. بەلام دڵنیام هەمووی شەش مانگی پێ ناچی کە بە تەواوی ڕێبازی حیزب قەبووڵ دەکەن، چونکە ڕیبازێکە لە خزمەتی خەڵک دایە. لە ساکەکەی سێ بەرگەی ئە ندامەتیی دەرهێنا و گوتی پڕی بکەنەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

لە یەکەم چاوپێکەوتن لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی ئەم خالانەم تێدا بەدی کرد کە بۆ هەمیشە لە زەینم دا دەمێنیتەوە. زۆر بە ئارامی باسەکانی بۆ شی کردینەوە. هەستمان نەکرد کە لە گەڵ کەسێکی غەریب قسە دەکەین، هەستی خۆبە گەورەزانینم تێدا بەدی نەکرد، دەتگوت لە گەڵ کەسێک دەدوێین کە چەندین ساڵە دەیناسین. قسەکانی ورەی کارکردنی تێدا بە هێز کردین، وای کرد کە بڕوا بەخۆبوونمان زیاتر بێت و لە بەربەستەکانی ڕێگا سل نەکەین. پێی گوتین ڕەنگە لە جەرەیانی کار دا کێشەتان بۆ دروست بێ، بەلام دەبێ خۆڕاگر بن. حیزبی دیموکرات جێگای هەموو کە سی دەبێتەوە و زۆرمان پێ خۆشە لاوەکان و کەسانی خوێندەوار لە حیزب دا کار بکەن.

ئێستا پاش چەندین سال باشتر بۆم دەرکەوتوە کە چلۆن کەسێکی وەک دوکتور شەرەفکەندی ئەزموونی چەند ساڵ دەرس خوێندن و وانە گوتنەوە لە زانکۆکانی بە کردەوە هینایە نێو حیزب و ئەوەندەی لە دە ستی هات بۆ مودێرنیزە کردنی حیزب تێکۆشا.

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

## دوکتۆر شەرەفکەندی، وجوودێکی جیانەبۆوە لە شوناسخوازیی نەتەوەی کورد



ئارەش لوڕستانی

**کەسایەتیی هەر مرۆڤێک حاڵەتی پڕاکتیکی فەلسەفەی ئەو و، سیاسەتەکەی هونەری بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی فەلسەفەکەیەتی**

و: سیروان موساپوور

هەر مرۆڤێکی خەباتکار خاوەن چوار رەهەندی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی، نەتەوەیی و سیاسییە. دوکتۆر شەرەفکەندی وەک یەکێک لە گەورە رێبەرانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستان رەهەندە وجوودییەکانی خۆی لەسەر شوناسی کوردی چڕ کردبۆوە و بە هاوئاهەنگیی لایەنە وجوودییەکانی خۆی لە پێناو مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردستان تا کاتی شەهیدبوونی هەروا قورس و قاییم مایەوە و ئەمڕۆکە دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر شەهیدبوونیدا، یەکێک لە ئۆلگوو و سەرمەشقەکانی بزاڤ و خەبات لە رێگەی شوناسخوازی و مافویستی نەتەوەی کوردە.

رەهەندی تاکەکەسیی ژیانی دوکتۆر شەرەفکەندی لە کۆماری کوردستان و هاونشینی لەگەڵ براکەی، سیمای بەرچاو و ناوداری نێو وێژە و ئەدەبیاتی کوردستان و، بەوای ئەویشدا خوێندن و وەدەسهێنانی بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی، دۆستایەتی و هاوکاری لەگەڵ شەهید دوکتۆر قاسملوو و حیزبی دێموکراتی کوردستان، چالاکیی بەردەوام لە دژوارترین هەلومەرجەکانی خەباتی بزووتنەوەی شوناسخوازیی کورد و سەرەنجام رێبەرایەتی کردنی حیزبی دێموکرات هەتا کاتی شەهیدبوونی شکڵی

گرتوە و درێژەی کێشاوە. دوکتۆر شەرەفکەندی وەک تاکێک، پابەندی بنەما و بەها مرۆییەکان بوو، زۆر چالاک و ماندوویی نەناس، لە پێوەندیی دۆستانەدا سادە و دڵۆڤان بەڵام دەرحەق بە ئەنجامدانی ئەرک و بەرپرسایەتیی حیزبی زۆر جیددی و تێکۆشەر بوو. دوای هاوکاری و بوونە ئەندام لە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک کەسێکی خوێندەوار و خاوەن بڕوانامەی دوکتۆرای شیمی، سەرەڕای ئەوەیکە دەیتوانی داهاتوو و پاشەڕۆژێکی خۆش و ئاسوودەی هەبێت، خەباتی شوناسخوازانەی کوردی هەڵبژارد و رێگەیەکی گرتەبەر کە هەتا کۆتایی تەمەنی سەرانسەر هەوڵ و خەبات و ڕەنج و ماندووبوون بوو. ئەو ڕەنج و ماندووبوونەی کە لەبەر داهاتووی کوردستان قبووڵی دەکرد و لە پەنا هاوسەنگەرە ئازادیخوازەکانی ئەرکی خۆی لە بەرزترین ئاستی گونجاودا بەڕێوە دەبرد.

بەرچاوترین بەشی لایەنی کۆمەڵایەتی ژیان و چالاکیی دوکتۆر شەرەفکەندی، تەواوی پێوەندییەکان و هەوڵ و هاوکارییەکانی ناوبراو لە سەرەتای خوێندنی باڵا هەتا کاتی شەهیدبوونیەتی کە بەردەوام لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە بە ئاسانی لەبەرچاو دەگیرا و بەردەوامیش هەستی بە بەرپرسایەتی دەکرد. دوکتۆر شەرەفکەندی خۆی بە ئەندامێکی کۆمەڵگە دەزانی کە دەبووایە ڕۆڵی خۆی بەڕێوە ببات و ئەم خاڵە گرینگە لە سەردەمی ڕێبەرایەتیی ناوبراویشدا کەم تا زۆر بەرچاو و شیاوی گرینگی پێدان بوو.

ڕووحیەی بەهێز و بیری بەرزی ناسیۆنالیستی (نەتەوەیی)ی دوکتۆر شەرەفکەندی یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە لە زۆربەی نووسراوە و وتارەکانیدا بەردەوام دووپات بۆتەوە و جەختی لەسەر کراوەتەوە. ڕەمزی سەرکەوتنی کورد لە خەباتی شوناسخوازی و مافویستی لە ڕوانگەی دوکتۆر شەرەفکەندییەوە، بەهێزبوون و بایەخ پێدان بە هزری ناسیۆنالیستیی بوو. بیرکردنەوەی ناسیۆنالیستیی دوکتۆر شەرەفکەندی و ڕێبەرانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگترین هۆکاری پاراستن و بەردەوامیی خەبات و چالاکیی بوو کە سەرەڕای هێرشەکان و لەسەرتربوونی سەربازیی و ئابووریی ڕێژیمەکانی باڵادەست، حەڵقەی مافخوازیی کورد لێک هەڵنەوەشا و هەتا گەیشتن بە شوناسی سەربەخۆی کورد درێژەی هەیە.

لایەنی سیاسیی ژیان و چالاکیی دوکتۆر شەرەفکەندی پێکهاتوو لە سێ ڕوحییە و فاکتەری پێشوویە. سیمایەک لە ژیان و کەسایەتیی ناوبراو کە سیاسەتی بە واتای دروست و لە جێگەی دروستی خۆیدا پێناسە کرد و لە ژیانی سیاسیی ئەودا لە سەردەمی ئەندامبوون هەتا ڕێبەریی حیزب، بەردەوام لە ئاستە جیاوازەکاندا لە خزمەت حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێویستییەکانی نەتەوەی کورد لە سەردەمی ژیانی خۆی و داهاتووی بەردەمیدا بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشەوا قازی محەمەد دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای کۆماری کوردستان، ناسیۆنالیزمی لە چوارچێوەی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ مافە مەدەنییەکاندا پێناسە کرد. دوکتۆر قاسملوو فۆرمی راستەقینەتر و مۆدێرنی حیزبی سیاسیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و حیزبی لە حاڵەتی مانەوە لە چوارچێوەی کوردستان هێنایەدەر و بە لایەن و خەباتی رزگاریخوازانەی جیهانی ناساند و ئیعتباری نێونەتەوەیی بە حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد بەخشی و، ناسنامەی خەباتی نەتەوەیی کورد شوناسێکی جیهانی وەرگرت. دوکتۆر شەرەفکەندی بە نەهادینەکردنی بەرێوەبەرێتی و کردەوەخوازیی ناو حیزب و پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزب، بە تایبەت لە بیاڤی راگەیاندندا جۆرێک سەقامگیریی بە دەسکەوتەکانی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا و لە دژوارترین و قەیراناویترین بارودۆخەکاندا، کە حیزبە ئۆپۆزیسیۆنە کوردی و غەیرە کوردییەکان تووشی گۆشەگیری و تەریککەوتوویی ببوون، چالاکی و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان نە تەنیا رانەوەستا، بەڵکوو دەتوانین بڵێین سەردەمی رێبەرایەتیی دوکتۆر شەرەفکەندی یەکێک لە کاریگەرترین قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتە.

پێشەوا قازی محەمەد، دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی سێ کۆڵەکەی بزووتنەوەی مۆدێرنی سیاسیی کوردن کە بە پێکهاتە شکێنیی سیاسی . فەلسەفی لە شێوازی نەریتی نارەزایەتیی کەم کاریگەر بۆ سیستەمی بەردەوام و شوێندانەر، بوون بە هۆی گەیشتن بە قۆناغی نوێی شوناسخوازی و مافویستیی کورد. ئەم سێ رێبەرە گەورەیە، کار و چالاکییەکانیان بە رادەیەک پێکەوەبەستراو و تێکهەڵکێشراوە کە لەبەرچاو نەگرتنی هەر یەکێکیان کەموکوڕی لە پرۆسەی ئاماژەپێدراودا پێک دێنێت.

دوکتۆر شەرەفکەندی چ ئەو کاتەی کە جێگری دوکتۆر قاسملوو بوو و چ لە سەدەمی رێبەرایەتی کردنی حیزبدا، رۆڵێکی کاریگەری لە کلاسیک کردنی سیستەم و کاری حیزبیدا هەبوو. جیاکردنەوەی چالاکیی حیزب لە بیاڤە جۆراوجۆرەکاندا، یەکپارچەکردن و یەکگرتوویی ناوخۆیی حیزب و هاوئاهەنگیی زیاتر لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی، گرینگیدان بە پێوەندی و هاوکاریی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبە کوردی و غەیرە کوردییەکان، بەردەوامیی هاوکاری و درێژەدانی چالاکی لە ئاستی نێوتەنەوەیی بە تایبەت لە کۆنگرەکانی ئەنتەرناسیۆنال سۆسیالیست و زۆر کار و کردەوەی دیکە دەرخەری جێگە و پێگە و کەسایەتیی سیاسیی دوکتۆر شەرەفکەندییە.

دەرکردنی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان لەلایەن خومەینی و قۆناغی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و بەرگری لە بەرامبەر هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی، ئەو بارودۆخە هەستیارە بوو کە بە بچووکترین سستی و کەمتەرخەمییەک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی دووهەم**

بەڕێوەبەرایەتیدا، ئاکام و ئاسەواری مەترسیداری مرۆیی بەدواوە دەبوو کە دوکتۆر قاسملوو و دوکتۆر شەرەفکەندی بە باشی توانیان توانایی بەرزی ڕێبەرایەتی و بەڕێوەبەریی خۆیان لە کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجەکە و بەرەوپێشبردنی خەباتی شوناسخوازانەدا نیشان بدەن و شێوەی شەهیدبوونیان بە ڕوونی دەرخەری حەساسییەت و مەیلی کۆماری ئیسلامی بۆ لەنێوبردنی ئەم ڕێبەرە هەڵکەوتووانە بوو.

چالاکی لە سەردەمی خەباتی چەکدارانە و پێویستیی بەردەوامیی میتۆدی سیاسی - فەلسەفیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێویستبوونی کولتوورسازییەکی تایبەتی لەم قۆناغەدا بە ڕوونی دەخستەڕوو. پێویستییەک کە لەو ڕابردووە مێژووییەدا، بارودۆخی ڕۆژ و دانەبڕانی خەبات و چالاکی لە داهاتوودا دەبووایە لەبەرچاو بگیرێت و کەڵکوەرگرتن لە تەواوی تواناییە ماددی و مەعنەوییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانج کە هەمان شوناسخوازی و مافی دیاریکردنی چارەنووسی کورد لە ئێراندایە دەبێ بە وردی و بە دروستی هەڵسەنگێنرێ و بەرنامەی بۆ دابنرێت. بێجگە لە فاکتەرەکانی سەرەوە، باوەڕ بەخۆ بوون و پێویستیی نوێکردنەوەی ڕێکخستن و پەرەپێدانی پێگە و شوێنگە لەنێو کۆمەڵگەی کوردییش هەلومەرجەکەی هەستیارتر دەکرد.

دوکتۆر شەرەفکەندی ڕێبەرێکە کە توانی ڕۆڵی خۆی لە بەرزترین ئاستدا بەڕێوە ببات و تەنانەت شەهیدبوونی ناوبراو چ لە کوردستان و چ لە ئێران بوو نارەزایەتیی بەربڵاو و بەرچاوی لێکەوتەوە کە توانی وزەیەکی نوێ بە رەوتی ئازادیخوازی و شوناسخوازی بدات و لە ئاستی نێونەتەوەییشدا دادگای میکۆنۆس بۆ یەکەم جار سیمای کۆماری ئیسلامی و تایبەتمەندیی تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمەی، نیشان دا و دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامیی ناچار بە پاشەکشە و قبووڵکردنی تێچووی زۆری سیاسی . کۆمەڵایەتی بکات و لە روانگەی ئایدۆلۆژیکەوە شوناس و ماهییەتی ڕاستەقینەی خۆی جارێکی دیکە لەسەر بنەمای زوڵم و گەندەڵی نیشان دایەوە.

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## رۆڵی دوکتور شەرەفکەندی لە پێوەندی لەگەڵ ڕێکخراو و کەسایەتییە ئێرانییەکان



حەمە ڕەسووڵ حەسەن پوور

ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ (١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢) ڕۆژی تێرۆر کردنی دوکتور سادق شەرەفکەندی (دوکتور سەعید) ڕێبەری بەوەج و کارامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک فەتتاحی عوبدوولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایوونی ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە وڵاتی ئاڵمان، کاک نووری دێهکوروی دۆستی حیزب لە ڕێستووورانی میکۆنووس لە بێرلین بە فەرمانی ڕاستەوخۆی خامنەیی و ئاگاداریی رەفسەنجانی، فەللاحیان و ویلایەتی کە دادگای وڵاتی ئاڵمان ڕۆژی ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ (١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧) بە بڕیارێکی مێژوویی ئەوانی بە تاوانباری سەرەکی تێرۆرەکە ناساند و مەحکوومی کردن و لە دونیادا بوو بە مەسەلەیەکی گرینگ.

لە پاشان شارەداری پاژی شالۆتۆنی بێرلین خاتوو مۆنیکاتیمەن بڕیاریدا بەردەنووسراوێک بۆ بیرەوەریی جینایەتی میکۆنووس لە بەر دەرگای ڕێستووورانی میکۆنووس کە تیرۆرەکەی لێ ئەنجام درابوو دابنێ.
حیزبی دێموکراتی کوردستان و لایەنگرانی ئازادی، ئەمەگناسی خۆیان بۆ سەرۆک و دادوەرانی دادگای میکۆنووس، دادستان، دادیار، و پۆلیس و دەزگای دژەتیروری ئاڵمان بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکی مرۆڤانەیان دەربڕی.

ئەو خانمە نەترس و بلیمەتە کە بوو بە سەمبوڵی ئاشتی، بە نوێنەرانی شارەکەی ڕاگەیاند کە خەڵکی ئاڵمان، نادادپەروەی لە هیچ دەسەڵاتدارێک لە سەر حیسابی ئەوان قبووڵ ناکا. حوکمی دادگای میکۆنووس ئەوەی بە ڕوونی دەرخست

## بەشی دووهەم

کە فەرماندەرانی ئەو تیرورە لە تاران چ کەسانێک بوون و دادگا فەرمانی دەستبەسەرکردنی فەللاحیان بە ئەنترپۆل - (پۆلیسی نێونەتەوەیی) راگەیاند.

حوکمی میکۆنووس بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ لێکۆڵینەوە لە کاربەدەستانی حکوومەتی تاران کە نەتوانن لەوە زیاتر درێژە بە تیروری دەوڵەتی بدەن.

لەسەر رۆڵی شەهید شەرەفکەندی پێویستە بگوترێ ئەو پاش شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو بە لێزانی تەواوەوە چاوەدێریی بەسەر هەموو ئۆرگانەکان و بەشەکانی حیزبدا دەکرد و لە رێنوێنی کردنی گرینگترین ئۆرگانەکانی حیزبەکەی کە رادیۆ و چاپەمەنی بوو و پێشتریش ساڵانێکی زۆر بەرپرسایەتی راستەوخۆی ئەو دوو دەزگایەی هەبوو، غافل نەبوو.

دوکتور سەعید هەردەم و لە هەر حاڵدا دوارۆژی حیزب و جووڵانەوە و گەلەکەی لەبەرچاو بوو. هەربۆیە بەوپەری تواناوە هەوڵی دەدا پێوەندیی حیزب و رێکخراو و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی، نووسەر و رۆژنامەوان و ئاکادیمیست پتەوتر بکا.

ئەو بیری دەکردەوە کە لە پاش رووخانی رێژیمی ئاخوندی و بە ئاکام گەیشتنی خەباتی خوێناویی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستاندا، پێویستە و دەبێ لە ئێستاوە لە فکری پێوەندیگردن بە رێکخراو و کەسایەتییە ئێرانییەکان، ئەوانەی بڕوایان بە مافی گەلانی ژێردەستەی وڵاتی پان و بەرینی ئێران هەیە، دابین و بیانکەین بە دۆست و هاوپەیمانی حیزب و گەلەکەمان و متمانەی ئەوان بۆ لای خۆمان رابکێشین.

**ئەو بەباشی دەیزانی ئەم کارە چەند سوودی بۆ حیزبەکەی هەیە:**

* لە حاڵی ئێستادا یارمەتیی مەعنەوی بە حیزب و جووڵانەوە دەگەیەنێ.
* لە داهاتوودا وەک دوست و هاوپەیمان دەمێننەوە و دەتوانن بەرپەچی یەو پرۆپاگەندە ژەهراوییانەی نەیاران و شوڤینیستە ئێرانییەکان لەمەر جیاوازیخوازی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان بدەنەوە.
* بەم هۆیانە و زۆر هۆی دیکە دوکتور شەرەفکەندی گرینگی زۆری بە لێکنزیکبوونەوەی حیزب و لێکتێگەیشتن لەگەڵ رێکخراو و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و گەلانی ژێردەستی وڵاتەکەمان، دەدا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

وەک هەمووومان دەزانین دوکتور شەرەفکەندی لە دانیشتن لەگەڵ ئەواندا بوو کە بەداخێکی زۆر گرانەوە شەهید کرا.

پێویست بە ئاماژە پێ کردنە کە دوکتور سەعید لە کاتی ئەوەیدا کە لە بەرزترین پلەی تەشکیلاتیی حیزبدا بوو ئەو پێوەندییانەی دانەمەزراند، بەڵکوو تەنانەت پێش وەرگرتنی شەرەفی ئەندامەتی لە حیزب و لە کاتێکیشدا کە ئەندامێکی سادە و ساکاری شانەیەکی حیزبی بوو گرینگی زۆری بەو جۆرە پێوەندییانە دەدا.

ئەو لەو کاتەدا کە مامۆستای وانەبێژی زانستگەی تاران و لەوێ نیشتەجێ بوو پێوەندیی پتەو و نەپساوەی بە کەسایەتییە ئاکادێمییەکان، شاعیر و رۆژنامەنووس و نووسەر و وەرگێراوە فارسەکان و ئەوانی دیکەوە هەبوو و هەردەم سەرنجی ئەوای بۆ لای داخوازییە رەواکانی گەلەکەی رادەکێشا، بۆیە بە هەق ببوو بە مامۆستایەکی شارەزای مێژووی جووڵانەوەکانی گەلی کورد.

پاش رووخانی رێژیمی حەمەرەزاشا و هاتنە سەر کاری رێژیمی ئاخوندی بەشێک لەوانە کە زۆر زوو کەوتنەبەر تیغی بێ بەرەزیی یانەی سەرکوتی رێژیم و بەناچاری هاتنە کوردستان و پاشان چوونە دەرەوەی وڵات زۆر زۆر لە وتە بەنرخەکانی دوکتور شەرەفکەندی تێگەیشتن کە زۆر جاران بە گوێ دادەدان کە چاری گەلانی ئێران هاتنە سەر کاری رێژیمێکی مەزهەبی سەدەکانی نێوەڕاست نییە بەڵکو لە ئێراندا پێویستە و دەبێ رێژیمێکی سیکۆلار و فرەڕەهەند و دێموکرات بێتە سەرکار. بۆیە ئەوانە بوون بە دۆست و لایەنگری حیزب و جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا.

لە یادی ٢٠ ساڵەی تیروری میکۆنووس سەری رێز و نەوازیش بۆ قوربانییانی ئەو جێنایەتە سامناکە دادەنوێنم و درێژەدان بە رێگەی پیرۆزی شەهیدەکان بە ئەرکی سەرشانی خۆم دەزانم

تێبینی: بۆ نووسینی ئەم بابەتە کەڵک لە کتێبی (ئوسکۆرت بەرەو تاران) وەرگیراوە

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئامانج و ئاکامەکانی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی کوردستان



لوقمان زەهرایی

سیاسەتی تیرۆریزمی دەوڵەتی لە وڵاتی ئێران بەرامبەربە گەلی کورد مێژوویەکی دوورودرێژ و تاڵ وکارەساتاوی بە دواوە بووە و مەبەستی ئەو سیاسەتە چەپەلەش کە بەرنامە دارێژراووئامانجدارتاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ بەرێوەدەچێ،بە پلەی یەکەم، تێکشاندن و لە ناوبردنی روحیەی بەرگری وخۆراگریی گەلی کورد لە هەمبەرسیاسەتەکانی داگیرکارانە وئینکارکردنی هۆوییەتی نەتەوەیی کورد لە لایەن دەوڵەتی ناوەندگەرا وڕەگەزپەرستی حاکم بە سەرئێراندا بووە.

تێرۆری جەستەیی کەسایەتییە کوردەکان لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن حکوومەتەکانی تارانەوە کاریگەریی زۆرنەرێنی و خراپی کردووەتە سەرخەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد لەوبەشە لە نیشتمانی داگیرکراوی کوردان. سیاسەتی دەولەتانی یەک لە دوای یەکی ئێران بە تایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری رەزاخان هەوڵدان بووە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی سیاسیی گەلی کورد و بۆ ئەو مەبەستەش بۆ بەرەنگار بوونەوە ودامرکاندنەوەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان ولە کاتی شکست و سەرشۆریان لە مەیدانەکانی نەبەرد لە هەمبەرشۆرشگێرانی کورد دا، زۆر زەبونانە پەنایان بۆ تێرۆرکردنی رێبەرانی جووڵانەوەکان بردوە و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانە و بێ ئەخلاقانە کەسایەتییە ناسراوەکانی کوردیان بە فرت وفێڵ خستۆتە نێو داوی خۆیان و بێ بەزەییانە تێرۆریان کردوون.

دوو مەسەلەی گرینگ لە بەرێوە بردنی ئەوسیاسەتە چەپەڵانەدا دەورو کاریگەریی سەرەکییان هەبووە کە یەکیان پان

فارسیزمە کە بە پان ئیرانیزمیش پێناسە دەکرێ وبوونی گەلی کورد ئینکارو حاشا دەکا و بۆ ئەو،کورد وکوردستان بوونی نیە و یەک نەتەوە و یەک ئاڵا و یەک دەولەت کە پێناسەی فارسەکان بکا، سیاسەتی نەگۆڕیانە ولە پێناو جێ بەجێکردنی ئەو سیاسەتە دژی ئینسانییە دا و بۆ بە قەولی خۆیان پاراستنی «چوارچێوەی عەرزیی ئێران» ئامادەن بە هەزاران ڕۆلەی کورد قەتلە عام بکەن وهەموو ڕۆژهەلاتی کوردستان خاپووربکەن.

مەسەلەی دووهەم، پەرەئەستاندنی بیری فونداMێنتالیزمی مەزهەبی شیعە لە ئێران دایە کە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٩٧٩ و بە دەستەوە گرتنی دەسەڵات لە لایەن ئاخوندە شیعەکان بە سەرۆکایەتیی خومەینی ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە هەوڵی پتەو کردنی جێگە وپێگەی سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگیی خۆی چ لە ناوخۆی ئێران وچ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتە بووە. دەسەڵاتی تەک ڕەوانە وسەرەڕۆیانەی تاکە کەسێک کە خۆی بە جێنشینی ئیمامی زەمانی شیعەکان لە سەرعەرزفەرزدەکا و بە قەولی خۆیان تاکوو دەرکەوتنی ئیمام مەهدی، ئەرکی بەڕێوەبردنی جیهانی ئیسلامی لە ئەستۆیە. وەلیی فەقی دەسەلاتی بێ سنووری هەیە و کەس بۆی نیە قسەی لە قسەی بکا و لە بەرامبەر فەرمان و بڕیارەکانی دا ڕابوەستێ. ڕێژیمی دیکتاتۆر ودژە ئازادی و دێموکراسیی ئاخوندە شیعەکان بە زەبری زەبروزەنگ وکوشتن و گرتن و زیندان و ئێعدام خۆی بە سەرهەموو گەلانی دیکەی غەیری فارس داسەپاندوە وهەوڵی داوە لە ڕێگای بەرەوپێشبردنی سیاسەتی تێرۆر و تۆقاندن جێگە وپێگەی دەسەڵاتی خۆی لە ئێران دا لە هەمبەرسوننی مەزهەبەکان و ئایینەکانی دیکە بە هێزتربکاو بۆ ئەو مەبەستەش بە پەنا بردن بۆ ئاین وشەرعیەتدان بە کردەوە دژە ئینسانییەکانی، سیاسەتی پاکتاوی ئایینی وئیتنیکی لە دژی گەلانی دیکەی ئێران بەڕێوە بردوە ودڕندانەترین شێوازەکانی کوشتار وقەلاچۆی لە سەرگەلانی غەیری فارس و بە تایبەت کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان تاقی کردۆتەوە.

دەرکردنی فەرمانی جیهاد لە لایەن خومەینی لە دژی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ٢٨ ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی و بە کافر ناسینی کوردان بەلگەی حاشا هەڵنەگرن بۆسیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزی و تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی کە لە دژی گەلی کورد بەڕێوە چووە و تاکوو ئێستاشی لە گەڵ بێ کۆماری ئاخوندە شیعەکان لە کوردستان دا پەیرەوەی لە سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتی دەکا وکورد بە کافرو کوردستان بە زیدی کافران پێناسە دەکرێ وهەرلەو چوارچێوەش دایە کە ڕۆژهەلاتی کوردستان هەردەم بۆ کۆماری ئیسلامی کەیسێکی ئەمنی بووە وکوردستانیش بۆتە مۆلگەی بە هەزاران لە بەکرێگیراوانی ڕێژیمی ئاخوندە شیعەکان.

فەرمانی جیهادی خومەینی لە دژی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سەرەتای دەستپێکی سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتی شیعەی

کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە. لە ماوەیەکی کورت دا و لە دوای دەرکردنی حوکمی جیهادەکە قەلاچۆی خەڵکی گوندەکانی قارنێ، قەلاتان، سەوزی، سەرچنار، قەرەگۆل، ئیندرقاش ودەیان گوندی دیکە بە دەستی سپای جەهل و نەزانی ئاخوندەکان ڕوویاندا وبە پێێ پیلانێکی پێشتر دارێژرا ولە شاری نەغەدە شەڕی کورد و تورکیان دروست کرد و بە سەدان کەس لە کوردانی شاری نەغەدە بێ تاوان ومەزلومانە قەلاچۆ کران وبە هەزارانیش ئاوارە و پەڕیوەی گوند وشارەکانی دەوروبەر بوون. ئەنجام دانی ئەو جەنایەتانە لە ژێرناوی «جیهاد لە دژی کوردستان» بەڵگەی حاشا هەلنەگری تیرۆریست بوونی نیزامی ئاخوندەکان و پان ئێرانیستە شیعەکان نیشان دەدا. جێبەجێکردن وبەڕێوە بردنی سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ژێرناوی دین و شەڕی دژی کافرانی کورد لە کوردستان لە لایەک وشەڕ بۆ پاراستنی چوارچێوەی عەزری ئێران وسنورەکانی کۆماری ئیسلامی›› لە دەست درێژی بێگانە وڕاوەدوونانی چەکدارە کوردەکانی بە قەولی ئەوان سەر بە بێگانە لەلایەکی دیکەوە، ئاکام و کاریگەریی جۆراوجۆری زۆرخراپی لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەلایەتی وئابووری لە سەرکۆمەڵگەی کوردستان بە گشتی ولە سەرجوولانەوەی کورد بە تایبەتی داناوە.

یەکێکی دیکە لە سیاسەتەکانی تیرۆریزمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان حەزفی جەستەیی چالاکان وخەباتکاران و ڕووناکبیرانی کورد بە گشتی و ڕێبەرانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی بە تایبەتی بووە و بۆ ئەو مەبەستەش تێرۆرکردنی ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات چ لەناوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆتە بەشێکی گرینگ وسەرەکی لە سیاسەتی تێرۆریزمی دەولەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بە پلان وبەرنامە ودیاری کردنی بودجەی پێویست بۆ جێ بە جێ کردنیان بە کردەوە هەنگاویان بۆهەڵێناوەتەوە وبە داخەوە لەو پیلانە چەپەڵ وشومەیان دا وبە هۆی کەمتەرخەمی ڕێبەرانی کورد سەرکەوتوو بوون.

تێرۆرکردنی د.شەرفکەندی وهاوڕێیانی لە ڕێستورانی میکۆنۆسی شاری بەرلین لە ئالمان بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە پیلان ونەخشەی پێشتر بۆدارێژراوبەرێوەچوو یەکەمین تێرۆری دەولەتی ئەو ڕێژیمە دژی ڕێبەرانی گەلی کورد لە دەرەوەی سنورەکانی ئێران نەبوو.

تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللای قادری ئازەرسەرەتای دەستدرێژیی تیرۆریزمی نێودەولەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد لە دەرەوەی سنوورەکانی کوردستانە. کۆماری ئیسلامی بە بیانووی چارەسەری کێشەی کورد زۆرلە مێژبووکە پیلانی لە داوخستنی ڕێبەری بلیمەت ولێوەشاوی گەلی کورد د.قاسملووی داڕشت بوو، تەنیا لە دەرفەت دەگەڕا تاکوو جێبەجێی بکا و

بە داخەوە ئەوجارەش ڕێبەری خەباتی ڕزگاری خوازانەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان «کەوتە داوی عەجەمان» وزۆردڕندانە وجەنایەتکارانە لە سەرمێزی بە ناو وتوویژ بە دەستی تێرۆریستەکانی رێژیم کە خۆیان بە دیپلۆمات ناساندبوو، شەهید کرا.

٣ ساڵ وچەند مانگ دوای تێرۆرکردنی د.قاسملوو وهاوڕێیانی لە وییەن ، ئەوجارتێرۆریزمی دە ولەتی کۆماری ئیسلامی لە بەرلین گیانی د.سادقی شەرەفکەندی سەرۆکی هەڵکەوتووی حیزبی دێموکرات وکاک فەتاع عەبدولی و کاک هومایونی ئەردەلان وکاک نوری دەهکردی کە دۆستی حیزبی دێموکرات بوو ئەستاند.

کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆری هەوڵ دا کە لە ڕێگای دیپلۆماسی وئابوورییەوە زەخت بخاتە سەردەولەتی ئالمان تاکوو پێشی بەڕێوە چوونی دادگای ئەو جەنایەتە بگرێ وسەرەرای نارازیبوونی دەولەتی ئالمانیش، دادگای سەربەخۆی ئەو وڵاتە بڕیاری خۆی دا وپاش ٣ ساڵ و چەند مانگ لێکۆلینەوە وهێنانی ژمارەیەکی زۆرخەڵک وەکووشاهید بۆ دادگا وخەرجکردنی پارەیەکی زۆر، سەرەنجام لە بڕیارێکی مێژوویی وئازایانە دا سەرانی پلە یەکی رێژیمی ئاخوندەکانی بە دەست تێدا بوون لەو جەنایەتە وەکوو تاوانبارێ جیهان ناساند و یەکێکیش لە بەڕێوەبەرانی ئەو تێرۆرە بە زیندانی دوورودرێژ حوکم درا. بڕیاری دادگای فدرالی ئالمان رووخساری دڕندانە وتێرۆریستی کۆماری ئیسلامی و مەزلوومیەتی گەلی کوردی بە دونیا ناساند و ئەو راستیەی بۆ مرۆڤایەتی وجیهانی ئازاد خستە رووکە ئەو دەولەتە پێشێڵکەری هەموو قانوونە نێونەتەوەییەکان و ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێرانە. لە ژێر کاریگەری بڕیاری دادگای فدڕالی ئالمان بووکە وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئوروپا ناچاربوون دیپلۆماتەکانیان لە تاران بانگ بکەنەوە وهەتا چەند مانگان پەیوەندی دیپلۆماتی وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئوروپا لە گەڵ ریژیمی تیرۆریستی ئاخوندەکان تووشی ساردی وسڕی بوو.

## ئامانج و ئاکامەکانی تێرۆریزمی دەولەتیی کۆماری ئیسلامی لە سەرکورد وجوڵانەوەکەی لە رۆژهەلاتی کوردستان لە چەند ڕەهەندەوە جێگای تێرۆانین وهەڵسەنگاندن.

### یەکەم: بواری سیاسی

لە سەر ئاستی کوردستان،هەوڵدان بۆ لاوازکردنی حیزبی پێشەنگی جولانەوە، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو. دوژمنان بە باشی لە جێگەو پێگە وخۆشەویستیی ئەو حیزبە وڕێبەرانی لە ناوخەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان ئاگادار بوون و بۆیە هەمان سیاسەتیان دووپات کردەوە کە دەرحەق بە کۆماری کوردستان وبە شەخسی پێشەوا قازی مەحەممەد وهاوڕێیانی لە لایەن رێژیمی حەمەرەزاشاوە کرا. مەحاکەمە کردن ولە سێدارە دانی پێشەوا قازی مەحەممەد و براوئامۆزاکەی بۆ گەلی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

کورد و بۆحیزبی دێموکرات زەبرێکی یەکجار زۆر قورس و کاریگەر بووکە ئاکامی زۆرکارەساتاویی بۆ خەباتی رزگاریخوازانە وبۆ ناسیۆنالیزمی کوردی بە دواوە بوو. چەندین ساڵ دوای ئەوکردەوە جەنایەتکارانەیەش، حیزبی دێموکرات تووشی لاوازی و پرش وبڵاویی تەشکیلاتی ببوو. کۆماری ئیسلامییش بۆ تێکشکاندنی روحیەی بەرگری وخۆراگریی ئەندامان ولاینگرانی حیزبی دێموکرات وخەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان هەمان سیاسەتی گرتە بەروبۆئەو مەبەستەش لە ناوبردن وحەزفی فیزیکیی سەرانی حیزبی دێموکراتی کردە ئامانجی سەرەکیی خۆی و تیرۆریزمی دەولەتیی لە رۆژهەلاتی کوردستان پلانداریژراو و بە بەرنامە ئەو ئامانجەی بەرێوە برد.

لە سەرئاستی ئێران، ئەگەرچی تێرۆرکردنی د.قاسملوو زەبرێکی سامناک بووکە لە حیزبی دێموکرات ولە کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان کەوت، خەسارێکی یەکجارگەورەش بووکە وەجولانەوەی دێموکراسیخوازانە لە سەرئاستی سەراسەری ئێران کەوت. بە نەمانی د. قاسملوو گەلانی ئێران کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو ولێزانیان کە بۆ پرۆسەی بە دێموکراتیزە کردنی ئێران دەوروکاریگەریی زۆربەرچاوی هەبوو لە دەست دا وئەوەش بۆ دیکتاتۆریی ویلایەتی فەقی دەسکەوت وسەرکەوتنێکی گەورە بوو.

بە هەمان شێوە شەهید کردنی د.شەرەفکەندی وەکوو کەسایەتییەکی هەڵکەوتوو چ لە سەرئاستی کوردستان وچ لە سەرئاستی ئێران جارێکی دیکە حیزبی دێموکراتی تووشی هەژانێکی گەورە کرد. د. شەرفکەندی رێبەرێکی هەڵکەتوو بووکە بە قسەی زۆر لە دۆستان و چاوەدێرانی سیاسی جێگرێکی لێوەشاوە بوو بۆ پرکردنەوەی جێگای بەتاڵی د.قاسملوو، لە هەمان کاتدا هەرەشەیەکی گەورەش بوو بۆ سەردەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی ئاخوندە کان لە ئێراندا. د.شەرەفکەندی هەوڵەکانی خۆی وەرگەرخستبوو بۆ ئەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لە یەکتر نزیک بکاتەوە و بەوکارەش دەیهەویست پشت ئەستوورییەک بۆ خەباتی رزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان دروست بکا،تاکوو رێژیمی ئاخونده شیعەکان تەنیا لە کوردستانەوە بەرەنگاری نارەزایەتیی خەڵک نەبێتەوە و بەڵکوو لە سەرئاستی ئێرانیش تووشی گیروگرفتی سەرەکی بێ لە هەمبەر نارەزایەتیی گەلانی ئێران.

بۆیە تێرۆری د. شەرەفکەندی بۆ جارێکی دیکە زەبرێکی گورچ وبڕبووکە وەخەباتی دێموکراسی خوازی لە سەرئاستی ئێرانیش کەوت.

تێرۆری د. شەرەفکەندی کاریگەری لە سەرچالاکی سیاسی رێکخراو وکەسایەتیەکانی ئێرانی لە ئوروپا و ئامریکا دانا ولە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

راستی دا تاڕادەیەکی زۆرشۆکێکی سیاسی وسایکۆلۆژی بوو کە لە جەریانە سیاسیەکانی ئێرانیش کەوت وئەو کردەوە تێرۆریستیە ترسی زۆری خستە نێو دڵی چالاکوانانی ئێرانی دژبە رێژیمی ئاخوندە شێعەکانی نیشتەجێ لە دەرەوەی وڵات وزۆرانی ناچار کرد کە لە ترسی گیانیان بێ دەنگ بن.

## دووهەم: تێکشکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد لە بواری هۆوییەتەوە

ئامانجێکی دیکەی تێرۆریزمی دەولەتی کۆماری ئیسلامی لە تێرۆری د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی تێکشکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد بووە وبۆ ئەوەی هەستی متمانە بە خۆکردن لە ناخی دابکوژێ. خۆ بەکەم زانین و تەحقیربوون لە لایەن دەسەلاتدارەوە. هەم لە کەیسی تیرۆری د.قاسملوو دا و هەمیش لە کەیسی تێرۆری د. شەرفکەندی دا کۆماری ئیسلامی هەوڵی تەحقیرکردنی هۆوییەتی نەتەوەیی تاکی کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستانی داوە ولە ناوخۆی وڵات لە رێگای جۆراوجۆرەوە هەوڵی داوە ئەو پەیامە بە گوێی خەڵک لە رۆژهەلاتی کوردستان بگەیەنێ کە «خودموختاریمان دا بە رێبەرەکانتان». لە سەر ئاستی دەرەوەش بە سات وسەودای سیاسی وبازرگانی هەوڵیان داوە کە تێرۆری سەرانی کورد وەکوو شتێکی بێ نرخ و بێ بایەخ بە دونیا نیشان بدەن و خۆیانی لێ بێ بەری بکەن و دیتیشمان کە چۆن دوای تیرۆری د.قاسملوو و هاورێیانی لە وییەن، بە سات وسەودای سیاسی و بازرگانی دەمی دەسەلاتدارانی ئەوسەردەمی حکوومەتی ئۆتریشیان بەست و تێرۆریستە نێردراوەکانیان بە بێ هیچ گیروگرفتێک بە فرۆکە بردەوە تاران.

## سێهەم: بواری سایکۆلۆژی وتێکشکاندنی روحیەی بەرگری وخۆڕاگری

کرداره تێرۆریستییەکان جگە لە بواری جەستەیەوە، لە بواری سایکۆلۆژییشەوە کاریگەریی خۆیان لە سەر بواری دەروونیی تاکی کورد هەیە و تێرۆری رێبەرانی کورد د. قاسملوو و د.شەرەفکەندی بە روونی ئەو مەسەلەی دەرخست وکاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەرروحیەی ئەندامانی حیزب لە پلەی یەکەم و بە پلەی دووهەمیش لە سەرروحیە و مۆڕالی تاکەکانی کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان داناوە و زۆر کەسی تووشی ناهۆمیدی و بێ هیوایی کردوە و رێژیم بەوکارە هەوڵی داوە کە بە تەواوی ورەی ئەندامانی حیزبی دێموکرات برووخێنێ و تۆوی ناهومیدی و شکست لە ناو ئەندامانی حیزبی بە تایبەتی و کۆمەڵگای کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان بە گشتی بچێنێ. تێرۆری د. قاسملوو و د. شەرەفکەندی ببوو بە هۆی ئەوەی کە ژومارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی خوازراو ونەخوازراو ریزەکانی حیزب بە جێ بهێڵن و یان ڕوو لە هەندەران بکەن و یان خۆیان تەسلیمی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و لە ئاکامیشدا دا ژومارەیەک لەوانەی خۆیان تەسلیمی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

ڕێژیم کردەوە ملیان بۆ داوای ڕێژیم لە مەڕ هاوکاری وسیخوری و چەک هەڵگرتن شۆڕکرد و کەوتنە شەڕی هاوسەنگەرانی پێشووی خۆیان و ڕێژیمیش بە پلان و بەرنامە لە هەوڵی پەرەپێدانی سیستمی جاشایەتی و کورد بە گژی یەکترداکردن دا بووە، بۆئەوەی کورد لە جیاتی خەبات و بەربەرەکانی لە دژی ڕێژیمی ئاخوندەکان، خەریکی خۆخۆری و شەڕی براکوژی بن.

هەرچەند کردەوەی تێرۆریستییەکەی رێستورانی میکۆنووس کە ببووە هۆی شەهید بوونی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەردی کەیسەکەی د.قاسملوو نەچوو و دەوڵەتی ئالمان نەیتوانی ساتوسەودا بە خوینی ئەو شەهیدانەوە بکا و لە ئاکامی ٣ ساڵ و چەند مانگ لێکۆڵینەوە و بردنی دەیان شاهید بۆ بەردەم دادگا، دادگای فێدرالی ئالمان راستەوخۆ سەرانی ڕێژیمی تارانی بە دەستهەبوون و فەرماندان بە جێبەجێکردنی ئەو تێرۆرانە مەحکوم و ریسوا کرد و ببوو بە هۆی خۆشحالیی گەلی کورد، بەڵام لە دەستچوونی د.شەرفکەندی خەسارێکی زۆرگەورە بوو کە وەحیزبی دێموکرات و وەخەباتی ڕزگاریخوازی لە رۆژهەڵاتی کوردستان کەوت وحیزبی دێموکرات وگەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستانی لە بوونی ڕێبەرێکی بەتوانا و لێزان و سیاسی بێ بەش کرد.

هەڵبەت جێگەی خۆیەتی کە خەمساردی وکەمتەرخەمیی وبە کەمزانینی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە لایەن ڕێبەرانی شەهیدەوە بە خاڵێکی زۆرلاوازسەیربکەین و ئەگەر د.شەرەفکەندی هەڕەشەکانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی بە هیند وەرگرتبا و ئاوا بێ موبالات نەچووبا لە گەڵ چەند کەسێکی نەناسراو کە هیچ گرینگییەکیان بۆ ڕیژیم نەبوو لە رێستورانی میکۆنووس تا درەنگانی شەو بە بێ پارێزەر کۆبوونەوەی نەکردبا، ڕەنگ با ئاوا بە سووک وسانایی نەوکەوتبا نێو داوی تێرۆریستەکانەوە و ئاوا بێ بەزەیانە شەهیدنەکرابا. شەهید بوونی د.شەرفکەندی خەسارێکی زۆر گەورە بوو کە وەحیزبی دێموکرات وخەباتی ڕزگاریخوازی لە رۆژهەلاتی کوردستان کەوت و ئێستاشی لە گەڵ بێ جێگای بە تاڵی هەست پێ دەکرێ.

کوردی رۆژهەڵات هیچکات نابێ پێشوازیی گەرم وگۆڕی نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیمی تێرۆریست پەروەری تاران لە کازم دارابیی تێرۆریست لە فرۆکەخانەی تاران لە یاد بکەن کە چلۆن دوای ١٥ ساڵ زیندان وگەڕانەوەی بۆ باوەشی کۆماری ئیسلامی وەکوو قارەمانی میللی دەستەگوڵیان لە ملی کرد و لە مێدیاکانی سەربە ڕێژیم وەکوو رۆڵەیەکی راستەقینەی ئیسلام باسیان لێوەکرد. با تیرۆری دوو ڕێبەری لێوەشاوە و هەڵکەوتووی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان دەرسێک بێ بۆ باقی ڕێبەرانی ئێستای حیزبەکانی رۆژهەلات کە لە هیچ کات وساتێک دا متمانە بە ڕێژیمی تێرۆریست وتێرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی نەکەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕوانگەی دوکتۆر سەعید دەربارەی مێژووی کورد



**مێهدی مێهرپەروەر**

کتێبی «کورتە میژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە سەدەی نۆزدەیەم تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی» ناوێکی ئاشنایە بۆ تێکۆشەرانی دێموکرات و ئەو کەسانەی بە دوای ئاگاداربوون لە مێژووی جووڵانەوەی کورد لە دوو سەدەی رابردوودا بوون. ئەم کتێبە لە نووسینی «سەعید بەدەل» دوکتۆر سادق شەرەفکەندییە.

کاک سەعید وەک کەسایەتییەکی ئاکادیمی، شۆڕشگێڕێکی ڕاستەقینە و ڕێبەرێکی واقیع بین لە دژوارترین قۆناخی خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە دەیەی ٦٠ی هەتاوی و سەرەڕای سنووورداربوونی دەستڕاگەیەشتن بەسەرچاوەگەلی مێژوویی، هەوڵی دا کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوەی کورد بەتایبەت لە دوو سەدەی رابردوودا لە دوو توێی کتێبێکدا بڵاو بکاتەوە.

ئەم کتێبە کە لە ٢ بەش و ٦ فەسڵ پێک هاتوە، لە فێرگەی سیاسی-نیزامیی حیزبی دێموکرات بووە یەکێک لەسەرچاوەکانی وانەی مێژووی بزووتنەوەکانی کورد. نووسەری ئەم دێڕانە کە ماوەی ٧ ساڵ لە فێرگە ئەرکی وانەوتنەوەی بەشێک لە وانە سیاسییەکان و یەک لەوان مێژووی بزووتنەوەکانی کورد بۆ بەشداربووانی فێرگەی سیاسی - نیزامیی لە سەر شان بوو، بەو ئاکامە گەیشتم کاک سەعید بە نووسینی ئەو کورتە میژووە ویستوویەتی ئەو پەیامە بە خوێنەرانی کتێبەکەی بدا، ئەگەر نەتەوەیەک ئاگاداری ڕابردووی خۆی نەبێ و وانە و ئەزموون لە ڕابردووی وەرنەگرێ و بەشێوەیەکی لۆژیکی شرۆڤەی ڕووداوەکان نەکا، بێگومان مەحکووم بەدووبارەکردنەوەی ڕووداوە تاڵەکان دەبێ، هەروەها دەیویست ئەوەمان پێ بڵێ یەکێک

لە گەورەترین کێشەکان کە کورد لەگەڵی بەرەوڕوو بووە و پێوەی ناڵاندوویەتی، نەبوونی کۆدەنگی لەنێوان ڕێبەران و پێکهاتەکانی کورد لە قۆناخە جیاجیاکانی مێژوودا بووە، هەروەها هەوڵی داوە بەئاماژەکردن بەشۆڕشە یەک لە دوای یەکەکان سەدەی نۆزدەیەم تا کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی خوێنەران لەوە ئاگادار بکاتەوە هەر چەندە هۆکاری شکستی ڕاپەڕینەکانی کورد فرت و فێڵ و هێزی نابەرانبەری سەربازیی وڵاتانی داگیرکەر بووە، بەڵام هۆکارێکی دیکەش لە ئارادا بووە ئەویش ناکۆکی و ململانێی ناو ماڵی کورد بووە کە زیان و ئاسەوارەکانی زۆر گرانتر و بەژانتر بووە لە نییەتی دوژمنانی سوێندخواردووی کورد.

کاک سەعید لە کتێبەکەیدا کە دێتە سەر باسی ئاکامەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیی و دۆخی کورد لەو سەردەمەدا پێی وایە گونجاوترین دەرفەت بووە بۆ کورد تا سەربەخویی وڵاتەکەی ڕابگەیەنێ، بەڵام لە بەر چەند هۆکارێک و یەک لەوان نەبوونی ڕێبەرییەکی یەکگرتوو ئەو ئاواتەی کورد نەهاتووەتە دی، لەو بارەوە دەنووسێ:
«... بۆ کورد قۆناخی نێوان ١٩١٨ و خەرمانانی ١٩١٨ گونجاوترین کاتی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نیشتمانی بوو. ئەم ئاواتەش لە نێوان خەرمانانی ١٩١٨ تا سەرەتای زستانی هەمان ساڵ هێشتا ئیمکانی هەبوو، چونکە لەو ماوەیەدا بەتەواوی بۆشایی سیاسی لە تورکیە و ناوچە داگیرکراوەکانی عوسمانی دەبینرا.

سەربازەکانی فەڕەنسا، بریتانیا، ئیتالیا و یونان زیاتر لە سێ لەسەر چواری خاکی تورکیایان داگیر کردبوو، یەکێتیخوازان لە مەیدان وەلانرا بوون و دەسەڵات و نفووزی سوڵتان و حکوومەت لە چوارچێوەی پایتەختی عوسمانی نەدەترازا و سوپای عوسمانی بەیەکجاری لێک بڵاو ببوو و ئەفسەر و کادرەکانیان سەریان لێ شێوا بوو، رووسیاش ببووە وڵاتی شووراکان و وازی لە زێدەخوازییەکانی رووسیای تێزاری هێنا بوو، دۆخی سوپای ئێرانیش لە سوپای عوسمانی باشتر نەبوو.

بەراستی لە مێژوودا ئەو سەردەمە گونجاوترین کات بوو بۆ رزگارکردنی کۆی کوردستان و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و ئەگەر لە نێو کورد و رێبەرانی ئەو کاتدا توانایی پێکهێنانی دەوڵەتێکی ئەوتۆ هەبایە، ئەگەری بەهێز هەبوو فەڕەنسا و بریتانیاش قبووڵیان بکردایە، بەڵام ئەم دەرفەتە گونجاوە لە کیس نەتەوەی کورد چوو. چوونکە کۆمەڵگای کورد بەو رادەیە پێش نەکەوتبوو کە لە ژێر کاریگەریی سیستەمی دەرەبەگایەتی رزگاری بێ و لە دەوری رێبەرییەکی یەکگرتوو و مۆدێرن کۆ بێتەوە، رێبەریی بزووتنەوەی کورد کە لە گرووپەکان، کەسایەتییەکان و حیزبە جۆراوجۆرەکان پێک هاتبوون، بەهۆی دووبەرەکی و تایبەتمەندیی عەشیرەیی تووشی لێکترازانی فیکری ببوون، هەربۆیە لە رووی تێگەیشتنی سیاسی و مێژوویی، لە ئاست بارودۆخی هەستیار و قەیراناویی ئەو سەردەمە نەبوون....» کاتێک گۆڕانەکانی ناوچەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پێگەی کورد لەم هاوکێشەیەدا هەڵدەسەنگێنین، دەردەکەوێ ڕەوشی کورد بەبەراورد لەگەڵ ڕابردوو گۆڕانی بەرچاو و ریشەیی بەخۆوە بینیوە، بەشێوەیەک مێژووی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و ئەو دەرفەتە گونجاوە کە کاک سەعید ئاماژەی پێ کردوە، خەریکە دووپات دەبێتەوە.

لە کوردستانی باشوور تا رادەیەک مافەکان دەستەبەر کراون و ڕەوشی ئەو هەرێمە جێگیر بووە، هەر چەند چارەنووسی بەشێک لە خاکەکەی هەروا ناروونە. کوردستانی ڕۆژئاوا لە جۆش و خرۆشدایە و چاوەڕوان دەکرێ ئەسەد هەمان چارەنووسی قەزافیی هەبێ. پرسی کورد لە تورکیا پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێوە و ڕەوشی ئێرانیش چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا لە خراپترین حاڵەتدایە. پرسی کورد کە لە ڕابردوودا هەوڵ دەدرا وەک پرسێکی ناوخۆیی سەیر بکرێ، بووەتە پرسیکی ناوچەیی و تەنانەت جیهانیش، هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچە بە پێچەوانەی ڕابردوو کە بەردەوام بەزیانی کورد بووە ئێستا تا رادەیەک لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی کورد دایە.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش، ئایا ئەم ڕەوشە کە ئێستا کورد تێیدایە و زۆر بەکورتی باسم کردوە، ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی پاش نزیک بە سەدەیەک، دەرفەتێکی گونجاوی دیکە بۆ کورد هاتووەتە پێش تا بتوانێ چارەنووسی خۆی دیاری بکا، کورد تا چەند ئامادەیە قەرەبووی هەڵەکانی ڕابردووی بکاتەوە و بەخوێندنەوەیەکی نوێ پێشوازیی لە گۆڕانەکان بکا؟ ئەگەر پێوەندیی نێوان ڕێبەران و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە ئێستا لەگەڵ ڕابردوو بەراورد بکەین بەداخەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینین، هەر پارچەیەک لە کوردستان بەدەست کۆمەڵێک کێشە ناوخۆیی، دووبەرەکی و لێکدابرانەکانەوە دەناڵێنێ، جارێکی تر ئەو نیگەرانیە سەر هەڵدەداتەوە بڵێی ئەم دەرفەتەش لە کیس کورد بچێ؟

لە کاتێکدا یادی ٢٠ ساڵەی شەهید بوونی کاک سەعید و هاوڕێیانی دەکەینەوە کە کورد لە هەموو کات زیاتر پێویستیی بەیەکریزی و کۆدەنگیی هەیە، واتە ئەو پەیامەی کە کاک سەعید ویستوویەتی بەنووسینی «کورتە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد» بەئێمەی بگەیەنێ، هیوادارم بۆ جارێکیش بێ دەرس لە مێژوو وەربگرین و ناچار نەبین ڕووداوە تاڵەکان دووپات بکەینەوە.

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"(ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەهید دوکتۆر سەعید لە چەند وشەیەکدا



عەبدوڵڵا ئیبراهیمی

مێژووی کورد زۆر کەڵەپیاوی نەبەزی بەخۆوەدیون، کە هەرگیز لەبیرناچنەوە و مردنیان زیانی قەرەبوونەکراوی لە بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی یەک لەدووی یەک و بێ پسانەوەی گەلەکەمان داوە. ئەو کەڵەپیاوانە لەهەرسەردەمێکدا دەگمەنو بێوێنەن، یا وێنەیان زۆرکەمە و هەربۆیەش پڕکردنەوەی جێگایان زۆر ئاستەم بووە. بێگومان تا ستەم بمێنێ ئاگری شەڕ و بەربەرەکانی دژی ستەمکاران ناوەستێ و گەلی ستەم لێکراو و بەشخوراوی کوردیش لەو قانوونە بەدەرنیە.

دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی، ناسراو بەدوکتۆرسەعید، یەکێک لەهەڵکەوتووترینی ئەوکەڵەپیاوانەی مێژوومان بوو. ئەو وەک مامۆستا هەژاری برای باس دەکا، بەکوێرەوەری پێگەیشتبوو. بەکوێرەوەری ئاشنابوو و ژیانی براگەورەکەشی دردو مەینەتی گەلی کوردی پێناساندبوو. هەر ئەوەش بوو بەهاندەری پەیوەندی گرتنی بەحیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان. ئەمن شانازیی ئەوەم پێبڕابوو کە زۆر لەنیزیکەوە لەگەڵی لەپەیوەندیدابم. هەر لەسەرەتای بەرپرسیارەتیم لە کۆمیتەی پیرانشار لە ساڵی ١٩٨٠ ڕا کە بەربەرەکانییەکی توندم هەبوو لەگەڵ تاوانبارییەکانی کەریمی و دارودەستەکەی لەوشارەدا، زۆرجار لەسەرم وەجواب دەهات. بۆیە ئیزنم بدەن، نەک بەشێوەیەکی ئەدیبانە و نووسەرانە بەڵکوو بەپێی ئەوهەستەی لەحاستی گەورەیی ئەوپیاوە مەزنەی گەلەکەمان، لەکانگای دڵمدایە لەسەری بدوێم. بەواتایەکی دیکە با وتاری ئەدەبی نەدەم و بەزمانی دڵم کە زمانێکی ساکارە، پێناسەی بکەم. ئەوهەر لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران ڕا دەوری خۆی لەحیزبدا بەو پەڕی لێهاتوویی‌و شارەزایی گێڕا. ئەو نەک هەر ناوی سادق بوو، بەڵکوو لە کردەوەشدا نموونەی سەداقەتو پاکی بوو. زۆر نەترس و لەبڕیاردا ئازابوو. زۆر مەزن و پێشەوای گەلەکەمان، سەریان لەڕێی ئەو ئازایەتییە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دانا. ئەو ئازایەتییە بەداخەوە بێباکی‌یەکی مەترسیداری پێ بەخشیون، کە بۆتە هۆی لەدەستچوونیان. بۆ نموونە چ دوکتۆ قاسملوو و چ دوکتۆرسەعید، ئەگەر چەند گیانپارێزی ئورووپاییان بۆ رۆژی دیدارەکانیان لەگەڵ ئێرانیان، بەکرێ گرتبان، کە لەزمانی وتووێژەکانیشیان نەدەزانی، ئەمرۆش لەوانەبوو هەر لەناومان بان.

دوکتۆر سەعید، لە رەفتا لەگەڵ هاوسەنگەرانیدا زۆر بێ‌ریاو مێهرەبان بوو، هەمیشە پێکەنینێکی شیرن و خۆشی لەسەرزاری بوو. لەبەرانبەر نارەواییدا زۆر هەڵدەچوو و بێدوودڵی بریاری دەدا. هەمیشە دێتەوەبیرم، کە ئەوکاتی کە بوو بە سکرتێری حیزب، ئەمن لەکۆمیسیۆنی ماڵی بووم. ئەگەرکەسێک دیارییەکی بۆبردبا، بانگی دەکردمو دەیکوت: «.... ئەو شتەی بۆهێناوم، بزانە ئەو بە یارمەتیی پێشمەرگایەتی چۆن دەتوانێ دیاری بۆمن بۆ بێنێ!» ئەو نەخۆشیی گەدەی هەبوو و چێشتەکانی ساڵۆنی نانخواردنی حیزبی پێنەدەکەوتن. لەکۆمیسیۆنی ماڵی بریارمان دا مریشکی بۆ بەرنو لە سکرتاریا بۆی ببرژێنن. کاتێک بەوەی زانی زۆر توورە بوو. کوتی: «شتی وا قبووڵ ناکەم، ئەوەی ئێوە لەساڵۆنی نانخواردن دەیخۆن، ئەمنیش هەر ئەوەم دەوێ‌و ئەگەر بە شتێکیش گەدەم نارەحەت بوو نان‌و پەنیر یا شتێکی ساکاری دیکە دەخۆم.

دوکتۆر سەعید، لە پێوەندیدا مرۆڤێکی زۆر خاکی‌و بەدوور لە خۆبەزلزانی بوو. ئەو بەراستی کەسێک بوو کە پلەی بەرزی حیزبایەتیی هەر بۆ خزمەت دەویست، نەک بۆ خۆ گەورەکردن. بۆخۆی ئەوەندە گەورەبوو کە پێویستیی بەوەنەبوو خۆ گەورە بنوێنێ. رۆژێکی بۆ کارێکی پەیوەندیدار بە کۆمیسیۆنی ماڵی، چووم بیبینم. بەرپرسی سکرتاریا کوتی «دانیشە جارێ میوانێکی لەلایە،

بائەو بێتەدەر تا پێی بڵێم تۆ هاتووی». شتێکی وای پی‌نەچوو کاک دوکتۆر میوانەکەی بەرێ‌کرد، کەچاوی بەمن کەوت، نارەحەت بوو، کوتی: «بۆ لێرەدانیشتووی؟» کوتم «میوانت هەبوو راوەستام تا ئەو بروا «کوتی برا تۆ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەرکات هاتی دەتوانی سکرتێر ببینی، پێویستناکا لێرە دانیشی‌و چاوەروان بی!» ئەوە هەڵوێستێک بوو کە ئەوەندەی من دیتم، دوای شەهید بوونی کاک دوکتۆر سەعید، ئەگەر بۆ هەمووانیش نا، لانی‌کەم بۆ هێندێکان وەلانرا.

ئەو کەسێک بوو کە لە رێبەریکردنی حیزبدا بەراستی توانی جێگای دوکتۆر قاسملوو پرکاتەوە. بریارو هەڵوێستەکانی زۆر ژیرانەبوون‌و لە وتاردا تووشی هەڵەی سیاسی نەدەبوو و سیاسەتوانێکی کارامە و وردبین بوو. باوەری تەواوی بە یەکێتیی نەتەوایەتیی کورد بوو و سەرکەوتنی هەر پارچەیەکی کوردستانی بە ئی هەموو کورد دەزانی. لەرۆژی گیرانەوەی کەرکووکدا، لەپێش سکرتاریا بووم. شەهید دوکتور هەر هاتە پێش دەرکە و دەستی کرد بەتەقەی خۆشی. زۆرمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

پێ‌سەیربوو، چونکە ئەو هەمیشە دژی کاری وابوو و لەبۆنە خۆشەکاندا نەیدەهێشت بیکەین. پاشان لێمان پرسی سەرەڕای ئەوەی هەمیشە ئامۆژگاریی دەکردین خۆ لەوکارە بپارێزین، چۆن بوو ئەوجارە بۆخۆی تفەنگی بەحەواوە هەڵتۆقاند! لە وەڵامدا کوتی ئەو بۆنەیە ئەوەندە خۆشە کە نرخی ئەوەی هەیە تەقەی خۆشیی بۆ بکەی. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی کوردستانی باشوور و دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دەیکوت ئەگەر بزانین کاری چەکداریمان زیان بەو ئازادییە دەگەیەنێ دەبێ وەلای نێین. باوەڕێکی قووڵی بە پێوەندیی دۆستانە و هاوکاری دەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران هەبوو و وەک دیتمان بەداخەوە سەریشی هەرلەو ڕێیەدا دانا. لەپێوەندیی نێونەتەوەییشدا، پیاوێکی سەرکەوتوو و لە نێو وڵاتانی ڕۆژئاوادا باش نەسرابوو و دۆستی زۆری لەوێ هەبوون.

ئەویش وەک دوکتۆر قاسملوو چاونەترسو ئەهلی خەتەرکردن بوو. بەداخەوە سەرەڕای ئەزموونی تاڵی سکرتێری پێشووی حیزب لەو گۆڕەپانەدا، تووشی هەمان هەڵە بۆوە و بەبێ ڕەچاوکردنی باری ئەمنی لەگەڵ نوێنەرانی چەند ڕەوتێکی سیاسیی ئێرانی لە قاوەخانەیەک دانیشت و کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بەئاسای توانیی دەستی لێ‌بوەشێنێ. یادی بەخێرو ڕووحی شادبێ.

ئادیلاید - ئوستەرالیا

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەرەفکەندی، نموونەی مودیرێکی مودێڕن



**هەیاس کاردۆ**

بۆ ڕاگرتنی نەزمی کۆمەڵ و هەڵسووڕاندنی چەرخی ژیانی کۆمەڵایەتی، مودیر و مودیرییەت وەک پێویستییەکی حاشا هەڵنەگر خۆی دەنوێنێ. لە چووکترین ئۆرگانی کۆمەڵ ڕا کە بنەماڵەیە هەتا دەگاتە بەربڵاوترین بەشی کە دامودەزگای حکوومەتییە، مودیرییەت وەک ئەسڵێکی گرینگ حیسابی بۆ دەکرێ و نەبوونی، نەزمی ژیان تێک دەدا. بە تایبەت لە کاری سیاسی و ئابووری دا مودیرییەت دەتوانێ ڕۆڵی یەکجار گرینگ لە بۆپێشەوە بردن یان بۆ دواوە گێڕانەوەی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵ دا بگێڕێ و هەر بۆیە چووکترین هەڵە لەو بوارەدا زیانی قورسی بەدواوە دەبێ.

حیزبی سیاسی مەیدانێکی باشە بۆ خۆ تاقی کردنەوە لە بواری مودیرییەت دا چونکە ئیدەی دامەزرانی حیزبی سیاسی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و بەرێوەبردنی نەزمی کۆمەڵە. حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانیش کە دەیان ساڵە لە پێناوی گەیاندنی خەباتی خەڵکی کوردستان بە سەر مەنزڵی مەقسوود دا خەبات دەکا، ئاساییە لە بواری مودیرییەت دا ئەزموونی باشی وەسەر یەک نابێ و گرینگیی زۆری پێ بدا. لە نێو ڕێبەرانی حیزبی دێمۆکڕات دا دوکتۆر شەرەفکەندی وەک مودیرێکی وشیار، بە بڕشت و دووربین بە حیساب دێ.

ئەمن کە شانازیی ئەوەم پێ براوە بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە ژێر مودیرییەتی دوکتۆر شەرەفکەندی، لە بەشی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکڕات دا کار بکەم بە قووڵی لە تواناکانی مودیرییەت و بەرێوەبەریی ئەو مرۆڤە حاڵی بووم. لەو تایبەتمەندییانەی کە مودیرێکی سەرکەوتوو دەبێ هەیبن و لە دوکتۆر شەرەفکەندی دا هەبوون دەتوانم ئەوانە ناو بەرم کە

خۆم لە نیزیکەوە هەستم پێ کردوون:

١- **دوکتۆر شەڕەفکەندی** هەتا بڵێی مرۆڤێکی بە هۆش و زیرەک و زانا لە بواری جۆراوجۆردا بوو. مامۆستا حەسەنزادە کە خۆی بۆ ماوەیەکی زۆر هاوکاری نیزیکی بووە لە بارەی زیرەکیی ناوبراوەوە دەڵێ: «هیچ بێ ئەدەبی نییە لە بەرابەر ڕووحی دوکتۆر قاسملوودا کە بڵێم لەباری ئەوەی پێی دەڵێن زەکاوەت و بیر تیژی، زۆر لە پێش دوکتۆر قاسملووی بوو. لەو بارەیەوە ئەو زیرەکتر بوو. لە هێندێ کاری مودیرییەتیش دا لە دوکتۆر قاسملووی بە بەرنامەتر و ڕێک و پێکتر بوو. قابلییەت و خەسڵەتی ئەوەی کە ببێتە ڕێبەر تێدا هەبوو». (وەرگیراو لە کتێبی ئەزموونی خەبات، ئاوڕێک لە ژیان و خەباتی عەبدوڵڵا حەسەن زادە). دوکتۆر شەڕەفکەندی لە دانی زانیاری بە ئەفرادی ژێر مودیرییەتی خۆی دانەدەما. بۆ هەر مەبەستێک و لە هەر بوارێک دا پرسیارت لێ کردبا شتی بۆ گوتن هەبوو. ئەوەش وەنەبێ هەر لەخۆوە وەڵامی دابنەوە، بەڵکوو هەمووی لە سەر بنچینەی فاکت و سەرچاوەی باوەڕپێکراو بوو. من بۆخۆم چەندین جار شاهیدی ئەوە بووم کاتێک پرسیارم لێ دەکرد تەنیا بۆ لە کۆڵ خۆ کردنەوە وەڵامی نەدەدایەوە بەڵکوو دەیویست لەو ڕێگایەوە زانیاریی پێویستم بداتێ. ئەو باش لەوە ئاگادار بوو تیمێک کە کارێکی هاوبەش دەکەن هەتا زانیاریی زیاتریان هەبێ کارەکەیان باشتر ڕادەپەڕێنن. بۆیە گرینگیی زۆری بە زانیاری و ئاگادار بوون دەدا. بەتایبەت کە ئەوکات خۆی بەرپرسی ڕاگەیاندن بوو و دەبوو زانیاریی دروست تەحویلی خەڵک بدا. لەو ماوەیەدا کە لە ژێر مودیرییەتی دا کارم دەکرد قەتم هەست نەکرد جارێک شتێکی لە بیر چووبێتەوە. یانی هەر شتێکی پێی دەگوترا یان داوای لێ دەکرا، یان هەر بڕیارێکی دەدرا و دەبوو بەدواداچوونی بۆ کرابا محاڵ بوو لە بیری بچێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە ئەو جێگری سکرتێری گشتیی حیزبیش بوو کە لە باری فکرییەوە زۆر سەرقاڵ بوو. لە کاری مودیرییەت و بەڕێوەبەری دا هۆش و زیرەکی زۆر گرینگە کە دوکتۆر شەڕەفکەندی بە زیادەوە لێی بەهرەمەند بوو.

٢- **دوکتۆر شەڕەفکەندی** ئەهلی کار و خۆ ماندوو کردن بوو. لەو ماوەیەدا کە لە نیزیکەوە ناسیومە و کارم دەگەڵ کردوە قەت نەمدیت بێکار بێ. بەدایمە خەریک بوو. بەڕاستی سەرم سوڕ دەما ئەو کابرایە چۆن دەتوانێ ئەوەندە کار بکا. مودیری باش دەبێ خۆی سێمبولی کار و خۆماندوو کردن بێ ئەگینا خەڵکی ژێر مودیرییەتی خۆیان لە کار دەدزنەوە. ئەمن کە زاتەن ئینسانێکی پڕ کار و هەڵسوور نەبووم، ئەو ماوەیەی لە خزمەتی دا کارم کرد شەرمم دەکرد خۆم بخافڵێنم، چونکە هەتا ئەوم دەدیت خەریکی کارێکی بەسوود بوو. بەڕاستیش هەوڵم دا ئەو نەمرە بکەمە سەرمەشقی کار و ئەوەندەی بتوانم خۆم ماندوو بکەم. ئەو کات کە من لە ڕادیۆ و چاپەمەنی کارم دەکرد و ئەو نەمرە بەرپرس بوو پڕکارترین و بە بەرنامەترین و ڕێکوپێکترین بەشەکانی حیزب ئەو دوو بەشە بوون. بەشی زۆری ئەو ڕێکوپێکییەش وێڕای ئەوەی کە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سروشتی کار لەو بەشانە دا ئەوەی دەوێ، پڕ کاری و ماندوویی نەناسیی بەرپرس و کارگێڕەکانی بوو. لە بیرمە بێ ئەوەی کاری من لە ڕادیۆ وتار نووسین بێ، هەر بۆ ئەوەی بێکار نەبم ڕۆژێک دەستم بە نووسین کرد و یەکەم وتارم بۆ ڕادیۆ بە ناوی «ڕێگای قودس لە کەربەلاوە نیزیکترە» نووسی و تەحویلی کاک سەعیدم دا. ئێوارێ کاتێک من لە بەر سێبەری دیواری دیوی کاری ڕادیۆ ڕاوەستابووم دیتم وتار بەدەست و بە پێکەنینەوە بۆ لام هات. فەرمووی «وادیارە دەستی تەنز نووسینت هەیە و من نەمزانیوە. ئێمە لە ڕادیۆ پێویستیمان بەو جۆرە وتارانە هەیە کە بە زمانی تەنز سیاسەتەکانی ڕێژیم لە قاو بدەن. ئەمن تەشویقت دەکەم درێژەی پێ بدەی و زەحمەتی منیش برێک کەم کەیەوە». پاشان باسی لاوازییەکانی وتارەکەی بۆ کردم و نیشانی دام چەندەی خەتی سوور پێدا هێناوە و لە ژێرەکەی شتی دیکەی نووسیوە بە جۆرێک کە نووسراوی من بە کەمی بەرچاو دەکەوت. بەڵام بەو حاڵەش وای لێکردم درێژە بە نووسین بدەم و لەو ڕێگایەوە هەم خۆم فێر کەم هەم بەشێک لە زەحمەتەکانی ئەو نەمرە کەم کەمەوە. مەبەستم ئەوەیە بڵێم مودیری باش و پڕکار نەک هەر دەتوانێ دەزگای ژێر مودیرییەتی خۆی بە چالاکی هەڵسووڕێنێ، بگرە بۆی هەیە دەوری ڕێنوێن و مامۆستاش بگێڕێ و کەسانی ژێر مودیرییەتی فێری کاری بە بەرنامە و بەردەوام بکا.

٣- **دوکتۆر شەرەفکەندی** مودیرێک بوو ناحەقی و بێ نەزمی لە کەس قبووڵ نەدەکرد. لەئۆرگانی ژێر مودیرییەتی ئەو نەمرە دا کەس بۆی نەبوو بێ نەزمی بکا و کاری ئێستا بۆ سبەی بێڵێتەوە. ئەو کە خۆی ڕێک و پێک و بە بەرنامە بوو لە کەسانی ژێر مودیرییەتی خۆشی دەویست بە نەزم و بە دیسپلین بن. ناوبراو بۆ گەیشتن بە پلەی سەرتر خۆی بە قەرزداری کەس نەدەزانی و هەوڵی نەدەدا لە کاری مودیرییەت دا خۆبەخۆیی و دەستەبەندی پێک بێنێ. سەراحەت و ڕووک وێژی لە وتە و کرداری دا بە تەواوی خۆی دەنواند و لەو بارەوە کەسێکی کەم وێنە بوو. ئەو نەمرە وێڕای بوونی ئەو خسڵەتە، هەوڵی دەدا چوارچێوەی شوێنی کار لەو پەڕی گەرمی و دۆستانە دا ڕابگرێ و هەستی خۆ بەکەمگرتن و لێک نامۆ بوون بەتەواوی لەنێو بەرێ. نەزمێک کە ئەو دەیویست نەزمێکی ویشک و سەربازی نەبوو، بەڵکوو نەزمێکی وشیارانە و لەڕووی مەیل و بۆ گەیشتن بە ئاکامێکی باشتر و بە سوودتر بوو. هەربۆیە لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە ئەو نەمرە بەرپرسی ڕاگەیاندنی حیزب بوو و من لە نیزکەوە ئاگام لێ بوو کەس بۆڵەی نەدەهات و تاقە کەسێک گلەیی نەبوو. کەس خۆی وەپاش نەدەدا و لەپشت سەری یەکدان مانای نەبوو. هەموو وێکڕا بۆ کاری هاوبەش هەنگاویان هەڵدێنا و هەرکەس دەیزانی ئەرکی چییە و چۆن دەبێ بەڕێوەی بەرێ.

٤- **سادەیی و خۆمانە بوون** تایبەتمەندییەکی بەرزی نەمر دوکتۆر شەرەفکەندی بوو کە لە کاری مودیرییەت دا یەکجار گرینگە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە چۆنیەتیی ڕاپەڕاندنی ئەرکەکان دا هەیە. کاک سەعید کە لە باری خوێندەوارییەوە

بەرزترین پلەکانی بڕیبوو و لە نێو کۆمەڵی دانیشگایی ئەوکاتی ئێران دا کەسێکی ناسراو بوو و جگە لەوەش لە نێو دەزگای شۆڕش دا کەسایەتییەکی خاوەن نفووز بوو، کەچی لە نێو کۆڕی هاوکارانی دا چووکترین ئاسەواری خۆبەزلزانینی تێدا بەدی نەدەکرا. لە کاتی کاردا خۆمانە و دۆستانە بەرخوردی دەکرد و هەوڵی دەدا لێکحاڵیبوون و تەفاهوم جێگای دەمەقاڵە و ملبەملە بگرێتەوە. لە کاتی حەسانەوە دا وێڕای هاوسەنگەرانی دیکەی بەو ئیکماناتە کەمەی لە بەر دەستیان دا هەبوو قەناعەتی دەکرد و هەوڵی دەدا شادی و خۆشی باڵ بەسەر کۆڕەکەدا بگرێ. ئەو کە هاوخەرجی چەند کەس لە وێژەران و بەرێوەبەرانی دەنگی کوردستان بوو (نەمر کاک تەها عەتیقی، بەرێز کاک ئەحمەد شێربەگی، تێکۆشەر خەدیجەی مەعزوور و کاک مەنسوور خوسرەوی)، دواتر کاک مەنسوور ماڵی پێکەوە نا و لێیان جودا بۆوە، وێڕای ئەوان لە کارەکان دا بەشداری دەکرد و هەمان خواردنی هەبوو کە بۆ هەموویان ساز دەکرا. ژووری کاری ڕادیۆ هەمان ژوور بوو کە ئەوان بۆ نان خواردن کەڵکیان لێ وەردەگرت و تەنانەت ژووری میوانیش بوو. هەموو بەیانان کە ئێمە لە شوێنی ژیانمانەوە دەچووین بۆ کاری ڕادیۆ، دەمدیت ئەو چەند کەسە لە سەر سفرەیەکی سادەی چووکەڵە دانیشتوون و زۆر جار نان و پەنیر و گوێزیان لە پێشە. کاک سەعید زۆر بە ئیشتیا بابۆڵەی پەنیری کووپەی دروست دەکرد، گوێزی ڕەگەڵ دەخست و بە چای شیرین دەی خوارد. من هەتا ئەوکات قەت نەم دەزانی نان و پەنیر و گوێز بە یەکەوە دەخورێن بەڵام لە لای ئەو بەرێزانە فێر بووم و زانیم خواردنی خۆش بە گران بوونی نییە بەڵکە بە چۆنیەتیی خواردنیەتی. لەبەر ئەوە زەبتی بەرنامە بەیانان زوو بوو هەموو ڕۆژێ کە ئێمە دەگەیشتینێ چاوم لێ بوو کاک سەعید هەم نانی دەخوارد و هەم بە بابەتەکانی بەرنامەی ڕۆژ دا دەچۆوە. لە پێداچوونەوەش دا بە ڕادەیەک ورد و دەقیق بوو کە کەم واهەبوو هەڵەی لە ژێر دەستی دەربچێ. بەو جۆرە ئەو مرۆڤە مەزنە ژیانی سادەی نێو شۆڕشی کردبووە مەیدانی هەڵسووڕانی بەردوام بۆ بردنە پێشی کاروباری حیزبی و لەو ڕێگایەشەوە خزمەت بە ئامانجەکانی کورد. بەو سادەیی بوونەی وای کردبوو هەموو وەک ڕەفیق چاومان لێ دەکرد و هەر پێمان دەگوت «کاک سەعید».

٥- **دوکتۆر شەرەفکەندی** کەسێکی دووربین بوو. لە کاری مودیرییەت دا و بەتایبەت بۆ کاری سیاسی دوور بینی گرینگیی زۆری هەیە. کاک سەعید پێشڕەفتی کارەکانی تەنیا لەو کاتەدا نەدیت کە سەرکەوتنێک مسۆگەر دەبێ، بەڵکوو داهاتووی ئەو هەوڵانەی لێک دەدایەوە و پێش بینیی زۆر ڕووداوی دەکرد کە بۆ ئێمەمانان لەو کاتەدا چاوەڕوان نەکراو بوو. لە بیرمە بەرەبەری ئاشتیی نێوان ئێران و عێراق دوای شەڕی هەشت ساڵەیان، من لە وتارێکی ئاگرین دا لۆمەی هێندێک هێزی دیکەم کردبوو کە بە کردەوە شەڕی چەکداری ناکەن و تەنیا قسەیان هەیە. هەر لەو وتارەدا زۆرم بە بەژن و باڵای شەڕی چەکداری هەڵلا گوتبوو و حیزبی دێمۆکراتم بە تاقە سواری ئەو مەیدانە ناو بردبوو. دوکتۆر شەرەفکەندی وتارەکەی ڕەت کردەوە و وێڕای ناردنەوەی وتارەکە بۆخۆم ئەم کورتە نووسراوەشی دەگەڵ ناردبوو: « کاک هەیاس گیان! لە گەڵ سڵاو و

## بەشی دووهەم

سوپاس. لە هەل ومەرجی ئێستا دا کە درێژەی خەباتی چەکدارانە داهاتوویەکی ڕوونی نیە، پێ هەڵگوتن بەو شێوە خەباتە و بە تەنیا ڕێگای مبارزەی عملی دانانی، کارێکی دروست نیە. باشترە بە کردەوە بیکەین، بێ ئەوەی بە ظاهر زۆر پێی هەڵبلێین. چونکە ئەگەر مثلا هەتا بەهار سوڵح بینی ئێران و عێراق کرا، ئەودەم ئەو سازمانانە کە ئێستا قسەیان پێ دەڵێی سوارن و ئەتۆ پیادە! هەر خۆش بی. برات سەعید ١٠ - ٧ - ١٣٦٨». ئەوە یەک لە دەیان پێش بینیی ئەو نەمرە بوو کە خۆم لە نیزیکەوە لێم دەبیست کە ڕادەی وردبینیی ناوبراویان دەر دەخست.

ئەو چەند خاڵەی لە بارەی مودیرییەتی کاک سەعید باسم کردن تەنیا لە بواری بەڕێوەبەریی ئۆرگانێکی وەک ڕاگەیاندنی حیزب دا بوو و تەنیا ئەوانەش بوون کە خۆم هەستم پێ کردبوو. هەر وەک دیتمان دواتر دوکتۆر شەرەفکەندی جێگای شەهید دوکتۆر قاسملووی گرتەوە و بوو بە کەسی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات. لەو بەرپرسایەتییە دا بوو کە ڕادەی لێوەشاوەیی ناوبراو زیاتر دەرکەوت و دیققەت و وردبینی و دووربینییەکانی ناسران. لەو ماوە کەمەی پێش شەهید بوونی دا کە ڕۆڵی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی دەگێڕا هەر بەو لێزانی و متمانە بەخۆ بوون و خۆمانە بوونەی خۆی توانی متمانەی هەموو لایەک وەربگرێ و حیزبی دێمۆکراتی دوای دوکتۆر قاسملوو لە مەترسیی وەرەبەردان و شل بوونەوە لە بڕینی ڕێگای سەختی خەبات بپارێزێ. نموونەی دوکتۆر شەرەفکەندی ئەوەمان پێ دەڵێ کە گەورەیی کەسایەتییەکان بە شوێندانەر بوونیان لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و ڕادەی کارتێکردووییان لە سەر کۆمەڵگا دا دەردەکەوێ. دوکتۆر شەرەفکەندی بێ ئەوەی خۆی سوور و شین هەڵگێڕێ و شەو ڕۆژ دەفکری کرینی دەنگی لایەنگر دا بێ، توانیبووی تواناکانی خۆی بسەلمێنێ و وەک مودیرێکی سەرکەوتوو ڕێبەریی حیزبێکی گەورە وەئەستۆ بگرێ. هەر بۆیەش دوژمنی دڵڕەق ڕەحمی پێ نەکرد، لێی خەفتا هەتا مەجالی لەداو خستنی وەدەست هێنا و ئەو کەسایەتییە لێهاتوویەی کوردی شەهید کرد.

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# کورتەیەک لە ژیانی شەهیدانی ١٧ی سێپتامبری بێرلین



**ئامادە کردنی: شۆڕش**

## دوکتور سادق شەرەفکەندی

ڕێبەری شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی. رۆژی ٢١ی بەفرانباری ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەرو ئایینی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لە دایک بوو. لە منداڵیدا باوکی لە دەست دەداو سەرپەرستییەکەی دەکەوێتە سەر شانی برا گەورەکەی. شاعیری میللیو نیشتمانپەروەری کوردستان مامۆستا هەژاری نەمر. سەردەمیی منداڵیی د. سادق شەرەفکەندی هاوکات بوو لەگەڵ پەرەسەندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانو دامەزرانی کۆماری کوردستان. رێنوێنیو ئامۆژگارییەکانی برا زاناو خەباتگێڕەکەی دەبێتە هۆی نەخش بەستنی زۆرێک لە دیمەنەکانی قۆناخی مێژوویی ئەو کات لە بیرو زەینیدا. د. شەرەفکەندی بەشێک لە خوێندنی سەرەتایی لە بۆکانو پاشان کە بنەماڵەکەی لە مەهاباد گیرسانەوە, بەشەکەی دیکەی خوێندنی سەرەتاییو دەورەی ناوەندیی لەو شارەو کۆتایی قۆناخی دەبیرستانی لە تەورێز تەواو کرد. ساڵی ١٣٣٨ لە «دانشسرای عالی»ی تاران لیسانسی شیمیی وەرگرتو هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای دەرسی شیمیو هەتا ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە شارەکانی ورمێو مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتییەوە خەریک بوو. سەرەنجام «ساواک» ئەو خزمەتەی لە کوردستان پێ ڕەوا نەدیو لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی دیکەی هاوبیری بۆ شارەکانی ئەراکو کەرەج دوور خرانەوە.

د. سادق لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی بۆ زانستگەی تەربیەت موعەللیم گوێزرایەوەو وەک یاریدەدەری مامۆستای زانستگە

## بەشی دووهەم

دەرسی شیمیی دەوتەوە. ساڵی ١٣٥١ی هەتاوی بە کەڵک وەرگرتن لە بورسی وەزارەتی علووم چوو بۆ فەرانسەو دوای چەند ساڵ مانەوە لەو وڵاتەدا توانی دوکتورای شیمیی ئانالیز (شیمی تجزیه) لە زانستگەی فەرانسە وەرگرێ. دوکتور شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی گەڕایەوە تاران و وەک «استادیار»ی شیمی لە زانستگەی تەربییەت موعەللیم درێژەی بە کاری مامۆستایەتی دا.

دوکتور شەرەفکەندی ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی کاتێک لە پاریس خەریکی خوێندن بوو. لەگەڵ ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملووو بەرنامەو پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئاشنا بوو و داوای ئەندامەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کرد. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران بوو بە رابیتی نێوان دوکتور قاسملووو ئەندامانی کۆنی ڕێبەرایەتیی حیزب. دوای رووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێمۆکرات، لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاویدا, بوو بە موشاوێری کومیتەی ناوەندیی حیزب و لە کۆنگرەی چوارەمی هەمان ساڵ دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵ بژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێردرا.

سەرەتای هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە لایەن ڕێبەرایەتیی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایەوە کوردستان و لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی لە هاوینی ساڵی ١٣٥٩ی هەتاویدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵ بژێردرا. دوکتور شەرەفکەندی لەو کاتەوە نازناوی «سەعید»ی بۆ دیاری کراو لە دەرەوەو نێوخۆی حیزب هەر بە دوکتور سەعید ناودەبردرا. دوکتور سەعید لە کونگرەکانی پێنجەم، شەشەم، حەوتەم، هەشتەم و نۆهەمی حیزبدا هەموو جارێ بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و لە کومیتەی ناوەندییش دا هەموو جارێ بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوەتەوە. دوکتور سادق لە ماوەی بوونی لە ڕێبەرایەتیی حیزب دا زۆرتر بەرپرسایەتیی بەشی تەبلیغات (رادیۆو چاپەمەنی)ی لە سەر شان بوو. لە ساڵی ١٣٦٥ یشەوە هەتا شەهیدبوونی دوکتور قاسملووی نەمر، ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو.

دوکتور سادق لە یەکەم پلینۆمی دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوودا بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی بە سکرتێری گشتیی حیزب هەڵابژێردراو لە کونگرەی نۆهەمی حیزبیشەوە تا کاتی شەهیدبوونی ئەرک و بەرپرسایەتیی قورسی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی بەرێوە برد.

دوکتور سادق شەرەفکەندی سەرەنجام لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١، وێڕای هاوڕێیان کاک فەتتاح عەبدولی. ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە ئورووپا. کاک هومایون ئەردەڵان کادری بەووەجی حیزبەکەمان و دۆستی بە ئەمەگ و لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مێژینەی حیزبەکەمان کاک نووری دێهکوردی بە دەستی چەپەڵی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری بێرلین شەهید بوو.

## شەهید فەتتاح عەبدولی

هاوڕێی هەڵسووڕو خەباتگێڕ فەتتاح عەبدولی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە ئاوایی «وەزنێ»ی ناوچەی سندووسی نەغەدە لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش دا لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە پێش دا لە زێدەکەی و دواتر لە نەغەدە تەواو کرد. بە دەستپێکردنی ڕاپەڕینی پڕشکۆی گەلانی ئێران دژی حکوومەتی پاشایەتی «فەتتاحی عەبدولی»ش وەک زۆربەی لاوانی نیشتمانپەروەری کوردستان پێی نایە مەیدانی سیاسەت و هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە وەرگیرانی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکرات پێی نایە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی حیزبییەوە.

فەتتاح لە یەکەم دەورەی پێگەیاندنی کادردا بەشداریی کردو لە سەرەتای ساڵی ١٣٥٩ ڕا وەک کادرێکی هەڵسووڕو لێوەشاوە لە ریزەکانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات دا جێی خۆی کردەوە. لە یەکەمین کۆنفرانسی کومیتەی شارستانی نەغەدە دا کە بە دوای دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبدا پێک هات، بە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی شارستانی نەغەدە هەڵبژێردرا. بەدوای بەشداری لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبدا بە ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی سنە دیاری کرا. لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزب بە ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات هەڵبژێردراو بەرپرسایەتیی کومیتەی مەڵبەندی یەکی باشووری کوردستانی کەوتە سەرشان. لە دوای پلینۆمی دووهەمی پاش کۆنگرەی حەوتەم وەک بەرپرسی کومیتەی شارستانی سەردەشت درێژەی بە ئەرکو تێکۆشانی حیزبی دا. کاک فەتتاح لە کۆنگرەکانی هەشتەمو نۆهەم دا سەر لەنوێ وەک ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێرایەوە.

ساڵی ١٣٦٨، بە دوای شەهید بوونی سکرتێری گشتیی حیزب دوکتور قاسملووی نەمرو کاک عەبدوڵڵای قادریئازەر - نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات. فەتتاح عەبدولی لە لایەن کومیتەی ناوەندیی حیزبەوە ئەرکی نوێنەرایەتی حیزبی لە دەرەوەی وڵات کەوتە سەرشان و بۆ جارێکیتریش لێهاتوویی و کارامەیی خۆی لەو بەرپرسایەتییە دا سەلماندو تا کاتی شەهید بوونی بەڕێوەبەری ئەم بەرپرسایەتییە بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەهید هومایون ئەردەڵان

شەهید هومایوون ئەردەڵان کوڕی سەیفوڵڵا خان «مظفر السلطنه اردلان» لە بنەماڵەی ئەردەڵانییەکانی سەقز بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە سەقز تەواو کرد. ساڵی ١٣٥٦ لە زانستگەی سەنعەتیی تاران درێژەی بە خوێندن دا. هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران زانستگای بەجێ هێشت و ساڵی ١٣٥٧ بۆ بەشداری لە بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد دا، ریزی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد.

هومایون بە هۆی کارزانی، تێگەیشتوویی و لێهاتوویی خۆیەوە توانی پلە تەشکیلاتییەکانی حیزب یەک بە دوای یەکدا ببڕێ و بەرپرسایەتیی زیاتر وەئەستۆ بگرێ. کاک هومایوون لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب (١٣٦٢)دا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو وەک ئەندامی کومیتەی «ناوەندی ئاژوان» چووە باشووری کوردستان. پاشان لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بەرپرسایەتیی حیزب لە سەقزی خرایە سەرشان و هەتا ساڵی ١٣٦٤ ئەم بەرپرسایەتییەی بەڕێوە برد. هومایون لە کۆنگرەی حەوتەم دا بۆ ئەندامەتیی کومیتەی ناوەندی خۆی کاندید نەکرد. بەڵام بەرپرسایەتیی کاروباری ماڵی و ئەرکی جێگری بەرپرسی نەخۆشخانەی «٢٥ی گەلاوێژ»ی وەئەستۆ گرت.

پاش کۆنگرەی هەشتەم لە سەر ئیجازەی حیزب، هومایوون ئەردەلان چووە دەرەوەی وڵات و لەوێش بۆ ساتێک وازی لە تێکۆشانی سیاسی نەهێنا. لەو ماوەیەدا کە لە «ئاڵمان» دەژیا, وەک ئەندامێکی هەڵسووڕ بەشی زۆری کاتی خۆی بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکە حیزبییەکان تەرخان کردبووو هەتا دوا کاتەکانی ژیانی بە ئامانجە پیرۆزەکانی حیزبەکەی وەفادار مایەوەو سەرەنجام وێڕای دوکتور شەرەفکەندی، کاک فەتتاح عەبدولی و »نووری دێهکوردی» کەوتە بەر دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوو.

## شەهید «نوری دێهکوردی»

شەهید نووری دێهکوردی ڕۆژی ١٣ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی لە «شهر کرد»ی ئۆستانی «چهارمحال و بختیاری» لە دایک بوو. لە نێوەڕاستەکانی دەیەی ٤٠ دا سەفەری ئورووپای کرد و لە زانستگەی «لیوبن»ی ئۆتریش خەریکی خوێندن بوو. چەند ساڵ دواتر چووە بێرلین و لەوێ درێژەی بە خوێندن دا. «نوری» هەر لە سەرەتای قۆناغی خوێندکارییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگەڵ کۆنفدراسیۆنی جیهانیی خوێندکاران کەوت. لە کۆنگرەی ساڵی ١٣٥٤ی کۆنفدراسیۆنی جیهانیدا بە سەرۆکایەتیی ئەم ڕێکخراوەیە هەڵبژێردرا.

«نووری دێهکوردی» یەکێک لە بەرهەڵستکارە بەناوبانگەکانی ڕێژیمی پاشایەتی بووو لە کاتی دەستپێکردنی جموجۆڵە ئێعترازییەکانی خەڵک دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا لەگەڵ هاوڕێیانی هاتەوە ئێران. پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لەگەڵ ژمارەیەک لە دۆستە هاوبیرەکانی ڕێکخراوێکی چەپ، سەربەخۆو ئازادیخوازیان بە ناوی یەکیەتیی چەپ (اتحاد چپ) دامەزراندو بەرپرسایەتیی دەرکردنی «پیام آزادی» ئۆرگانی ئەو ڕێکخراوەیەی وەئەستۆ گرت.

شەهید نووری بە پەرەگرتنی سەرکوتو توندوتیژیی ڕێژیمی ئیسلامی لە هاوینی ١٣٦٠ دا شوێن پێی هەڵ گیراو بە ناچار بنەماڵەکەی بەجێ هێشت و ژیانی نهێنیی هەڵبژارد. ساڵی ١٣٦١ هاتە کوردستان و لەوێ خەبات بۆ ڕووخاندنی حکوومەتی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامیی درێژە دا. لە ماوەی دوو ساڵ مانەوەی لە کوردستان لە نێوان ئەوو دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندیدا دۆستایەتییەکی قووڵ و بەهێز پێک هات. نووری هاوپێوەندیو تێکەڵاوییەکی گەرمی لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی حیزب دا هەبوو و حیزبی دێمۆکراتیش بە چاوی ڕێزەوە سەیری ئەوی دەکرد. ساڵی ١٣٦٣ چووە بێرلینو لەگەڵ بنەماڵەکەی کە لەم شارە دەژیان، یەکیان گرتەوە. لەوێ بە ئەرکی یارمەتی گەیاندن و ڕاپەڕاندنی کاروباری پەنابەران لە ئۆردوگاکانی خاچی سوور خەریک بوو.

لە ساڵی ١٣٦٨ پەرەی بە هەوڵ و تێکۆشانی خۆی بۆ نیزیک کردنەوەی پاشماوەی کەسایەتی و هێزە چەپو سەربەخۆو ئازادیخوازەکان داو لە نووسین و ڕێکخستنی دەقی «گەڵاڵەی پێشنیاری هەڵسەنگاندنی نیزیکایەتیی نەزەری و کردەیی هێزە چەپە دێمۆکراتەکان بە مەبەستی بەرەیەکی سیاسی یەکگرتوو»دا چالاکانە بەشداری کرد. هاوڕێ »نووری دێهکوردی» وەک ئەندام و وەرگێڕی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالیستی سوسیالیست دا بەشداری کرد. پاش تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە، ڕۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ کاتێک شانبەشانی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێکانی لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە نوێنەرانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران خەریکی چاوپێکەوتن و وتوویژ بوون، بە دەستڕێژی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کرا.

کۆمەڵێک نووسراوە و وتار لە شەهید نووری بەجێ ماون کە لە بڵاو کراوەکانی «اتحاد چپ»، «پیام آزادی»، «نامە پارسی»، «پیمان»، «شانزدهم آذر» و... لە چاپ دراون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی دووهەم**

**ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ۲۰ سالەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.**


**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ۲۰۱۲**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

# تێرۆری میکۆنووس، شرۆڤەی تێرۆرێکی سیاسی




**لە بلاوکراوەکانی: ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران گەلاوێژی ١٣٨٦**

**وەرگێڕانی: تەها رەحیمی**

**ئەم بابەتەی خوارەوە هەڵبژاردەیەکە لە پەرتووکێک بە ناوی «قتل در میکونوس تجزیە و تحلیل یک ترور سیاسی» کە«مرکز اسناد حقوق بشر ایران» گەلاوێژی ١٣٨٦ بلاوی کردۆتەوە. هاوکارمان تەها رەحیمی لە دەستەی نووسەرانی رۆژنامە، لە سەر داوای «کوردستان»، ئەم پەرتووکەی بە بۆنەی ٢٠ ساڵەی تێرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی، وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی. دەقی تەواوی وەرگێردراوەکە، لە سایتی «کوردستان وکورد» دا دەخرێتە بەرچاوی خوێنەران. لەم ژمارە تایبەتەی «کوردستان»دا، هەڵبژاردەیەک لە ناوەرۆکی ئەم پەرتووکە، کە لێکۆڵینەوەیەکی شرۆڤەکارانەی تیرۆری میکۆنووسە، دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی ئەم ژمارە تایبەتە.**

**«کوردستان»**

## پێشەکی

**لە کاتی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا ئێستا، کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە لە سەر هەناردە کردنی شۆڕشەکەی بۆ دەرەوەی سنوورەکانی ئێران جیددییە. یەکێک لە رەهەندەکانی هەناردەکردنی شۆڕش، هەوڵدان بۆ کپ کردنی دەنگی رەخنەی کۆمەڵگەی ئێرانییەکانی دەرەوە لە سەرانسەری جیهانە. لە سەرماوەزی ١٣٥٨ ەوە، مەئموورانی ئیتلاعاتی ئێران،**

چالاکانی پاشایەتیخواز، نەتەوەیی و دیمۆکراتیـان لـە وڵاتـانی جۆراوجۆری وەک ئـەمریکا، ئیمـاراتی یـەکگرتووی عـەرەبی، فەڕانسە و تورکیە تیرۆر کردوە.

... لەم بارەیەوە، دۆسیەی میکۆنووس گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە دەڵاقەیەکمان بەرەو جیهانی شاراوە لێ دەکاتـەوە. موحاکەمەی زۆرێک، دیارە بـە داخـەوە نـەک هـەموو ئـەو کەسـانەی لـە تیرۆرەکەدا دەسـتیان هـەبوو، بچووکترین وردەکارییـە پراکتیکییەکانی لە سەر تیرۆرەکـانی ئێـران و جۆر و کەسایەتیی ئـەم کەسـانەی بـۆ کـوژران هەڵـدەبژێردرێن لـە قـاو دەدا. شـایەتیی گـەورە بەرپرسێکی ئیتلاعـاتی پێشـووی ئێـران کـە ئـەزموونی راسـتەوخۆی لـەو تیرۆرانـە دا هەیـە، بـووە هـۆی دروستبوونی روانگەیەکی بێوێنە لە سەر فەرمانی سیاسیی پشت ئەم هێرشـانە. بڵاوبوونـەوەی بـێ وێنـەی بەڵگـە و دیکۆمێنتـە زانیارییـەکانی ئاڵمـان، سـترەکتۆری چـالاکیی ئیتلاعـاتیی ئێـران لـە ئورووپـای رۆژئـاوا بـۆ پێداچوونـە خسـتە بەردەسـتی خەڵک...

## پوختە

لـە ٢٦ خـەرمانانی ١٣٧١ دا مـەئموورانی کۆمـاری ئیسلامیی ئێـران سـێ کـەس لـە ئەنـدامانی رێبـەریی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران و هاوڕێیـەکانیان لـە هـۆڵێکی تایبـەتیی رێسـتورانی میکۆنـووس لـە گـەڕەکی ویلمێـرز دۆرف (wilmersdorf) ی بێرلینی ئاڵمان تیرۆر دەکەن. ئـەم هێرشە یەکێکە لـەم زنجیرە تیـرۆرە بەرنامە بـۆ داڕێژراوانـەی کۆماری ئیسلامی کە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە مەبەستی ترساندن و تێکدانی چالاکییە سیاسییەکانی دژبـەرانی رێژیم جێبـەجێ کرا.

* فەرمانی جێبەجێ بوونی تیرۆری میکۆنووس لە لایەن کۆمیتەی کاروبـاری تایبـەتیی کۆمـاری ئیسلامییەوە دەرکرا کە ئـەو کات عەلی خامنەیی سەرۆکایەتیی دەکرد و سەرکۆمار، ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی، وەزیری ئیتلاعات، عەلی فەللاحیان و وەزیری دەرەوە، عەلی ئەکبەری ویلایەتیی ئەندامی بوون.

* کۆمیتەی کاروباری تایبەت بەرپرسایەتیی جێبەجێ کردنی ئەم تیرۆرەی بە عەلی فەللاحیان سپارد.

* تیرۆری میکۆنووس لە لایەن پێرسۆنێلی ئەنجومەنی چالاکیی تایبەتیی وەزارەتی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی و کەسـانێکی سەربەخۆ کە لە لایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوەبەکرێگیرابوون، ئەنجام درا.

* عەلی فەللاحیان، عەبدولڕەحمانی بەنی هاشمیی بۆ سەرپەرستیی تیمی میکۆنووس هەڵبژارد و بەنی هاشمی لە لایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

یەكێك لە ئەندامانی وەزارەتی ئیتلاعاتی دانیشتووی ئاڵمان بە ناوی كازم دارابییەوە یارمەتی كرا. دارابی چوار هاووڵاتیی لوبنانیی دانیشتووی ئاڵمانی بە ناوەكانی یوسف محەممەد ئەلسەید ئەمین، عباس حوسێنی رائیل، محەمەد عەتریس و ئەتائوڵڵا ئەیاد كە بە هۆی پێوەندییانبە حیزبوڵڵا یان ئەمەلەوە دەناسین بۆ هاوكاری لە جێبەجێكردنی تیرۆرەكەدا بەكرێ گرت.

* ئامانجی سەرەكیی هێرشی میكۆنووس، دوكتور محەمەد سادق شەرەفكەندی، سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكرات، فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزبی دێموكرات لە ئورووپا و هومایون ئەردەلان، نوێنەری حیزبی دێموكرات لە ئاڵمان بوون. نووروڵڵا دێهكوردی، برادەری دوكتور سادق شەرەفكەندییش لەم هێرشەدا كوژرا و عەزیزی غەففاریش، خاوەنی رێستورانت بریندار بوو.

* كوشتنەكان بە هۆی عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی و عەباس حوسێن رائیل كە كەسێكی بەئەزموونی سەر بە حیزبوڵڵا بوو و دوا گوللەش هەر ئەو لە سەری ئەردەلان و د.شەرەفكەندیی دا، بەڕێوە چوون. یوسف ئەمین لە كاتی تیرۆر كردنەكەدا بە داخستنی دەركی هاتنە ژوورەوەی رێستورانت ئەمنییەتی تێرۆریستانی دەپاراست. فەرەجوڵڵا حەیدەر لێخوڕینی ئەو ترۆمبێلەی لە ئەستۆ بوو كە بۆ هەڵاتن لە بەر چاو گیرابوو و هاووڵاتییەكی ئێرانیی دیكەش كە تەنیا بە محەمەد ناسراوە چاوەدێریی شوێنی تێرۆرەكەی تا كاتی تیرۆرەكە لە ئەستۆ بوو.

* ئەگەر چی بەنی هاشمی، حەیدەر و محەمەد توانییان هەر زوو لە ئاڵمان هەڵێن بەڵام زۆربەی ئەو كەسانەی كە راستەوخۆ لە تیرۆری میكۆنووسدا دەستیان هەبوو دەستگیر كران. دادوەرەكانی ئاڵمان، رائیل، دارابی و ئەمینیان بە كوشتنی چوار كەس و هەوڵ بۆ تیرۆری كەسێكی دیكەش تاوانبار كرد. دوو كەسەكەی دیكەش بە هاوكاریی لە ئەنجامدانی تاوان، تاوانبار كران.

* دادگای میكۆنووس سێ ساڵ و نیوی پێ چوو. دادگا لەم ماوەیەدا ٢٤٦ جار كۆ بۆوە و ١٧٦ كەس لە دادگا دا شایەتیان دا. یەكێك لە شایەدەكان مەئمووری پێشووی وەزارەتی ئیتلاعاتی كۆماری ئیسلامی بوو و بەڵگەنامەكان هەر لە پەروەندە ئیتلاعاتییەكانەوە بگرە تا بەرنامە تۆمار كراوەكانی كاناڵی هەواڵی تەلەڤیزیۆنی ئێرانتاوتۆی كران. دادوەرەكان توانیان ٤ كەس لەو ٥ كەسە تاوانباركراوە، مەحكووم بكەن. رائیل و دارابی بەهۆی ئەوەكە هێرشیان كردبووە سەر رێستورانت سزای هەتاهەتاییان بۆ دەرچوو.

* بەرپرسانی ئاڵمان بەم ئاكامە گەیشتن كە دەوڵەتی ئێران «راستەوخۆ» دەستی لە تیرۆری میكۆنووس دا هەبووە و لە بانەمەڕی ١٣٧٤ دا، دادستانی گشتیی فیدراڵی ئاڵمان، كەی نێهم (kaynehm)، بە شێوەیەكی چاوەروانەكراو بریاری دەستبەسەر كردنی نێونەتەوەیی، عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتلاعاتی ئێرانی دەركرد. ئەم بریارە روونی دەكردەوە كە فەللاحیان دەستی لەم تیرۆرەدا هەبووە.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

* بڕیاری دەستگیری بۆ دوو مەئمووری دیکەی وەزارەتی ئیتلاعات کە لەتاران دەبوون و رۆڵی سەرەتاییان لە دارشتنی تیرۆرەکەدا هەبوو، دەرچوو. هەرسێکیان ئێستا داواکراون.
* بڕیاری دەستگیریی عەبدولرەحمانی بەنی هاشمی و حەیدەر هەروا لەسەر جێی خۆیەتی، وێدەچی هەر دووکیان ئێستا بە ئاسایشی تەواوەوە لە ئێران بژێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گرنگترین پارتی سیاسی کوردەکانی ئێرانە و، یەکێک لە سەرەکیترین پارتە سیاسییەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامییە. ئەم حیزبە لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ لە مەهاباد دامەزرا و ئامانجەکەی ئۆتۆنۆمیی ئیداری، حقووقی و پەروەردەیی بۆ کوردستانە بە بێ لەت کردنی ئێران. درووشمەکەی «دێموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان»ە.

بە دوای لێکەوتنی محەمەد موسەدیق، سەرۆک وەزیر بە هۆی کودیتای ساڵی ١٣٣٢ ەوە محەمەد رەزا شای پەهلەوی زۆربەی گرووپە دژبەرەکانی قەدەغە کرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانیش یەکێک لەم پارتە قەدەغەکراوانە بوو و لە ئاکامدا ناچار بوو بە شیوەی نهێنی درێژە بە چالاکی خۆیان بدا. رووخانی حکوومەتی پەهلەوی لە ساڵی ١٣٥٧ دا هەلێکی دووبارەی بۆ کوردان رەخساند کە دیسان داوای ئۆتۆنۆمی بهێننەوە گۆڕێ و زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کورد بە خرۆشەوە دەگەڵ شۆڕش کەوت. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ دا چالاکی ئاشکرای خۆی راگەیاند و خێرا دەستی کرد بە پرۆپاگەندە بۆ خودموختاری بۆ کوردستان.

... خومەینی حیزبی دێموکراتی بە حیزبی «شەیتان» ناوبرد و رێژیم ئەندامەتی لەو حیزبەی دا بە تاوان دانا و بە پێی قانوونی ئیسلام و ئێران سزای بۆ لەبەر چاو گرت.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دیسان ناچار بە چالاکیی نهێنی بۆوە و شەڕی چەکداریی هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی دەوڵەت درێژەی کێشا.

بە هۆی ئەوەی کە کۆماری ئیسلامی داوای لە حیزب دەکرد بەر لە هەموو شتێک چەک دانێ هەوڵەکان بۆ ئاگربڕ ئاکامیان نەبوو. هەڵایسانی شەڕی نێوان عیراق و ئێران لە خەرمانانی ١٣٥٩ دا بووە هۆی ئەوەی رێژیم هێرش بکاتە سەر کوردستان و زۆربە شارە گرنگەکان داگیر بکا لە حاڵێکدا هێشتاش زۆربەی ناوچەکان بەتایبەت گوندەکان لە دەست حیزبی دێموکرات


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دابوون.

دەگەڵ ئەوەی ڕێبەرایەتیی حیزب کەوتە دەرەوەی سنووری وڵات، دیسان ڕێژیم هەوڵی دا بە تیرۆری ئەوان کار و چالاکییەکانی حیزب لەنگ بکا، ئەو شێوازەی کە زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دژ بە دەسەڵاتی ئاخوندەکانی گرتبۆوە. کۆماری ئیسلامی پێ و شوێنی ئەندامانی چالاکی حیزب لە عێراق، ئاڵمان، ئۆتریش، تورکیە، سوئێد و دانمارکی هەڵگرت و دەستی کرد بە هێندێک تیرۆر. کە بەر لە تیرۆری میکۆنووس بەرچاوترینی ئەم هێرشە ناجوانمێرانانەیە تیرۆری دوکتور عەبدلڕەحمانی قاسملوو، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات لەساڵی ١٣٥٢ەوە کە لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی ئێران بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەسەرێکی ئاشتیخوازانەدا، لە پووشپەڕی ١٣٦٨ لە ڤییەنی ئۆتریش بە دەستی نەیارانی ئاشتی تیرۆر کرا.

## بەرنامەڕێژی و جێبەجێ کردنی تیرۆر دەرچوونی بڕیاری تیرۆر

سەرچاوەی دەرکردنی بڕیاری تیرۆری میکۆنووس دەتوانین ببەینەوە سەر بڕیاری کۆمیتەی کاروباری تایبەتی کۆماری ئیسلامی بۆ دانانی عەلی فەللاحیان وەزیری ئەوکاتی ئیتلاعات بۆ چاوەدێریی و سڕینەوەی فیزیکی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨ دا، کۆمیتەی کاروباری تایبەت بۆ بڕیاردان لەسەر بابەتە گرینگەکان پێک هات. پێکهێنانی ئەم کۆمیتەیە لە قانوونی بنەڕەتیدا پێشبینی نەکراوە چونکی ڕێبەری ڕێژیم خامنەیی، سەرۆکایەتی ئەم کۆمیتەیە دەکا و لە لایەکیشەوە تێزی ویلایەتی فەقیە دەسەڵاتێکی بائناسایی بە ڕێبەری دەبەخشێ، کەواتە ئەم کۆمیتەیە بە کردەوە وەسەر دەوڵەت و پارڵمان کەوت. لە سەردەمی تیرۆری میکۆنووس دا ئەندامانی هەمیشەیی ئەم کۆمیتەیە بریتی بوون لە: ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کاتی ڕێژیم، عەلی فەللاحیان، وەزیری ئیتلاعات، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، وەزیری دەرەوە، محەمەد ڕێی شەهری، وەزیری ئیتلاعاتی پێشوو، موحسێن ڕەزایی، فەرماندەی سوپای پاسداران، ڕەزا سەیفوڵڵاهی، فەرماندەی پاراستنی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئەوکات و ئایەتوڵڵا خەزعەلی، ئەندامی شووڕای نیگەهبان.

دوای ئەوەی بڕیاری کۆتایی درا کە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات لە ئاڵمان تیرۆر بکرێن، وەزارەتی ئیتلاعات یەکێک لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەئموورانی دانیشتووی ئاڵمانی بۆ ئامادەکاریی و پشتیوانی جێبەجێ کردنی هێرشی تیرۆریستی راسپارد. ئەو کەسە کازمی دارابی ئەندامی سوپای پاسداران بوو کە لە ساڵی ١٣٥٩ەوە نیشتەجێی ئاڵمان بوو. دارابی ئەندامی دەستەی بەڕێوبەری «یەکیەتی ئەنجومەنی ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئوروپا» (UISA) بوو و پێشینەی کاری توندوتیژی دژی ئۆپۆزیسیۆنی دانیشتووی ئاڵمانی هەبوو. دارابی چوار لوبنانی بە ناوەکانی یوسف محەمەد و ئەلسەید ئەمینی، عەباس حوسێنی رائیل، محەمەد عەتریس و عەتائوڵڵا ئەیادی کە لە رێگەی پێوەندییەکانی پێشوویانەوە لەگەڵ گرووپە میلیشیاکانی لوبنان، حیزبوڵڵا و (ئەمەل)ەوە دەناسی بۆ ئەم تیرۆرە دەستنیشان کرد.

قۆناخی کۆتایی پیلان، بەهەواڵی گەیشتنی دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی، هومایون ئەردەڵان و فەتاح عەبدولی لە ٢٣ی خەرمانانی ١٣٧١ بە برلین بۆ بەشداریی لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی سۆسیالیستەکان (Congress of the Socialist International) تەواو بوو.

بڕیار بوو شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لەگەڵ رێبەرانی گرووپە دژبەرەکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی و چالاکانی ئێرانی دانیشتووی برلین لە پێنجشەممەی ٢٦ی خەرمانان کۆببنەوە.

رستورانتی میکۆنووس بۆ ئەم کۆبوونەوەیە دەستنیشان کرا. ئەمە ئەو هەلە بوو کە وەزارەتی ئیتلاعات چاوەڕوانی دەکرد و رۆژی ١٦ی خەرمانانی ١٣٧١ یا ئەو نزیکانە عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی بۆ فەرماندەیی تیرۆری میکۆنووس گەیشتە برلین.

## ئامادەکاریی تیرۆر

٢٢ی خەرمانانی ١٣٧١، ئەندامانی تیمی تیرۆری میکۆنووس لە ماڵە دارابی هەڵکەوتوو لە شەقامی (Detmolderstrabe) ژمارەی B 64 ، یەکتریان بینی. بەنی هاشمی، دارابی، محەمەد، ئەمین، حەیدەر و رائیل بەشداری کۆبوونەوەکە بوون. دوای کۆتایی کۆبوونەوە، دارابی تیمەکەی بردە بنکەیەک لە زێنفتین بێرگێر رینگ (RingSenftenberger)، ژمارە ٧ لە برلین کە بۆ ئەم هێرشە لەبەر چاو گیرابوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هێرش

دوکتور شەرەفکەندی، ئەردەڵان عەبدولی و دێهکوردی نزیک ساعەتی ۷:۳۰ی دوای نیوەڕۆ لە دەرکی ریستۆرانێت چوونە ژووریّ. داوا لە عەزیز غەفاری خاوەنی ریستۆرانتەکە کرابوو کە پێوەندی بە نوێنەرانی رێکخراوە و گرووپە سیاسییە ئێرانییەکان لە بێرلین بکا و بانگهێشتی کۆبوونەوە شاندی نوێنەرانی حیزبی دێموکراتیان بکا. بەڵام پێموا غەفاری کەمتەرخەمی کردبوو و کەسانی پێوەندیداری بۆ دوانیوەڕۆی رۆژی دواتر بانگهێشت کردبوو. کە زانی هەڵەی کردوە خێرا دەستی کرد بە تەلیفون بۆ ئەو کەسانەی کە دەبوایە هاتبانە کۆبوونەوە.

.... نزیک بە کاتژمێری ۱۰:۵۰ی شەو، دوو تیرۆریستەکە، عەبدولڕەحمان بەنی هاشمی و عەباس حوسێن رائیل هاتنە ریستۆرانتەوە. یوسف محەمەد ئەمین لە دەرەوەی ریستۆرانت ئاگای لە ولات بوو کەس نەیەتە ژوورەوە. بەنی هاشمی و رائیل وێنەی قوربانییەکانیان پێ بوو و هەروەها شارەزایی تەواوی نەخشەی ریستۆرانتیش بوون و هەر بۆیە زۆر ئاسان توانیان دەستبەجێ بگەنە شوێنی کۆبوونەوە و خێرا تیرۆرەکە بکەن. بەنی هاشمی چەکی یوزی کەلە نێو جانتا وەرزشییەکەی بوو و رائیلیش چەکی کەمەری ئۆتۆماتیکی هەڵگرتبوو. هەرتک چەک ئامێری دەنگبڕیان لە سەر بوو.

بەنی هاشمی و رائیل دەگەڵ وەژوور کەوتن راست بەرەو دیوی پشتەوەی ریستۆرانت، کە لەوێدا شاندی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات و میوانەکانیان خەریک نانخواردن بوون، چوون. لە لای راستی هۆدەکە دوومێز نزێک بە یەکتر بە قەراخ دیوارەکەوە دانرابوون، میرراشدی لەوسەری میزی لای راستەوە دانیشتبوو. دەستماڵچی، عەبدوولی و ئەردەلان بە ئاراستەی چرکەژمێری ساعەت لەلای چەپییەوە دانیشتبوون. شەرەفکەندی، دێهکوردی، ئیبراهیم زادەی ئیسفەهانی و سادق زادە لەوبەری مێزەکە بوون. غەفاری لە پشتی مێزی دوویەم کە هێندێک لەوی دیکە ئەولاتر بوو، دانیشتبوو. گۆشەی خوارەوەی مێزەکە بەتاڵ بوو.

**پەرویز دەستماڵچی بەمجۆرە باس دەکا:** باسی سەرەکیی کۆبوونەوەکە، دۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوە، چالاکییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها هەماهەنگیی چالاکییەکانی بوو. بەر لە وتووێژەکان، باس لەسەر تیرۆرەکانی دەرەوەی وڵات کرا. دوکتور شەرەفکەندی وتی: «من لە چیاکانی کوردستان دەگەڵ پێشمەرگەیەکی کورد لەسەر ژیان و مردن قسەم دەکرد. (پێشمەرگەکە)دانیشتبوو، هەستا و بەسەر پنجە درووپەک دا بازیدا و پاشان پێی وتم کاک دوکتور سەعید ئەوەندەیە مەودای ژیان و مردن. ئیبراهیم زادەی ئیسفەهانییش دەڵێ:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

بەر لە تیرۆر، دوکتوور شەرەفکەندی، دەستماڵچی و میرراشدی لەسەر پرسە نێونەتەوەییەکان و تەواوییەتی ئەرزیی ئێران و هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لە پێوەندی دەگەڵ ئۆتۆنۆمی قسەیان دەکرد..

لەم کاتەدا بەنی هاشمی هاتەژوورەوە و بە فارسی وتی «دایک قاحبەینە» و تەقەی کرد.

بە تەقەکەرا دیار بوو شەرەفکەندی، ئەردەلان و عەبدولیی مەبەستە. دوای دوو دەسڕێژ تەقەی یوزی بەنی هاشمی، رائیل کە پاش بەنی هاشمی هاتبووە ژوور فیشەکی کۆتایی لە ئەردەڵان و شەرەفکەندیدا. تیرۆریستەکان بە گشتی ٣٠ فیشەکیان تەقاندبوو.

بەنی هاشمی یوزیی بەرەو شاندی رێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرت و ٢٦ فیشەکی لە عەبدولی، ئەردەلان و شەرەفکەندی و دێهکوردی دا. غەفاری کە لەلای ئەردەڵانەوە راوەستابوو بەهۆی شوێنەکەیەوە وەبەر رەهێڵەی یوزی هات. غەفاری دوو فیشەکی بەرکەوتبوو؛ یەکیان لاقی راستی گرتبوو یەکیشیان (گورچیلەی) گرتبوو بەڵام بەو حاڵەشەوە نەمرد. رائیل فیشەکێکی بە پشت سەری ئەردەلان و دوو فیشەکی بەسەر و مل و زگی وەنابوو، سییەکان و جەرگ و گورچیلەی بریندار ببوون. پێویستی بە گوللەی کۆتایی رائیل نەدەکرد. ئەردەلان چوار فیشەکی بەر سینکی کەوتبوو. پشکنینەکانی توێکاری نیشانی دا ئەگەر فیشەکی کۆتایی بەسەری ئەردەلانەوە نەنرابایە لەوانەبوو بژی. عەبدولییش چوار فیشەکی یوزیی بەرکەوتبوو، یەکێک لە فیشەکەکان دڵی گرتبوو یەکجێ کوشتبووی. دێهکوردی حەوت فیشەکی بەرکەوتبوو، گوازرایەوە کلینیکی شتێق لیتز (steglitz)و کاتژمێر ١٢:٢٥ی پارشێوی ٢٧ ی خەرمانانی ١٣٧١ بەهۆی خوێن لەبەر چوونی زۆری ئەو فیشەکەی بەرسینگی کەوتبوو گیانی دا.

## راکردن

دوای ئەوەی کە رائیل گوللەی کۆتایی لە شەرەفکەندی و ئەردەڵان دا، هەر دوو بکوژەکە بەورێگەیەدا کە هاتبوونە ژوور، لە ریستۆرانەکە وەدەر کەوتن. لە دەرەوەی ریستورانت، رائیل و بەنی هاشمی دەگەڵ ئەمین بەرەو شەقامی پرینتس ریجنتن، (Prinzregentstraße)، ئەو شوێنەی محەمەد و فەرەجوڵڵا ئەبووحەیدەر لە ترۆمبێلی راکردن دا چاوەروانیان دەکرد، پێیان پێوە نا.

بەشی دووهەم

### فەرمانی دەستبەسەر کردنی عەلی فەللاحیان دەردەچێ.

سێ حەوتوو بەر لە دەستپێکی دادگای میکۆنووس، وەزیری ئیتلاعات عەلی فەللاحیان گەیشتە »بون» تا چاوی بە بەرزترین بەرپرسی ئیتلاعاتیی ئاڵمان، بێرند شمیت باوێر، (Bernd Schmidbauer) بکەوێ. فەللاحیان داوای کرد ئەو پێنج تاوانبارەی لەم پێوەندییەدا گیراون ئازاد بکرێن و هەوڵی دا پێش بە بەرێوەچوونی دادگا بگرێ. بەڵام شمیت باوێر بە گوێی نەکرد.

لە راستیدا، دادستانەکانی ئاڵمان ئەوەندە لە دەست تێدابوونی ئێران لە تێرۆرەکەدا دڵنیا بوون کە دادستانی گشتی فێدراڵی ئاڵمان، کێی نێم (kaynehm)، بە شێوەیەکی چاوەڕوانی نەکراو بڕیاری دەست بەسەر کرانی فەللاحیانی لە ٢٤ی رەشەممەی ١٣٧٤ دەرکرد. بڕیاری دەستبەسەر کردن بە روونی باسی لەوە دەکرد کە فەللاحیان فەرمانی تیرۆرەکەی داوە. هەواڵی بڕیاری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان کۆمەڵێک خۆپێشاندانی لە ئێران لێکەوتەوە.

رەفسەنجانی، سەرکۆماری ئەو کات لە وتووێژ دەگەڵ «شپیگێل» (Der Spiegel) دا وتی کە بۆ دادگای میکۆنووس و دەرچوونی بڕیاری دەستبەسەر کردنی فەللاحیان دەوڵەتی ئاڵمان بە تاوانبار نازانێ. رەفسەنجانی وتی «بەرپرسانی ئەمریکایی و ئیسرائیلی دەستیان لەم کارەدا هەبووە و یان ئەوەی دەزگای قەزایی ئاڵمان تووشی هەڵە بووە»

### بڕیاری دادگا

سەرەنجام دادگای بەرزی بێرلین لە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ بڕیاری خۆی دەرکرد. کازم دارابی زیندانی هەتاهەتایی بۆ دەرچوو. بڕیارەکە دەیوت: « دارابی... تیرۆرەکانی بۆ سرویسی نهێنیی ئێران رێکدەخست. ناوبراو ئاگای لە تاوانەکان هەبووە و بۆیە لە تیرۆرەکەدا بەشدار بووە.» عەباسی رائیلیش زیندانی هەتاهەتایی بۆ درچوو. دادگا رائیلی بە تاوانی لانیکەم ئەوگوللانەی بوونە هۆی کوشتن، بە تاوانبار لە قەڵەمدا. یۆسف محەمەد ئەلسەید ئەمین بە تاوانی هاوکاری لە کوشتنی چوار کەسدا، ١١ ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە. محەمەد عەتریسیش بە تاوانی هاوکاری لە کوشتندا ٥ ساڵ و سێ مانگ زیندانی بۆ بڕایەوە. عەتائوڵڵا بێتاوان ناسرا و ئازاد کرا، لە حاڵێکدا بۆ ماوەی چوار ساڵ لە رەوتی محاکەمەدا دەستبەسەر بوو.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دادگا شتی سیاسیی بە هاندەری تاوانبارەکان بۆ ئەم تێرۆرە سیاسییە زانی. چونکی ئەوان سەر بە رێژیمی بناژۆخوازی ئێران بوون و ئامادە بوون بە تێرۆری رێبەری گرووپە دژبەرەکان پشتیوانیی خۆیان بسەلمێنن. سەرۆکی دادگا، فریتهۆف کووبش (frithjofkubsch) لە حوکمە ٣٩٥ لاپەڕەییەکەیدا گونجاندی کە موحاکەمە «دەرچوونی بڕیاری تێرۆر لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوەی سەلماند». کۆبش ناوی هیچ بەرپرسێکی لە حوکمەکە دانەهێنا بەڵام روونی کردەوە کە شایەتیدانی شایەدەکان و بەڵگەنامەکانی دیکە سەلماندیان کە کۆمیتەی کاروباری تایبەت بڕیاری تێرۆرەکەی داوە و رێبەری، سەرکۆمار، وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات هەموویان ئەندامی چالاکی ئەم کۆمیتەیە بوون.

لێدوانەکانی پێشوو دەریان خست کە تێرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سکرتێریی دوکتور شەرەفکەندی نەک تێرۆرێکی تایبەتی و نە بەرهەمی جیاوازیی بیروڕای نێوان گرووپە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی رێژیم، بەڵکوو ئەم تێرۆرە لە لایەن بەرپرسە باڵاکانی رێژیمەوە رێکخراوە.

تاوانباران.... هیچ پێوەندییەکی تاکەکەسییان لەگەڵ کوژراوەکان نەبووە و هیچ قازانج و هۆگرییەکیش بۆ کوشتنیان هانی نەداون. تەنانەت دارابی سەرەڕای پێوەندی بە دەزگا زانیارییەکانەوە و رەپێش خستنی بەرژەوەندی سیستم بە سەر قازانجی خۆیدا نەیدەتوانی بە بێ بڕیاری پێویست پلان بۆ تیرۆر دابڕێژێ و تەنانەت لە بواری لۆجیستیکییەوە بە بێ یارمەتیی ئەم مەئموورییەتە جێبەجی بکا.

بەڵگەکان دەری دەخەن کە باندی دەسەڵاتبەدەستی رێژیم نەک هەر بڕیاری تێرۆری دەرەوەی وڵاتی پەسەند کردوە و رێز لەو تێرۆریستانە دەگرێ، بەڵکوو راست بۆ خۆیان بڕیاری جێبەجێکردنی تێرۆری جیابیران ئەویش تەنیا بەو تاوانە کە لە باری سیاسییەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی رێژیم هاوڕا نین، (بە دەستوپێوەندەکانی) جێبەجێ دەکا. ئەوان بە پتەو کردن و پاراستنی دەسەڵاتەکەیان بە شێوەی فیزیکی هەوڵی سڕینەوەی دژبەرانی سیاسیی خۆیان دەدەن.

لە ئاکامدا «کووبش» لە حوکمەکەی خۆیدا بە بێ ناوهێنان و بە شێوەی ئاماژەیی خامنەیی رێبەری کۆماری ئیسلامی، هاشمی سەرکۆمار، ویلایەتی وەزیری دەرەوە و وەزیری ئیتلاعات عەلی فەللاحیانی مەحکووم کرد:

رێبەرانی سیاسیی ئێران تەنیا بۆ پاراستن و پتەوکردنی کۆڵەکەکانی دەسەڵاتی خۆیان بڕیاری تێرۆریان دەرکردوە. ئەو کەسانەی بڕیاریان داوە بەرپرسانی دەوڵەتی ئێران بوون. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی حوقووقیی ئاڵماندا، دادگایەکی

بەرز راشکاوانە دەوڵەتێکی دیکەی بە بەرپرسی دۆسییەیەکی تێرۆریستی لە قەڵەمدا. ئاڵمان باڵوێزەکەی خۆی لە ئێران کشاندەوە و وڵاتە ئوروپاییەکانی دیکەشی هاندا کە باڵوێزەکانیان بکشێننەوە. بە پشتیوانی لە ئاڵمان، چاردە وڵاتی ئوروپایی جگە لە نیوزلەند و ئوسترالیا پێوەندییە دیپلۆماسییەکانی خۆیان دەگەڵ تاران هەڵپەسارد. بەڵام زۆربەیان دوای مانگێک گەڕانەوە تاران.

دەوڵەتی ئێران بە روونی نارەزایەتیی خۆی لەم حوکمەی دادگا دەربڕی. بۆ ماوەی چەند رۆژ زنجیرەیەک خۆپێشاندان لە تاران و قوم درێژەی هەبوو. سەرکۆمار رەفسەنجانی لەوتاری نوێژی هەینی دا وتی بڕیارەکە سیاسی بووە و پێشبینیی کرد کە لە مێژوودا وەک بڕیارێکی «بێشەرمانە» تۆمار بکرێ. هاشمی وتی ئاڵمان «دڵی میلیۆنان کەسی شکاندوە» و «ئەو بڕیارە لە بیر ناکرێ و بێ وڵامیش نابێ» لە درێژەی قسەکانیدا بەشێوەی ناڕوون هەڕەشەی کرد کە ئاڵمان «قازانجەکانی خۆی» لە ئێران لە دەست دەدا.

خامنەیی دەوڵەتی ئاڵمانی بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە لۆمە کرد و رایگەیاند کە ئاڵمان بڕواپێکراویی خەڵکی ئێرانی لە دەست داوە. کاتێ ئاڵمان بریاریدا بگەڕێتەوە تاران، خامنەیی فەرمانی تایبەتیی بە وەزیری دەرەوەدا کە ئیعتیبارنامەکەی قبووڵ نەکا چونکە دەوڵەتی ئاڵمان بە ناحەق ئێرانی بە تاوانێک کە ئەنجامی نەداوە، تاوانبار کردوە.

## ئاکام

کۆماری ئیسلامی لە مێژە هەوڵ دەدا بنکە و ناوەندەکانی گرووپە سیاسییەکانی دژی رێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە نیو بەرێ. لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٨ تا ١٣٧٥ دا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بڕیاری زنجیرە تێرۆرێکیان دژی دژبەرانی سیاسیی رێژیم دەرکرد کە زۆربەی ئەم تێرۆرانە لە ئوروپای رۆژئاوا جێبەجێ کران. دوای مردنی خومەینی لە ساڵی ١٣٦٨، بەرپرسایەتیی بەڕێوەبردنی ئەم تێرۆرانە بە کۆمیتەی کاروباری تایبەت بە سەرۆکایەتی خامنەیی، (جێنشینی خومەینی)سپیردرا. هەروەها بەرپرسایەتیی جیبەجێ بریارەکانی کۆمیتەش بە ئەنجومەنی چالاکیی تایبەت سەر بە وەزارەتی ئیتلاعات سپێردرا.

دۆسییەی میکۆنووس تا ئێستاش باشترین نموونەیە بۆ ناسینی چالاکیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تێرۆری دژبەرەکانی لە دەرەوەی وڵات دا. ئەم چالاکییانە بە روونی بە کارهێنانی رێکخراوە تێرۆریستییە دەرەکییەکان بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی دووهەم**

راوەدوونانی دژبەرەکانی لە لایەن ئێرانەوە دەردەخا. تێرۆری میکۆنووس کەم تێچوو لە هەمان کاتدا کاریگەر بوو. ئەو میتۆدەی گرووپی تێرۆری میکۆنووس بە کاریان هێنا ئەگەر چی ئەگەری دەست تێدابوونی وەزارەتی ئیتلاعاتی کەم دەکردەوە بەڵام هەوڵێکی زۆر بۆ شاردنەوەی سەرچاوەی تیرۆر یا بەلارێدا بردنی مەئموورانی لێکۆڵینەوە نەدرابوو. نەک هەر هیچ هەوڵێک نەدرابوو بۆ سڕینەوەی ژمارە سریاڵی ئەو چەکانەی تیرۆرەکەیان پێ کردبوو بەڵکوو هەوڵێکی ئەوتۆش بۆ لەنێو بردنی چەکەکانیش نەدرابوو تا پێوەندیی ئەو چەکانە بە ئێرانەوە دەرنەکەوێ. کە ئەمەش خۆێ نیشاندەری ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی پێی وایە ئەگەر دژبەران بزانن کەدەوڵەتی ویلایەتی فەقیهی لە پشت ئەو تیرۆرانەوەیە، بەقازانجیەتی.

رەنگە گرینگترین تایبەتمەندیی رووداوی میکۆنووس، دوژمنایەتیی پاساو هەڵنەگری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بێ. لە ماوەی سێ ساڵ دا، دوکتور شەرەفکەندی دوویەمین سکرتێری گشتیی حیزب بوو کە لە یەکێک لە شارە ئورووپاییەکاندا تیرۆر دەکرا. بە گشتی، ناوەندی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤی ئێران لەو تیرۆرانەی لە دەرەوەی وڵات لە دژی حیزبی دیموکراتی کوردستان کراون، زانیاریی زیاتری لە سەر ئەو تیرۆرانە هەیە کە لە عێراق لە دژی ژمارەیەکی زۆر لەتێکۆشەران و ئەندامانی پایەبەرزی ئەو حیزبە ئەنجام دراون. لێزانیی تیرۆریستەکان و جێبەجێکردنی لەسەرەخۆیانە و بە شێنەیی تیرۆرەکە لە لایەن بکوژانەوە لە عەمەلیاتی میکۆنووسدا نیشاندەری بێ بەزەیی رێژیمی ئێرانە کە هەمیشە لە هەوڵی کوشتن و تیرۆری...

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# من دەبووا لەگەڵ نەمران و ڕێبەرانی لەخۆبردووی دێموکراتی کوردستان تێرۆر کرابام!



دوکتور: گوڵمرادی مرادی

وەرگێڕان لە فارسییەوە: مستەفا مەعرووفی

لە ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٢ دا ڕاست بیست ساڵ بە سەر ئەو ڕۆژە تاڵ و خەماوییە دا تێدەپەڕێ، بەڵام بە کوێریی چاوی دوژمنە تێرۆریستەکانو تێرۆریستپەروەرەکان لەقاوەدران و خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادی هەموو ڕۆژێ وەک گوڵی نەستەرەن دەڕوێنەوە و بزووتنەوەی دژی دیکتاتۆری بە زیندوویی ڕادەگرن. خەباتگێڕە ماندوویی نەناسەکان وەکوو دارێکی ئەستوور وان کە لە باردودۆخی کۆمەڵایەتی ناڕازین وناکرێ لە ڕیشەوە دەریان بێنی. هەتاکوو لق وپۆپ و گەڵاکانیان ببڕنەوە، دیسان لق وپۆپ و گەڵای تازە دەڕوێننەوە بەرەکەشیان چقڵی ئاسنینە کە دەچاوی دوژمنان ڕۆ دەچن و چاوی دوژمنانی نەتەوەکان کوێر دەکەن. بووژانەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری خەباتگێڕان بە مانای ئەوە نیە کە ئێمە قارەمانە نەمر و گیانبەختکردووەکانمان لەبیر بکەین. یادیان هەمیشە بەرێزە و نەمانی جەستەیی ئەوان دەبێتە ڕقو تووڕەیی لە دژی نابەرابەریو ماف پێشلکردنەکان. دیارە وەبیر هێنانەوەی بیرەوەریی ئەو ڕۆژە تاڵە جێی غەم و پەژارەیە. بەڵام بیرەوەریی هەڵوەرینی لقوپۆپی ئەو دارە قایمە و ئەو ڕۆژە شوومە دەبێ نوێنگەی ڕق و نەفرەتێکی لەبن نەهاتوو لە دژی جەهل، نەخوێندەواری و بێمەنتیقی بێ و سنووری بۆ دانەنرێ.

**یەکەم،** منو میلیۆنانی وەک من لەلایەک لەو شتەی ئەو بەرێزانە بە ناوی ئیسلام دەیناسێنن زۆر ڕەشبینم و لەلایەکی دیکەشەوە هیوایەکمان لە دڵی دا هەیە کە ئەو نیگەرانیە بەجێ و دروستەی ئایەتەتوڵلا خومەینی کە دەڵێ" ئەگەر ئێمە نەماین، ئیسلام نەماوە" بەم زووانە لە ئێراندا وەدی بێ. هیوایەک هەیە کە هاکا ئەوانە ڕۆیشتنو چارەنووسی ئەو دین بە

دنیافرۆشانە لە ئێراندا هەر ئەوە بێ کە لە سەدەی یازدەی زایینی دا بوو. ئەو ئازیزانەی کە شارەزاییەکی کەمیان لە مێژووی ئیسلام هەیە، دەزانن کە چ بارودۆخێکمان دەبێ. چونکە ئەمانە بە بەڕێوەبردنی تێرۆر بە شێوەیەکی وەحشیانە، بە ناوی ئایین و وەعدی بەهەشت بە خۆکوژ و تێرۆریستەکان، رق و نەفرەتێکیان لە دژی ئیسلام لە وڵاتی ئێمەدا پێک هێناوە کە ئەو سەری دیار نەبێ.

**دووەم**؛ بۆ درۆ بێزراو و ئاشکراکانیان بە تایبەتی بۆ قبووڵکردنی بەشە بێنێوەڕۆکو چەواشەکارە بێ سنوورەکانی هێندێک لەو شوێنکەوتووانەی "ئیسلامی نابی محەممەدی" کە ئەمانە پیادەیان کردوە، بێزارییەکان زیاتر پەرە پێ دەدا. کەوابوو هیوایەک هەیە کە ئەم سەدە ناوەڕاستیانە بە زوویی لە ئێران شورتو گوم بن. بێگومان ئیدی تۆغرۆلی سەلجووقییەک نابێ کە لە ئێراندا ئیسلام رزگار بکا.

## کازم دارابی

ئەو کات ئەڵمانییەکان، کازمی دارابیان بە پێوەندییە باشەکانی دوو میلیارد دۆلار ئابووری لە ساڵدا و رزگارکردنی هێلمۆت هووفێری ئەڵمانی گۆڕییەوە، هەموو کەس دەیزانی کە دارابی مۆرەیەکی رێژیمە بۆ تێرۆری نەیاران. کاتی گەڕانەوەی ئەو مۆرە وەفادارە بۆ لای کۆماری ئیسلامی، رۆژنامەکانی رێژیم بە خەستو خۆڵی راپۆرتیان لە بارەی هاتنەوەی ئەووە بڵاو کردەوە کە ئەوە بۆخۆی دەتوانێ سەلمێنەری ئەو راستییە بێ. یەکێک لە رۆژنامەکان نووسی: "کاتێک فرۆکە لە سەر عەرزی دەنیشێ، حەشیمەتێکی زۆر لە کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە، هەواڵنێرانو کەسوکاری دارابی، هاتوونەتە پێشوازیی دارابی. دارابی پاش دابەزین خۆی لە باوەشی دایکی داوێ و هەردووکیان دەست دەکەن بەگریانێ. لەو نێوەدا، "باقری" جێگری ئورووپا و ئەمریکای وەزارەتی کاروباری دەرەوەش هاتۆتە پێشوازیی دارابی تاکوو ئەو هاووڵاتییە ئێرانیە وا بیر نەکاتەوە کە کاربەدەستانی وڵاتەکەی دوای پازدە ساڵان ئەویان لەبیر کردوە." باشە، هەروەک گوترا ئەوە یەکێک لەو دەیان نموونەیە کە دارابی دەبێ لە مۆرەکانی رێژیمی تێرۆر بێ، دەنا هیچ هاووڵاتییەکی قاتڵ لەلایەن کاربەدەستە پایەبرزەکانی وڵاتەوە پێشوازیی لێ ناکرێ. هەر ئەو دارابییە لە یەکێک لە وتووێژەکانیدا گوتوویەتی کە:" سوێندێ بە قورئانێ دەخۆم کە ئەندامی هیچ گرووپو رێکخراوێک نەبوومە... ئەڵمانییەکان پازدە ساڵ لە تەمەنی منو هاوسەر منداڵەکانمیان بە فیڕۆ دا... ئەمن بێ تاوانمو بەهۆی تاوانی نەسەلماوەوە پازدە ساڵ تەمەنیان لێ ئەستاندم." ئێران نیووز لە زمان ئەم دارابییەوە دەڵێ:" ئەڵمانییەکان من بە پیاوی وەزارەتی ئیتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەقەڵەم دەدەن بەڵام ئەمن لە نێو ئێوەداو لەبەرامبەر خەڵکی ئێراندا سوێندێ دەخۆم کە ئەندامی هیچ رێکخراوێکی سەر بە کۆماری ئیسلامی نەبووم"! باشە، لە حاڵێکدا خاجە حافزی شیرازییش بە بەڵگەو سەندەوە دەزانێ کە ئەو یەکێک لە ئەندامانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یەکەی ٦٠٠٠ی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسداران بووە. بەڵام بە ڕاست یان بە درۆ سوێندێ دەخوا! ڕەنگە ڕاستیش بکا ئەندامی یەکەی ٦٠٠٠ نەبووە، بەڵکوو ئەندامی حیزبوڵلای لوبنان بووە و ئەدی ئەویش ڕێکخراوێکی سەر بە نیزامی کۆماری ئیسلامی نیە! بەڵام ساڵێ بە سەد میلیۆن دۆلاری کۆماری ئیسلامی دەژیە و گوێڕایەڵی هەر فەرمانێکە کە لە تارانەوە دەربچێ. کەوابوو وفادار مانەوە بەو یەکەیە و کار بۆ کردنی هیچ پێویستییەکی بەوە نیە کە ئەندامی بێ. ئەو مەسەلەیەو ئەو تاوانە نەبەخشراوەیە کە ئەو بۆ کاردروستایەتی و بەکرێگرتنی تێرۆریست بۆ کوشتنی ڕێبەرانی کورد، نەک هەر تەنیا بۆ دادگای ئەڵمان بەڵکوو بۆ زۆربەی خەڵک ڕوونە،و کۆماری ئیسلامییش بۆخۆی چاک دەزانێ. بەڵام دارابی بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو کارانەی کردوونی یەک لەوان میواندارەتیی بکوژەکان، وێنە لەگەڵ گرتنیانو دابینکردنی جێورێ و چەک و ماشێن و دراو و هتد، حاشا لە هەموویان دەکا! لە حاڵێکدا شوێنەواری پەنجە لە سەریان ئیدی حاشا هەڵنەگرە. بەو حاڵەش ئەو بە بێ شەرمیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسالەت، ژمارە ٦٣٣٣ی ڕۆژی ١٢ - ١٠ - ٨٦، لاپەڕی ٣دا گوتوویەتی:" لە ساڵی ٩٢ دا سادقی شەرەفکەندی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان و ٣ کەس لە هاوڕێیانی لە ڕێستوورانی میکۆنووس لە شاری بێرلینی ئەڵمان لەلایەن کەسانی نەناسراوەوە هێرشیان کرایە سەر و کوژران. ئەو درێژەی پێ دا: ئەڵمانییەکان بە پێی تۆمەتگەلی بێ بنەما و دژ بەیەک منیان بە زیندانیی هەتا هەتایی مەحکووم کرد و پاش سووککردنی سزا و تێپەڕاندنی دوو لە سێی ماوەی سزایەکەم و پاش ١٥ ساڵ و ٦٤ ڕۆژان زیندانی، ئازاد کرام." با لەوە گەڕێین ئێستا ئەو بە چ هۆیەکی سیاسی لە زیندانێ بەر بووە،

**بەڵام ئەوەی قانوونی ئەڵمان دەیڵێو حوکمی سزای دارابی دەری دەخا ئەوەیە:**

**یەکەم**، لە زیندانیی وی دا هیچ سووک کردنێکی سزا ڕێی پێ نەدراوە. چونکە ئەو بە پێی دەنگی دادگا هەتا ٢٥ ساڵ تەنانەت مافی داواکردنی بەخشینو سووککردنێکی نەبووە، تا بگا بەوەی کە لێی قبووڵ بکرێ پاش تێپەڕاندنی دوو لە سێی ماوەی زیندانییەکەی ئازا دبکرێ. ئەو بۆخۆی باش دەزانێ کە دەوڵەتی ئەڵمانو ئێران موعامەلەیان لەسەر کردوە ئەو بەو مەرجەی ئازاد کرا کە پێوەندییەکی باشی ئابووریان لە نێواندا بمێنێتەوە، هێڵمۆت هووفێرێ ئازاد بکەن و ئەویش پاشماوەی زیندانییەکەی لە ئێرانێ تێ پەڕێنێ.

**دووەم**، ئەوە ئیدی لەو بێ شەرمیانەی دارابی یان ئەو درۆ مەسڵەحەتییە ئیسلامیانەی کازمی دارابی، عەبباسی ڕاحیل (ڕائیل) و یووسف ئەمینی لوبنانییە کە پێشکێش بە خوێنەران لە نیشتمان دەدرێن. ئەو باسی کەسانی نەناسراو دەکا، لە حاڵێکدا لەگەڵ ئەو پیاوکوژە "نەناسراو"انە دەست لەملان وێنەی گرتوە و شوێن پەنجەی بەسەر هەموو بەڵگەکانەوە دیارەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

دراوی داوە بە بکوژەکانو وێنەی رادارییی لە سەر جادەی هامبورگو بێرلین هەیە کە بۆخۆی وەک شوفێر لەگەڵ یەکێک لە بکوژەکان لە ماشێنی وێدا دیارنو هەمووشیان بە لێکۆڵینەوەی وردی راسپاردەکانی پۆلیس سەلمێندراون. دیسان بەو پەڕی روو هەڵماڵاوی و بێ شەرمییەوە دەڵێ" بە هۆی تاوانی نەسەلمێندراو تۆمەتگەلی دژ بەیەک"، ئەم جورم و جینایەتە بە رادەیەک بەڵگەدار و سەلمێندراوە کە تەنانەت پلاندارێژەکانی رێژیمیش ناتوانن حاشای لێ بکەن و هاشمیی رەفسەنجانی ناچار بووە بڵێ کەسانی سەرەڕۆ کارێکی وایان کردوە! هێندێک کەس لە رۆژنامەکانی دەرەوەو تەنانەت نێوخۆشدا چاکیان ئاماژە پێ کردوەو نووسیویانە کە، ئاغای رەفسەنجانی! ئەگەر بکووژەکان مەئموورانی سەرەڕۆ بوون، بێگومان وەزیری ئیتیلاعاتەکەتان ئاگای لەو مەسەلەیە بووە، چونکە ئەو پاش تێرۆری د. قاسملوو و تەنانەت چەند مانگ پێش ئەم تێرۆرە، بە ئاشکرا لە تەلەڤزیۆنی ئێراندا گوتوویەتی کە مەئموورەکانی ئێمە گەورەترین زەبریان لە حیزبی دێموکراتو نەیارانی دیکەی کۆماری ئیسلامی داوەو لێی دەدەن. ئەگەر بەراستی ئەتۆ ئەمانە بە مەئمووری سەرەڕۆ دەزانی، ئەدی بۆ پاش ئەوەی زانیتو ئەو شتەت لە بارەی ئەو مەئموورە سەرەڕۆیانە بیست وەزیری ئیتیلاعاتت وەلا نەنا؟ دیارە ئەگەر بمانەوێ بە وردی سەیری بەڵگەکان بکەین، هەم کاتێکی زۆری دەوێ و هەم لە چوارچێوەی ئەم وتارەدا ناگونجێ، بۆیە تا ئێرە هەر بەوەندە واز دێنین

لە بارەی پێشوازیی رێژیم لە ئاستی جێگری وەزارەتی دەرەوە دا لە دارابی لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ئێراندا خوێندمانەوە کە لەگەڵ کەسانی سەرەڕۆ چۆن رەفتار دەکەن و چ جێگەو پێگەیەکیان لە کۆماری ئیسلامیدا هەیە. بۆ زانیاریی خوێنەرانی بەڕێز، دەبێ دیسان بڵێمەوە کە یەکێک لە مەرجەکان ئەوە بوو کازمیی دارابیی درۆزنو تێرۆریستی حیرفەیی پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران دەبووا پاشماوەی زیندانییەکەی لەوێ تێپەڕێنێ، بەڵام لە جیاتی کەلەپچە و زیندان، بە دەستەگوڵ پێشوازیی لێکرا. باشە، سیستمی کۆماری ئیسلامی بناغەکەی لەسەر درۆ، فریو، هەڕەشە، تێرۆری نەیاران، پشتیوانی لە بکوژی نەیارانو هتد دامەزراوە. ئەگەر کەسێک سوێند بە قورئانی مەجید بخوا کە جگە لە کاغەزو جەوهەر شتێکی دیکە نیە، رۆژێ سەد جاری دیکەش سوێندێ بخۆن، ئەوان باش دەزانن کە چ ناقەومێ، هەر بۆیە نە تەنیا کازمی دارابی، بەڵکوو ئایەتوڵڵا زەلامەکانی دیکەش دەزانن سوێند بەم قورئانەو ئیمامە بەڕێزەکان، جگە لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی ساویلکە چ زیانێکی دیکەی نیە. بۆیە دەتوانن درۆی ئاوا زەق بکەنو سوێندان بخۆن. هەمووکەس لە خۆی دەپرسێ، باشە ئەوە چ موسوڵمانەتییەکە؟ ئەو بەڕێزانە چاکیش دەزانن کە بە پێچەوانەی قازییەکانی کۆماری ئیسلامیو دۆسیە هەڵبەستنەکانیان بۆ تۆمەتباران، یەکەم، قازییەکان لە ئەڵمان سەربەخۆنو هیچ ئەشکەنجە و زۆرەملیییەکیش لە گۆڕێدا نیە. دووەم، ئەگەر بۆ نموونە دانپێدانانێک بە ئەشکەنجە و زۆرەملی وەربگیرێ، ئەو قازیانە قەت دانپێدانانی ئاوا وەک تاوان بۆ تاوانبار بە هێند وەرناگرنو لە بڕیاردا وەک بەڵگە پشتی پێ نابەستنو دانپێدانانی وا لەلایەن دادگاوە رەت

دەکرێتەوە. بە پێچەوانە لە ئێرانداو بە پێی ئیددیعای ئەو بەڕێزانە لە ئیسلامدا دانپێدانان لە ڕێی ئەشکەنجەو بە زۆرەملی ڕێ پێدراوە. هەر بۆیە شۆوە تیڤییەکان وتووێژە یەک لە دوای یەکەکانیان وەرێ خستو نەیارانیان ناچار بە دانپێدانان کرد. بۆ نموونە لە هێزە چەپەکان، کەسێک کە نزیکەی ٩٠ بەرگی کتێب و وتار لە بارەی فەلسەفەی دروستبوونی جیهانو کۆمەڵناسی و سروشت نووسیبوو و هیچ باوەڕێکیشی بە ئایین نەبوو، لە چاو تروکاندنێکدا کردیانە موسوڵمانو هێنانە سەر تەلەڤزیۆن کە بە زمان دان بە موسوڵمان بوونی خۆی دابنێ. جگە لەوەش ئەگەر وەکیلە ئەڵمانییەکانی تاوانبارانو یەک لەوان کازمی دارابی شتێکیان پێ شک هاتبا و یەک لەسەد بێ تاوانیی ئەویان دیتبایە بۆ سەلماندنو بەرگری لێکردنی هەوڵیان دەداو بە دڵنیاییەوە ئەم کارەیان دەکرد، چونکە پووڵێکی زۆریان وەر دەگرت. جگە لە هەمووی ئەوانەش، تەنانەت راستترین کەسەکانیش لە کاربەدەستانی دادگاکانی ئەڵمانیش ناتوانن بەبێ بەڵگەو سەلماندنی تاوان کەس مەحکووم بە زیندان بکەن، چ بگا بەوەی کە ئەو قازییە بەڕێزەی بێرلین بەڕێز کووبش و داد ئەستێنەکەی، بەڕێز برۆنۆ یوست، بە پێی بەڵگەو سەنەد ئەگەر گوێڕایەڵی کاربەدەستانی دەوڵەتی ئەڵمان بووایەن، دەبووا وەک ئەوەی کە لە وڵاتی ئوتریشو ڤیەن ، بکوژانی نەمر دوکتور قاسملوویان بەبێ لێپرسینەوە ناردەوە ئێران، دارابی مۆرەی سەرەکیو رێکخەری تیرۆری رێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو بکوژانی دیکەیان ئازاد دەکرد، بەڵام ئەو قازییە دێموکراتو دادپەروەرە بە وردبینی بە خەرجی خۆی نۆ میلیۆن مارکو سێ ساڵو پێنج مانگو دوازدە رۆژ لێکۆڵینەوە و موحاکەمەو ٢٤٦ یان ٢٤٧ جەلەسەی دادگاو گوێگرتن لە زیاتر لە سەدو حەفتا شاهید کە زۆربەیان سەر بە رێژیمی ئیسلامی بوونو شارەزاییان هەبوو و تەنانەت لە نێو ئەواندا وەزیرە گرنگەکانی ئەڵمانو سەرۆک کۆماری پێشووی ئێرانو مەئموورە پلە بەرزەکانی پێشووی ئیتیلاعاتی رێژیمو لە وەفادارانی ئێستای کۆماری ئیسلامییش دەبینران و لێکۆڵینەوەی وردی پەروەندەکان، ئاخیرەکەی تاوانەکە بۆ ئەوان سەلمابوو و بڕیاری دواییان دا. بەڕیوەبەرانی کۆماری ئیسلامی بۆ پووشبەسەرکردنی راستییەکان لە راگەیەنە گشتییەکانی خۆیاندا تەنیا پێیان لەسەر رەتکردنەوەی ئەم دادگایە دادەگرت، بەبێ ئەوەی بەڵگەیەک، تەنانەت تاقە یەک بەڵگەی سادەش بخەنە روو کە کام بەشی هەڵە بووەو لەبەر چ هۆیەک رەتی دەکەنەوە؟ لێرەدایە کە ئەو بەڕێزانە بە تەوای ئیسلام دەخەنە ژێر پرسیارەوە.

هەر چۆنێک بێ ئەمن کە ئەمڕۆ زیندووم، بەو جۆرەی کە لە سەرەتادا باسی کرا، دەبووا لە ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا تیرۆری رێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، نەمران دوکتور سادقی شەرەفکەندی، ناسراو بە دوکتور سەعید، سکرتێری گشتیی حیزب، نەمر فەتاح عەبدولی، بەرپرسی کەم وێنە و زۆر لاوی حیزب لە ئورووپا، نەمر هومایوونی ئەردەڵان بەرپرسی لێزان و چالاکی حیزب لە ئەڵمان و نەمر نووری دێهکوردی چالاکی سیاسی و کارمەندی خاچی سووری ئەڵمان کە دۆستی نەتەوەی کورد، رابیتی حیزب لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێران وەرگێڕ لە کۆنگرەی ئەنتەر

ناسیۆنالیست سۆسیالیست بۆ وەفدی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو بە خانە خۆیەتیی حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان، کوژرابووایەم. چارەنووسم وابوو و بەهۆی تەنیا دواکەوتنێکی چەند دەقەیی لە تیری جینایەتکارانی حیرفەیی و کەللە وشک دەرباز بوومو هێشتا زیندووم. گومانی تێدا نیە ئەگەر منیش لەوێ بووایەم دەکوژرام، چونکە نەمر نووری دێهکوردییش دۆستی نزیکی نەتەوەی کورد بوو، (دەبووا) تێرۆر بکرێ.
یەک شت پێویستە پێی لەسەر دابگرین، ئەویش ئەوەیە کە ئامانجی تێرۆریستەکان تەنیا تێرۆری رێبەرانی کورد و نزیکەکانیان بوو. چونکە بزووتنەوەی نەتەوەی کوردو دۆستەکانیان بۆ ئەوان زۆر مەترسیدارتر بووو هەیە. ئەمرۆ دەبینین کە کۆماری ئیسلامی وەهەوڵ و تەقەلا کەوتوە و بە کڕینی جاش و تەرخانکردنی گەورەترین بودجە بۆ کەمرەنگ نیشاندانی بزووتنەوەی هەقخوازانەی کوردەکانی ئێران و بەر لە هەمووان حیزبی دیموکراتی کوردستان، نموونەی بەرچاوی ترسو وەحشەتی کۆماری ئیسلامیە. لە راستی دا ئەمن هەرچەند هیچ پێوەندییەکی تەشکیلاتیم بە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە نیە، بەڵام لەبەر چەند هۆ مەسەلەن دیفاع لە مەسەلەی نەتەوایەتی و ئۆگریی زۆر بەو ناودارانەی کە لە لووتکەی حیزبدا بوون، کەسایەتییەکانی وەک قازی محەممەدی نەمر ئەو گەورە پیاوە هەڵکەوتوو و دەگمەنەی مێژووی کورد، نەمر دوکتور قاسملوو بنیاتنەرەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و نەمر دوکتور سەعید ی ئاشتیخوازو لایەنگری دیالۆگ، لە رادەبەدەر خۆم لەم حیزبە بە نزیک دەزانی. جگە لەوەش لەلایەک دروشمی دیموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستان کە لە کۆنەوە دروشمی حیزب بووەو ئێستاش دروشمی نەتەوەکانی ئێران سیستمی فیدرالی لە سەرووی بەرنامەکانی حیزبدایە، زیاتر لە هەر کاتێک ئەمن لەم حیزبە نزیک دەکاتەوەو لەلایەکی دیکەشەوە تا ئەو جێگایەکی کە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم، ئەمن تاقە کەسم کە تا ئەمرۆ ئەم حیزبە و مێژووە خوێناوییەکەیم بە خوێنەرانی ئەڵمانی لە ئورووپا لە روانگەیەکی زانست پەسندانەوە، ناساندوە. نەمر هومایوونی ئەردەڵان هەرچەند لە زمانی ئەڵمانی دا لاواز بوو ئەوەی بە باشی دەزانیو بەو زانیاریەی کە لە رێگای نووسینەکانی دوکتور سەعید لە بارەی بزووتنەوە نەتەوەییەکانی کورد لە سەدەی نۆزدە تا شەڕی دووەمی جیهانی هەیبوو، بە وردی بەراوردی دەکردو دەیدیت کە کتێبی من بە ناوی سالێک حکوومەتی خودموختار لە کوردستانی ئێراندا بە زمانی ئەڵمانی هەر بەو رادەیەی کتێبی دوکتور قاسملووی نەمر بۆ ئینگلیسی زمانەکان گرنگە، ئەم نووسینەش کە مێژووی بزووتنەوەکانی گەلی کوردی لە هەزارەی رابردوودا بە وردی خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە، بۆ ئەڵمانی زمانەکان گرنگە و چەندین جار پێی دەگوتم، خۆزگە ئەڵمانیەکەی ئەوەندە باش بووایەو ئەو کتێبەی وەردەگێڕا. ئەو پێی دەگوتم: چاوەڕوانیت لە کۆمەڵگای موحافیزەکار نەبێ کە شتێک لە دژی خۆی وەربگێڕێ، ئەتۆ بۆخۆت ئەگەر کاتت هەبێ هەر نەبێ بیکە فارسی کە بێگومان کەسانێک هەر دەبن بیکەن بە کوردی. ئەمن قسەکانی نەمر هومایوونی دڵسۆزم قبووڵ دەکردنو لام پەسند بوون بەڵام بە راستی ئەرکی دیکە ئەو ئیزنەیان پێ نەدەدام ئەو کارەی بکەم. هەرچۆنێک بێ ئەمن هەتا ئێستا هیچم لەم بارەیەوە نەدەگوت، تەنیا لەبەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوە بوو خۆ رانەنێم. ئێستا دەبێ بڵێم، چونکە پرسیارم لێکراوە کەبیرەوەریی خۆم لەگەڵ یەکێک لە قوربانیەکان بنووسم، ئەم کارەی دەکەم.

ئەمن چەند ساڵ پاش تێرۆری رێبەرانی کورد، سەبارەت بە نەمریی هومایوونی ئەردەلان، ئاکامی تێرمێک لە دەرسی زانستگەم بە ناوی ئەزموونی ساڵێک حکوومەتی خودموختاری کوردستانی ئێران ناسراو بە کۆماری مەهاباد کە ئەویش لاوێکی چالاکی کوردی کرماشان، بە ئۆگرییەکی زۆرەوە لە ئەڵمانیەوە وەری گێڕایە سەر زمانی فارسی، بە تەما بووم بڵاوی بکەمەوە کە لەو کاتەدا سەردەبیری بەرێزی گۆڤاری گزینگ پێشنیاری وتووێژێکی لەگەڵ گۆڤارەکەدا بە من کردو ئەمن بۆ ئەم وتووێژە کەڵکم لەو وەرگێڕانە وەرگرت. دواتر بە پێداچوونەوەیەکی کەمو زیادکردنی هێندێک بابەت، لە شێوەی کتێبدا هەر بۆ ئەو مەبەستە لە سوئێد بڵاوم کردەوە کە ئێستا دەست ناکەوێ.

ئەمن لەم نووسینەی ئێستادا کە بە یادی دۆستی هەرگیز نەمرم هومایوونی ئەردەلانە، یەکەم، هەوڵ دەدەم هێندێک شت لە پێوەندی لەگەڵ کەسایەتیی هەرگیز نەمری ئەو کە ببوو بە یەکێک لە دۆستانی زۆر نزیکم، بخەمە روو و ئاماژەیەک بە هەوڵی ئەو بکەم کە ئەمن ببمە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. دیارە ئەو قەتی پێ نەگوتم، بەڵام بەو جۆرەی دەمبیست گۆیا هەوڵێکی زۆری دابوو کە بە نەمر دوکتور سەعیدی بڵێ و کارێکی وا بکا ببمە ئەندامی حیزب. وای بۆ دەچم بانگهێشتن کردنی من بۆ ئەم کۆنگرەیە وەک وەرگێڕ، رێگایەک بوو کە من لەگەڵ نەمر سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور شەرەفکەندی زیاتر ئاشنا بمو ئەو تەنانەت دەیەویست پاش کۆنگرە بێتە هایدلبێرگ و ئەمن شانازیی میواندارەتیی ئەوم بە نسیب بێ کە بە داخەوە ئەو شانسەم بە نسیب نەبوو. دووەم، ئەم دارابییە، مۆرەی تێرۆر، کێیە؟ و سێیەم، کاردانەوەی راگەیەنەکان لە رادەی جیهانی دا لە پێوەندی لەگەڵ ئەم تێرۆرە دا چ بوو؟ هەرچۆنێک بێ هەوڵ دەدەم لە درێژەی ئەم بابەتەنانەدا بە بۆنەی بیست ساڵەی بیرەوەریی (رووداوی) شوومی میکۆنووس بە تایبەتی یادێک لە دۆستی بێ مرادم هومایوونی ئەردەلان بکەمەوە.

ئەمن لەگەڵ نەمر هومایوونی ئەردەلان ببوومە دۆستێکی نزیک، بۆیە لەو کاتەوە کە ئەو هاتبووە ئەڵمانو لە فرانکفۆرت نیشتەجێ ببوو، بەردەوام بۆ ئەو کۆبوونەوانەی بانگ دەکردم کە لەلایەن حیزبە کوردستانیەکانەوە پێک دەهاتنو زۆر جار ئەو وتارانەی بەزمانی ئەڵمانی لە بارەی مێژووی بزووتنەوەکانی کوردەوە بوون، ئەگەر ئەم حیزبەو هەڵسووڕێنەرانی کۆبوونەوەکە، ئەویان وەک نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بانگهێشتن کردبایە، کەزۆر جاریش هەر وا بوو، بەبێ دوودڵی حەتمەن داوای لێدەکردم لەگەڵی بچمو تەنانەت جاری وابوو وەک نوێنەری حیزبیش قسان بکەم. هەرچەند



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

ئەمن ئەندامی حیزب نەبووم بەڵام ئەغڵەب ئەم ئەرکەم بە ئۆگرییەوە بە ئەستۆوە دەگرت. هەروەک کە لە ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٩٠ی ساڵی ١٣٧١ دا هاتوە و بەڕێز پەرویزی دەستماڵچی لە یەکێک لە کتێبەکانی دا وەک بەڵگە ئاماژەی پێکردوە، بەڕاستی هومایوون شۆڕشگێڕێکی چالاک، حیزبییەکی وەفادار، نەجیب زادەیەکی بە تەواوی مانا و کادرێکی بە ئەزموون، پەروەردەی سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو. مەندیو لەسەرخۆیی ئەو دڵفەرەوانی و نەرمی لە باس لەگەڵ موخالیفانی حیزبدا وێردی سەرزمانی هەمووان بوو. ڕۆژێکی لە سەفەرێکیدا بۆ سیمینارێک، دۆستانە لێم پرسی بۆچی شەریکی ژیانت نیە؟ ئەو ڕووی تێکردمو گوتی:" ئاخر مامۆستا، کەسێک بەڕاستی کاری حیزبی بکا، ژیانی بۆخۆی نیە. ئەمن تا ئەوکاتەی لە ئێران بووم زۆربەی کاتم لە خزمەتی کاری حیزبدا لە شاخو کێوان بووم. بە ئینسافم نەدەزانی کچێکی گەنج لە ماڵێدا بەتەنێ دەژووڕێ بکەم. ئێستا کە هاتوومەتە ئورووپا لە فکردام، بەڵام کار و چالاکیی حیزب فەڕزترە." ئەمن بە ڕاستی لەلای خۆم، ڕێزم لەز جۆرە بیرکردنەویە دەگرت و بە پێکەنینەوە پێم گوت، ئاواتمە بەم زووانە پڵاوێکی شایی بخۆین، کە بەداخەوە ئەو ئاواتە قەت وەدی نەهات.

ئەو لە سەرەتاکانی شۆڕشی ١٣٥٧دا زانستگەی بەجێ هێشتبووو چووبووە نێو ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە. هومایوون بە هۆی لێهاتووییەوە پلە بەرزەکانی حیزبیی لە ماوەیەکی زۆر کورتدا بڕینو لە کۆنگرەی شەشەوە بەم لاوە بوو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبو ئەرکو بەرپرسیایەتیی گرنگی لە حیزبدا بە ئەستۆوە گرتن. پاش کۆنگرەی هەشت بە ڕەزامەندیی حیزب هاتە ئورووپا و لە فرانکفۆرتی ئەڵمان نیشتەجێ بوو. ناسیاویی من لەگەڵ نەمر هومایوون لە ڕێگەی وتارەکانمەوە بوو، لەپێشدا بە زمانی ئەڵمانی لە فرانکفۆرتێر ڕۆند شاو و پاشان وتاردانەکانم بە زمانی فارسی لە بارەی کێشەی کوردو کوردستاندا بوو. هومایوون ئۆگرییەکی زۆری بە کارو چالاکیی حیزبی هەبوو، چونکە باوەڕی بەو ڕێگایە هەبوو کە دەبێ مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد وەربگیرێن و کورد ببێتە خاوەنی چارەنووسی فەرهەنگیو سیاسی لە کاروباری خۆیدا. ئەو ئەم (ئامانجەی) لە بەرنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بەدی کردبوو و تا گیانی لەسەر دانا پێی وەفادار بوو. ئەو بەڕاستی دەیەویست هیزی چالاک و ڕووناکبیر بۆ حیزبەکەی کۆ بکاتەوە، هەر بۆیە لەگەڵ هەموو کوردێک بە هەر بیرو باوەڕ و ئیدئۆلۆژییەکەوە دەسازا. تا ئەو جێیەی من بزانم، وشەی دوژمنایەتی لە فەرهەنگی نەمر هومایووندا نەبوو و دەیەویست لەگەل هەموو لایەکی دۆست بێ.

ئەوە ستەمی مێژوویە لە هێندێک لە نەتەوە بندەستەکان کە کەسایەتییەکانی وەک قازی محەممەد و قازییە بێ تاوانەکانی دیکە ئێعدام بکرێن، دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی تێرۆر بکرێن، دوکتور سادقی شەرەفکەندی و فەتاحی عەبدولی و هومایوونی ئەردەڵان و نووریی دێهکوردی لە باوەشی نەتەوەی کورد و بزووتنەوەی دیکتاتۆری بڕفێندرێن. بێگومان خەساری



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

ئەم کارەساتە زۆری پێدەچێ قەرەبوو بێتەوە، هەرچەند هیچ شتێک نیە نەبێ، بەڵام قورسە. سەبارەت بەوەی ئەمن نەمتوانی بچمە بێرلینێ، بەداخ بووم لەوەی کە شانسی چاوپێکەوتنی دوکتور شەرەفکەندیم لەدەست دا، بەڵام هومایوونی ئازیز پەیامی بۆ ناردبووم کە رۆژی هەینی یان شەممە لە هایدلبێرگێ دەبین. ئەمن هەرچەند خۆم بۆ کاردروستایەتی ئامادە کردبوو، بەڵام حەیفێ شانازیی ئەو دیدارەم بە نسیب نەبوو. هەوڵی هومایوون هەر ئەوە بوو سەرەڕای کەمیی کات چاوپێکەوتن و وتووێژ لەگەل منی لە هایدلبێرگ لە بەرنامەکەی دا گونجاندبوو.

هاونیشتمانانی ئازیز وخوێنەرانی خەباتگێڕ، پێویستە نەک هەر تەنیا کەسایەتییە خەڵکی و تێکۆشەرانی سیاسیی خۆیان بناسن و بزانن کە ئەوان چۆن فیدارکاریان کردوە، بەڵکوو دەبێ کەسانی دڵڕەق و دزێویش لە مێژوودا فێل و تەڵەکانیان بناسن و ئەو دوو لایەنە پێکەوە بەراورد بکەن. ئەمن لێرەدا یەکێک لەو مۆرە بێزراوەی نوێنەری جەهلی کۆماری ئیسلامی دەناسێنم کە دڵنیام زۆربەتان ناوی دەزانن. ئەو کەسە کازمی دارابیی کازروونییە کە من بۆخۆم پێم خۆش نیە و حەز دەکەم بمرم و ببمە خۆڵەمێش بەڵام ئاوا لە مێژوودا بە بەسەر شۆڕی و بە شەرمەزاری نەمێنمەوە. ئەوەی لە رۆژنامەکاندا لە بارەی ئەو مۆرە بەڕاستی کوێر و دەمارگرژەیەوە هاتوە لێرەدا باس دەکەم. چونکە بە ڕاستی بێزم هەڵدەستێ بۆخۆم لە بارەی ئەو و کردەوەی هەر تێرۆریستێکدا قەڵەم بەکار بێنم:

"کازمی دارابیی کازروونی ساڵی ۱۳٤۳ لە شیراز لەدایک بووە. ئەو وەک خوێندکار لە دەرەوەی ولات لە ئوتریشو ئەڵمانو فەڕانسە خەریکی خوێندن بووە! لە ڕێگەی چالاکی لە ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئێرانەوە لە ئورووپا لە ساڵی ۱۳٦٥ وەک کەسێکی کاریگەرو گونجاو ناسراوە و دەبێتە ئەندامی وەزارەتی ئیتیلاعات. ئەو لەسەرەتای چوونی بۆ نێو وەزارەتی ئیتیلاعات دەبرێتە ئیدارەی گشتیی سیاسیی جێگری تایبەتیو کاروباری سرویسی وەزارەتی ئیتیلاعاتو لە ساڵی ۱۳٦٨یشدا دەبرێتە جێگرایەتیی ئەمنییەتی وەزارەتی ئیتیلاعاتو لە ئیدارەی گشتیی ئورووپادا خەریکی کار دەبێ. دارابی کە لە دۆستانو باوەڕپێکراوانی مستەفا کازمی بووە توانیویەتی بەکەڵک وەرگرتن لەو ناسیاویە کە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی پلە بەرزی وەزارەتی ئیتیلاعات و پێوەندیی بەربلاو لەگەڵ هێزە کاریگەرەکان لە دەرەوەی وڵات لە یەکێک لە سرویسە دەست رۆیشتووەکانی وەزارەتی ئیتیلاعاتدا زوو جێی خۆی بکاتەوەو سەرەنجام لە ساڵی ۱۳۷۰ دا بە پێی داوای فەرماندەی گشتیی سوپای پاسداران سەرتیپ وەحیدی فەرماندەی ئەوکاتی هێزی قودسی سوپای پاسداران بە مەبەستی کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونو پێکهاتنی قەرارگای عەمەلیاتی لە ئەڵمان بچێتە هێزی قودسی سوپای پاسداران. شتێک شایانی گوتنە ئەوەیە کە رەنگە زۆر کەس ناوی مستەفا کازمیی مووسەوی نەزانن. ئەو جێگری ئەمنییەتیی وەزارەتی ئیتیلاعات لە سەردەمی دوڕیی نەجەف ئابادی و لەسەردەمی خاتەمیدا بوو کە لە قەتڵە زنجیرەییەکاندا تۆمەتباری سەرەکی بوو و گۆیا پاشان بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زیندانیی هەتاهەتاییش مەحکووم کراوە. ئەو پیاوە دارابیی دەناسی. دارابی لەگەڵ کەسانێکی دیکە بە ناوەکانی حەسەنی جەوادی، بەهمەنی برنجیان‌و فەرهادی ئەمانیی فەراهانی لە ئەڵمان قەرارگایەکیان بە ناوی نهێنیی علویە بەڕێوە دەبرد.

ناسینی ڕێبەران‌و چالاکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی لە چالاکییە سەرەکییەکانی ئەم قەرارگایە لە ئەڵمان‌و ڕاکێشان‌و ناسین‌و دامەزراندنی جاسووس‌و قسەبەر و قسەهێن لەنێوخۆی ڕێکخراوەکان‌و هێزە نەیارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی تێرۆریستی بووە.

هەروەها ئەوە لە کارنامەی خوێندکاری‌و تێرۆریستیی دارابی‌دا هەیە کە لە ساڵی ١٣٦١دا لەگەڵ ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی یەکیەتیی ئەنجومەنە ئیسلامییەکانی خوێندکارانی ئورووپا هێرش دەکەنە سەر خەوتنگەی خوێندکارانی ئێرانی لە ڕۆژئاوای شاری ماینتس کە لە ئاکامدا کەسێک کوژراو چەندین کەسی دیکەش بریندار بوون. دارابی لەوێ دەسگیر دەکرێ و لە دادگادا بە هەشت مانگ زیندانی‌و دەرکران لە ئەڵمان مەحکووم دەبێ. بەڵام بە نێوبژیوانیی سەفیری ئێران لە بۆن‌و نووسینی نامەیەک بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمان، ئازاد دەکرێ".

لە ڕاستی‌دا خوێندکاریی درابی پاش ڕووداوی ماینتس کە بیانوویەک بۆ کارە ئیتیلاعاتییەکانی بوو، کۆتایی هات، ئەو لەوە بەدوا بوو بە کادرێکی حیرفەیی ئیتیلاعاتی لە پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ سەفارەتی ئێراندا. بۆ نموونە ئەو لە حەوتووی سەوزی ئەڵماندا ببوو بە خاوەنی ستاندێک کە ئەغڵەب لەلایەن سەفارەتی ئێرانەوە دیاری دەکرێ کە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی ئێران لە ئەڵماندا دەناسێنێ. سروشتی بوو کە بەردەوام لەلایەن سەفارەتی ئێرانەوە پشتیوانیی لێ بکرێ. ئەگەر بڵێین لە نوێنەرایەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، وەک هەموو ئێرانییەکان دوور بووە، درۆیەکی ڕووتە. ئەو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و بەردەوامی لەگەڵ مەئموورەکانی سەفارەتی ئێراندا هەبووە. ئەمە کورتەیەک بوو لە کردەوە چەپەڵەکانی ئەم تێرۆریستە تا پێش ڕوودانی کارەساتی میکۆنووس.

ئێستا دەمانەوێ بزانین کە بیروڕای گشتی و وڵاتانی جیهان‌و بە تایبەتی ئورووپاییەکان دژکردەویان لەبەرامبەر ئەو کردەوە جینایەتکارانەیەی کۆماری ئیسلامی‌دا چۆن بوو؟ بەر لەو شتە دەبێ عەرزتان بکەم کە دادگای میکۆنووس لە ٢٨ی ئۆکتۆبری ١٩٩٣دا دەستی پێ کردو تا ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧و ڕەئی دوایی درێژەی کێشا و سەرەنجام بە گوێرەی قسەی پەرویزی دەسماڵچی، کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو دانیشتنە بوو و بە سڵامەتی دەرچوو بوو و لە دادگای میکۆنووس یەکێک لە شاهیدە عەینییەکان بوو، ڕێبەرانی ڕێژیم وەک بڕیاردەری نهێنی ناسران و تەنانەت حوکمی تەعقیب و گرتنی

فەللاحیان دەرکرا. وەک زۆربەی خوێنەرە بەڕێزەکان ئاگادارن، لە دادگای بێرلین، ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، لەوانە عەلی خامنەیی ڕێبە رو " نوێنەری ئیمامی دوازدەیەم"، هاشمیی ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماری ئەو کات، ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئەو کات و عەلیی فەللاحیان وەزیری ئیتیلاعاتو ئەمنییەتی وڵات لەو کاتدا بڕیاردەر بە مۆرەکانی تیرۆر لە ئورووپا بە تایبەتی بۆ تیرۆری ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بێرلین ناسێندران، هەر نەبێ لەسەر کاغەز کەوتنە ژێر تەعقیبەوە. هەر بۆیە هەموو وڵاتانی ئورووپا سەفیرەکانی خۆیان بە ڕاگەیاندنی ئەم حوکمە لە تارانەوە بانگ کردەوە و پێوەندییەکانی ئورووپا و ئێران بۆ ماوەیەکی کاتی سارد بوونەوە و ئەمەش لە ڕاستیدا لەلایەن زۆربەی خەڵکی ئورووپاوە پشتیوانیی لێ کرا. زۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەڵمانی زمان بابەتیان لە مەحکوومییەتی کردەوە جینایەتکارانەکانی کۆماری ئیسلامی نووسی. خەڵکی ئورووپا تا ئەو جێگایە چوونە پێش کە هاودەنگ لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی خوازیاری پساندنی پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ ئێرانی ئیسلام لێدراوبوون. بە شتێکی سەرنجراکێشی دەزانم لە کۆتاییەکانی ئەم وتارەدا بەشێک لە نووسینی فەرهادی فەرجاد بگێڕمەوە کە یەکێک بوو لە بانگهێشتن کراوانی ئەو شەوە بۆ کۆبوونەوەکە، لە ژێر ناوی"ڕوانینێک لە بارەی ڕەئی مێژوویی دادگای میکۆنووس (ئۆپۆزیسیۆن لە بەردەم ڕێگایەکی تازەدا)" دا کە پاش تەواوبوونی کۆبوونەوەکانی دادگا نووسیویەتی و بڵاوی کردۆتەوە. بەڕێز فەرجاد دەنووسێ:" ڕۆژی پێنج شەممە دەی ئاوریلی ١٩٩٧ بەرامبەر بە ٢١ی خاکەلێوەی ١٣٧٦ دادگای بێرلین، کازمی دارابیو عباس (حوسێن) ڕائیلیان بە زیندانیی هەتا هەتایی، یووسف ئەمینیان بە یازدە ساڵو محەممەد ئیدریسیان بە پێنج ساڵ و سێ مانگ زیندانی مەحکووم کرد. هەروەها دادگا کۆمیسیۆنێکی (کۆمیتە) تایبەتی پێکهاتوو لە وەلیی فەقیە، سەرۆک کۆمار، وەزیری دەرەوە و فەللاحیان وەزیری ئیتیلاعاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی وەک بڕیاردەر و دەستووردەری سەرەکیی تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی دەبیری یەکەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، فەتاح عەبدولیو هومایوون ئەردەڵان لە کادری ڕێبەریی حیزبو هەروەها نووری دێهکوردی لە خەباتگێڕانی ڕێگای ئازادیی ناساند و پێوەندیی ئەم کوشتارەی لەگەڵ تیرۆری عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن دەرخستو ڕای گەیاند کە کۆمیسیۆنی تایبەتی بڕیاردەری سەرەکیی کوشتاری ئەندامانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵاتیش بووەو هەیە.

بەم جۆرە ڤازییەکانی دادگای میکۆنووسو بە تایبەتی بەڕێز کووبش سەرۆکی دادگا پاش سێ ساڵ و نیو، سەرەڕای ئەو هەمووە فشارەی کە لەلایەن دەوڵەت و کاربەدستانی ئەمنییەتیی ئەڵمانو هەڕەشە بەردەوامەکانی پیاوکوژانی تاران، بە ئازایەتیو بوێرییەکی کەم وێنەوە ئەرکی پیرۆزی خۆیان بە کردەوە بەجێ هێنا و بۆ یەکەم جار لە مێژووی قەزاییدا، بەرپرسانی سەرەکیی تیرۆر واتە ڕێژیمی تارانیان لە سەر کورسیی تۆمەت داناو مەحکووم کرد. "فەرهادی فەرجاد لە درێژەی ئەم وتارەدا دەڵێ:" تەنیا پاش دەسگیرکرانی یووسف ئەمین و دانپێداهێنانی سەرەتایی ئەو و دۆزینەوەی ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەکانەی لە تیرۆرەکەدا بەکار هاتبوون، روونبوونەوەی پێوەندییەکان و رۆڵی کازمی دارابی وەک ئەندامی واواک و پێوەندیی ئەو لەگەڵ دیپلۆماتە ئێرانییەکاندایە کە بۆ دادئەستێن رۆڵی کۆماری ئیسلامی دەردەکەوێ و یەکەم داوانامەی دادئەستێنی لێ دەکەوێتەوە کە لەوێدا ئاماژە بە رۆڵی رێژیمی ئێران لەو تێرۆرەدا کراوە. هەر ئەو داوانامەیە بە قسەی فۆن ئیشتال دادئەستێنی گشتی لەو کاتدا، دەبێتە هۆی لەسەرکار نەمانی لەو پۆستەدا.

بەڵام دادگای میکۆنووس و دادئەستێن سەرەڕای ئەو هەمووە فشارو کۆسپەی کاربەدەستە دەوڵەتی و ئەمنییەتییەکانی ئەڵمانو ئێران، لەسەر بەجێهێنانی ئەرکەکانی خۆی سوور بووو بۆ روونبوونەوەی راستییەکان هەوڵی دەدا. سووربوونی دادگا و دادئەستێن لە بەدەواداچوونی پەروەندەکە لەو کاتدا، دەبێتە هۆی فشارو دەنگدانەوەی زۆربەی پێوەندییەکانو هاوکارییە نهێنی و ئەمنییەتی و جاسووسییەکانی ئەڵمان لەگەڵ وەزارەتی ئیتیلاعات و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە راگەیەنە گشتییەکانی ئەڵماندا.

فەرمانی گرتنی فەللاحیان سەرەڕای کۆسپی کلاوس کینکێل (وەزیری دەرەوەی ئەو کات) لەبەر قازانجە نەتەوەییەکانی ئەڵمانی فیدراڵ لەلایەن برۆنووس یۆست دادئەستێنی بەرزی دادگای میکۆنووسەوە دەردەکرێ. هەر لەم پێوەندییەدایە کە هاوکارییە ئەمنییەتییەکانی ئێرانو ئەڵمان یەک لەوان راهێنانی ئەندامانی واواک لە پوولاخ (شارۆچکەیکی ویلایەتی بایرن) لەلایەن رێکخراوی ئیتیلاعاتیی ئەڵمانەوە لە بەکارهێنانی ئامرازی مۆدێرن بۆ تەعقیب و چاوەدێری و فرۆشتنی ئامرازی مۆدێرنی راوکردنی مرۆڤ بە ئێران و هەروەها تەیارکردنی واواک بە بانکی زانیاری لەلایەن ئەڵمانەوە و هەمووشی بە ناوی بێنێوەرۆکی یارمەتی بە واواک بۆ دژایەتی کردنی تێرۆریزم لەقاو دەدرێ. "ئەمن ئاماژەم بەو بەڵگە زۆر دوور و درێژە کرد چونکە بۆ روونبوونەوەی تەنیا گۆشەیەک لەو مەسەلەیە گرنگ بوو، کە چۆن دەوڵەتی ئەڵمان بە مەبەستی" پێوەندییە باشەکانی ئابووری" هەوڵی دەدا کۆسپو تەگەرە بخاتە پێش دادگا کە ئەمە پێچەوانەی ئیددیعاکانی دارابی دەسەلمێنێ. لە راستیدا کارەساتی میکۆنووس بۆ زۆربەی خەڵکی ئورووپاو بە تایبەتی خەڵکی ئەڵمان لەبیر نەکراوە و هەر مرۆڤێکی دیموکرات جینایەتێکی ئەوتۆ مەحکووم دەکا و لەگەڵ هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئێرانی بە ئۆگرییەوە هاوپێوەندی نیشان دەدا. لە کۆتایی ئەم وتارەدا، دەمەوێ رستەیەک لە قسەکانی سارا دێهکوردیی ٢١ ساڵە لە پەردە لادانی مۆنۆمێنتی کارەساتی میکۆنووس کە لە پێش ئەو رێستوورانتەدا کردنی و رۆژنامەکان نووسیانەوە، بگێڕمەوە:

"سارا چەشنێک دەدوا کە دەتگوت باوکی لەپێش رێستوورانتی سایگۆن، میکۆنووسی پێشوو، لە گۆشەیەک راوەستاوە و گوێ لە قسەکانی دەگرێ. لە بەرامبەر وی دا گوتی: ئەتۆ هەمیشە ئاواتت هەڵدەخواست مەرگ بێ ئامانج نەبێ، مانای هەبێ. ئێستا ئاواتەکەت وەدی هاتوە، دەزانی ئەو جینایەتەی دەرهەقی ئێوە کرا لەبیر نەکراوە، هیوادارم ئەم مۆنۆمێنتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

دەسەڵاتدارانی ئێران وشیار بکاتەوە تا بزانن ناتوانن مرۆڤە ئازادیخوازەکان تێک بشکێنن، ڕەنگە بتوانن گیانیان لێ بستێنن، بەڵام ڕۆڵەکانیان، هاوڕێیان و بنەماڵەکانیان ڕێگیان درێژە پێ دەدەن.

**واسلاڤ هاڤێل جارێکی گوتبووی،** واتای هومێد ئەوە نیە کە مرۆڤ دڵنیا بێ ڕووداو حەتمەن کۆتاییەکی خۆشی هەیە، هومێدەوار بوون ئەوەیە کە مرۆڤ دڵنیا بێ لەوەی کە ڕوو دەدا واتایەکی هەیە، جا چ کۆتاییەکی خۆشی هەبێ‌و چ نەی بێ.

هایدلبێرگ، ئەڵمانی فیدراڵ، ١٦ی سێپتامبری ٢٠١٢

دوکتور گوڵمرادی مرادی

**سەرچاوەکان:**

- بیرەوەرییەکانی خۆم لەگەڵ یەکێک لە قوربانییەکانی میکۆنووس
- پرویز دستمالچی، بخشی از اسناد میکونوس
- ایران نیوز
- وتاری فەرهادی فەرجاد کۆپییەکەی لە ئارشڤدا
- ناوەندی ئەسنادی شۆرشی ئیسلامی

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان"(ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## وتووێژی خاتوو مونیکا تیمنی بەرپرسی شارەوانی گەرەکی شارگۆتن بۆرک لە شاری بێرلین

## لە سەر مۆنۆمێنتی میکۆنۆس



**وەرگێرانی لە ئاڵمانی یەوە: سوڵتان گوڵاوی**

**پرسیار**: بەڕێزتان لە ساڵی ٢٠٠٤ دا لە قسەکانتاندا و لە کاتی پەردەهەڵدانەوە لەسەر مۆنۆمێنتی میکۆنۆس ئاماژەتان بەوە کرد، کە تا ئێستا پەردەهەڵدانەوە لەسەر هیچ تابلۆیەکی بیرکردنەوە بەو شێوەیە سەرنجی ڕانەکێشاوی و هەروەها بەو شێوەیە سەرنجی بیر و ڕای گشتیشی ڕانەکێشاوە و هیچ تابلۆیەکیش بەو ڕادەیە پڕ کێشە نەبووە، ئێوە ئەو حاڵەتە تایبەتە بۆ چی ئەگێڕنەوە؟

**وەڵام**: من ناوم مونیکا تیمنی یە، من پێشتر ماوەی ١٠ ساڵان شارەوانی گەرەکی شارگۆتن بۆرک لە شاری بێرلین بوم. راست لەو سەرو بەندە دا کە پەردە لە سەر ئەو تابلۆ یادبودە لا دەدرا لە ساڵی ٢٠٠٤ لە جهاد پراگ لەو گەرەکەی.

لە ئەساس دا بیرۆکەی دروست کردنی تابلۆیەکی لەم جۆرە، چەند ساڵێک پێشتر لە گۆڕێ دا بوو هاتبۆ بەر باس، بەڵام لە لایەک لە بەر گرینگی ئەو تابلۆیە، و لە لایەکی دیکەش ئەو کات هێشتا دادگا حوکمی قانونی خۆی لە سەر تاوانباران دەر نەکردبوو. هەر بۆیە ئێمە پێمان وابو کە تا کۆتایی دادگا راوەستین و پێش وەخت هەنگاوێکی وا ناوێژین. دوای ئەوەی کە پارلمانی کۆمۆنی شارلۆتی هایس دۆرف بریاری دا کە ئە و تابلۆیە دروست بکا، لە سەر ئەو بابەتەی لە مێدیاکان

## بەشی دووهەم

زۆری لە سەر نووسرا و قسەی لە سەر کرا، نەک هەر لە ئاڵمان بەڵکو بە تایبەت لە ئێرانیش زۆر قسە و باس و پەیوەندی و وتوویژ لە گۆڕێ دا بون ، تا رادەیەکیش فشار بۆ ئەوەی کە پێش بە پەردە هەڵدانەوەی ئەو مۆنۆمێنتەی لە ساڵی ٢٠٠٤ بگیرێ. ئێران هەوڵی دا لە ڕێگای وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان ئەو کارە بکا، ئەوان پەیوەندیان بە وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان گرتبووە هەوڵی ئەوەیان دا بوو کە وەزارەتی دەرەوەی ئاڵمان قانع بکەن کە پێش بەم کارە بگرێ، بەڵام وەزارەتی دەرەوە تەسلیمی ئەو ویستەی ئێران نەبو و رەددی کردەوە. بەو پاساو هێنانەوەی کە ئەم جۆرە کارانە پەیوەندی بە شورای شار یان کۆمۆنەوە هەیە و وەزارەتی دەرەوە ناتوانێ هیچ دەست تێوەردانێک لە کاری وا دا بکات.

**پرسیار:** لە پرۆسەی دروستکردنی تابلۆی میکۆنۆس دا ئاڵ و گۆڕ بەسەر دەقی نووسراوەکەدا هات، ئەو ئاڵ و گۆڕانە چی بوون و هۆکارەکانی چی بوون؟

**وەڵام:** لە ناوەڕۆکی ئەو نووسراوەدا کە بۆ ئەو مۆنۆمێنتە نووسرابوو، سەرەتا قەرار وابوو دوای نووسینی ناوی چوار قوربانییەکە ئاماژە بەوە بکرێ کە قوربانیان لە لایەن سازمانی ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە کوژراون، بەڵام دواتر دوکتور "کۆرتین"، بەرپرسی بەشی نێوخۆی پارلمانی بێرلین، پێشنیاری کرد کە دەقی نووسراوەکە بگۆڕدرێ و بە جێی سازمانی ئەمنییەتی ئێران شتێکی دیکە بنووسرێ.

لە کۆتاییدا و لە پاش وتوویژێکی زۆر تەوافوقمان کرد کە ئەو ڕستەیە بگۆڕدرێ و بە جێی سازمانی ئەمنییەتی ئێران بنووسرێ بە دەستی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران. زۆر کەس پێیان وابوو کە ئەم ئاڵوگۆڕە ناوەڕۆکی مۆنۆمێنتەکە لاواز دەکا، بەڵام من هەر ئەوکات و ئێستاش لە سەر ئەو باوەڕە بووم و هەم، کە ئەو دەقەی ئێستا کە داڕێژراوە، نەک هەر ناوەڕۆکەکەی لاواز نەکردووە، بەڵکە لەوەی پێشوو ڕوونتر بووەتەوە. چونکە ئەگەر هەروەک سەرەتا بمابایەوە، ئەوە دەکرا وا لێک بدرێتەوە، کە سازمانی ئەمنییەتی ئەوکاتی ئێران ئەو کارەی بە بێ ئیجازەی حکوومەت ئەنجام داوە. واتە سەربەخۆ و بێ ئاگاداری حکوومەت ئەو تیرۆرەی کردووە. بەڵام لە ڕاستیدا لەو دەقەی ئێستادا زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە بەرپرسیاریەتیی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران، وەک بڕیاردەری ڕووداوەکە کراوە و وەک تاونباری ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەستنیشان کراون.

**پرسیار:** حکوومەتی ئێران زۆری هەوڵ دا بەر بە دروستکردنی ئەو تابلۆیە بگرێ، هەوڵ و گوشارەکان لە چ ئاستێکدا بوون؟

**وەڵام:** ئێرانییەکان هۆشداریان دابوو بە ئاڵمان کە ئەگەر بێتو لەو بڕیارە پەشیمان نەبنەوە، ئەوە ئێرانیش لە تاران

تابلۆیەکی ڤێژەون لە ئاڵمان دروست ئەکات. ئاڵمان گوێی بەو هەڕەشەی ئێران نەدا.

پاشان لە لایەن سەفیری ئێرانەوە پەیوەندی بە منەوە گیرا بۆ پێکهێنانی چاوپێکەوتنێکی حوزووری. پاشان سەفارەتی ئێران پەیوەندی گرت و چوارچێوەی دیدارەکەی پێڕاگەیاندم. هەروەها ئاگادار کرام کە سەفیری ئێران پیاوە و هەر بۆیە نابێ من، وەک لای ئوروووپاییەکان عادەت و باوە، دەستی لەگەڵ لێ بدەمەوە، لەبەر ئەوەی من ژنم و ئەوە لە ئیسلامدا حەرامە. بەڵام من لە کاتی دیدارەکەدا گوێم بەوانە نەدا و بە جیدی دەستم بە مەبەستی لێدانەوە بۆ سەفیری ئێران ڕاداشت و چاوەڕێی کردەوەی ئەو بووم. خۆ ئەگەر دەستی لەگەڵم لێ نەدابایەوە، ئەوە دەستبەجێ کۆتاییم بە چاوپێکەوتنەکە دەهێنا. بەڵام ئەو بە ناچار دەستی لەگەڵ لێ دامەوە، هەروەک چۆن لای ئێمەی ئوروووپایی باوە. لەو دیدارەدا ئەو هەوڵی دا من بێنێتە سەر ئەو باوەڕە و قانعم بکات کە دروستکردنی ئاوا مۆنۆمێنتێ باش نابێ و لە ئاکامدا زیان بە پەیوەندی ئێران و ئاڵمان ئەگەیەنێ. ئەو بە ئامانجی خۆی نەگەیشت و لە ئاکامدا توانیمان لە ئاوریلی ساڵی ٢٠٠٤ دا یادی ئەوە ڕووداوە دڵتەزێنەی کە لە ڕستورانتی میکۆنۆس ڕووی دابوو، لەبەر چاوی بیر و ڕای گشتیدا بکەینەوە.

**پرسیار**: ئێستا دوای تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوەدا بەڕێزتان چ پەیامێکتان بۆ گەلی کورد هەیە؟

**وەڵام**: من بڕوام وایە کە کەس و کار و بنەماڵە و دۆستانی ئەو قوربانیانە هیچ کات ئەوان لە بیر ناکەن و دایمە خەمیان بۆ دەخۆن و ڕەنگە پێیان وابێت کە ئەوان بێهوودە کوژران. بەڵام من وای نابینم، هێندێک جار گیان لە دەستدانی مرۆڤەکان کاریگەری موسبەتیان هەیە و توانا و هێز ئەبەخشن بە خەباتکاران و پەیامی ئەوەیان پێ ئەدەن کە درێژەدەری خەبات بن بۆ ڕزگاری و وەدیهێنانی ئازادی. بەو هیوایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان خەڵکی ئێران ئازاد بن و چارەنووسی خۆیان بگرنە دەست.

**پرسیار**: بکوژانی ڕووداوی میکۆنۆس لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ئازاد کران، بەڵام تابلۆی یادکردنەوەی ئەو تراژیدیا مێژووییە لە بێرلین هەر ماوە، ئەو ڕاستییە چ واتا و پەیامێکی هەیە لە شاری بێرلینەوە بۆ دونیای دەرەوەی بێرلین؟

**وەڵام**: ئێمە لە بێرلین و لەو گەڕەکە لە داوی شەڕی جیهانی دووهەم بە زۆر بۆنەی مێژووییەوە تابلۆی یادکردنەوەمان دروست کردووە. هێندێک لەو تابلۆیانە ڕووداوێکی خۆش بەیان ئەکەن، بەڵام هێندێکیشیان بە داخەوە، وەک ڕووداوی میکۆنوس دڵتەزێنن و ناخۆشی دەردەبڕن. ئێمە بە دروستکردنی ئەو مۆنۆمێنتە ویستمان کە خەڵک بە گشتی و خەڵکی بێرلین بە تایبەتی ئەو ڕووداوە ڤێژەونەی کۆماری ئیسلامییان لەبیر نەچێتەوە. ئێوە سەرنج بدەن، ئەگەر بۆ وێنە کەسێک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

بێرەدا تێپەڕێ و ئەو مۆنۆمێنتە ببینێ، ئەوە لەوانەیە لە خۆێ بپرسێ کە ئەو مۆنۆمێنتە بۆ چییە و لەوانەیە بە دوایدا بچێ و بیهەوێ زانیاری لەسەر بەدەست بهێنێ.

لە کۆتاییدا دەقی ئەو نووسراوە ئەخوێنمەوە کە لەو جێگایە، واتە لە ڕستورانی میکۆنۆس، بەو جۆرە نووسراوە: لە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢ نوێنەرانی حیزبی دیموکڕاتی کوردستانی ئێران، دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتاح عەبدوولی، هۆمایوون ئەردەڵان و هەروەها سیاسەتمەداری نیشتەجێ لە بێرلین، بە دەستی دەسەڵاتدارانی حاکمی ئەوکات لە ئێران کوژران. ئەوان لە خەبات لە پێناو ئازادی و مافی مرۆڤدا گیانیان بەخت کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە»، چیرۆکێک لە تاوان و سزاکان




**روئیا حەکاکیان**

**وەرگێران بۆ کوردی: رێبوار مەعروفزادە**

٢٠ ساڵ لەمەوبەر رێبەرانی کورد لە رێستورانێک لە بێرلین دەدرێنە بەر رەگباری گوللە. روئیا حەکاکیان شوێنپێی هەقیقەت و دادپەروەریی لەو تاوانەدا هەڵگرتوە. پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە چیرۆکێکی راستەقینەی تاوانێکی رێکخراوی دەوڵەتییە کە لە لای ئێرانییەکان، بە هۆی ناوی ئەو رێستورانەی کە تاوانەکە لەوێدا ئەنجام درا، بە تاوانی میکۆنووس ناوبانگی دەرکردوە.

کتێبەکە بە رووداوی سەرەکیی چیرۆکەکە دەست پێدەکا. لە رێستورانی میکۆنووس لە بێرلین، ٨ کەس پێکهاتوو لە رێبەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە بۆ خواردنی شام و قسەکردن لەو رێستورانە کۆ ببوونەوە، لەگەڵ خاوەنی رێستورانەکە وەبەر دەسرێژی دوو پیاوی چەکداری دەمامکدار دەکەون. چوار کەسیان، رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دوکتور سادقی شەرەفکەندی و دوو هاوکارەکەی، فەتاح عەبدولی و همایوونی ئەردەڵان کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی نێونەتەوەیی حیزبە سۆسیالّ دێموکراتەکان هاتوونەتە بێرلین و هەروەها نووری دێهکوردی، یەکێک لە دژبەرانی ئێرانیی دانیشتووی ئاڵمان، دەکوژرێن. خاوەنی رێستووران، عەزیز غەففاری، بریندار دەبێ و چوار کەسی دیکە بە سەلامەت دەرباز دەبن. پەرویز دەستماڵچی، فەرهاد فەرجاد، مێهدی ئیبراهیمزادە، چوار چالاکی سیاسی و دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربازبووانی ئەو هێرشە تێرۆریستییەن.

## بەشی دووهەم

سەیر ئەوەیە کە ئەو هێرشە رێک لە کاتێکدا روودەدا کە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەکبەری هاشمی رەفسەنجانی بە بەلێنی لێبووردەیی و سازان، داوا لە ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات دەکا کە بگەرێنەوە وڵات.

چیرۆکەکە هەر لە سەرەتاوە بە گریێ دەست پێ دەکا. دەزانین کە دوو ئێرانی و چوار لوبنانی لەو تاوانەدا بەشدار بوون. عەبدوڵرەحمانی بنی هاشمی، رێبەری عەمەلیاتەکە، بۆ ئێران رادەکا.

کەسێک کە قوربانییەکان دەداتە بەر دەسڕێژی گوڵلە و جنێوی سووک، کازمی دارابیی ئێرانییە. عەبباسی رائیل گوللەی کۆتاییان لێ دەدا و یوسف ئەمین دوستی ئەو، کە چاوەدێریی دەرگای پێش رێستوورانەکە دەکا، هەر دووک ئەندامی حیزبوڵلای لوبنانن و لە شاری رەشتی ئێران لە و سپای پاسداران بۆ ماوەی شەش مانگ ئامووزشی تێرۆریستییان دیتووە. بکۆژی ئێرانی و چوار لۆبنانی قۆڵبەست دەکرێن.

چیرۆکەکە رێک لەو شوێنە کە واپێدەچێ هەموو شتێک تەواو بووە،واتە پاش کۆژرانی کەسەکان، دەست پێدەکا. لەمەوبەدوا کاری کتێبەکە، دۆزینەوەی ئەو نهێنییانەیە کە وەک چیرۆکی هەزارویەک شەو لە پاش کۆبوونەوەی کەسایەتییەکان و رووداوی چاوەروانەکراو لە کەشوهەوایەکی پڕ لە دڵەخورپە دا بەرەبەرە لە ئێمە روون دەبنەوە. لە نێو ئاڵۆزیی شیمانە و گومان و بۆچوونی جۆراوجۆردا، هەر لە پەنابەرانی ئێرانی، کە هەر لە یەکەم ساتەکانەوە تاوانەکە بە کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قەڵەم دەدەن، هەتا دەگاتە سیاسەتمەدار و بەرێوەبەرانی دەوڵەتیی ئێران و ئاڵمان، کە ئەو تاوانە بە بەرهەمی ململانێ و ئالۆزییە نێوخۆییەکانی کوردەکان دەزانن، هەقیقەت دەبێ وردە وردە و هەنگاو بە هەنگاو بدۆزرێتەوە و وەک چنینی فەرشی ئێرانی لە تەنیشت یەکتر دابنرێ تا بتوانرێ پێشکەش بە فریشتەی دادپەروەری بکرێ.

ئەگەر تایبەتمەندیی کتێبی باش ئەوەیە کە خوێنەر لە خوێندنەوەی هیلاک نەبێ و بە واتایەکی دیکە کتێبەکە لە رووی ناچاری نەخوێنێتەوە، بێ گومان ئەو جۆرە لە رۆژنامەنووسیی نوێ یان رۆژنامەنووسیی لێکۆڵینەوەیی لە ریزی کتێبە «باشەکان»دا لە پلەیەکی بەرزدا جێ دەگرێ. کتێبی «پیاو کوژانی کوشکی فیرووزە» لە لایەک لەگەڵ هەموو چیرۆکە جینایییەکانی دیکە جیاوازی هەیە. هەموو رووداو و کەسایەتییەکانی واقعین و خوێنەر ئەگەرچی هەموو وردەکارییەکانی نازانێ، بەڵام تا رادەیەک هەموو چیرۆکەکە، بە تایبەتی سەرەتا و کۆتایی چیرۆک، دەزانێ و لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە وەلا نانێ. پێشتر لە روئیا حەکاکیان، نووسەری کتێبی پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە، کتێبێکی شێعر و دواتریش کتێبی سەربردەی ژیانی بە ناوی (سەفەر لە وڵات «نا») مان خوێندۆتەوە. بەڵام ئێستا لەگەڵ نموونەیەک لە رۆژنامەنووسیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەدەبی و چیرۆکێکی سیاسی جنایی رووبەڕوین.

**لە وتووێژێکدا کە لە گەڵ رونیا حەکاکیان کردوومە لێی دەپرسم:**

**پرسیار:** چۆن بوو کە دەستت دایە نووسینی ئەو شێوازە لە چیرۆک، هەڵبەت ئەگەر بکرێ ناوی چیرۆکی لێ بنرێ؟

**رونیا حەکاکیان:** لە دوای بڵاوکردنەوەی بیرەوەرییەکانم، ناشر(بڵاوکەرەوە) دەیویست کە من بەرگی دووهەمی ئەو کتێبە بنووسم کە پێوەندیی بە ژیانی دەرەوەی وڵاتم واتە لە ساڵی ١٩٨٤ بەولاوە هەبوو. بەڵام من هەستم دەکرد کە رەوتی ژیانم لە ١٩٨٤ بەملاوە شتێکی تێدا نییە کە بایەخی بوون بە کتێبی هەبێ. بە هۆی ئەوەی حەز بە مێژووی هاوچەرخی ئێران و سەربردەی ژیانی ئێرانییەکان لە ٤٠ ساڵی پێشوودا دەکەم هەستم کرد کە ئەو کتێبە بە جۆرێک درێژەی بە سەرهاتی خۆمە. واتە دروستە کە ئەو کتێبە بە سەرهاتی خۆم نییە، بەڵام رووداوێک کە لە رێستوورانێک لە بێرلین بۆ چەند ئێرانییەک هاتە پێش دەکرا بۆ هەموو ئێرانییەکانی دەروەی وڵات کە لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پرسەکانی ئەو وڵاتەن پێش بێ. واتە دەکرا ئێمەش لە کۆبوونەوەیەکی هاوشێوەدا بەشدار بین. هەستم کرد کە لەگەڵ تێمەکان و فێکری من دەگۆنجێ و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ درێژەی کتێبی یەکەمی منە. واتە بە جۆرێک چیرۆکی ژیانی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵاتە.

**پرسیار:** ئەو بابەتەت بۆ هەڵبژارد؟

**رونیا حەکاکیان:** تەنیا بەو هۆیە کە ٦ - ٧ ساڵ پێش لەگەڵ پەرویزی دەستماڵچی ئاشنا بووم کە یەکێک لە رزگاربووەکانی ئەو تاوانە بوو. لە رەوتی ناسینی دەستماڵچی لەگەڵ رەهەند و لایەنەکانی ئەو چیرۆکە ئاشنا بووم کە نەمدەناسی و هەروەها هەستم دەکرد چ ئێرانی و چ کەسانی دیکە ئاگاداری ئەو بابەتە نین. مەسەڵەی میکۆنووس بە لەبەرچاوگرتنی هەموو رەهەند و لایەنەکانی قەت بە تەواوەتی نەکۆتراوە و نەنووسراوە. هەروەها ئەو رووداوە بۆ گێرانەوەش گرینگ و سەرنجراکێش و پڕ لە هەوراز و نشێو بوو. لە رەوتی پێشڤەچوونی چیرۆکەکە رووداوی لەناکاو دێتە پێش کە چیرۆکەکە سەرنج راکێشتر دەکا. جگە لەمە ئەگەرچی پێش لە میکۆنووس چەند تیرۆری دەوڵەتیی دیکەش لە دژی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات روویان دابوو، بەڵام دەرئەنجامی میکۆنووس لەگەڵ تیرۆرەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەرچاو جیاواز بوو. بۆ یەکەم جار وڵاتێکی درەکی قامکی تاوانی بۆ لای ئێران راداشت و بەرپرسانی یەکەمی ئێرانیان مەحکووم

کرد. ئەو جیاوازییە ئەوەندە بەرچاو و مێژوویی بوو کە شایانی پێشکەش کردن بە جیهان بوو.

## ژانری کتێب

کتێبی «پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە» لەگەڵ ئەوەدا کە جۆرێک لە رۆژنامەنووسیی لێکۆڵینەوەییە، بە هۆی ئەوەی بابەتەکە بە شێوەی چیرۆک نووسراوە و کەسایەتییەکانی نێو چیرۆک و هەروەها جۆری دروستکردنی دڵەراوکێ و چاوەڕوانییەکان لە شێوەی رۆمانە جنایی - پۆلیسییەکان دەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە لە سەر بنەمای کۆمەڵێک وتووێژ و نەوار و ئارشیوی دەوڵەتی و ژمارەیەکی  زۆر دەستنووسی شەخسی نووسراوە. نووسەر کە خۆی خەڵکی ئەمریکایە بۆ بە دەستهێنانی ئەو بەڵگانە سەفەری بۆ ئاڵمان و وڵاتانی دیکە کردوە.

**رونیا حەکاکیان بە نیسبەت ژانری کتێبەکە دەڵێ**: «ئامانجی من لە هەڵبژاردنی ئەو شێوازە لە نووسین سەرەڕای ئەوەی کە خۆم حەزم لە لێکۆڵینەوە و وتووێژە ، بەڵام بەلامەوە گرینگ بوو کە کتێبەکە بە جۆرێک بێ کە تەنیا بە کەڵکی کارناسانی سیاسی نەیەت و خەڵکی ئاسایی و غەیرە ئێرانییش رابکێشێ. رەنگە بڕوا نەکەن، بەڵام تەنیا وەسەر یەکخستنی چوارچێوەی چیرۆکەکە زیاتر لە یەک ساڵی خایاند. ئەو کاتە نیوەی ئەو ماوەیە بوو کە ناشر بۆ نووسینی کتێبەکە بە منی دابوو. لەو ماوەیەدا بە تەواوەتی سەرقاڵی ئەوە بووم کە چیرۆکەکە فێر بم چونکە زۆر ئالۆز و قەرەبالغ بوو. چیرۆکەکە هەر وەک بازاری رۆژهەڵات کە پڕن لە مرۆڤ و دوکان و شتومەکی رەنگین و... ئالۆز بوو. هەم ئەو کەسایەتییانەی کە رۆڵ دەگێرن زۆرن و هەم بابەتەکە لە لایەنی حقووقی، سیاسی و... زۆر ئالۆزە.

من بۆ ئەوەی بتوانم بریارڕ بدەم کە لە کەسایەتییەکان کامیان هەبێ و کامیان نەبێ و لە تێمەکان کامیانم دەوێ و کامیانم ناوێ چیرۆکەکەم بە شکڵی شەجەرەنامەیەک لە سەر دیوار کێشاوە. هەموو هەوڵم ئەوە بوو کە هەموو ئەو وردەکارییانەی کە خوێنەری ئاسایی گێژ و سارد دەکا لابەم و بایەخ بە گرینگترین و سەرەکیترین رووداو و بابەتەکان بدەم. هەڵبەت لابردنی بەشێک لە وردەکارییەکانی کتێب هەڵبژاردنێکی دژوار بوو. پەیداکردنی ئێسکەپەیکەر و کێشانەوەی شەجەرەنامەی چیرۆکەکە کاتێکی زۆری خایاند.

## کاراکتێرەکانی کتێب

کاراکتێرە سەرەکییەکانی ئەو کتێبە لەگەڵ کتێبەکانی دیکە جیاوازییەکی بەرچاویان هەیە. «هەقیقەت» و «دادپەروەری»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

دوو کاراکتێری سەرەکین کە رووداوەکانی نێو کتێب لە پێناو چۆنیەتیی گەیشتن بەو دووانە رۆڵ دەگێرن. دادستانی فێدراڵی ئاڵمان، برۆنۆ یوست، دادوەری راستگۆ و ماندوونەناس، گەڕان و دیتنەوەی «هەقیقەت» وەئەستۆ دەگرێ و گۆشارە سیاسی و دیپلۆماسییەکان، کە بۆ بەلاڕێدا بردنی رەوتی پێراگەیشتن بە دۆسییەکە ئەنجام دەدرا، لەبەرچاو ناگرێ. فریتیۆف کوبش، بە وەئەستۆ گرتنی سەرۆکایەتیی دادگای میکۆنووس، ئەرکی دانانی ئەم هەقیقەتە لە تەرازووی دادپەروەریدا و دەرکردنی بڕیاری رەوا کە بزەی سەرکەوتن دەخاتە سەر لێوەکانی دادپەروەری، وەئەستۆ دەگرێ. سەرۆکی دادگای میکۆنووس بۆ ماوەی پێنج ساڵ، بە تێرامان و وردبینییەکی تەواو، رەهەند و لایەنەکانی ئەو دۆسییەی لێک دایەوە.

کوژراوەکان و بنەماڵەکانیان، تیمی تیرۆر و سەربردەی ژیانی زۆربەی ئەندامانی،بڕیاڕدەرانی ئەو تیرۆرە، بەرپرسانی ئاڵمانی، رۆژنامەنووسانێک کە ئەو هەواڵەیان بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە زەینی خۆیاندا راگرتبوو، شاهیدانێک وەک ئەبولقاسمی میسباحی و ئەبولحەسەنی بەنی سەدر، تەنانەت لەوحی یادەوەرییەک کە بە یادی ئەو رووداوە لە سەر دەرکی رێستوورانی پێشووی میکۆنووس دانرا، هەموویان کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەن. بەڵام کتێبی رۆئیا حەکاکیان تەنیا گێرانەوەیەک بە یارمەتیی دێکۆمێنت نییە. ئەگەر مێژوو لەگەڵ شرۆڤەکردنی رووداوەکان و کردەوەی دەسەڵاتداران لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا رووبەڕوویە، بەڵام رۆمان ژیان و هەستی تاک تاکی مرۆڤەکانیش لەو دۆخ و زەمەندا نیشان دەدا. ئەوەی ئەو کتێبە سەرنج راکێشتر دەکا روانینی مرۆڤانەی نووسەرە بۆ چارەنووسی کەسەکان چ ئەوانەی بە خواستی خۆیان (بکوژە بەکرێگیراوەکان) و چ ئەوانەی بە بێ خواستی خۆیان (کوژراوان و بنەماڵەی کوژراوان و بکوژەکان) لەو رووداوەدا، رۆڵیان هەبووە.

نووسەر کەسایەتی و دۆخی رۆحی و هەستی مرۆڤەکان وێنا دەکا و رۆخساری مرۆڤانەی ئەو کەسانە پێشان دەدا. بۆ نموونە پەرویزی دەستماڵچی رۆژی دوایی ئەو شەوە ترسناکە و پاش ئەوەی لە مردن رزگاری بوو چی کرد و چ هەستێکی هەبوو ؟ شوهرەی خێزانی نووری دێهکوردی، کە پاش پێوەندییەکی ئاشقانە زەماوەندیان کردبوو و بە تەباییەکی فیکری و سیاسیی تەواو لەگەڵ یەکتر دەژیان، چۆن بەرگەی ساتەکانی «بێ ئەوی»ی دەگرت ؟ کاریگەریی ئەو رووداوە لە سەر ئەو دوو کچە بچووکەی نێو چیرۆکەکە، سارا دێهکوردیی پێنج ساڵە و سالوومەی هەشت ساڵە، چۆن بووە؟ لە حالێکدا کە سالوومە باوکی لە رووداوێک کە بە سەری نەهاتوە رزگاری بووە، خەریکە دڵی لە لێدان بکەوێ و بە پرسیاری زۆر سەبارەت بەو شەوە و ئەو رووداوە بابی هەراسان دەکا، ساراش کە باوکی کوژراوە، نە دەپرسێ و نە دەیهەوێ بزانێ و نە دەیهەوێ گوێی لە هیچ بێ. دەڵێی دەیهەوێ بە پرسیارنەکردن نکۆڵی لە رووداوەکە بکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**رۆئیا حەکاکیان دەڵێ**: «هۆکاری بایەخ نەدانی سارا بە مردنی باوکی غەمباربوونی ئەو بووە. هەوڵی دەدا بە لە یادکردنی رووداوەکە کەمتر خەسار ببینێ، بەڵام ئێستا پێچەوانەی ئەو کات هەڵسوکەوت دەکا. هەنووکە سارا لە لاوانی چالاکی بواری مافی مرۆڤی ئاڵمانە. کاری رێکخستن و بەرنامەدانان و رێبەری ئەنجام دەدا و و وا دێتەبەرچاو کە درێژەدەری رێگەی باوک و دایکی بێ.»

هەر وەها دردۆنگی و گومان لەو بارەیەوە کە کام یەک لەو ۹ کەسە سیخوڕییان کردوە؟ لە راپۆرتی چیرۆکەکەدا هاتوە کە سیخۆڕەکە ئەو شەوە لە رێستووران بووە و لەوێرا تەلەفونی کردوە. هەروەها ئەو کەسە لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش پێوەندیی هەبووە. ئەو شەوە کاتژمێر نزیکەی دەی شەو، چ کەسێک بە تەلەفون هەواڵی ئامادەبوونی رێبەرانی کوردی بە بکوژەکان داوە؟

ئەویش سەبارەت بە چاوپێکەوتنێک کە رێکەوتەکەی بە هۆی هەماهەنگ نەکردنی دروستی کاتەکەی (زۆرێک لە میوانەکان شەوی هەینی (هەینی لە سەر شەممە)یان لەگەڵ هەینی شەو (پێنجشەمە لە سەر هەینی) بە هەڵە گرتبوو و نەهاتبوون. دەستماڵچیش لەگەڵ ئەو کەسانە بوو کە لە دوا ساتەکان و بە پڕکێشیی نووری دێهکوردی رێگەی رێستوورانی گرتەبەر، هێندێک کەس تووشی هەڵە بوون.

مەگەر جگە لەو ۹ کەسە کە یەکێکیان عەزیز، خاوەنی رێستوورانەکە کە جێگەی متمانەی ئەوان بوو و یەک دوو موشتەریی ئاڵمانی کە تا درەنگانی شەو لە سالۆنی گشتیی رێستووران دانیشتبوون چ کەسێک لەوێ بوو؟ چ کەسێک ئەوانی رێک بۆ دیوی پشتەوە کە شوێنی بەرێوەچوونی رێستوورانەکە بوو رێنوێنی کردبوو ؟ هێندێک جار پانتایی گومانەکان تا ئەو جێگەیە بەرین دەبوو کە خۆدی بەرکەوتووانیشی دەگرتەوە، بەڵام زیاتر لە هەمووان گومان لە عەزیزی غەففاری خاوەنی رێستوورانەکە دەکرا. ئایا بە راستی ئەو سیخۆرەکە بوو ؟ نووسەر رۆخساری عەزیزی غەففاری بە شێوەیەکی تەواو و راستەقینە وێنا دەکا.

رۆئیا حەکاکیان تەنانەت لە باسکردنی مرۆڤکوژەکانیش بە شێوەیەکی بێ لایەنانە پەردە لە کەسایەتیی ئەوان لادەدا. وێنەی کەسایەتیی یوسف ئەمین، کەسێک کە لە کاتی تیرۆرەکەدا لەبەر دەرکی رێستووران نیگابانی دەدا، یەکێک لە سەرنجراکێشترین و جوانترین کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەیە. گەنجێکی لوبنانی کە بە هیوای بە دەستهێنانی پوول و ژیانێکی باشتر لە ئەنجامدانی تاوان دا بەشداری دەکا، بەڵام لە غەمی خێزانی دووگیانی دایە و ئاواتی دیتنی کورە

نەبینراوەکەی هەیە.

بەشێکی دیکەی کتێبەکە کە گرینگییەکی تایبەتی هەیە پێوەندیی بە چارەنووسی میسباحی و رۆڵی سەعیدی ئیمامی، لە هەڵاتنی ئەو لە ئێران و رۆیشتن بۆ ئامادەبوون لە دادگای میکۆنووسەوە، هەیە.

**روئیا حەکاکیان دەڵێ**: «دەزانن کە خۆدی میسباحییش قوربانییە. ژنەکەی سیخوڕی بۆ فەللاحیان دەکرد. فەللاحیان ناچاری کردبوو بە دژی مێردەکەی بۆ وەزارەتی ئیتتلاعاتی فەللاحیان سیخۆڕی بکا.

**پرسیار**: بۆ چی؟ مەگەر میسباحی خۆی ئیتتلاعاتی نەبوو ؟ بۆچی فەللاحیان گومانی لە سەر ئەو و سەعیدی ئیمامی هەبوو؟

**روئیا حەکاکیان دەڵێ**: راستە، بەڵام لە دەورانێکدا فەللاحیان لەگەڵ میسباحی و سەعیدی ئیمامی دەکەوێتە شەڕی دەسەڵات. فەللاحیان دەیویست ئەوان لە مەیدانی دەسەڵات وەدەر بنێ. ئەو شەڕی دەسەڵاتە بۆ میسباحی بە نرخی لە دەستدانی بنەماڵە و پیشە و وڵاتەکەی و بۆ سەعیدی ئیمامییش بە بەهای لە دەستدانی گیانی تەواو بوو. سەعیدی ئیمامی میسباحی ئاگادار دەکاتەوە کە گیانی لە مەترسی دایە، بەڵام بێ ئاگایە کە خۆیشی لە ژێر چاوەدێری دایە. پێی وابوو کە مەسەلەکە بە هەڵاتنی میسباحی کۆتایی پێ دێ.

میسباحی جەختی لە سەر ئەوە دەکرد کە بکۆژ نەبووە و کاتێک داوای لێ دەکەن پلانی کوشتنی خورسەندی دابنێ، چونکە دژی توندوتیژی نواندن بووە کارێک دەکا کە هادی خورسەندی دەرباز بێ و چیرۆکەکە لە نێو کتێبەکەدا دەخوێنیەوە. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پۆلیس متمانەی پێ بکا. حەکاکیان کێشەی فەللاحیان و میسباحی بۆ هەبوونی بیروڕای جیاواز، بە نیسبەت شێوازی کارکردن، دەگەڕێنێتەوە:

**روئیا حەکاکیان**: «میسباحی سەر بەو نەوە تازەیە لە ئیتلاعاتییەکان بوو کە پێیان وابوو بە کەڵکوەرگرتن لە ئامرازەکانی مۆدێرنی زانیاری و سیخوڕی دەتوانن لە شەڕی دەسەڵاتدا سەرکەتن بە دەست بێنن. ئەوان مێتۆدی فەللاحیانیان بۆ لە مەیدان بەدەرکردنی دژبەران قبووڵ نەبوو و دەیانویست بە باڵادەستیی فیکری و ئیدئۆلۆژیک دژبەرانیان بە قەناعەت بگەیەنن.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران یان قەتڵە زنجیرەییەکان

قەتلە زنجیرەییەکان لە دەرەوەی وڵات لیستێکی ٥٠٠ کەسی بوو کە دەکوترا لە سەردەمی خومەینی و بە ڕەزامەندیی ئەو ئامادە کراوە و بە دادگای میکۆنووس کۆتایی پێ هات. لیستێکیش لە قەتلە زنجیرەییەکان بۆ نێوخۆی وڵات ئامادە کرابوو کە لە هاوینی ١٣٧٦وە بە شێوەیەکی بەردەوام بەڵام تا ڕادەیەک بە بێ دەنگی، بە شێوەی مردنە ناروون و کوتوپڕەکان، بێ سەروشوێن بوونی کەسانێک کە هیچ کات نەدیترانەوە، تەسادوف لەگەڵ ماشێن و کامیۆن کە لە کولتووری کوشتن دا وشەی تازەی «کامیۆنی بوون»ی بۆ دروست کرا، کوژران بە چەقۆ و خنکان بە تەناف و...، جێبەجێ دەکرا.

ئەو کەسانەی دەکوژران زۆرتر لە روناکبیران، جیابیران، کەسانێک کە تازە ببوونە مەسیحی و کەسانێک کە سەر بە ئیتنیکەکان بوون، بەڵام گرووپێک لە ماموستایانی ئایینی و کەسانی سەر بە خۆیانیش لە نێو کوژراوەکاندا هەبوون. هەر لە ئایەتۆڵلا لاهووتییەوە هەتا ئەحمەدی خومەینی. هۆکاری ئەو کوشتنانە قەت بە روونی ڕانەگەیەندران. تەنیا لە دوای کوژرانی تارادەیەک هاوکاتی پەروانە و داریووشی فروهەر و دوو نووسەر، محەممەدی موختاری و محەممەد جەعفەری پوویەندە کە لە سەرەتای دەوڵەتی خاتەمیدا دەوڵەت بە فەرمی «هێندێک لە کەسانی سەرەرۆی وەزارەتی ئیتتلاعات»ی وەک تاوانباری ئەو کوشتنانە ڕاگەیاند. کەسانێک یەک لەوان سەعیدی ئیمامی، قۆڵبەست کران و لێکۆڵینەوەیان لێ کرا، بێ ئەوە کە بڕیاردەرانی ئەو تاوانانە قەت لە بەرامبەر دادپەروەری دا وڵامدەر بن. فەللاحیان کە خۆی ئەندامی گرووپی بڕیار بوو هەرەشەی دەکرد کە ئەگەر دادگایی بکەن ناوی کەسانی پایەبەرز ئاشکرا دەکا. سەعیدی ئیمامی، جێگری ئەمنییەتی وەزارەتی ئیتتلاعات، پاش لێپێچینەوەیەکی دوورودرێژ لە زیندان گیانی لە دەست دا. هۆکاری مردنی «خۆکوشتن لە ڕێگەی خواردنی دەرمانی خاوێنی» (واجبی) ڕاگەیەندرا. ئەو لە لێکۆڵینەوەکاندا وتبووی کە تەنیا بەڕێوەبەری بڕیارەکانی تایبەت بە کۆمیتەی کوشتنەکان بووە. لە نێوخۆی وڵاتیش تەنیا لە دوای مەحکووم کردنی چوار تاوانی کوشتن کە بە قەتلە زنجیرەییەکان ناویان دەرکرد، زنجیرەی ئەو تاوانانە پسا.

### ئەبولقاسمی میسباحی یان شاهیدی C

**رونیا حەکاکیان**؛ بە نیسبەت ئەبولقاسمی میسباحی دەڵێ: «سەربردەی ژیانی ئەبولقاسمی میسباحی زۆر سەرنجراکێش و سەیرە کە بە تەنیا دەکرێ ببێتە بابەتی کتێبێک».



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار**: چۆن؟

**رۆنیا حەکیان**: «ئەو کەسێکی وریا بە توانایییەکی سەرسوورهێنەر بوو. لە تەمەنی ٢٣ ساڵی دا دەبێتە بەرپرسی عەمەلیاتیی ئەمنییەتی لە ئورووپا. بە رۆژ لە زانکۆی سوربۆن دەخوێنێ و شەوانیش پلانی عەمەلیاتی سیخۆڕی دادەڕێژێ. بۆ من زۆر دژوار بوو کە، سەرەڕای ئەو هەموو هۆگرییەی کە بە چارەنووسی ئەوم هەبوو، بڕیار بدەم کە بە کورتی باسی ئەو بکەم.

**پرسیار**: ئێستا دۆخی ئەبولقاسمی میسباحی، کە ئەو کات بە شاهیدی C ناوبانگی دەرکرد، چۆنە؟

**رۆنیا حەکاکیان**: «ئەو لەو دۆخە ناروونە کە هەیەتی یەکجار دڵگرانە، چونکە ناچار بوو روخسار و شوناسی خۆی بگۆڕێ. خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی تازە زۆر بۆی دژوار بوو. هەستی بە تەنیاییەکی زۆر دەکرد. ئەوەندە پێویستی بە قسە کردن هەبوو کە بە جێگەی ئەو ٤ - ٣ کاتژمێرەی کە بۆ وتووێژ لەگەڵ ئەو تەرخانم کردبوو، سێ چوار رۆژ قسەی کرد.

**پرسیار**: دڵگرانییەکەی لە چییە؟ هەر ئەو ناخۆشییانەی پەنابەرانی دیکە هەیانە؟ وەک دوورکەوتنەوە لە نیشتمان و دوستان و غوربەت و...؟

**رۆنیا حەکاکیان**: «جگە لەمانە دەستی لە درێژەدان بە ژیانی کاریی خۆی لە ئێران هەڵگرتوە، لەگەڵ ئەوەدا کە ئێستاش بە خوێندنەوە سەرقاڵە، بەلام ناتوانێ لە ژیانی دا کەڵکیان لێ وەرگرێ و چالاکیی هەبێ. کاتێک ئەوم دیت زۆر غەمبار بووم.»

**پرسیار**: چ بەشێک لەو کتێبە بە پێی بەڵگەی مێژوویی و راستەقینە ئامادە کراوە و چ بەشێکی لە لایەن خۆتەوە زیاد کراوە؟ بۆ نموونە لە بارەی شیکردنەوەی هەستی دەروونیی کەسایەتییەکان وەک ئەو وایە کۆ خۆتان لەوێ بوون و ئاگاداری دۆخی دەروونی ئەوان بوو. ئەو کەسایەتییانەی دروستت کردوون چەندە بە پێی خەیاڵی خۆتان بووە؟

**رۆنیا حەکاکیان**: «هەست یان ئەو وشانەی لە بارەی کەسایەتییەکان نووسراون هی من بووە، بەڵام من هیچ یەک لە رووداوەکانم دروست نەکردوون. هەروەها هەڵبژاردن، لابردن یان جەختکردنە سەر رووداوێک کاری من بووە.»

بەشی دووهەم

**پرسیار**: کتێبی ئێوە زۆر سەرنج ڕاکێشە تەنانەت خوێنەر لەگەڵ ئەوەشدا کە لە تاوان و دادگا و دەرئەنجامەکەی ئاگادارە هەر بۆ خوێندنەوەی رادەکێشرێ. هۆکارەکەی چییە؟

**رونیا حەکاکیان**: «من دەمویست کتێبێکی چاک بنووسم کە بەختەوەرانە هەر واش بوو. دەمویست کتێبەکە بە جۆرێک نەبێ کە تەنیا خوێنەرێک کە ئاگاداری پرسەکانی تایبەت بە ئێرانە بتوانێ بیخوێنێتەوە. واتە کتێبێکی سیاسی نەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا کتێبەکە هەم سیاسییە و هەم سیستمی دادوەرییش نیشان دەدا. خوێنەرانی ئەو کتێبە لە گرووپی جۆراوجۆر پێکدێن کە هەر لە بنەڕەتەوە لە یەکتر جیاوازن. جگە لە ئێرانییەکان و بە تایبەتی کوردەکان و کەسانی سیاسی، زۆرێک لە خوێنەرانی ئەو کتێبە کەسانێکن کە هۆگری ژانری جینایین. زۆربەیان هەر لە بنەڕەتەوە ئێران ناناسن. زۆربەیان حەزیان لە کاروباری سیاسی نییە و بە گشتی کەسانی ئاسایی بە ئەژمار دێن و ئەوەش بۆ من جێی دڵخۆشییە. بە بڕوای من هۆکارێکی دیکەی سەرنج راکێشبوونی کتێبەکە ئەوەیە کە خاوەنی نەخشەیە. کێشانی نەخشە یان پێکهاتەی کتێبەکە زیاتر لە ساڵێکی خایاند. بۆ من گرینگە کە لە نێو چیرۆک دا رووداو روویدا. هەموو هەوڵی من لە کۆی ئەو بەرهەمەدا ئەوە بوو کە هەوراز و نشێوی چیرۆک لە نێو پێکهاتەکەی رەنگ بداتەوە نەک تەنیا لە نێو کەسایەتییەکان دا.»

**پرسیار**: بۆ نووسین و ئامادەکردنی ئەو کتێبە چەندت کار کردوە؟

**رونیا حەکاکیان**: «یەکجار زۆر، من لە ژێرزەمینی ماڵەکەم بە قەت موزەیەک لە بارەی ئەو تاوانە و دادگاکەی بابەتەم هەیە. جگە لە نەواری وتووێژەکانی خۆم، بیرەوەری و دەستنووسی کەسانی دیکە چیرۆکەکەشم هەیە. بۆ نموونە بیرەوەرییەکانی شوهرە بەدیعی کە بە نیسبەت رەوتی دادگا و دۆخی خۆی نووسیویەتی یان دەستنووسەکانی پەرویزی دەستماڵچی. ئەو بابەتانە ئەوەندە زۆر بوون کە ببوونە مایەی بارگرانیی بنەماڵەکەم. مناڵە دووانە (جمک) کانم تازە لە دایک ببوون و شوێنی رووداوی تاوانەکە و هەموو کەسانی پێوەندیدار لە ئاڵمان بوون. من بۆ لێکۆڵینەوە و وتووێژ ١٢ - ١٠ جار سەفەرم کرد، بەڵام بە هۆی مناڵەکان زۆر نەدەمامەوە. تەنانەت جارێک توانیم مناڵەکانیش لەگەڵ خۆم ببەم کە ئەو سەفەرە نزیکەی مانگێکی خایاند. من بۆ لێکۆڵینەوە و وتووێژ جگە لە بکوژەکان لەگەڵ لە سەدا نەوەدی کەسانی نێو کتێبەکە قسەم کرد و ئەو کارە کاتێکی زۆری خایاند. فێربوونی لایەنە جۆراوجۆرەکانی چیرۆک، هەروەها ناسینی سیستمی دادوەریی ئاڵمان کە لەگەڵ سیستمی دادوەریی ئەمریکا جیاوازییەکی زۆری هەیە، دیتنەوە و فێربوونی ئەو جیاوازییانە و وردەکارییەکانی دیکەی چیرۆک چوار ساڵێکی خایاند.»



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**پرسیار**: چ جیاوازییەکیان هەیە؟

**رونیا حەکاکیان**: «دادگای ئاڵمان هەیئەت مونسیفەی نییە. سەرکەوتنی دادگای میکۆنووس بە هۆی سیستمی دادوەری و سزادانی ئاڵمان بوو. سیستمی دادوەریی ئاڵمان باشترین سیستمی دادوەری لە نێو وڵاتانی ئورووپایی دایە. دادگا بە هۆی نەبوونی هەیئەت مونسیفە، کە لە کەسانی ئاسایی و ناشارەزا و ناودار پێکدێ، بە باشترین شێوە بەڕێوەچوو. ئەگەر دادگا هەیئەت مونسیفەی هەبا بە هۆی بوونی کەسانی ناشارەزا مەجاڵی هێنانەئارای زۆرێک لە بەڵگەنامە و شاهیدەکان نەدەبوو، چونکە هەیئەت مونسیفە توانای دادوەری کردنی نییە. لە دادگای ئاڵمان مەجاڵی هاتنەئارای هەموو جۆرە بەڵگەنامە و شاهیدێک هەیە. جیاوازیی دیکە ئەوەیە کە لە ئاڵمان دادوەرەکان لە لایەن سیاسەتمەداران هەڵنابژێردرێن. ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە ئەمریکا دادوەرانی پایەبەرز و فێدراڵ لە لایەن سەرۆک کۆمار دیاری دەکرێ. لە ئاڵمان سیاسەت بە تەواوەتی لە دەزگای دادوەری جیایە، هەتا دادوەر و دادگاکان لە ژێر گۆشاری سیاسەتمەداران و کۆنەپارێزانی تایبەت بە دەسەڵات دا نەبن. لە دادگای میکۆنووس گۆشارە سیاسییەکان هەم لە لایەن دەوڵەت و بازرگانەکانی ئاڵمانی و هەم لە لایەن دەوڵەتی ئێران زۆر توند بوو، بەڵام دیتمان کە ئەو گوشارانە کاریگەرییان لە سەر بڕیاڕی دادگا دانەنا.

**پرسیار**: رۆڵی میسباحی یان هەمان شاهیدی C لەو دادگایەدا چ بوو ؟ ئایا ئەو ئاگاداری پلانی تیرۆرەکە بوو؟ هەر لە بنەڕەتەوە قسە و شەهادەتی ئەو تا چ رادەیەک بۆ دادگا جێگەی بڕوا بوو؟

**رونیا حەکاکیان**: «گرینگیی ئەو زۆرتر بە هۆی ئاشکرا کردنی سیستمی دەسەڵاتدارێتیی کۆماری ئیسلامی بوو کە بە چ شێوەیەک لەبارەی ئەو تیرۆرانە بڕیاڕ دەدا. لە راستیدا ئەو پێکهاتەی سیستمی تیرۆر وێنا دەکا. وەک ئەوە ێ کە بڕیاڕەکان بە چ شێوەیەک و لە لایەن چ کەسانێکەوە دەدران، چۆن جێبەجێ دەکران و پلانی تیرۆر قۆناخ بە قۆناخ چۆن بەرەو پێش دەچوو، لە هەر قۆناخێکدا بەرپرسیارەتییەکان لە ئەستۆی چ کەسانێک بوون و کارەکان چۆن دابەش دەکران. بەڵام سەبارەت بە تێرۆری میکۆنووس، بۆ خۆی لە رەوتی ئەو پلانەدا نەبووە و دەیکوت کە لە تاران چاوی بە بەنی هاشم، واتە رێبەر و بەرپرسی سەرەکیی تیرۆری میکۆنووس کە توانی رابکا و لەو کاتەدا بۆ ئێران گەڕابووە، کەتوە و لە زمانی ئەو هێندێک شتی بە نیسبەت میکۆنووس بیستووە.»

**پرسیار**: چ بەڵگەیەکی نیشان دا کە دادگای ئاڵمان متمانەی بە قسەکانی کرد؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ڕوئیا حەکاکیان:** «بە پێی ئەو زانیارییە تایبەتانەی کە پێشکەش بە دادگای کرد. بۆ نموونە وردەکاریی تیرۆری هادی خورسەندی باس کرد کە تەنیا پۆلیسی ئێسکاتلەندیارد ئاگاداری ئەو بابەتە بوو.»

حوسێن مووسەویان کە، لە دەستپێکی دادگای میکۆنووس تا کۆتایی دادگاکە کە دەرکردنی باڵوێزی ئێران لە ئاڵمانی لێکەوتەوە، باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان بوو لە کتێبێکدا کە بە ناوی «پێوەندیی ئێران و ئاڵمان» بڵاو بووە باس لە ڕۆڵی چالاکانەی میسباحی لە ئالوگۆڕکردنی بارمتە ئاڵمانییەکان لەگەڵ فرۆکە ڕفێنە لوبنانییەکانی ئەندامی حیزبوڵلا (برایانی ڕەحمانی) و دانیشتنی میسباحی لەگەڵ بەرپرسانی ئاڵمانی دەکا. بە وتەی - مووسەویان، میسباحی لە ساڵی ١٣٦٣ تا کاتێک کە لە لایەن دەوڵەتی فەرانسە لەو وڵاتە دەرکرا، وەک بەرپرسی ئورووپای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی لە فەرانسە بوو.

**لە ڕوئیا دەپرسین:** ئێستا کە ناوی خورسەندی هاتە پێش، کتێبی ئێوە بە نووسینێکی هادی خورسەندی دەست پێ دەکا. جگە لەمە تا کۆتایی کتێبەکە لە سەرەتای هەر بەشێکدا وتەیەکت لە هادی خورسەندی کە ڕێک لە بارەی تیرۆر و دادگای میکۆنووس دایە هێناوەتەوە. لە حاڵێکدا کە خۆدی کتێبەکە زۆر جیدی و هێندێک جار تراژیکە، بۆچی هەر بەشێکت بە تەنز دەست پێکردوە؟

**ڕوئیا حەکاکیان:** «لە ڕاستیدا ئەوە هەڵبژاردنێک بوو بۆ شێوازی نووسینی کتێبەکە. لە لایەک دەمویست چیرۆکی خورسەندی و فتوای تیرۆری ئەو و پێوەندییەکەی لەگەڵ میسباحی باس بکەم، لە لایەکی دیکە ئەگەر ڕاستەوخۆ وردەکارییەکانم بە شێوەیەکی ئاسایی باس کردبا هەم کتێنەکە درێژ دەبووە و هەم دەبا چەند کەسی دیکەی جیاوازم هێنابا نێو کتێبەکە و بە پێی ئەو قەرەبالغییەی کە کتێبەکە لە ڕووداو و کەسایەتییەکان دا هەیبوو نەمدەتوانی ئەو کارە بکەم. هەر بۆیە هەتا کۆتایی کتێبەکە کە خۆدی خورسەندی دێتە نێو چیرۆکەکە لە نوکتەکانی کەڵکم وەردەگرت.

هەروەها تەنز بە جۆرێک نیشاندەری شێوازی نووسینی من لە ئینگلیسی دایە. کتێبی یەکەمیشم تەنزێکی زۆری هەیە. بە تایبەتی بە نیسبەت ئەو کتێبە دەمویست کە تاڵیی کتێبەکە بە بەکارهێنانی تەنز قەرەبوو بکەمەوە. پێموایە لە هەر کارێکی جیددی دا هەمیشە ڕادەیەک لە گاڵتەوگەپ پێویستە. ئەوە هونەرێکە کە ئێمە ئێرانییەکان تێیدا شارەزاین و بەردەوام کەڵکی لێ وەردەگرین. بۆ نموونە کاتی شەڕ کە دەنگی ئاژیری مەترسی دەهات بە جێگەی ئەوەی بچینە پەناگە دەچووینە سەربان. هەڵبەت تا ئەو کات شەڕ بۆ تارانییەکان زۆر جیددی نەبوو، بەڵام شەڕ لە ئارادا بوو. لە حاڵێکدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

مەترسیی بۆمب و دەنگی ئاژیری سوور و ڕۆشنكەرەوەكان لە ئاسماندا بوو، خەڵك لە سەر سەربانان نۆكتەیان بۆ یەكتر دەگێڕاوە و نۆكتەی «گربە نره«(ناوێك كە ئێرانییەكان بۆ ئایەتوڵلا مونتەزیرییان دۆزیبۆوە. وەرگێڕ) و ئەو جۆرە شتانەیان باس دەكرد. ئەوە وێنەیەكی ڕاستەقینەی نەتەوەیەك و هەلومەرجی ڕووبەڕووبوونەوەی نەتەوەیەك لەگەڵ تالی و دژوارییەكانە.

## كاراكتێرەكان لە دوای تەواوبوونی كتێب

**پرسیار**: وا پێ دەچێ كە بە نیسبەت كاراكتێرەكانی دیكەی چیرۆك دواتر لە ژیانی واقعی خۆیاندا بە شوێنیان كەتووی؟

**رۆنیا حەكاكیان**: «بەلێ، لەم دابیانەدا نۆربێرت زیگمۆندم لە بێرلین دیت. ئەو ڕۆژنامەنووسێك بوو كە بە جۆش و خرۆشەوە ٥ ساڵی ڕەبەق تاوانی میكۆنووسی بۆ ئاڵمانییەكان باس كرد و زیندووی ڕاگرت. هەروەها نۆربێرت دەیهەوێ بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تاوانی میكۆنووس لە سێپتامبەری ئەمساڵدا بەرنامەیەكی تایبەت بەڕێوە ببات. دیارە منیشی بۆ ئەو بەرنامەیە بانگهێشت كردوە.

حەمیدی نۆوزەری و هاوڕێیانی درێژە بە چالاكییەكانیان دەدەن. وەك دەزانن كە ڕێستووورانی میكۆنووس پاش ئەو ڕووداوە بە ڤییەتنامییەكان فرۆشرا و ناوەكەی بۆ ڕێستوورانی سایگۆن گۆڕدرا. شارەوانی بە نیشانەی ڕێزدانان بۆ كوژراوانی میكۆنووس لەوحێكی لەوێ دانابوو. دیارە ڤییەتنامییەكان ڕێزیان بۆ ئەو یادە و پلاكە هەبوو و بەردەوام خاوێنیان دەكردەوە. پاش وەرشكستبوون و ڕۆیشتنی ئەوان پلاكەكە زۆر پیس بوو. ڕۆژێك حەمید لەگەڵ هاوڕێیانی چووە ئەوێ و لەوحەكەیان خاوێن كردەوە.»

ئەو پلاك(لەوح)ە یادەوەرییە، خۆی یەكێك لە كاراكتێرەكانی چیرۆكەكەیە، چۆنیەتیی ئامادەكردن و دانانی ئەو، بەشێكی سەرنجراكێش لە كتێبەكە پێكدێنێ. پلاكێك كە هەر بە تەنیا قەیرانێكی لە پێوەندی نێوان ئاڵمان و ئێران دا دروست كرد، تا ئەو جێگەیە كە ئەحمەدی نژاد، شارەداری ئەو كاتی تاران هەڕەشەی كرد كە ئەگەر ئەو پلاكە دابنرێ، شارەداریی تارانیش بە تۆلەی ئەو كارە پلاكێكی یادەوەری بۆ هێرشی شیمیایی بۆ سەر ئێران لە بەرامبەر باڵوێزخانەی ئاڵمان لە تاران دادەنێ و ناوی ئاڵمانیش لە ڕیزی یەكەمی ئەو ئەو وڵاتانە دا دەنووسن كە چەكی شیمیاییان بە عێراق فرۆشتوە. خاتوو مونیكا تیمێن شارەداری ناوچەی بێرلین گوێی بەو هەڕەشانە نەدا.



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

**ڕوئیا حەکاکیان بە نیسبەت کاراکتێرەکانی دیکەی کتێب دەڵێ**: «لە سەفەرێک کە بۆ ئاڵمان هەمبوو بۆ ناساندنی بڕۆنۆ یووست وەک کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی «بوێری»ی ئاڵمان فۆرمێکم پڕکردەوە. ئەو خەڵاتە بەو ئاڵمانییانە دەدرێ کە لە کردەوەیەکی مرۆڤدوستانەدا بوێرانە جووڵاونەتەوە. هەروەها بەردەوام شوهرە و سارا دەبینم، هەر دووکیان درێژە بە چالاکییە سیاسییەکانیان دەدەن. ساڵوومەش ئێستا ئەکتەرێکی زۆر سەرکەوتوویە و حەوتووی داهاتوو نمایشێکی شانۆی ئەو پێشکەش دەکرێ.»

دادگای میکۆنووس دادگای میکۆنووس لە ساڵی ١٩٩٢ هەتا ساڵی ١٩٩٧ بۆ ماوەی پێنج ساڵ درێژەی کێشا. ساڵی یەکەمی دادگا تەنیا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تەرخان کرا. دادگا لە ٢٨ی ئۆکتوبری ساڵی ١٩٩٣ دەستی بە کارەکانی کرد و لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧ کۆتایی پێ هات. عەلی ئەکبەری ویلایەتی وەزیری دەرەوەی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی، پێش لە ڕاگەیاندنی بڕیاری دادگا هەڕەشەی کرد کە ئەگەر تەنانەت یەک ئێرانیش لەو دادگایە مەحکووم بێ، ئاڵمان نرخێکی گران دەدا.
بەم حالەش دادگا لە بڕیاری کۆتایی خۆیدا دەوڵەتی ئێرانی وەک بەرپرس و هۆکاری کوژرانی نارازییان لە دەرەوەی وڵات و بەکارهێنانی تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. لە ڕەوتی دادگادا، عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتتلاعات کە بەڕێوەبردنی تاوانەکان بە ڕێکخراوی ئەو سپێردرابوو، بۆ شایەدیدان لەدادگا بانگ کرا. بەڵام دواتر بە هۆکاری جۆراوجۆر ئەو بڕیارە جێبەجێ نەکرا.

ئەو دادگایە ڕایگەیاند کە لە دوای مردنی خومەینی ئەرکی لە نێوبردنی فیزیکیی کەسانێک کە لە لیستی پێنسەد کەسیدا بوون، بە کۆمیتەیەک بە ناوی کۆمیتەی کاروباری تایبەت ئەسپێردرا کە لە عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، ئەکبەری هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆک کۆماری ئەو کات، عەلی ئەکبەری ویلایەتی وەزیری دەرەوە و عەلی فەللاحیان وەزیری ئیتتلاعات پێکهاتبوون. ئەو کەسانە کۆبوونەوەکانی خۆیان لە کۆشکی فیرووزەی تاران دەگرت. دادگای میکۆنووس ئەو کەسانەی وەک بڕیاردەرانی تیرۆرەکان ڕاگەیاند.

ئەو دادگایە ٣ میلیۆن دۆلاری خەرج هەڵگرت و ١٧٦ شاهید لەوێدا ئامادەبوون و بەڵگەنامەکانی لە ١٨٧ بەرگ(مجلد) دا کۆ کرانەوە. هەروەها بە بڕیاری دادگا، کازمی دارابی (ئێرانی) و عەبباسی ڕائیل (لوبنانی) بە زیندانی هەتاهەتایی، یوسف ئەمین و محەممەد ئیدریس لە هاووڵاتیانی لوبنانی هەر یەکە بە ١١ و ٥ ساڵ زیندان مەحکووم بوون. گومانلێکراوەکەی دیکە، عەتا ئەیاد، بەبێ تاوان ناسرا.

## كۆتایی هاتنی تیرۆری نارازییان لە دەرەوەی وڵات، ئاكامی دادگای میكۆنووس

**پرسیار: ئاكامەكانی دادگای میكۆنووس چ بوون؟**

**رۆنیا حەكاكیان:** «گرینگترین ئاكامی ئەوە بوو كە لە ساڵی ١٩٩٧ بەم لایەوە، لانیكەم هەتا ١٠ ساڵ دواتر هیچ تاوانێكی دیكەی هاوشێوە دووبارە نەبۆوە. پاش ئەو دادگایە یەک دوو دانە مردنی گوماناویی كەسایەتییە سیاسییەكانی ئازەربایجانی رووی داوە كە كۆماری ئیسلامی بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێ. دوای ئەو دادگایە بۆ ماوەیەكی زۆر ئەمنییەت پێک هات و رەوتی ئەو كوشتنانە راوەستا. رێژیم تێگەیشت كە چێدیكە ناتوانێ وەک پێشوو بە ئاشكرا و تەنانەت بە بێ شەرم و بە شانازییەوە دەست بۆ ئەو تاوانانە ببا. فەللاحیان تا پێش دادگای میكۆنووس لە تەلەڤیزیۆندا نەتەنیا ئەو كارەی نەدەشاردەوە، بەڵكوو شانازیی پێوە دەكرد و لە ریزی باشترین كارەكانی حكوومەتی دادەنا.»

## دوای دادگای میكۆنووس : دارابی و مووسەویان

باڵوێزی ئێران لە ئاڵمان لە ساڵی ١٩٩٠ تا كۆتایی كاری دادگا حوسێنی مووسەویان بوو. دوای ئەو بریارە، ئاڵمان و ئێران باڵوێزەكەی خۆیان لەو دوو وڵاتە بانگ كردەوە. ئاڵمان چوار دیپلۆماتە ئێرانییەكەی لەو وڵاتە دەركرد و سەرجەم وڵاتانی ئەندامی یەكیەتیی ئورووپاش باڵوێزەكانی خۆیان بانگ كردەوە. ئێرانیش لە كاردانەوە بەو كردەوەیەی یەكیەتیی ئورووپا باڵوێزەكانی خۆی لە وڵاتانی ئەندامی ئەو یەكیەتییە بانگ كردەوە و پێوەندیی ئێران و وڵاتانی ئورووپایی تووشی قەیرانێكی گەورە بوو. ئەو قەیرانە تا كاتی سەركەوتنی محەممەدی خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرۆک كۆماری دا درێژەی هەبوو.

كتێبی «پیاوكوژانی كوشكی فیرووزە» چیرۆكەكەی تا كۆتایی دادگا درێژە پێداوە. لە بەشی كۆتایی كتێبەكەشدا چاوێكی خشاندوە بە سەر ئەو گۆڕانەی لە دە ساڵی دوای دادگادا، تا نووسینی كتێبەكە، بە سەر هێندێک لە كەسانی چیرۆكەكەدا هاتوە. بەڵام ئەوەی كە دەبێ لەوانەی زیاد بكەین رووداوی ئازادبوونی كازمی دارابی لە ساڵی ٢٠٠٧ دایە كە پاش تێپەڕاندنی پازدە ساڵ و دوو مانگ لە زیندانییە هەتاهەتاییەكەی ئازاد كرا و یەكسەر بۆ ئێران دیپۆرت كراوە. دیارە لەگەڵ ئەوەدا كە بە پێی یاسای ئاڵمان، كەسێک كە دوو لەسەر سێی زیندانییەكەی تەواو كردبێ دەتوانێ داوای پێداچوونەوە بكا، بەڵام لە بریاری دادگای میكۆنووس دا جەختت لەسەر ئەوە كرابوو كە دارابی بۆ داوای ئازادبوون دەبێ بە

لانیکەم ٢٥ ساڵ لە زیندانییەکەی تێپەڕاندبێ. بنەماڵەی دێهکوردی و هێندێکی دیکە لە خەساردیتووانی میکۆنووس بە نیسبەت ئازادیی دارابی نارەزایەتیان دەربڕی و ئەو ئازادییەیان بە ئاکامی کەینەوبەینەی نێوان دەوڵەتی ئاڵمان و کۆماری ئیسلامی لە قەڵەم دا. ئەوان لە بەشێک لە نامە کراوەکەی خۆیاندا بەو جۆرە نارەزایەتییان دەربڕی:

« ئەو کردەوە فێلبازانەی کە لە لایەن وەزارەتەکانی نێوخۆ و دادگوستەریی ئاڵمان بە مەبەستی ئازادکردنی تاوانباران دارێژراوە، نەک هەر زەبرێک لە خەساردیتووانی میکۆنووس، بەڵکوو زەبرێک بۆ سەر هەموو ئازیخوازانی ئێران بوو. ئامانجی ئێمە تۆڵەسەندنەوە نییە، بەڵکوو گەیشتن بە دادپەروەرییە. هاوکات نارەزایەتی ئێمە بە نیسبەت هەڵسوکەتی دوو لایەنەی دەوڵەت و دادوەریی ئاڵمانە، چونکە لەوە دڵنیاین کە ئەگەر کۆژراوانی ئەو تیرۆرە، ئاڵمانیی رەسەن بان بێگومان بکۆژەکان دوای تێپەراندنی دوو لەسەر سێی زیندانییەکەیان بۆ وڵاتی خۆیان، ئەویش ئەو وڵاتەی بڕیاری تیرۆری داوە، نەدەنێردرانەوە!

ئاکامی ئەو کردەوەیە بۆ ئێمە هەستکردن بە تووڕەیی و بێ توانایییەکی دوو لایەنەیە. لە لایەک لە بەرامبەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و لە لایەکی دیکە لە بەرامبەر دەوڵەتی ئاڵمان کە سالانێکە باس لە خەبات بە دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەیی دەکا (بۆ نموونە سەرنجی ئێوە بۆ بەرنامەی ئەمنییەتیی دژە تیرۆری بەڕێز شۆیبلە وەزیری نێوخۆی ئاڵمان رادەکێشین کە رێک لەو سەروبەندەدا نووسراوە و هاتۆتەئاراوە) ئەو کاتەی بەرژەوەندی سیاسی - نەتەوەیی ئاڵمان دێتە گۆڕێ، چێدیکە پابەندی بەڵێنەکانی خۆیان نابن و بە شێوەیەکی دیکە هەڵسوکەوت دەکەن!»

هەواڵدەرییەکان ئازادیی کازمی دارابییان بە جۆرێک لە ساتوسەودای دەوڵەتەکانی ئێران و ئاڵمان و رەزامەندیی ئێران بۆ ئازادکردنی دونالد کلاین، هاووڵاتی ئاڵمانی کە کاتی ماسیگرتن لە ئاوەکانی کەنارەکانی باشووری ئێران قۆلبەست کرابوو، دەزانی. ئەو پاش ساڵێک گیران، لە مانگی مارسی هەر ئەو ساڵەدا ئازاد کرا.

کازمی دارابی ٤٣ ساڵە رۆژی سێشەممە ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٦ لە نێو پێشوازیی ئەندامانی بنەماڵەکەی و عەلی باقێری جێگری ئورووپا و ئەمریکای وەزارەتی دەرەوە هاتە فرۆکەخانەی ئیمام خومەینیی تاران و یەکسەر هەر لە فرۆکەخانە خۆی بێ تاوان راگەیاند. ئەو لە دادگای میکۆنووس کارمەندی وەزارەتی ئیتتلاعات و ئەندامی سپای قودسی پاسداران ناسێندرابوو. ئایا دوای گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی گەڕاوە؟

**لە رەوتی دادگای میکۆنووسدا ئەبولحەسەنی بەنی سەدر وتی:** «من لیستێکی ١٣ کەسیم هەیە کە لە بە ناوبانگترین تیرۆرەکانی رێژیمدا بەشدار بوون. تەواوی ئەو کەسانە بەرپرسیارەتییان لە ئاستی سەرەوەی رێژیمدا وەرگرتوە. بۆ نموونە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

کوروشی فوولادی کە لە ئینگلستان بە دوازدە ساڵ زیندان مەحکووم کرابوو، دوای ئازادی و گەڕانەوە بۆ ئێران بوو بە نوێنەری پارلمان. هەروەها میهردادی کەوکەبی کە بە تاوانی سووتاندنی کتێبفرۆشییەکی ئینگلستان مەحکووم کرابوو، ئێستا وەک راوێژکاری پایەبەرز لە وەزارەتی خوێندنی باڵا کار دەکا».

حوسێنی مووسەویان باڵوێزی ئێران لە ئاڵمانیش لە ساڵی ۱۹۹۷ بۆ ئێران گەڕاوە. ئەو کە ئەکبەری هاشمیی رەفسەنجانی پشتیوانی بوو، لە سەردەمی خاتەمیدا بوو بە جێگری بەرپرسی شوورای بەرزی ئەمنییەتی نەتەوەیی (حەسەن روحانی) و هەروەها ئەندامی باڵای هەیئەتی وتووێژی ناوکیی ئێران بوو و ساڵی ۱۳۸٦ لە حالێکدا جێگری ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتژیکی مەجمەعی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزام بوو بەڵام لە دەوڵەتی ئەحمەدینژاددا تەختی بەختی وەرگەڕا. بە تاوانی سیخوڕی بۆ بیانییەکان قۆڵبەست کرا، بەڵام دوای چەند رۆژ بە حوکمی زیندانی تەعلیقی و پێنج ساڵ بێبەشبوون لە چالاکیی دیپلۆماتیک ئازاد کرا. مووسەویان دوای ئازادبوون چووە زانکۆی پرینستۆن و ئێستاکە لەو زانکۆیە سەرقاڵی خوێندنە.
کتێبی «پیاوکوژانی کوشکی فیرووزە» سێپتامبەری ئەمساڵ لە سایزی گیرفاندا بڵاو دەکرێتەوە. نیوزویک ئەو کتێبەی لە ریزی دە کتێب کە پێویستە بخوێندرێنەوە دانا و رۆیتێرزیش وەک باشترین کتێب هەڵی بژارد. هەروەها گۆڤاری «هەڵسەنگاندنی کتێبی کیرکۆس» ئەو کتێبەی لە ریزی باشترین کتێبەکانی ساڵی ۲۰۱۱ دا ناو برد.

**رۆیا حەکاکیان**؛ لە پێشوازییەک کە لە کتێبەکەی کراوە دڵخۆشە، بەڵام لەوەش گرینگتر لە کاردانەوەی کوردە ئێرانییەکان بە نیسبەت کتێبەکەی رازییە: «رێبەرانی کوردەکان لە ئوروپا لەگەڵ من دیداریان کرد. زۆر دەستخۆشیان کرد و داوایان کرد کە لە یادی بیست ساڵەی تاوانی میکۆنووسدا بەشداری بکەم. سەرەڕای چێژێک کە لە خۆدی نووسین دایە، دوستایەتی و رێزی کۆمەڵگەی کورد بۆ من خەڵاتێکی دیکە بوو کە بە نووسینی ئەو کتێبە دەستم کەوت و بۆ من جێگەی شانازییە.»

سەرچاوە: نازی عەزیما - دەنگی ئەمریکا

ماڵپەڕی: ایران امروز

ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رۆژنامەی "کوردستان"( ژمارەی تایبەت بە یادی ۲۰ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕییانی) نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ۲۰۱۲



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەرەو یادی ٢٠ ساڵەی شەهید کردنی د. شەرەفکەندی و هاوڕێیانی



ئەبووبەکر قەدیکورد

### کاریگەریی تایبەتمەندییەکانی د.سەعید

### لە بەهێز کردنی هێژموونیی حیزبی دێموکراتدا

لە هەر شۆرش و ئاڵوگۆڕێکی بنەرەتی، سیاسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتیدا خەبات بۆ ئازادی و دابین کردنی مافە ئینسانی و نیشتمانیەکان لە هەر وڵاتێک دا کە دەستی پێکراوە، بێگومان کەسانی بە توانا و لێهاتوو شانیان داوەتە بەر و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەل و نیشتمان جێ پەنجەیان دیارە. لە ناو جووڵانەوەی ڕەوا و حەقخوازانەی گەلی کوردیش دا کەسانی ئازا و هەڵکەوتوو وزانا زۆر هەبوون کە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناو وەدیهێنانی ماف و ئامانجەکانی گەل و جێگیر کردنی بنەماکانی ئازادی و دادپەروەری و کۆمەڵایەتیدا تەرخان کردوە و بێ پسانەوە خەباتیان کردوە و تەنانەت لەو ڕێگا پیرۆزە دا گیانی خۆشیان سەر بەرزانە بەخت کردوە.

ڕێبەر و کەسایەتیی هەڵکەوتوو و دیاری نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، کەهەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بەرز و بەرچاو ی سیاسی، کۆمەلایەتی ونیشتمانی، ئەخلاقی، ئینسانی و خاوەنی زانست وزانیاری... هتد بوو کاک دوکتور سادقی شەرفکەندی ناسراو بە د. سەعیدە کە نموونەی ئەو جۆرەکەسایەتیانە زۆر کەمن و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا دەگمەنن. لێردا بە کورتی ئیشارە بە هەندێک لەو توانا و تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێبەرە و کاریگەریان لە سەر جووڵانەوە بەگشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی دەکەم.

كاك د. سەعید كە خوێندنی تاپلەی دوكتورای لە نێوخۆ و دەرەوەی ولات تەواو كرد بوو لە بواری زانیاری و زانستەوە تا رادەیەكی باش توانا و شارەزایی هەبوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە تێكۆشا بە نووسین و بە زمان بە شێوەیەكی باش لە سەر ئەرك و مافەكان بەر چاوروونی و وشیاری بەكادر و پێشمەرگەكانی حیزبی دێموكرات و كۆمەلانی خەلك بگەیەنێ و تەنانەت پاڵپشتی فكری و زانیارییشی دەكردن.

كاك د. سەعید یەكێك لە بژاردەكانی ناو حیزبی دێموكرات بوو كە رۆڵێكی زۆری لە دەولەمەند كردنی ئەدبیاتی سیاسی و ئەخلاق لە سیاسەتدا و تێئۆریزە كردنی سیاسەتەكانی حیزب و بەرگریكردن و چەسپاندنی ئوسوول و پرینسیپەكان دەكرد و لە گەل هەموو كادر و پێشمەرگە و بەرپرسانی حیزب و دەوروبەری راستگۆ وشەفاف بوو. ئەو پێیوابوو سیاست دەبێ ئەخلاقی لە گەل بێت، دەنا دەسەلات بەرەو دیكتاتۆری دەبات. هەر ئەوەش یەكێك لە هۆیەكانی بوو كە سەخت دیفاعی لە مافی چارەنووسی گەلی كورد و دەسەلاتی نیشتمانی و گەلی دەكرد. هەر بەو جۆرەش لە دەرەوەی تەشكیلاتی حیزبیش دا باوەڕی وابوو، دەبێ سیستمی سیاسی و حكوومەتی پلۆرال بێت، دەنا سەختە دێموكراسی جێبكەوێت و دادپەروەری لە كۆمەلگا دا رۆڵی هەبێت.

كاك د. سەعید كەسایەتیەكی زۆر باوەر بە خۆ، رازی بە ژیانی پێشمەرگایەتی بوو و لە هەر بارو دۆخێكدا سەربەخۆ و قورس و قایم لە سەر پێی خۆی رادەوەستا. هیچ كات مادیات و مەسئولییەتی بەلاوەگرینگ نەبوو، بەر دەوام كاری دەكرد و قەناعەتی زۆر بوو. سادە وساكار دەژیا و دژی خۆپەرەستی، گەندەڵی، تەنبەڵی و تەشریفاتی بێ جێ بوو. ئەو باوەرێكی قووڵی بە ئامانجەكانی حیزب و گەلی كورد هەبوو، بۆیەش هیچ دژواری و سەختیەكی ژیان و بارودۆخ، نەك هەر هەنگاوینەویان لە خەبات و تێكۆشانی بەردەوام بۆ سەر كەوتنی جوولانەوە وگەیشتن بە ئامانجەكان شلنەدەكرد، بەلكوو رۆژبە رۆژ دڵگەرمتر و سوورتر و بە هیوای زیاترەوە وبە ئەزموونوتوانای ورەبەخشانەترەوە خەباتی دەكرد.كاك د. سەعید خاوەنی راو بۆچوونێكی بەهیز وتایبەت بوو، لە سەر بریارەكان و بریاردان، لە رادەربرین لە سەر هەر پرۆژەو بابەتێك زۆر جیدی و شارەزا و لێهاتوو بوو. بە لێكدانەوەی دروست و شیكاریی جوان هەڵوێستەی لەسەر دەكردن و بە بەڵگە وفاكت و وێنە هێنانەوە رۆڵی سەرەكیی دەگێرا.

كاك د.سەعید سەركردەیەكی شۆرشگێر، هەڵسوور، چالاك وماندوویی نەناس بوو، بەردوام كاری دەكرد وبەشی هەرە زۆری كاتەكانی بۆ نووسین، پێراگەیشتن بە كار و بەجێ گەیاندنی بریارەكان و هەماهەنگی، ئاگاداری وەزعی ئۆرگانەكانی حیزب و خوێندنەوە تەرخان كردبوو، كاتی بە فیرۆ نەدەدا. كەسایەتێكی بیر تیژ، دەقیق و وردبین بوو. بۆ هەر پرۆژە و



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تاکتیک و شتە گرینگ و ستراتیژیەکان وکاری رۆژانەی حیزب و جولانەوە و لە تێروانینی دوور و نیزێک دا بە شێوەیەکی دروست وزانایانە روانگەو بۆچوونی خۆی دەر دەبریکە لەو بوارەشدا لە سەفی هەرە پێشەوە بوو.

کاک د. سەعید رێبەرێکی ناوگۆرەپانی خەبات وجووڵانەوەی گەلی کورد بوو کە لە رادەبەدەر عاشقی گەل و گەلدۆست بە مانای واقعیی وشە بوو. بە تەواوی رێزی لە کەسایەتی و مافەکانی ئینسانبە تاک و بەکۆمەڵ دەگرت و باوەرێکی قوولی بە پرەنسیپ و بنەما سەرەکییەکانی مافی ئینسانی هەبوو و نرخی بۆدادەنان وبۆ چەسپاندن و جێگیرکردنیان خەباتی بۆ دەکردن. لە سەر شێوە و چۆنیەتیی هەڵس وکەوتی کادر و پێشمەرگە لە گەل خەلک دایم پرسیاری دەکرد. ئەو دەیکوت: «نابێ بێ حورمەتی بە کەسایەتیی خەلک بکرێ، لە بەر ئەوەلە خۆشەویستیی حیزب و پێشمەرگە لە ناو خەڵکدا کەم دەبێتەوە. لە لایەکی دیکە ئەگەر رێز لە کەسایەتی و مافی خەڵک نەگیرێ، ئەوە ئوسوول و پرەنسیپی حیزبی و ئینسانی پێشێل کراوە. خەباتی ئێمە خەبات بۆ ئازادییە، خەبات بۆیەکسانی وئازادیی ماف و حوقووقی ئینسانیە.»

کاک د. سەعید لە ئیدارە کردنی ئۆرگانەکانی حیزبی و هەماهەنگی و دانی رێنوێنیو لێپرسینەوە، کۆنترۆڵ ومودیرییەتدا زۆر شارەزا و بەهێز وچالاک بوو. ئەو هەر چەند لە یەک یا دووئۆرگانی حیزبی دا بەرپرسایەتیی راستەوخۆی لەسەر شان بوو، بەڵام لە هەمان کات دا لە پەنا ئەو ئەرکانەی دا ئاگایی لە ئۆرگانەکان و بەشەکانی دیکەی حیزب هەبووو لێیان غافل نەبوو. مەسئولانە و دڵسۆزانە هەرگیروگرفت یا پێویستیەکیان بوایە بۆی جێ بە جێ دەکردن. ئەو لە گەل ئەوەی لێو بە بزە و زار بە پێکەنین بوو لە کار و مودیریەت دا زۆر جیدی وکاتناس وبە برِشت بوو. رۆل و نەخشی کاک د. سەعید لە چالاک و ئاکتیو بوونی ئۆرگانەکان و کارو پرۆژە و پێوەندییەکانی حیزب دیار و بەرچاو بوو.

کاک د.سەعید کەسایەتییەکی فەرهەنگی و مامۆستایەکی شارەزا و پسپۆر بوو. کە لە سەرەتای هاتنەوەی بۆ کوردستان و بەشداریی راستە وخۆی لە جووڵانەوەدا لە بواری نووسینەوە بۆ زانیاریی زیاتری تەشکیلاتی حیزب و کۆمەلانی هەراوی کوردستان بە دوو زمانی کوردی وفارسی دەستی بە نووسین کرد و تواناکانی خۆی خستە گەڕ. یەکەم بەرهەمی لە سالی ١٣٥٩ی هەتاوی دا بە ناوی «کورتە مێژووی جولانەوەکانی کورد لە سەدەی نوزدەوە تا کۆتایی شەری دووهەمی جیهانی» نووسی کە هەر لە سەرەتای دەورەکان وکلاسە سیاسیەکاندا وەک دەرسی مێژوو لە دەورەکاندا دەکوترایەوە. کاک سەعید لە نووسیندا توانایەکی باشی هەبوو، کە لە دوو دەزگای راگەیاندنی حیزب دێموکراتدا واتا رادیۆ دەنگی کوردستان و رۆژنامەی کوردستان و بلاوکراوەکانی حیزب دا رۆلێکی گرینگ و بەر چاوی هەبوو. زۆر وەستایانە نووسراوەکانی بە پێی هەلومەرجی جووڵانەوە و گونجاو لە گەل سەردەم بە ئارەستەیەکی باش دەنووسی، کە ئەرشیڤی حیزبی دێموکراتی کوردستان شاهیدێکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

باش بۆ ئەو گەنجینە و بەرهەمە زێرینەکانی ئەون.

کاکد.سەعید دیپلۆماتێکی لێزان و زیرەک بوو. شارەزاییەکی باشی لە کاری دیپلۆماسی و پێوەندییەکانی نێودەوڵەتی و جیهان دا هەبوو. دوای تێرۆرکردنی کاک دوکتور قاسملووی نەمر بە دەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دوکتور شەرەفکەندی نەیهێشت سەنگ و قورسایی و رۆڵی حیزبی دێموکراتلە باری دیپلۆماسیدا لاواز بێت. ئەو، رۆڵی حیزبی دێموکراتی وەک لایەنێکی بە هێز و فشار لە سەر حکوومەتی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات زیاتر کرد و نەیهێشت جێی دوکتور قاسملوو چۆڵ بێت و بێ قاسملوویی بە حیزبی دێموکراتەوە دیار بێ. لە رێگای خەباتی دیپلۆماسیەوە زیاتر حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و کردەوە دژە مرۆییانەکانی بە جیهانیان و کۆروکۆمەڵی نێودەوڵەتی ناساند و لەو کاناڵەوە زیاتر ریسوایی کردن. هەر بۆیەش کاتێک سەرانی کۆماریئیسلامیی ئێران دیتیان بە هۆی حیزبی دێموکراتەوە لە جاران زیاتر فشاری نێودەوڵەتیان لە سەرە و نەیان توانیوە رۆڵی حیزبی دێموکرات دوای تێرۆری دوکتور قاسملوو لە سەر خۆیان کەم کەنەوە، لە پیلانگێرییەکی دیکە دا ریسوایی زیاتریان قەبوول کرد و بە دانی باجێکی قورس و زۆر بریاری تێرۆر کردنی کاک د.سەعیدیان دا. بەداخەوە بەم کردەوە دژی ئینسانیەو دوور لە هەر رەوەشت ،یاساو پرینسیپێکی نێودەوڵەتی لە ٢٠ساڵ لە مەو بەر، واتا لە رۆژی ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٧ی سێپتامبەری ١٩٩٢ی زایینی تێکۆشەر و رێبەری هەڵکەوتو، کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی سکرتێری بەوەجی حیزبی دێموکرات و کاک فەتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات و کاک همایون ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئالمان و نووری دێهکوردی، خەباتکاری ئازادی ودۆستی حیزب بە ئەمری سەرانی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە رێستۆرانی میکۆنووس لە شاری بێرلینی ئاڵمان تێرۆر کران. سلاو لە گیانی کاک د. سەعید و هاوڕێیانی و هەموو شەهیدانی رێگای ئازادی و دێموکراسی.

**بە هیوای وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورد.**

**لەگەڵ رێز**


**لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بلاو بۆتەوە.**

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی سێپتامبری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## با کارەساتی میکۆنووس هاندەرێک بێت بۆ یەکدەنگیمان



**حوسێن بەخشی**

١٧ی سێپتامبر ٢٠ ساڵ بە سەر شەهیدکرانی دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکرات و فەتاحی عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و هومایونی ئەردەڵان کادر و نوری دێهکوردی دوستی حیزب، بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئینسانکوژی ئیسلامی لە رێستوورانی میکۆنووسی شاری برلینی ئاڵمان، تیدەپەرێ. پرۆسەی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە و کەندەوەکۆشی پتر لە چوار ساڵی بەشی قەزایی دەسەڵاتی ئاڵمان لە کارەساتی میکۆنووس، دەنگۆیەکی زۆری لە ناوەوەی ئاڵمان و دەرەوەدا لێکەوتەوە. ئاخرسەر دادگای ئاڵمان سەربەخۆیانە و بوێرانە بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەمەڕ بەشداری راستەوخۆێ لووتکەی دەسەڵات لە ئیران لەو جینایەتەدا،بەدنیاراگەیاند و بەم شێوە، رووخساری دزێو وتێرۆریست پەروەری دەسەڵاتدارانی ئێرانی پتر بە مرۆڤایەتی ناساند.

تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانی، گەرچی بووبە هۆی ریسوابوونی زیاتری کۆماری ئیسلامی، بەڵام زیانێکی گەورەشی لە جووڵانەوەی کوردی رۆژهەڵات بە تایبەت لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دا. ئێستا برینی شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو سارێژ نەکرابوو، کۆماری ئیسڵامی ئەو کارەساتەی خوڵقاند.

حیزبی دێمۆکرات لە ماوەی نزیک بە سێ ساڵ دوو کەسایەتی کارامە و شارەزای لە مەیدانی سیاسەتی نێوخۆ و دەرەوەدا، لە دەست دا. ئەمە و گووشارەکانی کۆماری ئیسلامی و هەل و مەرجی تایبەتی باشووری کوردستان، ئەو حیزبەی تووشی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەیرانی سیاسی،تەشکیلاتی کرد. بە چەشنێک کە مەودا و مەیدانی کار و تێکۆشانی لە هەردوو بواری ڕێکخراوەیی و چەکداری دا بە شێوەیەکی بەرچاو لێ بەرتەسک کراوە و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن نەیتوانی خۆی لەژێر تەوژم و قوورسایی ئەو گووشارە داسەپاوەدا، ڕزگار کات. بە داخەوە هە تا ئێستاش ئاسەواری بە رووخساری دێمۆکراتەکانەوە دیارەو نەک هەر نەیانتوانیوە کۆتایی بەو قەیران و کێشانە بێنن،بەڵکوو لە بواری هاودەنگی و یەکریزیدا دووچاری پەتای ناتەبایی و دووبەرەکی ناوخۆش هاتوون.

شەش ساڵ لەمەو بەر ڕووداوی دووپارچە بوونی حیزب، ئەگەرچی نامۆ بە مێژووی حیزب نەبوو،بەڵام لە باری چۆنیەتی و چەندییەتێوە،جیاوازی بەرچاوی لە تەک جیابوونەوەکانیتردا، هەبوو. ئەمجارەیان ڕێک دوو کەرت بوو و لایەنی جیابۆوە، توانی لە ماوەیەکی کورت دا ئۆتۆریتەی خۆی وەک حیزبی دیمۆکرات بە هەموو نیشانە مێژووییەکانێوە بپارێزێ.لایەنەکەی دیکەش سەرەرای هەوڵی زۆر لە پێناو نکۆڵی کردن لە بەرانبەرەکەی، ناچارکرا دان بە بوونیان وەک ئەو جۆرەی هەن دابنێ. هەرچەند مەودای داننان بەهەبوون و مل راکێشان بۆ یەک بوون درێژخایەنە. ڕەنگە ئەگەر ڕێکەوتنەکەی کاک مستەفای هیجری و کاک عەوڵای موهتەدی لەو ڕۆژانەدا بە ئەنجام نەگەیشتبا، سووکە هیوایەک، ئەویش لە ژێر گووشاری ئەم وئەودا، بۆ یەکگرتنەوەی دێمۆکراتەکان لە ئارادابا، بەڵام هەردوولا وەک ئەوەی "لە ڕێبیە زۆریان پێچووبێ و لە ئاشی پەلە بکەن"، دوور لە چاوی ئەغیار کاری خۆیان تەواو کرد.

سەیر ئەوەیە، ناوماڵی هەردوولا شپرزەو بەربڵاوو لێکدابراوە، دەبوایە پێشتر هەر کام ناوماڵی خۆیان ڕێک خەن پاشان کاسەی جیرانەتی یەک خەن. بەهەر حاڵ، ڕەنگە ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ، خۆی لە خۆیدا، بە مەرجێک مەبەستی تایبەتی بۆ تەریکخستنەوەی لایەنەکانیتری تێدا بەستە نەبیت و بۆ تاپۆ کردنی دەسەڵات نەبێت. ئاکامی باشی لێبکەوێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا جێگای باس و پرسیارگەلی زۆریش دێڵێتەوە. هیوادارم ئەو نزیکایەتییە ڕەنگدانەوەی سرووشتی بارووڕۆخی تایبەتی کوردستان و هەڵقوولاوی بۆچوونێکی عەقلانی بێت و بەر پرسیارێتی مێژوویی لە ئاست بەرژەوەندی نەتەوەکەمانی لە پشت بێت. کردەوەکان بە چ ئاراستەیەک دا تێپەر دەبن؟ داهاتوو نیشانی دەدا.

بە نیسبەت حیزبی دیمۆکرات و لایەنەکانیتر وەک پژاک و ڕێکخراوی خەبات و پارتی ئازادی و کۆمەڵە(لایەنی کاک عومەری ئیلخانیزادە) و.....کە خاڵی هاوبەشیان کەم نییە، با هاوپەیمانێکیتر پێک بهێنرێ و بەو شێوە دوو ناوەندی بە دەسەڵات و بریاردەر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە پابەند بوون بە بنەماکانی دێمۆکراسی ومافی مرۆڤ وهەروەها چارەسەری ناکۆکییەکان بە ڕێگای دیالۆگ دا، نوێنەرایەتی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ئەو بەشە لە ئەستۆ بگرن و لە پێوەندێکی


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دۆستانە و برایانە لە تەک بەشەکانی دیکەی کوردستان دا، نەتەوەکەمان لە ئاوات و ئارەزووی سەرکەوتن بە سەر داگیرکەرانی وڵاتەکەماندا نزیک بکەنەوە و بۆ هەمیشە ماکەی دووبەرەکی و دژایەتی یەکترکردن لە گۆڕ نێن.

لە ساڵیادی تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاورێیانیدا، بە پێویستی دەزانم ئاماژەیەکی کورت بە روانگە و بۆچوونی ناو براو لە مەڕ نیزیکی بیرورا جیاوازەکان و پێویستی هاوکاریکردنی کوردە جیابیرەکان لە دەرەوەی وڵات، چەند رۆژ پێش خولقانی کارەساتەکە بکەم.

کاتێک کاک سادق بە مەبەستی بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سۆسیالیست دا، هاتە ئاڵمان، پێش ئەوەی بچێتە برلین، بیرۆکەیەکی لا درووست ببوو، ئەویش ئەوەبوو کە لە گەڵ ئەو کەسانەی بە هۆی بیرووڕای جیاوازەوە لە حیزب هاتبوونە دەر یان دەرکرابوون و هەروەها لە تەک ئەو کوردانەی لە رابردوودا ئەندامی حیزبە سەراسەرییەکان بوون و لە مێژ بوو وازیان لەو حیزبانە هێنابوو، راستەو خۆ پێوەندی بگرێ و داوای هاوکاریان لێ بکات و لە دەرفەتێک دا لە گەلیان کۆ بێتەوە.

لە قسەکانیدالە تەک چەند کەسێک باسی ئەوەی کردبوو، کە چوون ئێوە لە دەرەوەی وڵاتن و سەربەخۆ کاردەکەن و بە ڕاشکاویش باسی مەسەلەی نەتەوایەتی و سەربەخۆیی دێنە گۆڕێ و پەرژینی بەرنامە و پرۆگرامی حیزبتان لە رووبەروو نییە، دەرفەتێکی هەرە باشە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رێکخراوەیی کاری بۆ بکەن و ئێمەش وەک حیزب بە هەموو تواناوە یارمەتیتان دەدەین.


بریار وابوو لە سەفەری برلین بگەرێتەوە ولە گەڵ کەسانی هاومەبەست کۆبێتەوە ولە سەرچۆنییەتی مکانیزمی بە یەکەوە کارکردن باس و ئاڵوگۆری بیرورا بکرێ. بە داخەوە جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی بە پێی پیلانێکی لە پێشدا دارێژراو کارەساتی میکۆنووسیان خولقاند وخوێنی دوکتوور سادق و هاورێکانیان رشت و لاپەرەیەکی رەشی تریان بە دەفتەری سەراسەر خوێن و جینایەتیان زیاد کرد.

سەرچاوە: ماڵپەری رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٦ی سیپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەرەو ٢٠ ساڵەی کارەساتی تیرۆری میکونووس




**نووسینی: ب.هیوا**

٢٦ی خەرمانان (١٧ی سیپتامبر) بۆ حیزبی دیموکرات، گەلی کوردو تەواوی ئازادیخوازانی ئێران وەبیر هێنەرەوەی کارەساتێکی تاڵ و خوێناویە. لە ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢دا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیان فەتتاح عەبدولی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هومایوون ئەردەڵان نوێنەری حیزب لە ئەڵمان و خەباتگێری ناسراوی ئێرانیو دۆستی لەمێژینەی حیزبی دێموکرات، نووری دێهکوردی، لە بێرلین کەوتنە بەر دەسڕێژی تیررۆریستە بەکرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی و شەهید بوون.

دوکتور شەرەفکەندی (دوکتور سەعید)و سێ شەهیدی دیکەی ئەو کردەوە تیرۆریستی یە لە کاتێکدا کەوتنە بەر پەلاماری تیرۆریستەکان کە لەگەڵ ژمارەیەک لە نوێنەران و تێکۆشەرانی ئوپوزیسیونی ئێراندا، لە ریستۆرانی میکونووس کۆببوونەوە و لە سەر چۆنیەتیی هاوکاری و هاوخەباتیی هێزو لایەنەکانی ئوپوزیسیون لە دژی کۆماری ئیسلامی، خەریکی بیرورا گۆڕینەوە بوون. دوکتور سەعیدو سێ هاوڕێی شەهیدی هەمووی چەند سەعاتێک بوو لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست گەڕابوونەوە.

کۆماری ئیسلامی کە سێ ساڵ پێشتر، لە وییەن و لە سەر مێزی وتووێژ دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەر، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی وڵاتی تیرۆر کردبوو، دەیەویست بە دووپات کردنەوەی زەبری بە ژانی خۆی لە حیزبی دێموکرات، ئەو حیزبە و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

کوردستان بە جارێک لاواز بکا و لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو رێژیمە وەدەریان بنێ. بەڵام تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵانی دێموکراتدۆستو دێموکراتپەروەری خەڵکی کوردستان، بە وەفاداریو بەردەوامی لە سەر رێگاو رێبازی رێبەرانی شەهیدیان و بە نیشاندانی پشتیوانی و خۆشەویستیی بێسنووریان بۆ حیزبی دێموکرات، کۆماری ئیسلامییان ناکامو ناهومێد کرد. جگە لەمەش، ئەمجارەیان ئەو رێژیمە تیرۆریستو تیرۆریست پەروەرە، کلکی بە تەڵەوە بوو و ئەنجامدانی جینایەتی رێستۆرانی میکونووسی زۆر بە گران لە سەر تەواو بوو. چونکە بە دوای گیرانی هێندێک لە بەشداران و بەرێوەبەرانی کردەوە تیرۆریستی یەکە لە لایەن پۆلیسی ئەڵمانەوە، دەزگای قەزایی ئەو وڵاتە لە موحاکەمەیەکی مێژوویی دا کە سێ ساڵی خایاند، پەردەی لە سەر دەست هەبوونی راستەوخۆی رێبەرانی پلە یەکی کۆماری ئیسلامی لەو جینایەتە و زۆر کردەوەی تیرۆریستیی دیکەدا بە گشتی لادا و، لە ئاستی نێونەتەوەیی دا مەحکووم و ریسوای کردن.

ئێستا کە بەرەو ٢٠ ساڵەی جینایەتی ریستۆرانی میکونووس دەچین جیی خۆیەتی بیرەوەریی ئەم کردەوە تێرۆریستییە بکەین بە بۆنە و دەرفەتێک لە لایەک بۆ رێز گرتن لە خەبات و تێکۆشان و رۆڵی سەرکردانەی شەرەفکەندیی نەمر و هاورێیانی شەهیدی و لە لایەکی دیکەوە ئاور لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی گەلی کورد و ئازادیخوازانی سەرانسەری ئێران بدەینەوە. با لە ٢٠ ساڵەی شەهیدبوونی د.شەرەفکەندی دا لە سەر یەکیەتی، لێک نزیکبوونەوەو هاوخەباتیی هەرچی پتری ئازادیخوازانی ئێران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و توندکردنی خەبات بە مەبەستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی و هێنانە سەر کاری نیزامێکی دێموکراتیک لە ئێراندا پێ دا بگرین. با لە بیرمان بێت کە د.شەرەفکەندی لە کاتیک دا شەهید بوو کە لە سەر هەر سێ ئاستی رۆژهەڵاتی کوردستان، کوردستانی و ئێرانی دا، قۆڵی لە سرینەوەی گرژییەکان و لێکنزیککردنەوەی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، هەڵماڵیبوو. هەر بۆیە هیچ هەوڵێک بە رادەی هەنگاونان بۆ تەبایی و لێکنزیکبوونەوە و گرنگیدان بە هاوخەباتی لەم چەند ئاستە جیاوازە دا گیانی ئەو شاد ناکا.

بەرز و بەرێز بێ یادی ٢٠ ساڵەی شەهیدانی میکۆنووس


لە ژمارە ٥٩٠ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٦ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# بەرەو یادی ٢٠ساڵەی تیرۆری د.سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە بارەی گرنگیی بڕیاری دادگای میکۆنووس



کەریم ئەڵڵاوەیسی

بێ گومان زۆر نین ئەو دادگایانەی کە ناویان کەوتووەتە سەر لاپەڕەی مێژوو، دادگای نورمبێرگ، دادگای تۆکیۆ و ڕەنگە چەند دادگایەکی ناسراوی دیکەش لە جیهان دا هەن. لەگەڵ ئەوانەش وەک ئەم دادگا ناسراوانە، دادگای میکۆنووسیش ناوی کەوتە سەر لاپەڕەکانی مێژوو. میکۆنووس گۆڕەپانی شەڕێکی گرینگ بوو لە نێوان کۆماری ئێسلامیی ئێران و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستانی ئێران لە نێوان رێژیمێکی تێرۆریست و جەنایەتکار و نوێنەرانی گەلێکی تەواو غەدرلێکراو.

کۆماری ئێسلامیی ئێران بە تێرۆری دوکتورسادق شەرفکەندی و هاوڕێیـانی تـوانی زەبرێکی نیزامیی گەورە لە کورد و حیزبی دیموکراتی کوردستان بدا ، بەڵام لەباری سیاسی ،تەبلیغی و دیپلۆماسی لە ئاستی بیروڕای گشتیی جیهانی دا دۆڕاندی و زۆر شەرمەزاربوو. رێژیم زیاتر لە ٥٠ فەقەرە تێرۆری لە ئورووپا ئەنجام دا کە ٨٩ کەس لەریبەران وچالاکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ریکخراوە سیاسیەکانی دیکە و کەسانی ناوداری کوردستان وئێران بوون. هەروەها زیاتر لە ٢٠٠ کادرو پیشمەرگە و ئەندامی حیزب و ریکخراوەکانی رۆژهەلاتی کوردستان کە زۆربەیان لە تێکۆشەرانی دیموکرات بوون لە باشووری کورستان و تورکیەتێرۆر و شەهیدکران. کۆماری ئێسلامی لە هەمووی ئەو تێرۆر و جینایەتانە بێ لێ پرسینەوە

وموحاکەمە رزگاری ببوو و هەر جار رووهەڵماوانەتر لە پێشووبۆ ئەنجامی تێرۆری دیکە هەنگاوی نابوو و ئەگەر لە وڵاتێکی وەک فەرانسە لە سەر قەتلی شاپور بەختیار چەند کەسێکی گیرابێ، نە دەنگدانەویەکی هەبوو و نە کارێگەرییەکی زۆری لە سەر رێژیم دانابوو.

**چەندین هۆکار هەبوون کە هەرجارە رێژیم لە دەست لێکۆڵینەوە و عەدالەت رزگاری بێ و دڕندەتر لە پێشوو بەرەو خۆینرشتنێکی دیکە بچی:**

١- قوربانیکردنی دادپەروەری سەبارەت بەرژەوەندی بازرگانی و ئابووری لە لایەن ولاتانی ئورووپایی.
٢- ترس و نیگەرانیی وڵاتانی ئورووپایی ، لە ئیفشاگەریی کۆماری ئیسلامی لە سەر ساتوسەودا و پیوەندییە نهێنییەکانیان و هەر وەها لەعەمەلیاتی تێرۆریستی لە خاکی ئەوان دا.

کۆماری ئێسلامی لە دوو سال پاش هاتنە سەرکاریەوە ، بە پێی بەرنامە زۆر بە جیدی هەوڵی بۆ لە ناوبردنی دژبەرانی خۆی هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات داوە و بەداخێکی زۆرەوە، سەرکەوتنی زۆرێشی بەدەست هێنا. بالوێزخانەکانی کۆماری ئێسلامی و بنکە بە رواڵەت فەرهەنگی و ئایینییەکانی سەر بەو رێژیمە باشترین شوێن بو دانانی رایەڵکەی جاسووسی وسیخوڕیی رێژیم لە ولاتانی ئورووپایی بووە. کرینی ئەفراد و بوونی سیخوڕ و ناردنیان بۆ ناو رێکخراوکان و تەماع وەبەرنان و هەڕەشەلێکردن و زۆر کردەوەی دیکە، کاریگەریی هەبوو لە سەر سەرکەوتن و لە بە ئەنجام گەیاندنی پیلانە رەش ودزێوەکانی رێژیم. کۆماری ئیسلامی شارەزایی تەواوی لە نەرم ونیانی و ترس و پاریزی زۆری ولاتانی ئورووپایی هەبوو بۆیە لە ئەنجامدانی هەرتێرۆرێک ترس و خۆفی نەبوو.

**با تێرۆرێک و کردەوەی رێژیم پاش ئەنجامی تێرۆرکە بهێنمەوە:**

**تیروری ڤییەن، شەهێدکردنی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی**

پۆلیس و دەزگای ئەمنییەتیی دەوڵەتی ئوتریش بەهۆی لە دەستدابوونی نەوار و لەدەست دابوونی یەکێک لە بریندارەکانی تێرۆری دوکتورقاسملوو و هاوڕێیانی، زۆر زوو بۆیان دەرکەوت کە بریاردەر و ئەنجامدەری تیرۆرەکە کۆماری ئێسلامیی ئێرانە. کۆماری ئێسلامی بە هەڕەشەی لەقاودان و ئاشکراکردنی کرینی بە نهێنیی چەک لە دەولەتی ئوتریش و هەڕەشە

لە شارۆمەندانی ئوتریشی کە لە ئێرانن توانی پێشگیری بکا لە راگیرکرانی دیپلۆمات تێرۆریستەکانیخۆی لە لایەن دەولەتی ئوتریشەوە و بەڕێوەچوونی لێکۆڵینەوە و پێکهاتنی دادگا و هتد. لە ئاکامدا پێشی بەوە گرت راستییەکانی پێوەندیدار بەو پیلانە رەشە و ئەم جینایەتە گەورەیە ئاشکرا بکرێ و قاتلان بە سزای خۆیان بگەن.

دەولەتی ئوتریش بە بوونی ئەو زخت و زۆرە و سەبارەت بە بەرژەوەندە بازرگانی و سیاسییەکانی رێگای لە جێبەجێ بوونی پرۆسەی دادپەروەری وعەدالەت گرت. ئەو دەوڵەتە چاوی لە ئاست هەموو راستییەکان نوقاند و سوودێکی بازرگانیی زۆری لە مەعامەلە لە سالەکانی دوایی دا دەست کەوت. حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی دژی بڕیاری دەوڵەتی ئوتریش لە سەر داخستنی پەروەندەی ئەو تیرۆرە بوەستیتەوە و کۆماری ئیسلامی لە مەرتیرۆری دوکتورقاسملوو وهاوڕییانی بکێشێتە دادگای نێونەتەوەیی، دەبوولەگەڵ تەوایەتی دەوڵەت ودەزگای قانوونیی ئوترێش رووبەروو بێ. ئەوەش لە توانی نەتەوەی کورد وحیزبی دیموکرات دا نەبوو. دەوڵەتی ئوترێش نایەوێ ئەو شەرمەزاری و سووکایەتییەی تووشی بووە زۆرتربێت و لە ئاستی جیهانی دا لێی ئاشکرا بێ بۆیە ئێستاش ناهێلێ پەروەندەی قەتلی دوکتور قاسملوو وهاوڕییانی بکرێتەوە هەرچەند ئەو پەروەندەیە لە ویژدانی هەموو کوردێک بە تایبەتی کوردی رۆژهەلاتی کوردستان بۆ هەتا هەتایە بە کراوەیی و زیندوویی دەمێنێتەوە.

بۆیە باسی تێرۆری شەهیدی مەزن دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی کرا هەتا جیاوازیی نێوان دادگای میکۆنووس و سیستەمی قەزایی ولاتی ئەڵمان لەگەڵ دەزگای قەزایی و دەولەتە بەرژەوەندخواز و سوودپەرستەکانی دیکەی ئورووپایی بە تایبەتی دەوڵەت و بەشی قەزایی ئوتریش بۆ زۆر لایەن باشتر دەرکەوێ.

## جیاوازییەکانی دادگای میکۆنووس

١- دوای دووهەمین شەڕی جیهانی بۆ یەکەمین جار بوو دادگایەکی موعتەبەر و دادستانی ئالمان باسی تێرۆری دەوڵەتیی ولاتێک واتە کۆماری ئیسلامی بهێنیتە گۆڕێ.
٢- یاتر لە ٥٠ فەقەرە تێرۆر وکوشتار لە دەرەوەی ولات لە ئورووپا لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە کرابوو و ٨٩ کەس لە ریبەرانی حیزب و ریکخراوەکانی کورد و ئێرانی بە هۆی ئەو تێرۆرانەوە گیانیان لێ ئەستێندرابوو، بەڵام دادگایەکی عادلانە پێک نەهاتبوو کە لە بکەڕ و ئەنجامدەرانی تێرۆرەکان لێپرسینەوە ولیکۆلینەوەی جیددی بکا وکۆماری ئیسلامی دادگایی بکا (دیارە زیاتر لە ٢٠٠ کەسیش لە باشووری کوردستان وتورکیە تیرورکرابوون).

٣- ئەوە لە مێژوو دا یەکەم جار بوو کە بە هۆی بەشی قەزایی سەربەخۆ و ئازایەتی و فیداکاریی دادستان ودادوەران ژمارەیەک لە ڕێبەرانی وڵاتێک کە هێشتا لە سەر کورسیی دەسەڵاتن بە تیرۆر و کوشتن و بڕیاردەر و عامیلی کۆشتار تاوانبار دەکران.

**دادگای میکۆنووس و ڕۆڵی مێژوو ییەکەی و ڕۆلی قازییەکان و شاهیدان**

**کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی(ویژە) یان کۆمیتەی کۆشکی فیروزە**

چونکە ئەو کۆمیتەیە کۆبوونەوەکانی پیوەندیدار بە تێرۆر و کۆشتنی لە کۆشکی فیروزە ئەنجام دەدا و بڕیارەکانی لە وێ دەدان، بۆیە بە کۆمیتەی کۆشکی فیروزەش ناوی دەبرێ.

**پێکهاتەی کۆمیتەی عەمەلیاتی تایبەتی (ویژە) یان کۆمیتەی کۆشکی فیروزە:**

* ریبەری نیزام = خامەنەیی پیشتریش خۆمەینی
* سەرۆک کۆمار = عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی
* وەزیری دەرەوەی ئێران = عەلی ئەکبەر ویلایەتی
* وەزیری ئێتلاعات = عەلی فەلاحییان
* فەرماندەی سپای پاسداران = موحسین رەزایی

رەمزی عەمەلیات»: فریاد بزرگ علوی» رەمزی عەمەلیات، رەمزی نێوان سەفارەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و کۆمیتەی ئەمنیەت لە نێوخۆی ئێران بوو.

پاسپورت: پاسپۆرتی تایبەت لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی ئێرانئامادە دەکرا کە ئەگەر کەسێک گیرابا لە مافەکانی تایبەت بە یاسای دیپلۆماسی (مصونیت سیاسی)ی کەڵک وەرگرێ و زیندانی نەکرێ و ئازاد بکرێ.

شاهیدەکان: ١٨٠ شایەت و تاوتوێکردنی هەزاران لاپەڕە بە بەڵگەوە.

کۆبوونەوە(جەلەسە(ی دادگا ٢٤٧: جەلەسە

ماوەی دادگا: سێ سال ونیوی کێشا

خەرج ٩: میلیۆن مارک، دادگای میکۆنووس یەکێک لە پرخەرجترین دادرەسی یەکانی مێژووی وڵاتی ئاڵمان بووە.



کتێبخانەی دیجیتالی
www.rabari.org

تومەتبار لە روانگەی کۆماری ئیسلامیەوە: هەموو جارێ رژێم تیرۆرەکانی ئەنجام داوە و خەتاکەی خستۆتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی کورد وئێرانی کە ئەوە بۆ خۆیان لە بەر کێشەی نێوخۆ یەکتریان کوشتوە.

بالوێزی کۆماری ئیسلامیی ئیران لە ئالمان(بۆن):

لە دادگا روون بۆوە کە حوسێن مووسەویان بالوێزی کۆماری ئیسلامی کە تیرۆر و قەتلی رێبەرانی کوردی بە سەر ئۆپۆزیسیۆن دا هێنابوو و سوێندی لە سەر خواردبوو، دەرکەوت کە ناوبراو نەک هەر لە تیرۆری میکۆنووس دا بەڵکوو لە زۆربەی تیرۆرەکانی ئورووپا دا رۆلی بنەرەتیی گێڕاوە.

شاهیدەکان: بنەماڵەی شەهیدان بە وکیلەکانیانەوە توانیان کاریگەریی زۆر ئەرێنیان لەسەر دادگاهەبێ و لەگەڵ ئەوەش نەخش و روڵی حیزبی دیموکرات وئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و چەند کەس کە لە کۆبوونەوەی میکۆنووس بە سلامەتی رزگاریان بیوو گرنگیی زۆری هەبووە(ئەوانی رزگاریان بوو بۆ پیوەندی و گەیاندنی راستیەکان بە میدیای ئالمان رۆلی باشیان هەبو.)

بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر، رۆڵ و نەقشی دوو کەس بۆ دەرکەوتنی راسییەکان زۆر زیاتر بوو و کاریگەری سەرەکی هەبوو لە سەر بەرەو پێشەوەچوونی پرۆسەی دادگایی کردنەکە:

١- بەنی سەدر سەروک کۆماری پێشووی ئێران
٢- ئەبولقاسم میسباحی مەئموورێکی ئیتلاعاتیی رێژیمی ئێران (کۆماری ئیسلامی دەستوری کوشتنی ناوبراوی دابوو و خێزانیشی لە سەری کردبووە جاسووس. ناوبراو توانیبووی لە ئێران هەڵێ و لەپێشداش پێوندیی لە گەڵ بەنی سەدر پێک هێنابوو).

دیارە پێویستە نەقش و رۆلی دەسەڵاتی چوارەم واتە میدیای ئازادی ئالمان، کانالەکانی راگەیاندن، لە گەیاندن وباسی تیرۆری میکۆنووس و دادگاکەیدا بە هێند بگێرێ و بەحەق نەقش و رۆلی خۆیان باش نواند.

تاقە یەک شت لە دادگا روون نەبۆوە و هەتا ئێستاش بە ناروونی ماوەتەوە کە کێ کام سێخور لە ریستوران یان دەرەوەی ریستوران لە کاتی کوبوونەوەی رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران زەنگی بۆ تیرۆریستان لێ داوە و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە جەریان وکات و گەیشتنی ریبەرانی دیموکرات  بۆ رێستوران ئاگاداری کردوونەوە.

### بریارە مێژوییەکەی دادگای ئالمان:

رۆژی پێنج شەمەی ١٠ ئاوریلی ١٩٩٧ حوکمێکی ٤٠ لاپەڕەیی بە هۆی دادگای میکۆنووس دەرچوو:
کۆماری ئیسلامیی ئێران بە گەڵاڵە دارێژ و بەڕێوەبەری تیرۆری شەرەفکەندی و هاوڕێیانی مەحکووم کران. حوکمی گرتنی وەزیری ئیتلاعاتی ریژیم ، حوجەتولئیسلام عەلی فەللاحیان دەرکرا.

میکۆنووس ئەو مانایەی بەخشی بە گەلی کورد، داننان بە حەقانییەت ومەزلوومیەتی گەلێکی زۆڵملێکراو و لەقاودانی کردەوە دژەمرۆڤانەکانی رێژیمێکی تیرۆریست لە بەرزترین ئاستیدا، ناساندنی کاربەدەستانی پایەبەرزی رێژیم وەک بریاردەر، خامەنەیی، رەفسەنجانی، ویلایەتی و فەللاحیان بۆ ئەنجامی ئەو جینایەتە سامناکە بە جیهان ریسواییەکی زۆر گەورەبوو کە ریژیم لە ماوەی ٢٠ سال دا تووشی ئابڕووچوونێکی ئاوا گەورە لە ئاستی جیهانی دا نەببوو.

### رۆلی حیزبولڵای لوبنان:

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک رێژیمێکی تیرۆریست بۆ دوو مەبەست یەکیان تیرۆر و سەرکوتی دژبەران و جیابیران و دووهەم بۆ ناردنی شۆڕش بۆ دەرەوە پێویستی بە هێزی دیکەی وەک حیزبولڵای لوبنان و حەماس و چەند بزووتنەوەی دیکەش وەک سپای مەهدی لە عێراق، جەهادی ئیسلامیی فەلەستین و هتد هەیە و هەرکام لە م گرووپانە لە شوێن وجێگای خۆیان بۆ جێبەجێکردنی پیلانەکانی کەلکی پێویستیان لێ وەردەگرێ. دیارە زۆربەیان وەک بازووی نیزامیی رێژیم و وەک  سپای پاسداران و یان سپای قودس کەلکیان لێ وەرگێراوە و وەردەگێرێ. حیزبولڵای لوبنان کە ساڵانە چەندین میلیۆن دولار لە کۆماری ئیسلامی وەردەگرێ، لە بە ئەنجامگەیاندنی تیرۆری میکۆنووسدا نەقشی زۆر گەورەی گێڕا و هەروەها لە سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی ئێرانیشدا زۆر جار نەقشی هەبووە. بە پشتیوانیی رێژیم حیزبولڵای لوبنان بوتە هێزیک کە لەسەر زۆر شتی لۆبنان بریاردەرە. لە تیرۆری میکۆنووس جگە لە دارایی خەلکی  ئێران، زۆربەیان لە بەکرێگیراوانی حێزبولڵابوون کە گێران و زیندانی کران. ئەوە دەری دەخا کە پارە خەرج کردن و بەکرێگرتنی ئەو دەستە و گرووپە شیعانە بۆ ئەنجامدانی مەبەستەگلاوەکانی رێژیم چ گرنگیەکی هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

### تێرورێزیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای بریاری دادگای میکۆنووس:

پاش بڕیاری دادگای میکۆنووس، ئالمان و تێکڕای وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بانگ کردەوە و پێوەندییەکانی ئێران لە گەڵ ئەو وڵاتانە تووشی قەیرانی سیاسی بوو. ئەوە ٦ مانگی خایاند واتە هەتا سەرکەوتنی محەمەد خاتەمی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا درێژەی کێشا. پاش ئابڕووچوونی ڕێژیم لە ئاستی نێونەتەوییدا، دادگای میکۆنووس کاریگەریی زۆری هە بوو کە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران دەنگ نەدەن بە کاندیدی قۆڵی توندرەو و پاوانخواز و دەنگی خۆیان بدەن بە ریفورمخوازانی ئێران و کاندیدی ئەوان واتە محەمەد خاتەمی. ڕێژیم کە بەڵێنی بە وڵاتانی ئورووپایی دا کە ئەو کردەوانە لە ئورووپا دووپات نابنەوە، باڵوێزی وڵاتانی ئورووپایی بۆ ئێران نێردرانەوە.

پاش ئەوەی کردەوە تێرۆریستیەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە قاو دران و شەرمەزاریان بۆ ڕیژیم پێک هێنا،ڕێژیم لە دەرەوەی ئێران لە ئورووپا و باشووری کوردستان و تورکیە دەستی لە ئەنجامدانی تێرۆر هەڵگرت، بەڵام ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە زۆر جینایەت و کۆشتار لە نێوخۆی ئێران دا کران بۆ نموونە کۆشتنی نووسەران و سیاسییە جیا بیرەکانی وەک، داریووش و پەروانەی فروهەر و موختاری، پوویەندە وژمارەیەکی زۆر دیکە کە ئەم قەتلە زنجیرەییانە کتێبیان لە سەرنووسراون وبە «تاریک خانەی ئەشباح» ناویان دەرکرد کە پاش ماوەیەک هەموویان ئاشکرابوون و دەرکەوت کە ئەو جینایەت و کۆشتارانە هەموویان کاری وەزارەتی ئێتلاعاتی ڕێژیمن.

عەباس ئەمیرئینتیزام کۆنترین زیندانیی سیاسیی ئیران و وسەمبۆلی خۆراگری لە زیندانی ئێوین وتی لە ئاسۆی بڕیاری دادگای میکۆنووس شەقبردن و لەرزینی بناغەکانی دەسەڵاتی نیزامی جینایەتکار و خوێنرێژی کۆماری ئێسلامی بەدی دەکرێ.زۆر کەس پێی وابوو ئەم دادگایە دەنگدانەوەیەکی یەکجار گەورەی هەبوو وئورووپا و هەموو جیهانی هەژاند و نارەزایەتییەکی گەورەی بەرەورووی ڕێژیمی ئێران کردەوە.

٧ ساڵ پاش بریاری دادگای میکۆنووس بە هیممەتی مونیکا تیلمەن شارەداری ناوچەی شارلوتن بورگ ویلمرزدورفی ئاڵمان لەوحی لەبیرمانەوە لەبەر دەم دادگای میکۆنووس دادەنرا کە سەدان کورد لە سەرانسەری ئورووپا بۆ بەشداری لە مەراسمی دانانی لەوحی لەبیرمانەوە و ڕێز گرتن لە شەهیدانی میکۆنووس و خانمی مۆنیکا تیلمەنی شارەداربەشداری ئەم ڕێو ڕەسمە بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

لەکۆتایی دا دەپرسین ئاخۆ ئەگەر لە ئوتریش دادگایەکی عادڵانە لێکۆڵینەوەی لەتێرۆری دوکتور قاسملوو وهاوڕێیانی کردبا، ئەریٚ تێرۆر و کۆشتاری میکۆنووسی ئالمان رووی دەدا؟ ئەگەر ئەمڕۆ یەکیەتیی ئورووپا بە هاوکاریی ئەمریکا تەحریمی ئابووریی رێژیمی ئێران دەکەن، زۆر زووتر بۆ پێشگیری لەتێرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران و تەمبێی ئەوان ئەو کارەیان کردبا و پێشیان لە سەدان تیرور لە ئورووپا و جیهان دا نەدەگرت؟ ئاخۆ ئەگەر ئەو کارە کرابا کۆماری ئێسلامی دەیتوانی یارمەتیدەرێکی گەورە بۆ ئەلقاعیدە لە سەرانسەری جیهان بێ وئەلقاعیدەش دەیتوانی بەبێ پشتیوانیێکی بەهێز بە تایبەت کۆماری ئێسلامیی ئێران، کارەساتی ١١ی سێپتامبری ئەمریکا بخۆلقینێ؟

وەک نووسەری ئەم دیرانە لە بیستەمین ساڵیادی تیرۆری شەهیدانی میکۆنووس و هەموو شەهیدانی حیزب وگەڵ سەری رێز و نەوازش دادەنوێنم و هیوادارم بە کاری جیددی و بە بەرنامە، ئاواتی ئەو شەهیدانە و هەمووشەهیدانی کورستان وەدی بێن.

لە ژمارە ٥٨٩ی رۆژنامەی "کوردستان" دا بڵاو بۆتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٣ی ئاگۆستی ٢٠١٢

---



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەڕەفکەندی بەحەق شایستەی ڕێبەریی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران بوو.



**محەممەد سولەیمانی**

**لە بیرەوەریی ٢٠ ساڵەیی تیرۆری نامرۆڤانەیی شەڕەفکەندی نەمردا.**

دیارە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنەشارەوەکانی ژیان و خەباتی شەهیدی سەرکردە، کاک دکتۆر سەعید نە وەک زۆر هاسانیە،بگرە ڕەنگە لە تاقەت و توانەی ئێمەمانانێک دانەبێت کە خوێند نەوەوەیەکی سەردەمیانەیی ژیانی سیاسی و تەشکیلاتی ئەو گەورە مرۆڤە بکەین کە خۆی وەک تێکۆشەرێکی دێمۆکرات و ئازادیخواز هەروەها خەباتگێڕێکی شۆڕشگێر کە هەڵقولاڤوی ناخی ڕوداوە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتبوو بخەینە بەرچاوی هۆگران و مافخوازانی گەلی کورد لە کوردستاندا.

ئەونەمرە سیمای ڕێبەرێکی بیرمەند، بەرچاوروون و شارەزە بە هەل و مەرجی سیاسی دونیا و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست بوو. دکتۆر شەڕەفکەندی وەک سیمایەکی دیار و نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەرو خەمخۆرێکی ڕێگای ئازادی گەلی کورد، لەو کاتەوە کە پێی ناوەتەمەیدان و سەنگەری ڕزگاری و مافویستی هەڵبژاردوە، ڕۆڵی کاراو بەرچاوی لە بەڕێوەبردنی ئەرکەحیزبیەکانی دا لە سەر شان هەبووە و هەرگیز نەکەوتۆتە شوێن ئەو ڕوداو گۆڕانەنەی کە لە بەرژەوەندی بزووتنەوەیی نیشتیمانی کوردستان دا نەبووە. بەڵکوو وەک کەسایەتیەکی دیارو یارو هاوسەنگەری ڕۆژانی سەختی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، کاک دکتۆر قاسملووی نەمر دوەری خۆی گێڕاوەو، ئەوکاتەش کە ڕوداوە سیاسی و

بەشی دووهەم

کۆمەڵایەتیەکانی ئێران و کوردستان زۆر بەئاڕاستەی خەباتی نەتەوایەتی دانە بوو و هەتا بە شێکی بەرچاو لە لاوانی کورد شوێن پێی بیرو باوەڕی چەپەکانیان هەڵگرتبوو، کاک دکتۆر سەعید بە نووسینی وتار لە سەر هەست و تێگەنشتنی نەتەوایەتی لەو قۆناخەیی خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، هانی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی دەدا کە خۆیان لە سەنگەرێک دا ڕێکبخەن کە هەڵگری پەیامی نەتەوایەتی نەتەوە ژێردەستەکەمان بێت.

هەمیشە داوایی لەلاوان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە بوو کە لایەنگرو هەڵگری دروشم و پەیامێک نەبین کە ئاکامەکەی بەپێچەوانەی ئامانج و داخوازەڕەوەو بەرهەقەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان بێت. بەڵکوو لەهەل و مەرجێکی وەها سەخت و دژواردا ئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە لە بەهێزکردن و بەرەوپێش بردنی حدکا دا دەوری هەبێ و بێتە مەیدانی و ئەرکی سیاسی و مێژووی خۆی لە قۆناخی ئێستای بزووتنەوەی و شۆڕشگێڕانەی کوردستان دا بگێڕن و پشتیوانی لە بەرنامەی سیاسی و پێشکەوتنخوازانەی حیزب بکەن کە ڕەنگدانەوەی بیروباوەری نەتەوایەتی گەلەکەیانە.

کاک دکتۆر سەعید شەرەفکەندی بەدوای شەهید کرانی گەورە پیاوی مێژووی نوێی گەلەکەمان، دکتۆر قاسملووی نەمردا، وەک جێنشینێکی شایستەو باوەڕ بەخۆ و خاوەن داب و نەریتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی سەردەمیانە، وەک کە سی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات دەرکەوت وئەرک و بەرپرسایەتیە سیاسی و تەشکیلاتیەکانی حیزبی گرتە ئەستۆو زۆر بەخێرایی وپاش ئەو کارەساتە قورس و جەرگبڕە کە بەرحیزب و جوڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کوردستان کەوت، خەبات و تێکۆشانی ڕۆڵەکانی دیمۆکراتی بە هاوکاری و پشتیوانی تەشکیلاتی حیزب ڕێکخستەوە و حیزبی بۆ قۆناخێکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانی بەدژی ڕێژیمی کۆنەپەرست و تیرۆریستی ئاخوندی ڕێبەریکرد.

شەرەفکەندی لە پەیامێکی گرینگ و شوێندانەر دا، کە ڕووی لە کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان بوو، داوای هاوکاری و پشتیوانی لەخەباتی خۆیان کەرزگاری گەلی بەشمەینەتی کوردە، لێخوازتن و هەرلەوکاتەش دا هانی شۆڕشێکی قوڵ وهەمەلانەی لە قۆناخی ئەوسای خەبات دابەگوێی پشتیوانانی جووڵانەوەیی خەڵکی کوردستان دا چرپاند. جێنشینی بەئەزموون و خاوەن ڕابرووی سیاسی و تەشکیلاتی، کاک دکتۆر سەعید بەهەق نیشانی دا کە هیچ سەختیو و دژواریەکی ناتوانێت پێشی شۆڕشی گەلی کورد لە پێناو مافی ڕەوای خۆی دابگرێ و دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر و خوێنمژی ڕێژیمی دژی گەلی ئاخوندیش دەبێت ئەوەی باشبزانن کە بەتیرۆرکردنی ڕێبەرانمان بەهیچ شێوەیەک ناتوانن بە سەر ئیرادەی سیاسی و شۆڕشگێرانەی ڕۆڵە ئازاو فیداکارەکانی گەلی کورد دا زاڵبن و لە خەبات و تێکۆشان دڵساردیان بکەنەوە لە لایەکیتریش



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بڵاوە بە جوڵانەوەیی کورد بکەن.

کاک دکتۆر سەعید، تیرۆرکرانی دکتۆر قاسملووی لە هەل و مەرجی سیاسی و دیپلۆماسی ئەوکات دا بەخەسارێکی زۆر گەورەویی لە سەر بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازی وەسفکرد و پێیوابوو کە لە ئاستی نێونەتەوەیی دا کورد خەمخۆرێکی چالاکی خۆی لە دەست داوە. شەرەفکەندی نەمر لە پەیامەکەی دا کە رووی لەئازادیخوازان و مافویستانی دونیا و کوردستانی رۆژهەڵات بوو، رایگەیاند کە خەبات بۆ ئازادی و ئەو ئامانجانەی کە قاسملووی رێبەر لە پێناوی دا سەری دانا، بە پشتیوانی ماددی و مەعنەوەی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان، خەباتی قوتابیانی قاسملووی رێبەر درێژەی دەبێت و حیزبی دێمۆکرات سەرەرای پاراستنی یەکیەتی و یەکپارچەی ریزەکانی لەهەل و مەرجی چارەنووس سازی سیاسی وەک ئێستا دا کە بەسەر دونیا و ناوچەکەدا زاڵبووە، بەڵێن بەگەلی کورد دەدەین کە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی رۆڵەکانیان هەر وەک هەمیشە بەردەوام دەبێ. ئێمە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات بەو ئیرادە سیاسی و بیروباوەرە کە بەمافی نەتەوایەتیمان هەیە هیچ نائومێدیەک ناتوانێت سێبەری بکێشێتە سەر ورەو ئیمانی شۆرشگێرانەی تەشکیلاتی ئاشکراونهێنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و خەبات بۆ ئازادی و دێمۆکراسی هەروەک جاران درێژەی دەبێت و کوردستانی رۆژهەڵات و شۆرشە بەرهەقەکەی دەبێ نموونەیەک بێت لە خۆراگری و کوردستان بەسەنگەری بەرگری و دێمۆکراسی لە سەرانسەری ئێران دا دەمێنێتەوە .

شەهیدی رێبەر، کاک دکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە کاتێک دا کۆڵەباری خەمی ئازادی گەلی بندەستی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردتسان دا خستە سەرشانی، راست بەدوای کارەساتی تیرۆرکرانی کاک دکتۆر قاسملوولە وڵاتی ئوتریش بەهۆی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی رێژیمی دژی گەلی  ئاخوندی دابوو.

ئەوکات زۆر هێزو لایەنی سیاسی نەیار و هەتا دۆستەکانی حیزبیش چاوەروانی دووبارە بوونەوەی مێژووی رەشیان بەسەر حیزب و بزتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد و پێیان وابوو کە قوتابیانی قازی و قاسملوو ئیدی تازە ناتوانن لە مەیدانی بەربەرەکانی دا خۆراگرن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان تووشی سەرلێشێواوی و نائومێدی دێن و رەنگە وەک پێشوو توانای بەربەرەکانی و روبەروبوونەی هێزی داگیر کەرو کۆنەپەرستی ئاخوندیان لە مەیدانی خەبات دا نەبێت و ئارایشی تێکۆشانی سیاسی، تەشکیلاتی ونیزامی بەرەو کاڵبوونەوە بروات.

بەڵام هەر وەک دیتمان شەرەفکەندی ژیرو وریا و وەفادار بەرێبازی سیاسی حیزب و ئامانجی وەدی نەهاتووی هەزاران



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

شەهیدی ڕێگای ڕزگاری و ئازادی،و بەهاوکاری و پشتیوانی ڕێبەرایەتی حیزب ودڵ گەرمی تەشکیلاتی ئاشکراو نهێنی ئەو حیزبە ئیدامەکاری خەباتی قاسملووی نەمری لە ڕاگەیاندنەکانی حیزب دا ڕاگەیاند. دوژمن لەو ساڵە دا ئەگەر بەشێوەی ئیتفاقیش بێ زەربەی قورسی لە هەموو شارو ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات خوارد و هێزی پێشمەرگە، نیشانی دا کە هەر وەک هەمیشە لەسەنگەری خۆڕاگری و مافویستیدا خەبات دەکات و ڕیگا نادات، نائومێدی باڵ بەسەر بزووتنەوەی نیشتیمانی گەلی کورد دا بکێشێت لەو بەشەی خاکی کوردستان دا.

لەباری هەلومەرجی سیاسی ناوچەیشەوە وەزعە کە زۆر باش نەبوو، شەڕی ئێران و ئێراق چەند ساڵێک بوو کۆتای پێهاتبوو، ئەوسا لێکدانەوە سیاسیەکان زۆرتر بەو ئاڕاستەیە دابوون، کە ئەگەر حکوومەتی ئەو دوو وڵاتە لەسەر هەموو مەسەلە گرینگەکان بگەنە ڕێککەوتن، ڕەنگە بەیەکەوە بتوانن پیلانی هاوبەش لە دژی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان دابڕێژین و دەرەتانێکی ئەوتۆ بۆ شۆڕشی کوردستان نەهێڵنەوە و بەهاوبەشی بکەونە دژایەتیو و لە نێوبردنی جوڵانەوەی کورد.

شەڕەفکەندی ژیرو بەئەزموون زۆر نەترسانە لێکدانەوەی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دونیا، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران و کوردستانی کردبوو و بەو ئاکامەگەیشتبوو کە ڕوداو ئاڵوگۆرە جیهانیەکانی ئەوجارە دەکرێ چاوەڕوانی هێندێک گۆڕان بین لە بەرژەوەندی بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد دا و ئاکامی روداوە سیاسی یەکان ڕەنگە کورد بەهێندێک دەسکەوتی سیاسی و مێژووی خۆی بگەیەنێت. لە ڕاستی دا کاک دکتۆر زۆر شارەزایانە لیکدانەوە و خوێندنەوەی پێشهاتەکانی سەر ڕێگای تێکۆشانی خەباتی دەکرد و هەرگیز نەدەکەوتەژێرباری هاتووهاواری ئەو میدیا گەورانەی کە لە بەرژەوەندی هێزو دەسەڵاتی کۆنەپەرستان دا تەندوری ڕاگەیندنیان گەرم دەکرو ئامانجیان لەوەش بەبێگوومان دڵسارکردنەوە و بەلاڕێدابردنی خەباتگێڕان بوو.

بەداخەوە لەو زروفە سیاسیەیی ئەوکات دا هێزە سیاسی وشۆڕشگێرەکانی مەیدانی خەباتی کوردایەتی نەک پەیوەندیەکی ئەوتۆ دڵخۆشکەریان بەیەکەوە نەبوو و تەنانەت هێندێک وردە تێک هەڵچوونێش لە ئارادابوو.

کاک دکتۆر سەعید بەهەق شایستەی ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕات بوو، مرۆڤێکی سیاسی و بەرچاوروون بوو، شارەزای تەواوی بەسەر روداوئاڵوگۆرە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دونیاو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست داهەبوو، خوێندنەوەو لێکدانەوە سیاسیەکانی جێگای سەرنجی هاوڕێ وهاوسەنگەرانی بوو، کەسایەتیەکی دیارو بەرچاوی نێو ئۆپۆزسیۆینی ڕێژیمی

ئاخوندی بوو، سەرنج و تێڕوانینە سیاسیەکانی سەبارەت بەوەزحی سیاسی وڵات و خەباتی هاوشێوەی نەتەوە بندەستەکانی ئێرانێ جێگای بایخی هەموو لایەک بوو.

دکتۆر سەعید لە پاش مەرگی قاسملووی ڕێبەر دا ئەرک و بەرپرسایەتی گەلێک گرینگ و دژواری لە سەرشان بوو، حیزب لە بەرە بەری گرتنی کۆنگرەی نۆیەمی خۆی نیزیک دەبووە، شەرەفکەندی ئەوجارەیان بەتەنیا دەبوو خۆی بۆ گرتنی ئەو کۆنگرەیە ئامادە بکات و ڕاپۆرتێکی سیاسی و هەمە لایەنە لە سەر هەلومەرجی خەبات و ئاڵوگۆر و ورداوەسیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی جیهان، ئێران و کوردستان بنووسێ و سەرنج و لێکدانە وە کانی خۆی بخاتە روو و بەرنامەی گونجاو بۆ قۆناخی داهاتووی شۆڕش دابنێ.

کاک دکتۆر سەعید بەهەموو لایەکی سەلماند کە ئەو ئەزموونەسیاسی و تەشکیلاتیەی کە لە ماوەی تێکۆشانی خۆی لە داوێنی حیزب دا بەدەستی هێناوە، لە کات و قۆناخی چاوەڕوانکراوی شۆڕش دا دەتوانێت سودی لێوەربگرێ و بەرنامەو ڕێبازی سیاسی حیزبی دێمۆکرات لە ژێرتیشکی روناکایی هەڵسەنگاندنکی وردو هەمەلایەنەدا لە پێناو نیزیک بوونە و بەرەوپێشوەچوونی خەباتی سیاسی دا کەڵکی لێ وەربگیرێ و ڕێزەکانی حیزب ڕێکبخاتەوەو تێڕوانین و خوێندنەوەی نوێ بۆ هەل و مەرجێکی تازە لە تێکۆشان بێنێتە نێو تەشکیلاتی حیزب.

شەرەفکەندی ڕێبەر، لە سەردەمێک دا تێکەڵ بەکاری سیاسی و ڕێکخراوەیی دەبێت کە ئەو کات کەش و هەوای سیاسی، ئابووری وکۆمەڵایەتی ئێران و هەتا دونیاش دا، باو هەرباوی جووڵانەوەی سۆسیالیستی و چەپێکی ڕادیکاڵ و کاڵ بەروی نەتەوەخوازی دابوو. دکتۆر سەعید هەر لەسەرەتاوە وەک مرۆڤێکی ماف خوازو نەتەوەخواز دەرکەوت و نەکەوتەژێرتەئسیر و کاریگەری بزووتنەوەی چەپی وڵات کە پانتایەکی بەرچاوی ئێرانی بۆ خۆی دەگرتبوو و هەتا زۆر یەک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتبوونە ژێرتەوژمی روداوەسیاسی و کۆمەڵایەتی یەکانی وڵات و کورد بوونیان بەشەرم و پاشکەوتووی دەزانی. بەڵام شەرەفکەندی هەر بەدوای تێکۆشانی ئاشکرای حیزب و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی نیشتیمانی لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانێ دا، کە ئەو سەنگەرەی کە لە یەکەم ساتەکانی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی دا باوەڕی قووڵی بەماف و ئازادی سیاسی گەلی کوردستان دا.

هەرگیز بە شێوەیی شەرمێوانە پارێزگاریی ئامانجە سیاسی و نەتەواتیەکانی گەلی کوردی نەدەکرد و زۆر ئازایانە لەو مەیدانەدا تێکۆشاوە. ئەو پێی وابوو کە هەر تاکێکی دێمۆکرات و نیشتیمانپەروەر دەبێت جێگایی شیاوی خۆی بگرێ لەو

## بەشی دووهەم

سەنگەرەیدا کە خەباتێکی بەرینی سیاسی و نەتەوەیی لە ئارادایە. باوەڕی بە یەکڕیزی و بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەو بەرزکردنوەیی ئاستی وشیاری سیاسی و ڕۆشنبیری کادرو فەرمەندەنیزامیەکانی حیزب هەبوو. ئەوە شانازیەکی زۆر گەورەیە بۆ ئێمەمانانێک کە بە پشوودرێژی و ئامانەتەوە ڕێبوارێکی بەوەفایی ڕێگایی شەڕەفکەندی و هەموو شەهیدانی گەلی کوردستان بووین، زۆر بە سەربەرزیەوە لەو ڕۆژەدا پەیمان لە گەڵ گیانی پاکیان نوێ دەکەینەوە کە هەتا وەدی هاتنی ئامانجەکانیان درێژە دەری ڕێگایان بین هەر گیز پشت لە بیروهزری ئەو نەمرانەمان ناکەین.

**سەرکەوێت بزووتنەوەیی نیشتیمانی گەلی کورد.**

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢

## تەنیا بۆ مێژوو بەیادی کاک دووکتۆر شەرەفکەندی



ئیبراهیم لاجانی

١٧ی سێپتێمبەری ئەمساڵ، بیستەمینساڵرۆژی شەهیدبوونی دوکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی، سکرتێری پێشوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هاوڕێی تێکۆشەر کاک فەتاحی عەبدولی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەری حیزب لە دەرەوەی ولات و کاک همایۆنی ئەردەڵان بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمانی حیزب، بەدەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیە.

بەو بۆنەوە لە بەرانبەر ڕووحی بەرزی کاک سەعید و کاک فەتاح و کاک همایۆندا، سەری ڕێزو حوورمەت دادەنوێنم.

من لە ساڵانی ڕابردوودا، لە دووسیمناردا، بە درێژی لەسەر کەسایەتی خەباتگێرانەی کاک سەعیدو رۆڵی ئەو لە حیزب و بزووتنەوەدا قسەم کردوە. هەردووکی ئەو دوسیمنارانە لە ئارشیوی حیزبدا پارێزراون و بۆ تەلەفزیۆنی تیشکیش نێردراون. ئێستا کە هەر بڵاو نابنەوە هیوادارم دەرفەتێکم بۆ هەڵکەوێت بتوانم پیادەیان بکەم و بە نوسین بڵاو یان کەمەوە.

شەهیدبوونی کاک سەعید زۆری من هەژاند، ئاخر بۆمن هەر سکرتێر و رێبەر نەبوو، باوک و پشت و پەناو هیواو هیومێدیش بوو لە حیزب دا. بە شاهیدی هاورێیانی ڕادیۆ چل رۆژی تەواو هەموو رۆژێ لەسەرم دەنووسی. ژیاننامەکەشیم هەر بۆخۆم نوسی. زۆر شت ماوە کە جارێ ناکرێ باسیان بکەین. بەڵام لەو بابەتە کورتەدا دوو هەلوێستی ئازایانەو جوامێرانەی کاک سەعید وەبیر دێنمەوە، کە یارمەتی دەکەن بە ڕوون بوونەوەی ڕاستیەکی مێژوویی.

## بەشی دووهەم

پاش کۆنگرەی هەشتەمی حیزب، وەزعێکی تایبەتی بەسەر حیزبدا هات. بەشێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزب ئینشعابیان لە حیزب کرد و ڕێگای خۆیان لە حیزب جیاکردەوە و هەر بەو ناوەش درێژەیان بە کارو چالاکیەکانی خۆیاندا.

پاش کۆنگرە لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی ناوەندیدا، لە پێوەندی لەگەڵ هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر ڕەوتی جیابووەوەدا مەسەلەی چۆنیەتی پاراستن و دیفاع کردن لە مەوجودیەتی حیزب کەوتەبەرباس. ئێمە ئەندامانی ڕێبەری حیزب ئەو ڕێگا چارانەمان دەستنیشانکردن کە بۆ پاراستنی مەوجودیەتی حیزب دەبێ کەڵکیان لێوەرگرین. تەنانەت کۆمیتەی ناوەندی گەیشتە ئەو قەناعەتە کە ئەگەر پێویست بێ بۆ دیفاع لە حیزب و مەوجودیەتەکەی چەکیش بەکاربێنین. ئەو مەسەلە باس و وتووێژێکی زۆری لەسەرکرا و سەرەنجام بۆ بڕیار لەسەر دان درایە بەر دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی.

لە نێو هەمو ئەندامانی ڕێبەری حیزبدا کە مافی دەنگدانیان هەبوو، ئەوە تەنیا کاک سەعیدبوو کە دەستی موافەقەتی بۆ ئەو بڕ یارە بەرزنەکردەوە و دەنگی پێ نەدا. لە بیرمە ئێومە کە بەرپرسایەتی کۆمیتەکانی نێوخۆی وڵاتمان بە ئەستۆوە بوو، قسەمان ئەوە بوو کە ئەوان دەچنە نێو خەڵک و دەڵێن ئێمە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانین و ئەوەش بەئێمە قبووڵ ناکرێ. کاک سەعید بۆ ڕەدی ئەو ئیستیدلالەی ئێمە وتی خۆ ئێوە گۆڵەتان لە زمانی نەکەوتوە. ئێوەش بە خەڵک بڵێن ئەوانە ڕاست ناکەن. لەوەش زیاتر ئەگەر ئێوە بڕواتان بەخۆتانە کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانن، مەترسن و خەڵکیش هەر ئاوا وەرتان دەگرن. ڕەنگە مەسەلەیەکی ئاوا بۆ ماوەیەکی کورت بێتە پێش، بەڵام زوو تەواو دەبێ. بەو جۆرە کاک سەعید تەنیا کەسێک بوو لە نێو ئەندامانی ڕێبەریدا کە دەنگی بەو بڕیارەنەدا.

دواتریش ئێمە لە ناوچە و لە مەیدانی کردەوەدا لە نێو خۆی کوردستاندا لەگەڵ مەسەلەکە بەرەو ڕووبووین. بە داخەوە لە هەندێک شوێن تووشی دەستەویەخەبووبونی چەکدارانەش لە گەڵ یەکتر هاتین. من ئەو دەم بەرپرسایەتی مەڵبەندی سپیسەنگم بە ئەستۆوەبوو کە ناوچەیەکی بەرینی کوردستانی دەگرتەوە و شارێگای هاتووچۆش بوو بۆ نێوخۆی وڵات.

فەرماندەی ئەودەمی هێزی قەندیلیش، کە لە هێزە هەرە بە هێزەکانی هێزی پێشمەرگەی کورستان بوو، برای تێکۆشەرم کا سەید رەسوڵی ئەحمەدی بوو و جێگرەکەشی هاوڕێی تێکۆشەرم کاک محەمەدی میقدای واتە کاک محمەدە ڕەشە بوو. کە هەردووکیان لە کادرە لێوەشاوەکانی حیزبن. ڕەوتی جابووەوەش هاتووچۆیەکەیان هەر بەو مەسیرەی ئێمەدابوو. جارێک لە ناوچەی بەری مێرگانی پیرانشار دیسان تووشی یەکتر هاتین.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

بەشێک لە پێشمەرگەکانی ئەوان لە دۆڵێکا مابوونەوە و ئێمە زوو لە شوێنی مانەوەی ئەوان ئاگادارکراین و لە ماوەیەکی زوودا دەورەماندان و خستماننە ئابلۆقەوە. کە ئەوە دەگێڕمە هیچ بە شانازی نازانم. بەڵام ئەوە مێژووە و لەلایەکی دیکەشەوە وا بڵاو کراوەتەوە کە کاک سەعید داڕێژەری ئەسڵی ئەو شەڕەبووە. بۆیە تەنیا بۆ مێژوو ئەوەباس دەکەم با ئەوەش بڵێم ئەلحەق ئەوانیش هەموو هەوڵیان ئەوەبوو لە گەڵ ئێمە دەرگیرنەبن و تا دەکرێ خوێن نەرژێ و بە ڕێگای دیکە بتوانین وەزعەکە چارەسەرکەین. ئێمە داوامان ئەوەبوو کە ئەوان بێنەوە نێو خۆمان و لە سەنگەرەکانیان بێنەدەر و ڕەگەڵ خۆمان کەون.

ئەو ئابلۆقەی ئێمە لە دەوری ئەوان زۆری کێشاو پاش چەند سەعات ئاوامانەوە پێمان وابوو کەدەبێ مەسەلەکە بە شێوەی نیزامی چارەسەرکەین. هەموو بەرپرسانی حیزبی کە لەوێ حازربووین کۆبووینەوە. لە بیرمە من و کاک سەید ڕەسوڵ و و کاک محەمەدەرەشە و چەن کەسی دیکەش لە کادرەکانی حیزب کە لەوێ ئامادەبووین دوای باس و مشۆرەت وامان بە باش زانی پێوەندی بە ڕێبەرایەتی حیزبەوە بکەین و داوای ڕێنوێنیان لێبکەین. بە خۆشیەوە زوو ڕێبەری حیزب وەڵامی داینەوە و کاک سەعید بۆخۆی ڕێنوێنی کردین کە  بە هیچ جۆر شەڕمەکەن. بۆخۆی داوای لە بەڕێز کا سەید ڕەسوڵ کرد کە ئابلۆقەکە ئیدامە بدەن و بە هیچ جۆر نەیەڵین پێشمەرگەکانی ئێمە تەقەبکەن و وەزعەکە درێژەبدەین تا تاریک دادێ و دوایە لە تاریکاییدا  ئەگەر هەر نەیان ویست بێنەوە لاتان، کەلێنیان بۆ چۆڵکەن و ڕێگایان بدەن بڕۆن.

بەو جۆرە ئەو ڕێنوێنیە حەکیمانەی کاک سەعید بۆ ئێمە ئەو ڕۆژە گیانی دەیان پێشمەرگەی نەجات دا و حیزبیشی لە تووشبوونی کارەساتێکی تراژیدی دوورخستەوە.

ئێمە بەلێکدانەوەی ئەودەمی خۆمان کارمان دەکرد. لە بیرمە وتی ئێوە ڕێنوێنی  ڕێبەرایەتی وەبەرچاوبگرن و مەسڵەحەتی حیزب لەوەدایە. لەوەش زیاتر وتی ئەو بڕیارەی کە کاتی خۆی داومانە هەڵوێستێکی سیاسیە و مانای سیاسی هەیە و بەس.

دیسانیش داوای لێبووردن دەکەم لە گێرانەوەی ئەو باسە، بەڵام پێم وابووکە هێنانەگۆڕێ ئەو مەسەلەیە خزمەت بە ڕوونبوونەوەیەکی مێژووی دەکا و پێویستە لە جێگایەک باسی لێوەکرابا.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە  -  ڕێکەوتی: ١٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## تیرۆر ناتوانێ گەلێکی وشیار و حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە خەبات سارد بکاتەوە.



**عوسمان ئیبراهیمی**

بیست ساڵ پێش ئێستا رۆژی پێنج شەمە ریکەوتی ١٧ی سیپتامبری ١٩٩٢، لە ناوجەرگەی دنیای پێشکەوتو دا، واتە لە شاری بەرلین پایتەختی ئەلمان و لە کاتێک دا کە ئەو شارە میوانداری نوێنەرانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی ئەحزابی سۆسیال دێموکراتی سەراسەری دنیا بو، دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەویش یەکێک بوو لەو میوانانەی کۆنگرەی سۆسیال دێموکرات. دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک فەتاحی عەبدولی نوێنەری حیزب لە دەرەوەی ولات، کاک هومایونی ئەردەلان نوێنەری حیزب لە ئەلمان و کاک حوسێنی دێهکردی دۆستی لە مێژینەی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات، بەدەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران تیرۆر کران. ئەو تێرۆرە دەوڵەتییە هەر لەو کاتەدا کە لاپەرەیەکی رەشی دیکەی خستە سەر کارنامەی دژی مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی، و خەسارێکی زۆر گەورەشی لە جولانەوەی نەتەوەی کورد و بەتایبەت لە خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان دا.

دوکتور سادق شەرەفکەندی کەسێک بو کە توانا و غیرەتی رێبەرایەتی کردنی هەبو. دوای شەهید دوکتور قاسملو زۆر بە زوویی توانی رۆڵی رێبەرێکی مەزن بەدەستەوە بگرێ. هەر بۆیە دوژمن بە پەلە کەوتە پلان دانان تا ئەویش لە سەر رێگای خۆی لابەرێ و حیزبی دێموکرات و جولانەوەی گەلی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان لە باری رێبەرییەوە لاواز بکا. هەر بۆیە بە درندانەترین شێوە پلانی دارشت و ئەو رێبەرە گەورەیەی لە جولانەوەی کورد ستاند.

## بەشی دووهەم

بۆ جارێکی دیکە دنیا شاهیدی دووپاتبوونەوەی کارەساتێکی تاڵ بوو. دیسانەکە تێکۆشەران، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێمۆکرات، گەلی کورد بە گشتی و خەڵکی ڕۆژهەلات کوردستانی بە تایبەتی و هەموو دۆستان و دڵسۆزانی حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی کوردستان لە ئاستی ئێران و جیهاندا لەگەڵ ماتەمی لەدەستدانی مرۆڤێکی گەورە کە لە ئاستی بزووتنەوەی کوردستان و بزووتنەوەی سەرانسەریی ئێراندا، نفووز و نەخش و شوێنی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەرەوڕوو بوون.

بە شەهید کرانی دوکتور سادق شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکرات و هاوڕێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستوورانی میکونووسی شاری بەرلین، جارێکی دیکە زەبرێکی بە ژان وەپەیکەری حیزبی دێمۆکرات و بزووتنەوەی میللی دێمۆکراتیکی کوردستان کەوت. لە حاڵێکدا، تازە سێ ساڵ لە پیلانی تیرۆری ڕێبەری پایەبەرزی حیزب و گەلەکەمان لە شاری وییەن و لەسەر مێزی وتوویژ بەهۆی دیپلۆمات تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕابردبوو، حیزبی دێمۆکرات ئەو زەبرو کارەساتەی لێ نوێ کرایەوەو سەرلەنوێ لە گەڵ تاقیکردنەوەیەکی دژوار بەرەوڕوو بۆوە.

ڕاستە کە بە تێرۆرکرانی سکرتێری گشتیی حیزب، دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی حیزبی دێمۆکڕاتی کورستان و بزووتنەوەی کورد بە گشتی زەبرێکی قورسی وێکەوت، بەڵام خەمیان بوو بە هەوێنی پتەوتر بوونی ئیرادەی هەموو خەباتکارانی کورد و هاوسەنگەرانیان، خوێنیان بۆ بە مەشخەڵێک بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری ڕێگای خەباتی پرکەندولەندی نەوەی نوێ و کارەساتی شەهیدبوونیان بوو بە بەڵگەیەکی زیندووی دیکە لە سەر دڕندەیی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەر لەو حاڵەش دا ڕەوا بوونی خەباتی ڕەوای گەلەکەمان و جارێکی دیکەش ئەو ڕاستییەی خستەوە بەرچاو کە نەتەوەیەک بە سەرکوت و زەبروزەنگ لە نێو ناچی و سەرەنجام ئەوە نیزامە خوێنخۆر و سەرکوتکەرەکانن کە مەحکووم بە ڕیسوابوون و لە نێوچوونن.

حیزبی دێمۆکرات ٢٠ سال دوای تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و ٢٣ ساڵ دوای تیرۆری دوکتور قاسملوو، نە هەنگاوێک لە ویستو داخوازەکانی خۆی کشاوەتەوەو نە تۆزقاڵێک لە ورەو ئیرادەی خەباتگێڕانەی کەم بۆتەوەو لەسەر خەباتو خۆڕاگری و بەربەرەکانی بەرامبەر بە ڕێژیمی تیرۆریست و ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی، لە هەمووکات شێلگیرترە.

بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەڕەفکەندی گەلی کورد و حیزبی یمۆکڕاتی کوردستان خەسارێکی گەورەیان لێ کەوت، بەڵام بە خوێنی کەسانی وا گەورە نەمامی لە خۆ بوردوەکان ئاو دەدرێ و دەیان و سەدان گوڵی دوکتورقاسملوو و شەڕەفکەندی دەپشکوون.

**بەشی دووهەم**

دەبێ خەڵکی کورد بەتایبەتی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان جارێکی دیکە بە کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنن تیرۆرو ئینسانکوژی و سەرکوت ناتوانن گەلێکی وشیار و حیزبێکی شۆڕشگێڕ لە خەبات و تێکۆشان سارد بکەنەوە.چۆن ڕێبەرانی شەهیدی حیزبی دێمۆکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بە ڕێنوێنی و دەرسە بەنرخەکانیان و بەو خزمەتانەی بە حیزبەکەیان و خەباتی گەلەکەی خۆیانیان کردوە، تۆوی کۆڵنەدان و پێداگری لەسەر ڕێبازی ئازادیخوازییان لە دڵی قوتابیان و ڕەوشەنبیرانی کورد و ئۆگرانی بیروباوەڕو ڕێگاکەیاندا چاندوە. ئەو ڕێبەرە پایەبەرزو بەنرخانە ئەوکاتەش کە شەهید دەبن و لەنێو حیزبەکەیان و خەڵکە دڵسۆزەکەیان دا نامێنن سەروەرییەکان سەرچاوەی ئیلهامن و بۆ پێشەوە تا وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد و بەتایبەت خەڵکی ڕۆژهەلات کوردستانی هان دەدەن.

**بەرز و پیرۆز بێ یادی شەهیدانی میکۆنۆس و هەمۆ شەهیدانی کورد و کوردستان**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢**

# پێویستە: د. سادق باشتر و زۆرتر بناسین



سماعیل زارعی

## ١

ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێک لە ژیانی دوکتور سادق و شێوەی تێهەڵچوونی ناوبراو لە دنیای سیاسەت و پێوەندی گرتنی بە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بە تایبەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بدەینەوە پێویستە سەری هەوداکە لە سەردەمی منداڵی ناوبراوەوە و تەنانەت لە هەلومەرجێکەوە بگرینە دەست کە دوکتور سادقی تێدا پەروەدەکراوە. هەر بۆیەش هەوڵ دەدەین ئاوڕێکی کورت لە ژیاننامەی ئەو کەسایەتییە بدەینەوە و پاشان باسی کەسایەتی و قورسایی دوکتور سادق لە ناو ریزەکانی شۆڕش دا دەکەین.

بە پێی سەرچاوەکان سەردەمی منداڵی دوکتور سادق شەرەفکەندی هاوکات بووە لەگەڵ دامەزرانی کۆماری کوردستان هەر بۆیەش لە سەردەمی منداڵییەوە کەشی نەتەوەیی و کوردایەتی کە بەرهەمی چالاکی کۆمەڵەی ژ - ک و دواتریش حیزبی دێمۆکرات و کۆماری کوردستان بووە بە سەریدا زاڵ بووە و ئەویش هەر وەک هەزاران منداڵی سەردەمی خۆی کە لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بوون هەر بە هەمان رۆحی شۆڕشگێڕی پەروەردە کراوە. ئەو کات دوکتور سادق لە ژێر باڵی برا گەورەکەی واتە مامۆستا هەژار موکریانیدا پەروەردە بووە، هەمووانیش دەزانین کە مامۆستا هەژار ئەگەرچی لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا تازە لاو بووە، بەڵام هەر ئەو کات کاریگەرییەکی قوڵی هەبووە لە سەر هەستی شۆڕشگێڕی خەڵکی،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەنانەت تا ئەو رادەیە کە هەر ئەوکات نازناوی شاعیری نەتەوەیی پێ دراوە. ئەوە سەرەڕای ئەوەش کە مامۆستا هەژار ئەندامی کۆمەڵەی ژ.ک و دواتریش حیزبی دێمۆکرات بووەو بیری نەتەوەیی تا سەر ئێسقان مامۆستا هەژاری داگرتبوو. کەواتە شتێکی سەیر نیە کە کاریگەری ئەو فکر و بیرۆکەیەی مامۆستا هەژار کاری کردبێتە سەر د. سادقیش کە لە روانگەی منەوە مامۆستا هەژار جگە لەوەی وەک سەرپەرستی ماڵێ و مامۆستای ژیان بۆ دوکتور سادق، پتر وەک رچەشکێن بۆ ئاشنابوون بە کەشی سیاسی کوردستان بووە بۆ د. سادق. کەسایەتی مامۆستا هەژار بە جۆرێک لە جۆرەکان وێدەچێ کاریگەری هەبوو بێ لە سەر ئەوەی کە دوکتور سادقیش هەوڵ بدات وەک براکەی بتوانێ کەسایەتییەکی زانا و بە توانای لێ دەربچێ. شک لەوەدا نیە کە خودی دوکتور سادقیش خاوەن توانایی و لێهاتووییەکی بێ وێنە بوە، بەڵام هەوڵ و هیممەتی مامۆستا هەژار بۆ پێگەیاندنی براکەی و بەردەوام هێشتنەوەی د. سادق سەرەڕای هەموو کەند و کۆسپێکی ژیان لە سەر خوێندن یەکێک لە هێماکانی کاریگەری ناوبراو لە سەر دوکتور سادق بووە.

بۆ ئەوەی هەر لە وا لە گۆتره باسەکەمان نەبەینە پێش، با لە روانگەی سەرچاوەکانەوە هەوڵ بدەین زۆر بە کورتی دوکتور سادق بناسین. لە سەفەری بێ گەڕانەوەی خواڵێخۆشبوو کاک سەید سەلام عەزیزی دا بەمشێوەیە بە کورتی باسی ژیاننامەی دوکتور سادق کراوە: "شەهیدی نەمر دوکتور سەعید" ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی تەرەغەی ناوچەی بۆکان لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی پێشان لە بۆکان و دوایە لە مەهاباد بووە و بۆ ساڵی ئاخری دەبیرستان چۆتە تەورێز. ساڵی ١٣٣٨ لە "دانشسرای عالی"ی تاران لسیانسی شیمی وەرگرتووە و لەو ساڵەوە هەتا ساڵی ١٣٤٧ لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد دەبیری شیمی بووە. ساڵی ١٣٥١ بە بوورسی وەزارەتی علووم چۆتە فەرانسە و لە ماوەی ٤ ساڵ دا دوکتورای شیمی تەجزیەی لە زانستگەی ژمارە شەشی پاریسی وەرگرتووە. ساڵی ١٣٥٥ گەڕاوەتەوە ئێران و وەک ئۆستادیاری شیمی تەجزیە لە زانستگەی "تربیت معلم"ی تاران دا دەستی بە کاری پیرۆزی مامۆستایی کردوە (١)

**کریس کۆچێرا لە یەکێک لە کتێبەکانی خۆیدا بەمشێوەیە دوکتور سادق شەرەفکەندیمان پێ دەناسێنێ:** "محەممەد سادق شەرەفکەندی، ناسراو بە دوکتور سەعید کە رۆژی ١١ی ژانویەی ١٩٣٨ لە مەهاباد لە دایک ببوو، خوێندنی لە شیمی(تجزیە) و لە بەشی ناوکی(اتمی)دا لە پاریس تەواو کردبوو. ئەو برا بچووکی هەژارە کە یەکێک لە شاعیرە هەرە گەورەکانی ئەمڕۆی کورد بوو(٢)".

هەر وەک لە سەرەوەش باسمان کرد دوکتور سادق شەرەفکەندیش وەکوو زۆربەی رۆڵە شۆڕشگێڕەکانی کورد لە تەمەنی منداڵییەوە تێکەڵ بە کەشی سیاسەت بووە و رەنگە هەر لەو تەمەنەوە خولیای تێکۆشان لەو بوارەدا بوو بێ. بە پێی

سەرچاوەکان دەرکەوتووە ئەو لە بنەماڵەیەکی هەژار و دەستکورت دا پەروەردە ببوو. مامۆستا هەژار، برا گەورەی کە شاعیرێکی لێوەشاوە و ناسراوی سەردەمی کۆمار بوو و یەکێک لەو کەسانە بوو کە پەروەردەکردن و بەخێوکردنی کاک سادقی کەوتبووە ئەستۆ لە بەر زوڵم و زۆری و لە بەر تێکۆشانی سیاسی و شۆڕشگێڕبوونی دەربەدەر بوو و ئەوەش بێگومان کاریگەرییەکی زۆری لە سەر کەسایەتی و هۆگربوونی کاک دوکتور سادق بە تێکۆشانی سیاسی و بەتایبەت بە شۆڕشگێڕبوونی هەبووە. دوکتور سادق هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لەگەڵ هێندێک کەسی تەواو شۆڕشگێڕ و شۆڕش پەروەردا ئاشنا و تێکەڵ ببوو. کریس کۆچێرا سەرەتای تێکۆشان و هۆگربوونی دوکتور سادق شەرەفکەندی بە گشتی و بەتایبەتی لە حیزبی دیموکراتی کوردستان دەگێڕێتەوە بۆ: "لەگەڵ هێمن لە حەماسەی کۆماری مەهابادا بەشداریی کردبوو. سعید شەرەفکەندی لە نێو حیزبی دیموکراتدا تازەکارێک نیە. ئەو هەر لە ساڵی ١٩٧٣ەوە ئەندامی حیزبی دیموکرات بوو،...(٣)"

بەڵام کاک سەید سەلام عەزیزی سەرەتای تێکۆشانی کاری سیاسی و ئەندامبوونی شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی بۆ ناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات دەگێڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٢، ئەو کات کاک دوکتور سەعید لە ئەورووپا دەبێ و لەگەڵ قاسملوو ئاشنا دەبێ و پاشانیش و هەر لە ڕێگای شەهید دوکتور قاسملوو لەگەڵ حیزبی دیموکرات پێوەندی راستەوخۆ دەگرێ و دەبێ بە ئەندام و دواتریش هەر لەگەڵ دوکتور قاسملووی نەمردا پێوەندی تەشکیلاتی و نهێنی دەبێ و لە نێوخۆی ئێران تێکۆشانی دەبێ. کاک سەید سەلام لەو بارەوە دەنووسێ: "تێکۆشانی دوکتور "صادق شەرەفکەندی" لە حیزبی دیموکراتدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٥٢ ئەو کاتە کە لە پاریس خەریکی وەرگرتنی دوکتورا بوو. لەو ساڵەدا لەگەڵ رێبەری شەهیدی حیزبەکەمان دوکتور "قاسملوو"ی مەزن لە پاریس ئاشنا دەبێ و بە ناسینی خەت و رێبازی سیاسی حیزبی دیموکرات، داوای ئەندامەتی دەکا. پاش گەڕانەوە بۆ ئێران دەبێتە رابیتی دوکتور "قاسملوو"ی شەهید لە دەرەوەی وڵات و هێندێک تێکۆشەری لە مێژینەی حیزب لە نێوخۆی وڵاتدا (٤)".

هەڵسەنگاندنێکی دیکە، لە راستیدا رووانگەی کاک سمایل بازیارە، سەبارەت بە سەرەتای کار و تێکۆشانی د. سادق شەرەفکەندی ناوبراو پێی وایە دوکتور سادق لە سەردەمێک دا تێکۆشانی سیاسی هەبووە کە لە لایەک چەپی کلاسیک لە هەموو بوارەکان دا خۆی بە سەر کەشی ئەو کاتی وڵاتی سەپاندبوو و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێکی زۆر گوتاری زاڵی دیکە ئەو کات کەشی ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستانی داگیر کردبوو. بۆ نموونە کۆمەڵێک باس و گوتاری وەکو پرسی نەتەوەیی، سۆسیالیزم، یەکسانی کۆمەڵایەتیی و ئازادی و... بەڵام دوکتور سادق لە کاناڵ و رووانگەی شۆڕشگێڕی خۆی لە لایەک و لە رەهەندی کوردایەتیی و نەتەوەیی و لەگەڵ ئەوانەش دا لە رەوتی و رێبازی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە هەڵوێستی روون و رووانگە و بۆچوونی تایبەت بە خۆی هەبوو. بەڕێز بازیار لە ژمارە ١١ی گۆڤاری تیشک دا دەنووسێ: "تێکۆشانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سیاسیی ئاشکرای کاک سەعید لە نێو حیزبی دێمۆکراتی کوردستان دا هاوکاتە لەگەڵ ئەو دەورانەی کە چەپی کلاسیک لە باری نەزەری و تیۆرییەوە باڵی بە سەر فەزای فیکریی ئێران بە گشتی و کوردستان دا بە تایبەتی کێشابوو(٥)".

بە گشتی ژیان و تێکۆشانی سیاسی و بەرپرسایەتییە گرینگەکانی ماوەی تێکۆشانی کاک دوکتور سەعید لە حیزب دا لە لایەن کاک سەید سەلام عەزیزییەوە بەمشێوەیە باسکراوە: "لە بەر لێوەشاوەیی و زانایی و کارلێهاتوویی خۆی، کاک دوکتور "سەعید" زۆر زوو پلە تەشکیلاتییەکانی حیزبی بڕی. ساڵی ١٣٥٨ بوو بە موشاویری کومیتەی ناوەندی و هەر ئەو ساڵە لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرا و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی حیزب لە تارانی پێ ئەسپێرا. هاوینی ساڵی ١٣٥٩ کاری تەواو وەخت هاتەوە کوردستان و لە پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیدا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب هەڵبژێرا. لەو ساڵەوە لە هەموو کۆنگرەکانی حیزب دا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پاشان دەفتەری سیاسی هەڵبژێرایەوە. لە ساڵی ١٣٦٥دا بوو بە جێگری سکرتێر و هەتا شەهید بوونی دوکتور "قاسملوو"ی نەمر لەو مەسئولییەتەدا خزمەتی بە حیزب و گەلەکەی کرد. لە پلینۆمی پاییزی ساڵی ١٣٦٨دا بە تێکڕای دەنگ لە لایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە کرا بە سکرتێری گشتیی حیزب و پاش کۆنگرەی نۆهەمی حیزبیش دووبارە ئەو مەسئوولییەتەی پێ ئەسپێردرایەوە(٦)".

شتێکی هاوبەش کە بە گشتی هەموو ئەو کەسانەی کە سەبارەت دوکتور سادق لێکۆڵینەوە یان وتاریان نووسیوە ئەوەیە کە دوکتور سادق کەسایەتییەکی بەتوانا بوو و لە راستی دا جێی خۆی بوو کە بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران (مەبەست لە حیزبی دێمۆکرات لەو سەردەمەیە کە دوکتور سادق تێیدا بوو بە سکرتێر کە ئێستا بۆتە دوو حیزبی حدک و حدکا و ئەو کات دوکتور سادق سکرتێری گشتی هەموو حیزب بوو نەک تەنیا یەکێک لەو دوو حیزبی دێمۆکراتەی ئێستا هەن) کە ئەو حیزبە لانکەی پێگەیشتن و تێکۆشانی گەلێک تێکۆشەر و کەسایەتیی دیکە بوو. دوکتور سادق لە ناو حیزبی دێمۆکراتیش دا وەک کەسایەتی یەکی بەرز سەیری دەکرا و لە راستیدا هەمیشە وەک یەکێک لە بەوەجترین و مەزنترین کەسایەتیی و رێبەرەکانی ئەم حیزبە باسی کراوە.

تێڕوانین و شێوەی دیپلۆماسی کردنی دوکتور سادق بۆ زۆر کەس و لایەن بۆتە جێی سەرنج و شیاوی ئەوەیە کە لێکۆڵینەوەی تایبەتی لە سەر بکرێ. لە بەشی داهاتوودا ئاوڕ لەو بابەتانە دەدەینەوە.

**٢**

بە گشتی دوکتور سادق ماوەی سێ ساڵ سکرتێری گشتی حیزبی دیموکرات بوو و لەو ماوەدا زۆر باش کارو باری حیزبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

رادەپەڕاند و لەو پۆستەدا زۆر سەرکەوتوو بوو. خراپمان نەوتووە.

ئەگەر بڵێین لە مێژووی حیزبی دێمۆکرات دا ماوەی سکرتێربوونی د. سادق وەک سەردەمێکی سەرکەوتوو و پڕ لە شانازی هەڵدەسەنگێندرێ و تۆمار دەکرێ. تەنانەت ئەو شتە تا رادەیەک چۆتە پێش کە لە روانگەی زۆر کەسەوە دوکتور سادق شەڕەفکەندی وەکوو باشترین جێگری شەهید دوکتور قاسملووی ناوزەد کراوە.

**سەلاحەددین مەجیدپوور بەو شێوەیە باس لە تێکۆشانی حیزب لە ماوەی سێ ساڵی سکرتێربوونی دوکتور سادق شەڕەفکەندی دەکا** " ١٤ی ژووئیەی ١٩٨٩زایینی دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو لە ئاکامی کردەوەیەکی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی شەهید بوو و دوکتور شەڕەفکەندی بوو بە سکرتێری حیزب. لە ماوەی سێ ساڵ رێبەرایەتی حیزب لە لایەن دوکتور شەڕەفکەندیەوە حیزبی دیموکرات بە یەکدەستی و یەکگرتوو و هەڵسووڕانی خۆی درێژە پێ دەدا((٧)".

بەڵام بۆچی دەڵێین ماوەی تەنیا سێ ساڵ سکرتێری دوکتور سادق وەک سەردەمێک ناو دێنین؟ ئەگەر زۆر بە کورتی ئاوڕ لە هەڵوێست و رووداوەکانی تەنیا ئەو ماوە کورتە بکەین کە دوکتور سادق سکرتێری حیزب بوو بۆمان دەردەکەوێ کە ناوبراو حیزبی لە زۆر گێژاوی فیکری کە چەندین ساڵ بوو پێیەوە بەسترابۆوە رزگار کرد. دوکتور سادق بە هەوڵدانی بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دژی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دەرەوەی حیزبی دا و هەنگاونان و راگەیاندنی سیاسەتی پتر بە نەتەوەیی بوونی حیزبی دێمۆکرات (بە تایبەتی لە سەر شێوازی فێدراڵی و رێفراندۆم لە سەر چارەنووسی گەلی کورد و بە تایبەتی گەلانی ئێران) لە ئاستی نێوخۆی حیزب دا و هەروەها پتەوراگرتنی تەشکیلاتی حیزبی و بەرینترکردنەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی لەگەڵ دنیای دەرەوەی دەریخست کە دەتوانێ قۆناغ و لاپەڕەیەکی گەشدار بۆ گەلی کورد و حیزبی دێمۆکرات دەست پێ بکات.

مەسەلەی نەتەوەییبوونی د. سادق شتێکی حاشا هەڵنەگر بووە، بۆیەش لەو پێوەندیەدا زۆر کەسایەتیی ئەو لایەنەی د. سادق یەکجار بەرز دەنرخێنن. بۆ نموونە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لەو پێوەندیەدا دەڵێ: "... دەتوانم بڵێم بە هەموو عومقی ئیمانەوە باوەڕی بەوە هەبوو کە میللەتی کورد یەک میللەتە، خاکەکەی یەک خاکە، دەبێ رۆژێک لە رۆژان ئەو خاکە و ئەو میللەتە یەک بگرنەوە، دەوڵەتی موستەقلیان هەبێ، هەر بۆیەش لە پێناوی هاوکاری لەگەڵ بەشەکانی دیکەی بزووتنەوەی کورددا ئامادەی زۆر فیداکاری بوو، ئامادەی زۆر هاوکاری بوو،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامادەی گوزەران و چاوپۆشی لە مەنافیعی کاتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بوو بە قازانجی بەشێکی دیکە لە بزوتنەوەی کورد (٨)".

دوکتور سادق یەکێک لەو کەسانە بوو کە هەمیشە هەوڵی دەدا رژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی بە رژیمێکی تیرۆریست و تیرۆرپەروەر بناسرێ، حەقیقەتی مەسەلەکەش هەر ئەوە بوو، چونکە هەر وەک خودی د. سادق زۆر جار باسی ئەوەی دەکرد کە رژیمی کۆماری ئیسلامی ئاڵاهەڵگری تیرۆریزمی نێونەتەوەیی‌یە و هەموو جارێک کۆمەڵێک بەڵگە و دیکۆمێنتی لەو بارەوە دەهێنایە گۆڕێ. بۆ وێنە لە یەکێک لە وتارەکانی‌دا بە وردی و زۆر بە روونی نموونەی چەند کارێکی تیرۆریستی رژێم وەبیر دێنێتەوە. لەو وتارەدا باس لە داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لایەن پەیڕەوانی رێبازی خومەینی و تیرۆری بەختیار و رفاندنی فڕۆکەی فەرانسەیی بۆ ئێران بە پشت ئەستووری کۆماری ئیسلامی و چەند بەڵگەیەکی دیکەش هەر بە نموونە دێنێتەوە. نموونەی هەرە حاشاهەڵنەگر تیرۆری د. قاسملووی نەمر بوو لەو بارەوە کە هەمیشە د. سادق ئاماژەی پێ دەکرد و گرینگی خۆی پێ دەدا (٩).

روانگەیەکی جێگای سەرنج و لە هەمان کات دا درووستی د. سادق بەرامبەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و وڵاتانی ئێران و مەسەلەی جیاییخوازی کە ئەو کات حیزبی دێمۆکراتیان پێ تاوانبار دەکرد نیشان دەدا کە د. سادق تا چ رادەیەک بەرامبەر بە بۆچوون و واقعەکان وردبین و لە هەمان کات دا بەرامبەر بە ویستە نەتەوەیی‌یەکان تا چ رادەیەک دەروەست بووە. لە وتووێژ لەگەڵ کێشتگەردا لە شوێنێک دا دەڵێ: "ئێران بە تەنیا وڵاتی فارسەکان نی‌یە، وڵاتی ئازەری‌یەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، تورکمەنەکان و عەرەبەکانیشە. کەوابوو لە ئێرانێکی دێمۆکراتیک دا ئەو مافانەی کە کوردەکان لێی بەشدار دەبن - لە روانگەی ئێمەوە بۆ هەر کام لەم نەتەوانەش بوونی هەیە، لە ئاکام دا لەوانەیە رێچارەی گشتی بۆ ئێران سیستمی فێدراتیو بێت.(١٠) لە شوێنێکی دیکەدا د. سادق هەر لەو وتووێژەدا بە ئاماژەدان بە مەسەلەی جیاییخوازی کە هەمیشە وەک چەکێک لە دژی درووشم و ستراتیژی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە لایەن دوژمنان و نەیارانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی نەتەوەکەمانەوە بە کار بردراوە دەڵێ: "واقعییەت ئەوەیە کە کوردەکانی ئێران ئەگەر شتێکیان زیاتر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران نەوێ کەمتریان ناوێ. بەڵام ئەگەر لە روانگە و لایەنی مێژوویی و تیئۆریکی‌یەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین دەبێ بڵێین ئەوە راستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێک هاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتا هەتایی نی‌یە، چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیاون، ئێستا ناتوانن لێک جیا بنەوە و جیا بژین. مەسەلەکە هەلومەرجی ئەمڕۆیە. ئەگەر دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕدایە، شتێکی سروشتی‌یە کە دۆستایەتی‌یەکان و رێکەوتنەکان و پێکەوەژیانەکان و روانینەکان، هەر هەموویان دەگۆڕێن، جیا لە هەموو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەمانە، هیچ واقعییەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە هەمیشە نەتەوەکانی ئێران پێکەوە ژیاون (١١). لە ئاکامی ئەو روانگە و چەشنە سیاسەتەیە کە د. سادق بە هیچ شێوەیەک و هیچکات ناچێتە ناو بەرە یان لایەنێکەوە کە حیزب و لایەنەکانی پێکهێنەری ئەو بەرەیە باوەڕیان بە مەسەلەی نەتەوایەتیی و مافی نەتەوەکانی دیکەی ئێران نییە. یەکێک لە سەرکەوتنە هەرە گرینگ و جێگای شانازییەکانی حیزبی دێمۆکرات لە سەردەمی سکرتێربوونی دوکتور سادقیش دا هەر ئەو شتەیە کە پێوەندییەکی زۆری بە بیر و بۆچوون و تێڕوانین و لێکدانەوەی تاکەکەسی دوکتور سادقەوە هەبوو.

## سەرچاوەکان:

١- سەفەری بێ گەڕانەوە، داستانی کارەساتی میکونووس، شەهید سەید سەلامی عەزیزی، لاپەڕە ٣٠.

٢- کریس کۆچێرا، خەباتخوازیی کورد، ئاسۆ حەسەن زادە، ١٩٩٩، لاپەڕە ١١٣.

٤- کریس کۆچێرا، خەباتخوازیی کورد، ئاسۆ حەسەن زادە، ١٩٩٩، لاپەڕە ١١٣.

٤- سەفەری بێ گەڕانەوە، داستانی کارەساتی میکونووس، شەهید سەید سەلامی عەزیزی، لاپەڕە ٣٠ و ٣١.

٥- تیشک، ژمارە ١١، گۆڤارێکی سیاسی، رۆشنبیری گشتییە کە کۆمیسیۆنی فێرکردن و پەروەردەکردن دەریدەکات، ساڵی پێنجەم، رەزبەری ١٣٨١، وتەی ژمارە، کاک سەعید سیمای تێکۆشەرێکی نەتەوەیی و چەپێکی دێمۆکرات.

٦- سەفەری بێ گەڕانەوە، داستانی کارەساتی میکونووس، شەهید سەید سەلامی عەزیزی، لاپەڕە ٣١.

٧- سەلاحەددین مەجیدپوور، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (هۆکارەکانی سازبوون، درێژەپێدانی قەیرانی ئێستا و سیناریۆکانی چارەسەری هۆلەند، ئۆکتۆبری ٢٠٠٦.

٨- کوردستان، ژمارە، ٤٢١، ٣١ی خەرمانانی ١٣٨٤، تایبەتمەندی کەسایەتیی د. سادق شەرەفکەندی لە روانگەی رێبەرانی حیزبەوە، ل ٥ و ١٠، وتوویژ لەگەڵ مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە.

٩- هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، کۆمیسیۆنی چاپەمەنی، خەرمانانی ١٣٨١ی هەتاوی، ل ٨٣ تا ٨٦.

١٠- شەرەفکەندی سیمای شۆڕگشێرێکی نەتەوەیی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئیسماعیل شەرەفی، ل ٦٩.

١١- شەرەفکەندی سیمای شۆڕگشێرێکی نەتەوەیی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئیسماعیل شەرەفی، ل ٧٦.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەلات تایمز - رێکەوتی: ٢٦ی مای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ڕاپۆرتێک سەبارەت بە تیرۆری ڕێبەرانی کورد لە بێرلەنی ئاڵمان



**رادیو ئەمریکای کوردی**

هەر وەک لە ڕاپۆرتی ناوەندی بەڵگەکانی مافەکانی مرۆڤ بنکە لە ئەیالەتی کەنەدیکت لە ئەمریکا دا هاتوە، لە ١٠ی مانگی چواری ١٩٩٧ی زایینی دادگای فیدراڵی ئالمان لە شاری بێرلن، پاش سێ ساڵ و نیو لیکۆڵینەوە بریاری دا کە کاربەدەستانی بالای کۆماری ئیسلامی ئیران بریاری کوشتنی دوکتور محەمەد سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئیران، فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە ئوروپا، هومایون ئەردەلان، نۆێنەری ئەو حیزبە لە ئاڵمان و نوری دێهکوردی، دۆستێکی دوکتور شەرەفکەندی دا کە لە ١٧ی مانگی ٩ی ١٩٩٢ی زایینی لەلایەن کەسانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعای ئیران و هوکارانی نیو خۆی شاری ئالمان بە هاوکاری بالیوزخانەی کۆماری ئیسلامی لە ڕێستورانی شاری برلێنی ئالمان ئەو پلانەی کوشتنەیان بەرێوەبرد، لە کاتێکدا دوکتور شەرەفکەندی لە گەڵ چەند کەس لە ئۆپۆزسیونی ئێران پاش بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئینترناسیولیست کۆبوونەوەی هەبوو.

سەید حوسین موسەویان لەماوەی سالەکانی ٩٠ بۆ ٩٧ زاینی، واتا لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەو کوشتنانەدا، باڵیۆزی ئێران لە شاری بێرڵێنی ئالمان بوو. بەڵام ئیستا ناوبراو لە زانکۆی پرنستنی ئەمریکا دا یاریدەدەری لیکۆڵینەوەیە. لە کاتی گەرمەی کاری دادگای برلین دا، بەشی دادوەری دەستوری گیرانی سێ لوبنانی و کازمی دارابی دەدات کە ناوبراو پلان دانەر و بەڕێوەبەری تیمی کوشتن بوون. موسەویان، وەک باڵیۆزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وتویژیکی دوای کارەساتەکە دا حاشای لە بریاری دادگای ئالمان کرد.

**موسەوی**: "بەلام ئەمن دڵنیام ئەو بڕیارەی حکومەتی ئاڵمان نیە و پاشان بڕیاری کۆتایی لە لایەن سەرۆکی دادگا و دادوەرەوە دەدرێت و لە ئەو بارەشەوە دڵنیام کە هیچ کات دادگا ئەو ئیدعایە ناکات، چونکە لە دست تیدانەبوونی خۆمان دڵنیام".

**جەعفەر حامیدی**؛ کە ئەندامی پیشووی کومیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئیران بوە و ئیستا لە بەشی زانست لە زانکوی نۆرویژ وانەی زانستی دەڵێتەوە، پێدادەگریت کە مادام بڕیاری کوشتنەکان لە لایەن حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئیرانەوە دراون، بی گومان باڵیۆزی ولاتەکەش راستە و خۆ دەستی دە تێرۆرەکەدا بوو.

حامیدی: "لە سەر حوسێنی موسەویان یان ئەو کەسانەی کە لە پێوەندی لە گەڵ ئیراندا و لە وڵاتی ئاڵماندا بوون، لە کاتی تیرۆری دوکتور سادقی شەرەفکەندی ، ڕێبەری حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران و هاوڕێیانی دیکەمان، دەتوانین بگەڕێینەوە سەر ئیقرار بە ئەو تێرۆرە. وەختێک دادگای سەربەخۆی ئاڵمان، باس لە ئەوە دەکات کە ئەو تێرۆرە بەدەستی ئێران کراوە و ئێرانی تێدا مەحکوم کراوە؛ وڵاتانی ئوروپایی سەفیرەکانیان (باڵیۆز) لە ئێرانێ بە ئێعتراز بە ئەو تێرۆرە دەکێشنەوە، ئەو نەتیجەیە دەدا بە دەست ئێمەوە کە تێرۆر ناتوانیت لە لایەن وڵاتێکەوە لە وڵاتێکی دیکەدا ئەنجام بدریت بێ ئەوەیکە سەفارەتی ئەو ولاتە ڕۆڵی کاریگەری وسەرەکی لە ئەنجامی ئەو تێرۆرە یان ئەنجامی ئەو کارە یان ئەو ئیقدامە دا نەگێڕابێت. کەوابوو، ئەگەرلە ئەو ڕوانگەیەوە بۆی بڕۆینە پێش، دەتوانین بڵێین کە سەفارەتی ئێران لە ئاڵمان لە واقیعدا، ئەنجامدەر و بەڕێوەبەر و سازماندەری حەرەکەتی کردەوە تێرۆریستی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو، لە ئەو جێگایەی کە هاتۆتە ئاڵمان و شاری بێرلن".

بە پیی ڕاپۆرتەکانی میدیا کان حوسین موسویان، لە بەر ئەوەی وەک ئێران ئیدعا دەکات زانیاری ناوکی بو ئەمریکا دابین کردوە، رووی لە ئەمریکا کردوە.

دوکتور کرمانج گوندی پڕۆفسۆری زانکۆی ئەیالەتی تێنێسی لە ناشڤیلی ئەمریکا دەلیت، وێدەچێت موسەویان ئیستا بو ئەمریکا گرینگی تایبەتی هەبێت.

**گوندی**: "حوسێنی مووسەویان ئێستا بەهایەکی گەورەیە بو ئەوەی لە چلۆنایەتی زانیاری نێوەوەی ئێرانێ ، لە نەهێنیانی ئیران تێبگاتن، بە تایبەتی لە سەر مەسەلەی پڕۆگرامی هەستەییان . ئەو مرۆڤەش کە ئێستا لێرەیە بە ئەو جینایەتەی،

## بەشی دووهەم

ئەو دیسانیش جودا لە جینایەتی کە لە ڕابردوودا هەیەتی، ئێستا لە ئەنستیتوتێکی ئاکادمێک، لە دانشگایەکی بەرزی ئەمریکا خەریکی لێکۆڵینەوەیە، ئەگەر ئەمریکا ئاسانکاری بۆ نەکردبێتن، محاڵە شتی ئاوا ڕووبداتن. بەڵام لەوەختێک ئەمریکا، کەسێکی ئاوا دەهێنێتن، ئاسانکاری بۆ دەکاتن بە جۆرێک ئاوا لە پەناڕا ئەوە بزانی؛ ماوەی چەند ساڵە لێرەیە تازە خەڵک پێ دەزانێت، تازە کەتۆتە بەر لێنزی میدیا کە ئەو برادەرە ئاوا کابرایەکی جانیە وئێستا لە یەکێک لە دانشگا گەورەکان بەحس دەکاتن. ئەوە دیارە ئەمریکا بە پلانێکی تایبەتی خۆی هێناویەتی کە سوودی لێوەردەگرێتن".

بەڕیز حامیدی دەڵێت هوی وەرگرتنی موسەویان لە لایەن ئەمریکاوە رەنگە لە بەر ئەوە بێت کە ئەمریکا بو پێوەندیکانی خۆی کەسانی نەرم ڕێی پی باش بن.

داخوا وەرگرتنی موسویان لە زانکویەکی ناسراوی وەک پرنستون چ کاردانەوەیەکی لە لایەن ئوپوزیسونی ئیران و بە تایبەتی کوردەکانەوە بە دوا دا دەبێت، دوکتور گوندی پی وایە ئەمریکا زیاتر لە ڕوانگە و بەرژەوەندی خۆیەوە چاو لە مەسەلەکە دەکات و بەڕێز حامیدیش ئەمە بە خاڵێکی لاوازی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەزانێت.موسوی تائیستا لە سەر مەسەلەی کیشەی ناوکی نیوان ئەمریکا وئیران چەندین وتار و بابەتی نووسیون.

لە ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی، لە ڕێو ڕەسمێک بە بەشداری زیاتر لە ١٠٠٠ کەسان و ئامادە بوونی خاتوون Monika Timmen شارەداری بێرلین، بۆ بیرەوەری ئەو کارەساتە لەوحەیەکیان لە نزێک شوێنی تێرۆرەکە دامەزراند.بۆ گویگرتن لە درێژەی ڕاپۆرتەکە، تکایە کلێکی فایلی دەنگ لە سەرەوەی دەستی چەپ بکەن.

سەرچاوە: رادیو ئەمریکای کوردی - ڕێکەوتی: ٥ی مای ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# ئاوڕدانەوەیەک لە کتێبە مێژووییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی



سۆران عەلیپوور

کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد لە سەدەی نۆزدەیەم تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی" کتێبێکی مێژوویی د. سادقی شەرەفکەندیە کە تێیدا ڕووداوە دیار و بەرجەستەکانی ئەو بڕگە کاتییە تاوتوێ کراون و بە ڕوانگەیەکی ڕوون و زانستیانەوە، ڕاپەڕین و بزووتنەوە کوردییەکان و هۆکارەکانی تێکشکانیان و ڕۆڵی دیاری هێزە دەرەکییەکان لە ئاراستەوەرگرتنی ئەو ڕووداوانە و دامەزرانی پارتە کوردییەکان و دامەزرانی چەند دەوڵەتێک لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دا، دەستنیشان کراون.

بەداخەوە خوێنەری کورد کەمتر بەو بەرهەمە ئاشنایە، ئەوەش بێ هۆ نیە، ئەو چاپەی کە لە کوردستانی باشووردا هەیە چاپە فارسییەکەیەتی کە خوێنەر کەمتر دەتوانێ کەڵکی لێوەربگرێ، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بڵاوکردنەوە و خوێندنەوەی کتێبەکە قەدەغەیەو دڵنیا نیم لەوەی کە خرابێتە سەر تۆرە کۆمەلایەتیەکان، چاپە کوردیەکەشی لە دەرەوەی وڵات بڵاوکراوەتەوە، لایەن و دەزگا پەیوەندیدارەکانیش لە سەرلەنوێ چاپ کردنەوە و زیاتر ناساندنی ئەو کتێبە پڕبایەخەدا کەمتەرخەم بوون.

مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە تیشکخستنە سەر هەوڵە فەرهەنگییەکانی کەسایەتییەک و ناساندنی تاکە بەرهەمیەتی وەک کتێبێکی سەربەخۆ لە بواری مێژووی گەلی کورددا، بە پێچەوانەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی حیزبی کوردیدا تەنها ئەو

لایەنە سیاسییە زەقدەکرێتەوە کە خزمەت بە ئایدۆلۆژیی سنووردارى حیزب یا لایەنێکی دیاریکراو دەکا. ئەو بانگەشەیە لە پێوەندی لەگەڵ د. قاسملوویشدا هەر ڕاستە کە کەمتر هەوڵە سەربەخۆکانی لە بواری نووسیندا قسەیان لەسەر کراوە و خوێندنەوەیەکی زانستی و ڕەخنەییان بۆ کراوە، لە کاتێکدا خاوەنی کۆمەڵێک نووسین و لەنێویشیاندا دوو بەرهەمی زانستی و دەوڵەمەندی وەک "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادی"دایە. هەوڵێکی چروپڕ لە ئارادایە کە ڕوخساری ڕاستەقینەی ئەو کەسایەتیانە دەشێوێنێ و لەڕێگەی مەدح و سەنا و پێداهەڵگوتنێکی بێ بنەما و ناشیانە و نائاگایانە و تەنانەت هێندێک جاریش ئاگایانە ئەو کەسایەتیانە بۆ ئاستێکی ژوورووی لۆژیک هەڵدەکێشێن، ئەو هەوڵانە لە پلەی یەکەمدا وێنەی ڕاستەقینەی ئەو کەسایەتییانە دەڕووشێنێ.

ناسینی هەر کەسایەتییەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا پێویستە پشت بە کۆمەڵێک بەڵگەی باوەڕپێکراو و لێکدانەوە و و لێکۆڵینەوەی ورد و هەمەلایەنەی زانستی ببەستێ؛ بە جۆرێک کە ئەگەر بەتەواوی لە دەرخستنی وێنەی هەقیقی ئەو کەسایەتییەدا وەک خۆی و بەبێ هیچ تەقدیسکردن و زێدەڕۆییەک سەرکەوتوو نەبێ، ئەوا لانیکەم کارێکت کردبێ کە وێنەی زەینی لە وێنەی واقعی ئەوەندە نزیک بکەیەوە کە کەمترین دەرفەت بۆ شک و گومان بەجێبێڵی. لەوانەیە باشترین بەڵگەش دەسخەت و نووسراو و کاسێتە دەنگی و وێنەییەکان بن کە لەو کەسایەتییانە بەجێماون؛ ئەوانە سەرچاوەی پلە یەکەمن. پاشان بیرەوەری و بیۆگرافی ئەو کەسانەی لەو کەسایەتیەوە نزیک بوون. ئەو هەموو نازناو و ناونیشانانەی کە هەر کەسەو بەپێی سەلیقە و میزاجی تاکەکەسی خۆی ڕۆژانە بڵاویاندەکاتەوە نەک هەر ئاماژە نییە بە دەوڵەمەندی و پڕنێوەرۆکی ئەو کارانە، بەڵکو حیکایەت لە بێسەرەوبەرەیی و پاشاگەردانییەکی کەموێنە دەکا کە پاشماوەی بیرکردنەوەی دواکەوتوانەی سەردەمی فیودالیزمە.ناساندن و ناسینی ئەو کەسایەتییانە وەک خۆیان واتە بە هەڵە و کەموکووڕی و لایەنە لاوازەکانیشیانەوە، لە خزمەت هەقیقەت و پاراستنی ئازادی و دیموکراسیدایە.

بەخۆشییەوە لەوانەیە د. سادقی شەرەفکەندی بە بەراوردکردن لەگەڵ د. قاسملوودا تاڕادەیەک کەمتر تەوژم و لێشاوی ئەو نازناوپێبەخشینە ڕووی تێکردبێ، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە بەشێک لە توانایی و هەوڵ و ئەو قورساییەی کە لەدوای شۆڕشی ١٩٧٩ی خەڵکی ئێران لە سەرشانی بووە، بەهۆی کارکردن لە تەنیشت کەسایەتییەکی وەک د. قاسملوودا شاردراوەتەوە. لە هەر حاڵدا خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمەکەی کاک سەعید لەو وتارەدا بە مەبەستی بەهێندوەرگرتنی ئەو هەوڵەیە کە شایستەی ڕێز و بایەخپێدان و خوێندنەوە و سەرلەنوێ چاپکردنەوەیە، هەوڵێک کە لەوانەیە بۆ ئێمەمانان دەرککردنی ئەوەی لە چ دەورانێکی سەختدا نووسراوە ئاسان نەبێ، یا ئەو هۆکارانە چیبوون کە لە وەها دۆخێک دا د.شەرەفکەندی بۆ نووسینەوەی ڕاپەرینەکانی کورد هان دا و لە سەردەمانێک دا کە باو، باوی شۆڕشگێرە چەپەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئامریکای لاتینی و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیاو... هتد بوو، ئەو ئاوری لە شێخ عبیداللە و ئیحسان نوری پاشا... دایەوە؟ یان "لەبەرچاوگرتنی ئەو دلۆپە ئاوەیە کە وێڕای بچووکبوونی لەچاو دەریادا بەڵام بۆ بیابانێکی ویشکی نەزانی نیعمەتێکە". (ئەو ڕستەیە لە پێشەکی کتێبەکەوە خوازراوە.

کورتەمێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد لە بنەڕەتدا زنجیرەیەک وتارە کە لە ساڵەکانی ١٣٥٩ و ١٣٦٠ی هەتاویدا بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئامادەکراوە و بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ١٣٦٣دا بە زمانی فارسی لەلایەن کۆمیسیۆنی ئینتشاراتی حیزبی دێموکراتەوە چاپ کراوە. تەهای عەتیقی جارێکی دیکە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕاوە و لە دەرەوەی وڵات چاپکراوە کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی لە کوردستاندا لێ بڵاوبۆتەوە. هەڵبەت ئەوە دووەم وەرگێڕانیەتی بۆسەر زمانی کوردی بەو وەرگێڕانە کوردییەوە کە هاوکات لەگەڵ وتارە فارسییەکەدا لە ڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاودەکرایەوە.

کتێبەکە لە ١٢١ لاپەڕەی ٢٠* ١٤ سم دا چاپکراوە. لە پێشەکییەک و دوو بەش پێکدێت کە هەر بەشەی سێ فەسڵی لەخۆگرتووە. نووسەر لە پێشەکیدا بەو شێوەیە باس لە هۆکاری نووسینی کتێبەکە دەکا: "... هەرچەند زۆرن ئەوانەی کە ناوی زۆربەی قارەمانە نەتەوەیی و ڕێبەرانی ڕاپەرینە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کورد دەزانن، بەڵام بەداخەوە ژمارەیەکی کەم نەبێ کە هۆشیاریان لەو ئاستە بەرەوژوورترە، دەنا لە وردەکاریی ڕاپەڕینەکان و هەلومەرج و ئەو دۆخەی ڕاپەڕینەکانی تێدا ڕوودراوە ئاگادارییەکی ئەوتۆیان نییە. هەر لەو ڕووەوە دەستماندراوەتە ئامادەکردنی ئەو کورتەمێژوویە، بەو ئومێدە کە وەک هەر مێژوویەکی ڕاستەقینە خوێندنەوەی ئەو کتێبەش بەکەڵک بێ، واتە ئاگابوون لە ڕووداوەکانی ڕابردوو بە مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوە و ئەزموون وەرگرتن."

نووسەر هەر لە پێشەکییەکەیدا باس لەو کێشە و گرفتانەش دەکات کە لە نووسینەوەی مێژووی کورددا دێنەپێشێ، وەک: نەبوونی زانیاری و سەرچاوەی سەربەخۆ لەو بوارەدا و ئەگەر هەیشبێ یان لەلایەن دوژمنانی کوردەوە شێوێنراوە یا ئەگەر هەوڵێک لەلایەن کەسانێکی دیکەوە درابێ لە کاناڵی دوژمنانی کوردەوە زانیارییەکانیان بەدەستهێناون.

سەرچاوەی پلە یەکەمی ئەو کتێبە کە کاک سەعید کەڵکی لێوەرگرتووە کتێبی "کوردستان و کوردەکان"ە بە سەرپەرشتی ژرار شالیان و لە نوسینی (عبدالرحمان قاسملوو و کەندال نەزان و عیسمەت شەریف وانلی و م. نازدار)ە؛ ساڵی ١٩٧٨ لە پاریس چاپ کراوە. هەروەها کاک سەعید دەنووسێ کە بەشی یەکەمی ئەو کورتە مێژوویە، بەتایبەت ئەوەی کە باسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جووڵانەوەکانی سەدەی نۆزدە دەکا کورتکراوەیەکی وەرگێردراوی ئەو بەشە لەو کتێبەی سەرەوەیە کە لەلایەن کەندال نەزانەوە نووسراوە، واتە لە بنەمادا ئەو کتێبە نووسین و وەرگێرانە پێکەوە.
سەرچاوەکانی دیکە بۆ نووسینی ئەو کتێبە بریتین لە: "جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد"ی کریس کۆچێرا، و وەرگێردراوی کوردی کتێبەکەی خالفین بە ناوی "خەبات لەرێی کوردستان" و کتێبی "کوردەکان"ی حەسەن ئەرفەع. بۆ نووسینی بابەتێکی هەستیاری ئەوتۆ پێویستیمان بە سەرچاوەیەکی زۆر زیاتر هەیە لەوەی کە نووسەر کەڵکی لێوەرگرتوون. کە ئەگەر ئەوکات لە بەردەستی کاک سەعیددا بوایەن، بێگومان خوێنەری بەرهەمێکی زۆر دەوڵەمەندتر لەوەی کە ئێستا هەیە، دەبووین. فەسلی یەکەمی بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە دۆخی کورد لەژێر سایەی دەوڵەتی عوسمانی و ئەو رێکەوتنەی کە لە نێوان میرە کوردەکان و سوڵتان سەلیمدا دوای شەڕی چالدێران مۆرکراوە (ئەو رێکەوتنامەیە بە زیرەکی و لێهاتوویی کەسایەتییەکی دیپلۆماتی سەردەمی خۆی، واتە مەلا ئیدریسی بتلیسی هاتەدی، کە بەداخەوە لە کتێبەکەدا کەمترین ئاماژەی پێنەکراوە). هەر لەو فەسڵەدا و لە تەوەری "کوردستانی فیودال"دا کە پێموایە دەوڵەمەندترین بەشی کتێبەکەیە، باس لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی فیوداڵیی کوردی لەو سەردەمەدا و کاریگەری پێوەندییە خێڵەکییەکان لەسەر بزووتنەوە کوردییەکان دەکا.

فەسڵی دووەمی ئەو بەشە باس لە جووڵانەوە و راپەرینەکانی کورد دەکا لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی کە بەکورتی جووڵانەوەکانی بابان و پاشای گەورەی رەواندز و راپەرینی بەدرخان و یەزدانشێر و لەدوای ئەوانەش شێخ عبیداللەی نەهری دەگرێتەوە.

فەسلی سێیەم بۆ بارودۆخی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست تەرخان کراوە، کە باس لەو گۆڕانکاریانە دەکا کە لەسەر دەستی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی هاتنەدی. هەروەها دامەزرانی سەرەتایی ترین رێکخراوەکانی نەتەوەیی کورد و کورد لە شەڕی یەکەمدا و دوای شەڕ و ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی وەک یەکێک لە ئەنجامەکانی شەڕ مۆرکران و چارەنووسی کوردیان تێدا دیاریکرا (سیڤەر و لۆزان) هەر لەو فەسڵەدا باسکراون.

بەشی دووەمیش سێ فەسڵی لەخۆگرتووە کە بەپێی پلەبەندی نێو کتێبەکە دابەشکراوە بۆ باس لەسەر راپەرینەکان لە ئێران و عێراق و پاشان لە تورکیادا. لەو فەسڵەدا کە بۆ ئێران تەرخانکراوە بەکورتی و پوختی باس لە راپەرینەکەی ئیسماعیل ئاغای شکاک و پاشانیش ئەو وردە راپەرینانەی لە باشووری کوردستانی رۆژهەڵاتدا روویانداوە، کراوە. سمکۆی شکاک یەکێک لە ئاڵۆزترین کەسایەتییەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردە کە کەمتر دەتوانی کردەوە و هەڵوێستەکانی بخەیە یەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕیزەوە. دیارە نەک بەو شێوە توندەی کە فارسەکان و شۆوینیستەکان هێرشی دەکەنەسەر کە گوایە یاخیەکی خێڵەکی بووە و نە ئەوەی کە هێندێک مێژوونووسی کوردیش بانگەشەی بۆ دەکەن بە ڕێبەرێکی تەواو مۆدێرنی ناسیۆنالیستی دادەنێن. بەگشتی، لەو بەشەی کتێبەکەدا کردەوەکانی سمکۆی شکاک کەمتر لە ڕوانگەیەکی ڕەخنەییەوە لێکدراونەتەوە، بەتایبەتی بە شێوەیەکی ناجوامێرانە کوشتنی مارشەمعون و تاڵانی شاری مەهاباد، کە لە هێنانەخواری پرستیژی سمکۆ و ڕاپەڕینەکەیدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە.

فەسڵی دووەمی بەشی دووەم بۆ بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود و سیاسەتەکانی بریتانیا لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ ویلایەتی مووسڵدا، و ڕاپەڕینەکانی بارزان (شێخ عبدالسەلامی بارزانی و شێخ سەعیدی پیران) تەرخانکراوە. ڕاپەڕین و جووڵانەوەکانی گەلی کورد لە کوردستانی باکووریش لە دوایین فەسڵی دوایین بەشی کتێبەکەدا جێگەیان کراوەتەوە، کە سەرەتا باس لە ڕۆڵی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا دەکا، کە وەک سەرەنجام دەرکەوت ئەو سیاسەتەی کوردەکان بۆ پشتیوانی لە حکومەتی مستەفا کەمال زیاتر وەک بەخێوکردن و گەورەکردنی ئەژدیهایەک دەچوو.

هەروەها پاشان باسی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعید و جووڵانەوەی ئارارات و خۆیبوون دەکا و هۆکاری ڕوودان و دەرەنجامەکانیان شیدەکاتەوە. لە کۆتاییشدا ڕووداوەکانی ڕاپەڕینی سەید ڕەزای دەرسیم لە ١٩٣٧دا دەخاتە ژێرلێکۆڵینەوە. ئێرە کۆتایی کتێبەکەیە و خۆزگە کاک سەعید ئەنجامگیرییەکی گشتیشی لە کۆتایی کتێبەکەدا بۆ خوێنەر خستبایەڕوو کە بێگومان بەهای زانستیی کتێبەکەی زیاتر دەبردەسەرێ، بەڵام لە بەرامبەردا زۆر ڕێوشێنی ئاکادیمیمان لەو کتێبەدا وەبەرچاودەکەوێ، شرۆڤە کردن و لێکدانەوەی ڕووداوەکان زۆر بە وردبینیەوە ئەنجام دراون، هەروەها دەتوانین ئاماژە بە چۆنیەتی دابەشکردنی باسەکە بەسەر چەند فەسڵ و بەشێکدا و لەبەرچاوگرتنی پلەبەندییەکی زەمانی ڕێکوپێک بکەین.

لێرەدا ڕاستکردنەوەی ڕێکەوتی دامەزرانی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی کە کاک سەعیدیش لە نووسینەکەی کەندال نەزانی وەرگرتووە بە پێویست دەزانم کە ساڵی ١٨٨٩ بناغەی ئەو ڕێکخراوەیە لەسەر دەستی عبداللە جەودەت و ئسحاق سکوتی و ئیبراهیم تەمۆ دامەزراوە، نەک لە ساڵیدا ١٨٩٤، وەک ئەوەی لە لاپەڕی ٣٢ی کتێبەکەدا هاتووە. (مالمیسانژ: القومیە الکردیە و د.عبداللە جودت، ص. ٩). هەروەها لە لاپەڕە ٣٥ دا ناوی ئەمین عالی بەدرخان بە ئەمین عەلی بەدرخان هاتووە کە بە ئەگەری زۆر ئەوەش هەر لە نووسینەکەی د. کەندال ـەوە وەرگیرابێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ناوەندی نوچە و شرۆڤەی ڕۆژ - ڕێکەوتی: ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## شەرەفکەندی ؛ ورەی هەرمان و سەرنموونەی تیکوشان



عارف نادری

سەدەی بیستەم بۆ گەلی کورد، سەدەی نرخ داییینی گەورە لە پێناو ئازادیدا بوو، هەر ئەو جۆرەی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری شکستی خواردوو، پاشان "هەمزە ئاغا"ی مەنگور بە بیانووی وتووێژو رادەستکردنەوەی حکوومەتی سابڵاغ لە لایەن "ئەمیر نیزامی گەڕووسی"یەوە بانگهێشت کراو، لە ڕێگەی پیلانێکی لە پێشدا داڕێژراو شەهید کرا، سەدەی بیستەمێش بە تیرۆرکردنی ڕێبەرانی کورد دەستی پێکردوو، کۆتاییشی پێهات. بە هاتنە سەرکاری ئاتاتورک، "خالید بەگی جەبری"، کەسایەتیو جێگەی بڕواو متمانەی کوردەکانی باکوور بە بیانووی گفتوگۆ سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی کوردستان بانگهێشتی کۆشکی والی بەدلیس کراو، لەوێدا گوللە بارانیان کرد. لە ڕۆژهەڵات "جەعفەر ئاغا"ی شکاک پاش بانگهێشت کران لە لایەن حاکمی تەورێزەوە، لە سەر خوانی خانەخۆیدا شەهید دەکرێ، "سمکوی شکاک" لە لایەن ڕەزاخانەوە لە شاری شنۆو لە ڕێگەی بۆسەیەکی لە پێشدا دانراو تیرۆر دەبێ، پاشان پێشەوای کوردان لە شاری مەهاباد بە شێوەیەکی نامرۆڤانەو بە دوور لە هەر چەشنە پرەنسیپو یاسایەکی نێونەتەوەیی لە نێوڕاستی شاردا لە سێدارە دەدرێو لە درێژەی ئەم مێژوو خوێناوییەدا، دوکتور قاسملووو د.شەرەفکەندییش تیرۆر دەکرێن، واتا کەمتر لە یەک سەدە، چوار سەرکردەو ڕێبەری بلیمەتو نەتەوەیی لە ڕێگەی پیلانو تیرۆری دەوڵەتیو بە بەرنامە لە لایەن ڕێژیمەکانی داگیرکەری ئێرانییەوە شەهید دەبن، نرخێک کە لە ڕاستیدا، تێچوویەکی هەرە گەورە بۆ یەک نەتەوە دەژمێردرێتو بە نەمانی ئەو جۆرە ڕێبەرە کاریزما، پراگماتیستو ڕووناکبیرە نەتەوەییانە زەبری قورسو کاریگەر لە بزووتنەوە دەدرێت، کە لە واقیعدا قەرەبووکردنەوەی زۆر زۆر ئەستەمو دژوارە. یەک لەو ڕێبەرە خاوەن ڕۆڵو زانایانە دکتور " سادق شەرەفکەندی"، ناسراو بە دوکتور" سەعید" بوو. کە خۆیشی یەکێک لەو خاوەن قەڵەمانە بوو کە مێژووی

بەشی دووهەم

بزووتنەوەکانی کوردو رێبەرایەتیەکەیی نووسیوەتەوە، تاکوو مێژووی شۆڕشی رزگاریخوازی نەتەوەکەی چراو مەشخەڵێکی هەمیشە رووناک بۆ نەوەی ئەمڕۆو داهاتوو بێت.

هەر یەک لە رێبەرانی کورد خاوەنی تایبەتمەندیو پلەوپایەی بەرزو بێ وێنەو بێ هاوتای خۆیانن، بەڵام لەم نێوەدا شەرەفکەندی هێندە رۆڵێکی بەهێزو بەرچاو دەگێڕێت کە باوەر کردنی ئاوەها رۆڵو کاریگەرییەک لەو ماوە زەمەنییە ناسکو هەستیارەدا پێویستی بە تێفکرینو خوێندنەوەیەکی قووڵ هەیە. مرۆڤێک کە دەتوانین بڵێین دوژمن زۆر زووتر لە نەتەوەکەی کەسایەتی مەزنو تواناییو مەترسییەکانی بوونی ئەوی بۆ سەر دەسەڵاتداری سەرەڕۆی خۆیانی هەست پێکردبوو، بۆیە لە پێناو لە نێوبردنی دوکتور شەرەفکەندی دا گەورەترین تێچووی تەرخان کرد. بە جۆرێک کە گەورەترین تێچوویەک کە ئێستا دەسەڵاتی ناوەندی ئێران بۆ تیرۆری رێبەرێکی نەتەوەی کورد یان ئێرانی دابێتیو هەر ئێستاکەش خەریکە دەیدا، تێچووی تیرۆری د. سەعیدە.

رێژیمی ئیسلامی پێوابوو کە بە تیرۆری د. قاسملوو، بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە رێبەرایەتی حیزبی دێموکرات ئاشبەتاڵ یان لانیکەم بە رادەیەک لاوازو تووشی بێ هیوایی دەبێت کەساڵەها کاتی پێویستە تاکوو بتوانێت خۆی کۆکاتەوەو، کەلێنو بۆشایی نەبوونی قاسملوو تا رادەیەک پڕکاتەوە، هەر وەها لە سەر ئەو بڕوایە بوو کە تیرۆری د. قاسملوو دەبێتە ئامیانی ئەوەی کە پردی پێوەندی کورد لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بڕوخێتو حیزبی دێموکرات بە پێڕەوکردنی ناسیۆنالیزمی دۆگمو بەرچاوتەنگانە بەرەو توندوتیژیی روونو بێ ئەنجام بکێشرێت، چونکە دوژمن بە تەواوی لە رۆڵی دوکتور قاسملوو لە رەوتی جووڵانەوەی کوردو قورسایی لە ئاستی نێونەتەوەیی دا ئاگادار بوو. بەڵام کاتێک د. سەعید، وەکوو کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕ، لێبڕاو، ناسراوو خۆشناو، نەتەوەپەرستو گرینگتر لە هەمووی ئاکادمیستو دونیا دیدەو ئاشنا لەگەڵ بارودۆخو سیاسەتی جیهانی، ناوچەییو کوردستانی، هەروەها وەکوو دیپلۆماتێکی بە ئەزموونو کارامە کە ساڵانێک لە ناوەندە ئاکادمیکەکانی ئورووپادا بووە، بوو بە سکرتێری حیزبی دێموکراتو درێژەدەری رێبازی قازیو قاسملوو، دوژمن هەستی بە مەترسییەکی گەورە کرد، چونکە تیرۆری د. قاسملوو بە پێچەوانەی خواستی سیستمی تێرۆ، جگە لە بە دەرخستنی زیاتری رواڵەتی دزێوی رێژیمی مەلاکان، ریزەکانی شۆِرشیشی تۆکمەتر، باوەرمەندی بە دەستبەرکردنی ئازادیو خەبات لە پێناوی نیشتمانو دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی زیاتر لە هەمیشە سەلماند. بۆیە د. سەعید بووە ئامانجی تیرۆری رێژیمی کۆماری ئیسلامیو بۆ گەیشتن بەم مەبەستە لە رێگەی دەستو پێوەندییەکانی خۆیەوە تا ئەو جێگەی بۆی لوێوا، هەموو هەوڵەکانی خستەگڕو کاتێک کە زانی کاک سەعید بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنتێرناسیونالٚ سوسیالیست لە ١٤تا ١٨ی سێپتامبری ١٩٩٢دا سەردانی بێرلین دەکات، لە لایەن "کمیتە عملیات ویژە" کە

پێکهاتوو لە: ڕێبەری مەزهەبیی ڕێژیم، سەرۆک کۆمار، وەزیری دەرەوەو وەزیری ئیتلاعاتو ئەمنییەتی وڵاتە، فەرمانی تیرۆرو گەلاڵەی تیرۆرەکە بۆ جێبەجێکردن پەسند کرا، هاوتەریبیش باڵوێزخانەو نوێنەرایەتییەکانی ڕێژیم لە ئاڵمان هەموو ئامادەکارییەکەی پێویستیان کردو، وێڕای بەکرێگرتنو ئامادەکردنی تیرۆریستی ئێرانیو لوبنانی "وەکوو: کازم دارابی، یوسف ئەمین، عەباس ڕاحیلو..."، دابینکردنی خانووو شوێنی تایبەت بۆ ژیانو خۆحەشاردان، کەرەستەو پێداویستییەکانی تیرۆرەکەو تیرۆریستانو پاشان چۆنیەتی دەربازکردنیان لە دەستی پۆلیسو یاسایان بە تەواویو بە وردی جێبەجێ کردوو، لە ئاکامدا لە ڕێکەوتی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ بەرامبەر بە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧١، دوکتور شەرەفکەندی، کاک فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیو نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، کاک هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزب لە ئاڵمانو کاک نووری دێهکوردی تێکۆشەری ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو دۆستی حیزب تیرۆر کران.

تیرۆرێک کە بە پێچەوانەی تیرۆرەکانی دیکە شەپۆلێکی بەرین لە هاوخەمیو هاوسۆزیی دروستکرد، کۆماری ئیسلامی پێشتریش بە دەیان کەسایەتی چالاکی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیو کوردستانیی تیرۆر کردبوو، بەڵام ئەمجارە لە پرۆسەی بە ڕۆژەڤ کردنی تیرۆرەکەو دادگاییکردنەکەیدا ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، هاوکاری تەواویان لەگەڵ دادگاکەدا کرد. لە لایەکی دیکەوە جگە لەوەی کە بە هۆی دەست تێدابوونی ڕاستەوخۆی ئێران، ئەم تیرۆرە تیرۆریزمی بە پلانی دەوڵەتی بوو، هەروەها لە وڵاتێکی دیکەو بە بەشداری تیرۆریستی لوبنانیش جێبەجێ کرابوو، ئەمەش بۆ خۆی جارێکی دیکە ئەوەی سەلماند کە ڕێژیمی ئێران پاڵپشتو دالدەی سەرەکیی تیرۆریزمی نێودەوڵەتییەو بۆیە لقی یەکی دادگای بەرزی بێرلین دوای دادگاییەک کە نزیک بە ٥ ساڵی خایاندو یەکێک لە پڕخەجترین دادرەسییەکانی مێژووی ئەم وڵاتە بوو، دوای گوێدان بە شایەتی دانی ١٨٠ شایەتو تاوتوێ کردنی هەزاران لاپەڕە بەڵگە، ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ی ئاوریلی ١٩٧٧، بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامیی وەک گەلاڵە داڕێژەرو بەڕێوەبەری تیرۆرەکە مەحکووم کردو، "واواک"ی بە تاوانبارو هاوبەش لەم تیرۆرەدا ناساند، هەروەها بە دژی وەزیری ئیتلاعات" عەلی فەلاحییان" حوکمی دەستبەسەرکردنی نێونەتەوەیی دەرکردو ئەوەی سەلماند کە تیرۆر بەشێکی سەرەکی لە چیەتیو پێکهاتەی دەسەڵاتدارێو ئوتۆریتەی خۆسەپێنەرانەی کۆماری ئیسلامییە، هەروەک لە دەقی حوکمەکەدا باس لە سیستمی جنایەتو تیرۆر دەکرێ کە بەرنامەی لە نێوبردنی هەموو نەیارانی خۆی هەیە. لەم حوکمەدا هاتووە:" لە سەرەوەی ئەم دەزگا مرۆڤکوژییە کۆمیتەیەک بە ناوی (کمیتە عملیات ویژە) قەراری گرتووە کە بە دەستووری ڕێبەری مەزهەبیی نیزام پێکهاتووەو ئەندامەکانی بریتین لە: ڕێبەری مەزهەبیی نیزام، سەرۆک کۆمار، وەزیری دەرەوە، وەزیری ئیتلاعاتو ئەمنییەتی ولات". کومیتەی چالاکیی تایبەت، کومیتەیەک کە دوای مردنی خومەینی، بڕیاری کوشتنی جیابیرانی لە دەرەوەی وڵات دەردەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

دوای دەرچوونی حوکمی دادگای بەرزی بێرلین، دەوڵەتی ئاڵمان ١٤ کەس لە مەئموورانی ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی ـ کە لە ژێرناوی کاری دیپلۆماتیک ـ لەم وڵاتە خەریکی چالاکی تیرۆریستی بوون، وەدەرنا. هەروەها دەوڵەتانی ئوستralیا، کانادا، سوئێدو وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا، باڵوێزەکانی خۆیانیان لە ئێران بە نیشانەی نارەزایەتی دەربڕین بانگهێشت کردەوەو، وەلاتانی سیاسەتی دیالۆگی رەخنەگرانەیان لەگەڵ ئێراندا راگەیاند. قەیرانو نوست هێنانو تەریککەوتنەوەیەک کە لە نزیکەی دوو دەیە دەسەڵاتداری ئاخووندەکاندا بێ وێنە بوو، دەرفەتێکی زێرین کە ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنێکی چالاکو کارامە لە بواری دیپلۆماتێکو سیاسەتی نێودەوڵەتی لە گۆرەپانەکەدا ئامادە بووایە، دەیتوانی رێژیمی ئیسلامی بەرەو نەمانو رووخانی یەکجاری بکێشێت، چونکە ئێران هەم لە ئاستی نێودەوڵەتیو هەم لە ئاستی نێوخۆدا بە بنبەست گەیشتبوو، دەرفەتێک کە بە خۆڕایی بە فیڕۆ رۆیشت.

لە سۆنگەیەکی دیکەوە ئەگەرچی بە هۆی پەرشو بڵاوی ئۆپۆزیسیۆنی کوردیو ئێرانیو درەنگ بە خۆداهاتنیان، بەشێک لە کاریگەریو ئەگەرەکان فەتیسو ناکاریگەر مایەوە، بەڵام رێژیم بە جۆرێک تووشی قەیرانو نارەوایی لە ئاستی جیهاندا هاتبوو، کە ناچار بوو بە هێنانە کایەی سێناریۆیەکی نوێ لە ژێرناوی رێفۆرمخوازیو ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵاتو دەسەڵاتداراندا، هەوڵی هێورکردنەوەی رەوتی رووداوەکانو دوورخستنەوەی مەترسییەکان بۆ سەر خۆی بدات. بە جۆرێک کە لەو کاتەدا بە شێوەی نهێنی چەندین مۆشەکی دوورهاوێژی، لە رێگەی کەشتیی بارهەڵگرەوە رەوانەی سەواحێلی ئورووپی کرابوو، تا لە ئەگەری هێرشی سەربازی بۆ سەر ئێران، زەربە لە ژێر خانە ئابووریو سەربازییەکانی وڵاتانی ئورووپایی بدرێت. هەروەها راستییەکان سەلمێنەری ئەوەن کە پێکهاتنی دۆخێک بە ناوی ٢ی جۆزەردان، پێوەندی بێ ئەملاوئەولای بە بڕیاری دادگای میکۆنووسەوە هەیە، واتا پاشەکشە لە هەمبەر وڵاتانی ئورووپاییو کرانەوەی بەرتەسکی فەزای نێوخۆی وڵاتو پێرەوکردنی سیاسەتو دەربڕینێکی جیاوازتر لە جاران لە هەمبەر جیهانی دێموکراتیکو خەڵکی نێوخۆ، ئاکامو دەرکەوتەی بڕیاری بوێرانەی میکۆنووس بوو. جگە لەمەش میکۆنووس بووە هۆکاری ئەوەی کە کۆتایی بە کردەوە تیرۆریستییەکانی رێژیم لە ئاستی ئورووپا دا بێتو لەو رۆژەوە تاکوو ئەمڕۆ رێژیم نەیتوانیوە وەکوو جاران، چالاکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ئورووپا دا رووبەرووی هەڕەشەو مەرگ بکاتەوە. هەروەها کۆماری ئیسلامی جگە لە میکۆنووس، ساڵی ٢٠٠٧ لە دادگای" بوینێس ئایرێس"ی ئارژانتین دا بە تاوانی تەقاندنەوەی ناوەندی جوولەکەکان لەو وڵاتە دا، لە ساڵی ١٩٩٤ دا مەحکووم کرا. ئەم کردەوە تیرۆریستییە کە کوژرانی ٨٥ کەسو برینداربوونی زیاتر لە ٢٠٠ کەسی لێکەوتەوەو، بە مەزنترین کۆمەڵکوژیی جوولەکەکان، لە کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی بەملاوە لە دەرەوەی ئیسرائیل، دەژمێردرێ، کە وەکوو تیرۆری میکۆونوس بە بڕیاری سەرانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، باڵوێزخانەی رێژیمو تیرۆریستێکی خۆکوژی ئەندامی حیزبوڵڵای لوبنان، جێبەجێ کرابوو، بۆیە دادگا حوکمی گرتنی ٨ بەرپرسی باڵای رێژیمی ئێرانی دەکرد.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێرەدا بۆ ئاشنا بوونی زیاتر لە سەر روانگەو هەڵوێستەکانی دوکتور شەرەفکەندی هێندێک لە بۆچوونەکانی ئەو سەرکردە شەهیدە لەمەڕ کوردستان، شەڕی چەکداری، سیستەمی داهاتووی ئێرانو هەڵبژاردن لە ئێرانی دوارۆژو پرسی تیرۆریزم دا وەکوو بەڵگەیەک کە پێشاندەری ئەوپەڕی زانایی، وردبینیو دووربینی، خوێندنەوەی دروستی رووداوەکانو باوەڕێکی قووڵو پتەوی نەتەوەیی‌یە، دەخەینە بەرباس.

کاک سەعید، بە پێی تەواوی بەڵگەکانی بەردەستو شاهێدیی هاوڕێیانو هاوسەنگەرانی لە ریزی پێشەوەی رێبەرانو بیرمەندانی نەتەوەیی کورد بوو، بە جۆرێکە دەتوانین بڵێین کەسێکی دیکە لە رێبەرانی کورد ناتوانێت سەبارەت بە باوەرمەندیی کوردایەتی، شۆڕشگێڕیو کوردستانی بوون شان لە شانی دوکتور سەعید بدات. دوکتور سادقیش وەکوو دوکتور قاسملوو باوەڕی بەوە هەبوو کە " کورد هەمووی یەک نەتەوەیەو کوردستانیش یەک خاکە کە دابەش کراوەو، خەڵکەکەی لێک دابڕاوە. بۆیە ئەگەر رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بیانەوێ بە سەر یەکەوە خاوەنی کیانێکی خۆیان بن، ئەوە مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیانە. جا ئەوە ئەگەر لە روانگەی دوژمنانو نەیارانی کوردەوە بە جیاوازیخوازی دادەنرێ، لە روانگەی کوردو لە راستیش دا یەکگرتنەوەیە."
هەروەا دەڵێت:"... بۆچی ئامۆژگاریمان دەکەن کە دەبێ ئێرانی بینو ئەوان لە ئێمە ئێرانی ترن، ئەوە کوێی دێموکراتیکە کە ئێوە لە پێشدا ناچارمان دەکەن تابۆ چوارچێوەیەک قبوڵ بکەین.

ئەوە هەمان زۆرە ملیی‌یە... پێکهێنانی وڵاتێکو یا لە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییدا تەنیا لە رووی ویستو مەیلو هەستێکی قووڵو ئارەزومەندانەوە مسۆگەرە، نەک لە رووی زەختو لە چوارچێوەیەکی لە پێشدا دارێژراو... هیچ شتێک هەتا هەتایی نیە، چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیاون، ئێستا ناتوانن جیابنەوەو جیا بژین. مەسەلەکە هەلومەرجی ئەمڕۆیە. ئەگەر دونیا لە حاڵی ئاڵوگۆڕ دایە، شتێکی سرووشتیە کە دۆستایەتی‌یەکانو رێکەوتنەکانو پێکەوە ژیانەکانو روانینەکان، هەر هەموویان دەگۆڕێن. جیا لە هەمووی ئەمانە، هیچ واقعییەتێکی مێژوویی ناتوانێ ئەوە بسەلمێنێ کە هەمیشە نەتەوەکانی ئێران پێکەوە ژیاون. ئازەربایجانو ئەفغانستان هەر هەموویان جیابوونەوەو دونیاش نەرووخا، بۆچی ناکرێ جیابوونەوە بکرێ. ..

کاک سەعید، رێبەرێکی بە تەواوی واقیع بین بووە، بە هیچ شێوەیەک بە دوای ئەوەوە نەبووە کە بۆ کەموکۆڕییەکان پاساو بهێنێتەوەو، بیانۆ بتاشێت، بەڵکوو هەمیشە زۆر بەراشکاوی قامکی خستۆتە سەر لاوازییەکانو هەوڵی دۆزینەوەی رێگا چارەی داوەو، میکانیزمی پێشنیار کردووە. کاک سەعید بە پێچەوانەی زۆر لایەنو گرووپی ئۆپۆزیسیۆن دەڵێت:" ئەوەی تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

ئێستا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئیسلامی ڕاگرتووە، هێزو نفوزی خۆی نیە، بەڵکوو لاوازی هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنە، واتا هێزی ڕێژیم لە لاوازی ئۆپۆزیسیۆن دایە". هەروەها دەڵێ: " پرشو بڵاویو نەبوونی ڕێکخستنێکی سیاسی لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن، لە ڕاستی دا بۆتە هۆکاری پرشو بلاوی خەڵکی ئێران...، خەڵکی ئێرانیش بێ ئامانجن، واتە ئەم سەرهەڵدانانە ( سەرهەڵدانەکانی ئەو کاتەی چەند شارێکی ئێران) فۆرموولە نەکراونو ویستەکانیشیان دیار نین". کاک سەعید بەشێکی دیکە لە کێشەوگرفتەکانی سەر ڕێگای سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێراندا بۆ نەبوونی باگراوەندی کلتووری دێموکراسیو نەبوونی تێگەیشتنی گشتی لەو جۆرە چەمکانە دەگەڕێنێتەوەو، دەڵێت: "نەهادینە کردنی دێموکراسیو کۆماری پێویستی بە بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری زۆرینەی خەڵکی ئێرانە، کە خاوەنی دواکەوتوویی کلتووریو سیاسین."

کاک سەعید وێڕای گرینگی دان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژ بە ڕێژیمی ئێران، یەکێک لە هەنگاوانە لە پێکهێنانی بەرەدا دەزانی و مەرجەکانی بیمچگرتنی بەرەیەکی دێموکراتو پێشکەوتنخواز لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا بەمجۆرە دەستنیشان دەکات:

**یەکەم:** کۆمارێخواز بێت،

**دووهەم:** دەبێ مافی ڕەوای هەموو نەتەوەکانی ئێران بە فەرمی بناسێ،

**سێهەم:** ئەم بەرە دەبێ ناوەڕۆکی ئەم دێموکراسییە پێشنیار کراوەی خۆی ـ بە بێ ئەوە بچێتە ناو وردەکارییەکانەوە ـ دیاری بکات کە چ شتێک دەخاتە بەردەم خەڵکەوە،

**چوارەم:** پێشکەوتنخواز بێت، واتە لایەنگری دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت، بەرەیەک پێک هاتوو لە هێزو کەسایەتی چەپ".

لە لایەکی دیکەوە، شەهید شەرەفکەندی جگە لە خەباتە هەنووکەییەکەی بە شێوەی خوارەوە باس لە سیستمی داهاتووی دەسەڵاتداری لە ئێرانو چۆنیەتی ڕاوەرگرتن لەو بوارەوە سەبارەت بە کوردستان دەکات:" کاتێک کە دێموکراسی لە سەرانسەری ئێران سەقامگیر بێت، دابەزاندنی ئەم دێموکراسییە لە کوردستانی ئێران، لە فورمی (فیدراڵ) دا دەبێت، کەوابوو دروشمێکی دیارمان هەیە، سەقامگیربوونی دێموکراسی لە ئێران بە شێوەیەک کە هەموو خەڵک بتوانن ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، ئازادانە دەربڕنو چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن. ئەم دێموکراسییە لە

کوردستاندا بە سەرنجدان بە هەڵومەرجی کوردستان بە شێوەی ڕەنگدانەوەی مافی نەتەوایەتی ئەوان خۆی دەنوێنێ. تا ئێستا ئێمە ئەم ویستانەمان لە شێوەی خودموختاری ڕاگەیاندووە، بەلام ئەو کات "لە داهاتوودا" خۆیان "نەسڵەکانی دیکە" دیاریی دەکەن کە ویستەکانیان بە چ شێوەیەک دەبێت". **هەروەها دەڵێت:**

"خەڵکی هیچکام لە ناوچەکانی دیکەی ئێران نابێ خۆیان بە وەکیلو دەمڕاستی خەڵکی کوردستان بزانن. ڕاوبۆچوون دەربڕین سەبارەت بە کوردستان تەنیا پێوەندیی بە خەڵکی کوردستانەوە هەیە". دوکتور وەرگرتنی دەنگی گشتی خەڵکی ئێران لەمەڕ دێموکراسی بۆ ئێرانو خودموختاری بۆ کوردستانو سەبارەت بە یاسای بنەڕەتیو چارەسەری کێشەی کوردستان ڕەت دەکاتەوەو، دەڵێت:" ئێمە ئێرانمان پێ وڵاتێکی فرەنەتەوەیە. ئێران بە تەنیا وڵاتی فارسەکان نیە، وڵاتی ئازەرییەکان، کوردەکان، بەلووچەکان، تورکمەنەکانو عەرەبەکانیشە. کەوابوو لە ئێرانێکی دێموکراتیکدا ئەو مافانەی کە کوردەکان لێ بەشدار دەبن . لە ڕوانگەی ئێمەوە بۆ هەرکام لەم نەتەوانەش بوونی هەیە، لە ئاکامدا لەوانەیە ڕێچارەی گشتی بۆ ئێران سیستمی فدراتیو بێت، کە تیایدا سەرجەم نەتەوەکانی خاوەنی مافی تایبەتی خۆیانن، ئەوەیکە ئێمە تا ئێستا بۆ خودموختاری کوردستان قسەمان کردوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەیکە نەمانویستوە خۆمان بکەین بە وەکیلی نەتەوەکانی دیکە. لە ئێرانێکی ئازاددا کە خەڵک بتوانێ ئازادانە بۆچوونی خۆی دەربڕیو چارەنووسی خۆی دیاری بکات، ئەم سیستمە دەتوانێ بەڕێوە بچێ. ئەم باشترین سیستمە بۆ ئێرانێکی فرەنەتەوە".

سەبارەت بە شەڕی چەکداری چ وەک دەستپێشخەرییەک، چ وەک ئەوەی کە هەمیشە شێوەی خەبات لە لایەن دەسەڵاتی حاکم دیاری دەکرێتو بەرگریی ڕەوا دێتە ئاراوە، ڕەت ناکاتەوەو، بە پێویستی دەزانێت، لەم بارەوە دەڵێ:" خەباتی چەکداری حیزبی ئێمەو تێکۆشانی پێشمەرگەکانمان، تێکۆشانی سیاسییەوە قەت بایەخمان بە شەڕو کوشتنو بڕین نەداوەو، ئامانج لەم چالاکییانە، پێوەندی گرتنی ڕاستەوخۆی ئێمەیە لەگەڵ خەڵکی کوردستان، کە ئامانجێکی سیاسییە. بەڵام چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەم جۆرە تێکۆشانانە قەدەغەو سەرکوت دەکات ئێمەش بە سەرنجدان بە بارودۆخی کوردستانو ناوچەکە دەتوانین بەرگری لە خۆمان بکەین ... ئەمەش مافی بێ ئەملاوئەولای هەر حیزبێکی سیاسیە.. ئەوەی کە ڕێژیم ئیزن ناداتو هەر شێوەیە چالاکییەک بە توندی سەرکوت دەکات. لە ڕووی ناچاری، یان دەبێ واز لە تێکۆشان بێنی یان دەبێ بکەیت.... ئێمە ئەوە بە مافی خۆمان دەزانین تا کاتێک وەڵامی تێکۆشانو داواکانمان سەرکوتو توندوتیژی بێت، بە شێوازی چەکداری بەرەنگاری لە خۆمان نیشان دەدەین"" .. هیچ ڕێگایەک بە ناوی ڕێگای ئاشتیخوازانە ناناسنو لە ناو خۆیانو خەڵکی ئێراندا تەنیا زۆروتوندوتیژی بە حاکم دەزاننو بەس".

هەروەها کاک سەعید سەبارەت بە خەبات لە پێناو مافی یەکسانی ژنانو دەستبەربوونی ویستەکانیان دەڵێت:" لە بیرمان بێت کە خەباتی ئێمە بۆ گەیشتن بە ئازادیو بەختەوەری لایەنی جۆربەجۆری هەیە، کە خەباتی چەکداری لە دژی دوژمنی داگیرکەرو چەوسێنەر تەنیا یەکێک لەوانەیە، خەبات بۆ ئازادیی ژنانیش کە نیوەی کۆمەڵن، یەکێکی دیکە لەو لایەنانەیە

کە گرینگییەکی لە خەباتی چەکداری بۆ ئازادیی گەلی کورد کەمتر نییە."

شەهید شەرەفکەندی وەکوو بیرمەندێکی ئاکادمیست کە سەر بە نەتەوەیەکی بندەستو زۆڵم لێکراو بوو، وێڕای دژایەتیی تەواو لەگەڵ دیاردەی تیرۆرو تیرۆریزم، هاوکات ئەو پێناسانە کە وڵاتانی زلهێزو سەرکوتکەر بۆ تیرۆر دایاننابووو بەو ڕێگەیەوە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانیان بە تیرۆریزم ناوزەد دەکرد، ڕەت دەکردەوەو بە چەواشەکاریی لە قەڵەم دەدا، شەهیدی ڕێبەر دەڵێت:" زۆرداران بە کەیفی خۆیان هەرچی بە زەرەریان بووەو لە دژی خۆیان بووە، بە تیرۆریزمیان داناوەو حکوومەتیان کردوەو هەرچی بۆخۆیان کردوویانەو بە قازانجی خۆیان دیتوە، بە ڕەوایان زانیوە. بۆ نموونە: حکوومەتە دیکتاتۆروسەرەڕۆکان بە مەیلی خۆیانو تا ئەو جێگایە دەستیان دەڕوا خەڵک دەگرن، ئەشکەنجە دەدەن، دەکوژن، دەربەدەرو ئاوارە دەکەنو زۆرکاری دیکە. بەڵام بە هیچ جۆر ئەوە بە تیرۆریزم ناونابەن، لە بەرامبەردا هەر کات کەسێک یان تاقمێک لە ناچاری دژی زەبروزەنگی حکوومەتو تاقمی زۆردارو دەسەڵاتدار ڕاپەڕێو بە ناچار دەست بۆ چەکو کاری توندوتیژی بەرێ، ئەوەی دەستبەجێ ناوی تیرۆریزمی لە سەر دادەنرێو هاواری مەحکوومیەتی بۆ بەرز دەبێتەوە"... بۆچی ئەنواعی حکوومەتە سەرەڕۆو وردو درشتەکانی دنیا حەقیان هەیە لە زەبروزەنگ هەرچی پێیان خۆشە سەبارەت بە خەڵک بیکەن. بەڵام ژێردەستو ژێر چەپۆکە کە هیچ ڕێگایەکیان نیە بۆ بەربەرەکانی، غەیری پەنابردن بۆ چەکوکاری توندوتیژ، هەقیان نیەو کارەکانیان بە ناوی تیرۆریزم مەحکوومە"...

لە لای دوکتور شەرەفکەندی سەرچاوەی هەموو هێزوتواناکان گەلەو، ئەگەر شۆڕشێک نەتەوەی لە پشت بێتو پێوەندیی ڕاستەوخۆو نەپچڕاویان پێکەوە بێتو، شۆڕش بتوانێت وێڕای گەیاندنی پەیامی خۆی بە کۆمەڵانی خەڵک، ویستوداخوازییەکانی ئەوانیش لەبەرچاو بگرێو، بۆ وەدیهێنانیان تێبکۆشی، سەرکەوتن مسۆگەرە. بۆ ئەم کارەش متمانە بەخۆبوونو پشتی یەکترگرتن بە سەرەکیترین بنەما دەزانێ، بۆیە دەڵێت:" ئەگەر بمانهەوێ هەموو دەرسەکانی دوکتور قاسملووی ئەمر لە یەک دەرس دا کورت بکەینەوە، ئەم دەرسە ئەوەیە کە سەرنجی ئێمەی بۆ هێزی خۆمان ڕاکێشاو، تێگەیاندین کە ئەگەر دڵنیایی‌مان بە خۆمان بێو، پشتی یەکتر بگرین، خاوەنی چ تواناییەکی گەورەین کە پەیکەری زۆرداران وە لەرزە دەخاو تووشی پەلەقاژەی مەرگیان دەکا."


**هەروەها لە ڕوانگەی شەهید شەرەفکەندی :" پێوانەی هەموو شتێک ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکە."**

سەرچاوە: ژانی گەل وێبلاگی نووسەر - ڕێکەوتی: ١٥ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتور سەعید بوێرانە پشتیوانی لە بیرۆکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم"ی کرد.



ئەحمەد شێربەگی

باس لە کەسایەتیی دوکتور سەعید پێویستیی بە دەرفەتێکی زیاتر هەیە و لە نووسراوەیەکی کورتدا مەحاڵە بتوانم باسی هەموو لایەنەکانی ژیانی بکەم، بۆیە ناچارم زۆر بە کورتی تەنیا ئاماژە بە یەک روانگەی ناوبراو بکەم کە بە لای من دیارترین و گرینگترینیانە و دەکرێ بڵێم کە سترۆکتور و چوارچێوەی هزریی دوکتور شەرەفکەندی لەسەر ئەم روانگەیە شکڵی گرتبوو، ئەویش بیری نەتەوەییخوازی و کوردایەتی ناوبراو بوو.

هەموومان دەزانین دوکتور سەعید لە نێو چوارچێوەی بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەری کورددا چاو هەڵدێنێ. هێشتاکانە منداڵە کە ئاگری شەری دووهەم عالمگر دەبێ و بڵێسە دەسێنێ. نازیسم لە ئاڵمان و فاشیسم لە ئیتالیا شکست دێنێ. هێزی هاوپەیمانان واتە سوپای سۆڤییەتەکان لە باکوور و ئینگلیسییەکان لە باشوور خاکی ئێران داگیر دەکەن، رەزاشا لە کورسیی دەسەڵاتی سەڵتەنەت دەخرێتە خوار و دوور دەخرێتەوە، شنە بای رزگاری لە زۆرێک لە وڵاتان دەست پێ دەکا و بیری سەربەخۆیی‌خوازیی گەلانی چەوساوە و یەک لەوان گەلی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێران دەبووژێتەوە و بە جۆرێک کە دامەزرندانی کۆماری کوردستان لە مەهابادی لێدەکەویتەوە.

لەلایەکی دیکە دوکتور شەرەفکەندی برا چووکەی عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی، "مامۆستا هەژار" شاعیری نیشتمانی کۆماری کوردستانە. کارتێکەریی کەسێکی وەک مامۆستا هەژار و دیتنی شەکانەوەی ئاڵای کۆماری کوردستان لەسەر دام و دەزگاکانی حکوومەتی و چوونی بۆ قوتابخانەی کوردی و خوێندن بە زمانی زگماکی و بیستنی سروودی نەتەوایەتیی "ئەی رەقیب"،

## بەشی دووهەم

دەبنە هۆی ئەوە کە دوکتور شەرەفکەندی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە مێشکی پڕ بێ و تێکەڵ بە کەشی سیاسی و کوردایەتی بێ و یەکەم بەردی بناغەی کۆشکی کوردایەتی لە دەروویندا دابمەزرێ. بە جۆرێک کە چ ئەو کاتەی دەبێتە مامۆستا و لە بوارە جۆربەجۆرەکانەوە وانەی کوتووەتەوە، چ ئەو کاتانەش بە کردەوە دێتە مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی خۆی بە ئاشکرا دەست پێدەکات و پاشان دەبێتە کەسی یەکەمی حیزب، ئەو بیری نەتەوەخوازییە بە تەواوی لە هەستان و دانیشتن و نووسین و گوتارەکانیدا دەردەکەون.

دوکتور شەرەفکەندی شارەزایی‌یەکی تەواوی لە سەر مێژووی کورد هەیە و و خوێندنەوەیەکی زانستییانەی لەسەر مێژووی سەرهەڵدان و تێکشکانی بزووتنەوەکانی کورد دەدا بەدەستەوە. ئەو لە نووسینی "کورتە مێژوویەک لە جووڵانەوەکانی کورد" دا ئاماژە بە هۆکارەکانی سەرهەڵدان، کەمایەسییەکان و تێکشکانەکانی ئەو جووڵانەوانە دەکا، هەر بۆیە لە گۆڕەپانی بە کردەوەدا بە دیدێکی زانستییانە و واقیع‌بینانە دەڕوانێتە داهاتووی کورد.

دوکتور شەرەفکەندی بۆ دابین کردنی مافی چارەنووسی کورد لە ئێرانی داهاتوو ناچێتە ژێر ئاڵای هیچ بەرەیەکەوە کە لایەنەکانی ئەو بەرەیە باوەڕیان بە چارەسەری مافی نەتەوایەتی نەبێ. زۆر لێبڕاوانە خەتێکی سوور بەسەر بیری سەڵتەنەتخوازیدا دەکێشێ و بۆ هەمیشە ئەو سیستەمە بۆ داهاتووی ئێران ڕەت دەکاتەوە. ناوبراو بە خوێندنەوەیەکی ورد کە لەسەر ئەم چەمکە هەیەتی دەزانێ کە دابین کردنی مافی نەتەوایەتی و دیاری کردنی چارەنووس لەگەڵ بیری دواکەوتوانەی سەڵتەنەتی لە ناتەبایی دایە و بە هیچ شکڵێک ناتوانێ خۆی لەگەڵ سیستمی پلۆرالیزمی سیاسیی گەلانی ئێران بگونجێنێ. پاشان زۆر لێبڕاوتر و شەفافتر لەمە لەسەر مافی نەتەوەی کورد لە ئێراندا دەدوێ و بێ ئەوەی هیچ شک و گومانێک لای کەس دروست بکات زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێ: ئەوە ڕاستە کە ئێران بە درێژایی مێژوو لە یەکگرتوویی نەتەوە جیاجیاکان پێکهاتووە، بەڵام هیچ شتێک هەتاهەتایی نییە. چ هۆیەک هەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر چەند نەتەوە ١٥٠٠ ساڵ پێکەوە ژیان، نەکرێ لێک جیا بنەوە و جیا لە یەکتری بژین؟ مەسەلەکە ئەو هەلومەرجە کە ئەمڕۆ لە ئارادایە.

دوکتور شەرەفکەندی نەترسانە و لە رووی ئاگاهییەوە باوەڕی تەواویی بە سەربەخۆیی و بە یەکپارچەیی کوردستان هەیە. ئەو کاتەی کەسی یەکەمی حیزب بووە بە بێ ترس و دڵەڕاوکێ یارمەتیدەری ئەو بەشەی کوردستان بووە کە پێویستیی بە یارمەتی حیزبی دێمۆکرات بووە. زۆر جار لەو جێگایەی پێویست بووە قازانجی نەتەوەیی وە پێش قازانجی حیزبایەتی داوە، هەر چەند لەم ڕێگایەشدا باجی بۆ داوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

**دوکتور شەرەفکەندی لە رێورەسمی ١٠ساڵەی دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەڵێ:**

دەبێ شانازی بە خۆمان بکەین کە کوردین. خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی خەباتێکی پیرۆز و ڕەوایە. تەنیا کوردە ئەمڕۆ بە کردەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا بۆ ئازادی خوێنی دەڕژێ و قوربانی دەدا. کە واتە هیچ کەس ناتوانێ لە ئێراندا خۆی بەسەر کورددا فەرز بکات. من وەکوو کورد نە لە هیچ کەسێکی کەمترم نە زیاتر...

ئەو گوتارەی دوکتور شەرەفکەندی ئەو کاتە گرینگی خۆی دەردەخا و بایەخی دەردەکەوێ کە لەو سەردەمەدا هێڵە فیکرییەکانی چەپی کلاسیک لە قاڵبی سوسیالیزمی مەوجوددا باڵی بە سەر کەشی سیاسی ئێراندا کێشا بوو و بیری نەتەوەخواز ی و دیاری کردنی مافی چارەنووس لە روانگەی زۆرێک لە هێز و لایەنە ئێرانییەکانی سەر بەم رێبازە فکرییە ئێرتجاعی و دواکەوتوانە پێناسە دەکرا.

دوکتور شەرەفکەندی لەو سەنگەرەشەوە بێ ئەوەی بکەوێتە ژێر تەوژمی ئەو تێئۆریانە، لەبیری نەتەوەخوازی بە هەموو توانایەوە دیفاعی دەکرد و هەڵوێستی دەگرت. لەدواییدا راستیی و دروستیی ئەم بیرەی دوکتور شەرەفکەندی بۆ هەموو لایەکی سەلمێنرا و دەرکەوت و دیتمان چۆن هەستی نەتەوەیی و سەربەخۆییخوازی لە نێو گەلانی بلۆکی شەرقدا کە زیاتر لە حەفتا ساڵ بێدەنگ و کپ کرا بوون تەقیەوە و بوو بە هۆی هەرەس هێنان و هەڵوەشانی ئەو بەرەیە و جیابوونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەر بەخۆی خۆیان.

بۆ ئەوەی باسەکە کۆتایی پێ بێنم دەڵێم: شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی کوردێکی دێمۆکراتی چەپ بە مانای تەواوی وشە بوو. باوەڕێکی یەکجار قووڵی بە دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دادپەروەرانە لەسەر بنەمای سۆسیالیزمی دێمۆکراتیک هەبوو. بۆ ئەم مەبەستەش زۆر لێبڕاوانە و بوێرانە پشتیوانی لە بیرۆکەی "کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم" کرد کە لەلایەن شەهیدی سەرکردە دوکتور قاسملووی زانا لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب هاتە گۆڕێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠١٢



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بابەتی ساڵی: ٢٠١٣

# شەرەفکەندی، ئەو پیاوەی گەورەیی بە مردن بەخشی



**وریا رەحمانی**

بەشێکی گرنگ و سەرەکیی مێژووی سەروەرییەکانی هەر نەتەوەیەکی زیندوو، بەستێنی گێڕانەوەو نوێنگەی ژیانو ئەندێشەی کەسایەتییە تایبەتو مەزنەکانیەتی. جاری وایە کە مێژوو خۆی لە توێی لاپەڕەکانی پەرتووکی ژیانی ئەو گەورەپیاوانەدا دەبینێتەوە. هەندێ جار ئەندێشەو مێتۆدی کرداریی مرۆڤە بلیمەتەکان رەوتی سەرەکیی ژیانی نەتەوەیەک دەگۆڕێو لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی دیکەی رێنوێنی دەکا. مێژووی سیاسیی کوردو بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کوردستان بەتایبەت لە یەک سەدەی رابردوودا بە جۆرێکی دانەبڕاو لەگەڵ کەسایەتیو ژیانی گەورەپیاوانێک گرێ دراوە کە هەرکامەی لە جێی خۆیدا ئالاهەڵگر و پاڵنەری سەرەکیی بەشو قۆناغێکی گرنگی مێژووی خەباتی ئەم نەتەوەیەن. حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک جیددیترینو سەرەکیترین جەریانی سیاسیی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەو لاپەڕە زێڕینانەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کوردستانە کە نوێنگەی درەوشانەوەو گەشەی ئەو قارەمانو کەسایەتییە مەزنانەیە کە شوێن پەنجەو کارگەرییان نەتەنیا هەر لە حیزبی دێموکراتدا بەڵکوو لە پەیکەرەی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی گەلی کورد لە گشت کوردستاندا بۆ هەمیشە بە یادگار ماوەتەوە. ئەگەر قازی محەممەد وەک دامەزرێنەرو پێشەوای حیزبی دێموکراتو سەرکۆماری کوردستان، دوکتور قاسملوو وەک بووژێنەرەوەو مێعماری سەرەکیی بونیادنانەوەی حیزبو بزووتنەوەی کورد، نەخشی سەرەکیو

حاشاهەڵنەگریان هەیە، هەرگیز ناکرێ لە نەخشو کاریگەریی مامۆستایانەو ئەکتیڤی دوکتور شەرەفکەندییش وەک درێژەدەرێکی راستەقینەو بەڵێندەری بەردەوامیی ڕەوتی خەبات چاوپۆشی بکرێ. دوکتور سادقی شەرەفکەندی کە لە نێو کۆڕی هاوڕێیانی حیزبیدا بە دوکتور سەعید ناوی دەکردبوو لە دژوارترین هەلومەرجی رۆژەکانی سەختی خەباتی میللی دیمۆکراتیی خەڵکی کوردستان بە دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامیدا ئەرکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی وەئەستۆ گرت. لەلایەکەوە کۆماری ئیسلامی دوای تەواوبوونی شەڕ لە نێوان ئێرانو عێراقدا زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی بۆ بەرەی شەڕی کوردستان ناردبوو و لەلایەکی دیکەشەوە تیرۆری دوکتور قاسملوو خۆی گورزێکی کاریگەری لە پەیکەری حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی کوردستان دابوو. هەر بۆیەش هەلومەرجی ناسکو دژواری ئەو کات ڕێبەرێکی لێوەشاوەو زاناو بلیمەتی دەویست کە هەم ئاگری کوورەی خەبات بە گەشاوەیی بێڵێتەوەو هەم حیزبو بزووتنەوە مافخوازانەکە بەرەو پێش بەرێ‌و نەهێڵێ نەبوونی دوکتور قاسملوو بارێکی مەنفی لە سەر بەردەوامیی خەباتەکە دابنێ. لێرەدا بوو کە دەوری میحوەریو ئازایانەی دوکتور سەعید بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر بۆ دۆستو دوژمن دەرکەوتو هەمووان پەی‌یان بە بەرحەقبوونو لێوەشاوەیی زێدەی دوکتور شەرەفکەندی برد. ئەگەرچی ماوەی ڕێبەرایەتیی دوکتور سەعید وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات کورتخایەن بوو و، تاریک‌پەرستان زۆر زوو هەستیان بە گەورەیی‌و لێوەشاوەیی زێدەی ئەم ڕێبەرەی حیزبو گەل کرد، بەڵام هەر لەم ماوە کەمەشدا ئاستی بەرزی تێگەیشتوویی سیاسی‌و مودیرییەتی‌و هونەری بەرزی دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی وەک سیاسەتمەدارێکی بەتواناو رووناکبیر بۆ هەموو لایەک دەرکەوت.

دوکتور سەعید باوەڕی قووڵی بە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ هەموو گەلانی دنیا بەتایبەت بۆ گەلی کورد هەبوو کەچی بە پێی ئەو هەلومەرجە تایبەتو جیاوازەی کە هەر پارچەیەکی کوردستان لە بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ حکوومەتە ناوەندی‌یەکاندا هەیەتی پێی وابوو کە چارەسەری پرسی کورد لە ئاستە بەرینو گەورەکەی خۆیدا لە پێشدا پێویستیی بە ڕێکارو چارەسەری تایبەتی هەر پارچەیەک هەیە، هەربۆیەش وەک پرەنسیبو ئەسڵێکی بنەڕەتیی سیاسی، باسی لە سەربەخۆیی سیاسیی هەر حیزبو پارچەیەکی کوردستان دەکردو تەنانەت لەوکاتەشدا کە خەبات لە چڵەپۆپەی خۆیو حیزب لەوپەڕی بەهێزیدا بوو، هەرگیز ئەو ئەسڵە ئەساسی‌یەی نەخستە ژێر پێ‌و پرەنسیپی سیاسیی ڕەچاو دەکرد. باوەڕی پڕاکتیکخوازانەی دوکتور شەرەفکەندی بە بەشداریو لە مەیدان‌دابوونی چینو توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە خەباتی بێ‌پسانەوە، و بەردەوامی نەتەوەییدا بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد لە خاڵە بەرچاوو سەرنجڕاکێشە سیاسی‌یەکانی ئەو ڕێبەرە بلیمەتەی کورد بوو کە ئەمە ڕەهەندێکی والای پرستێژ و کەسایەتیی کەموێنەی پێ‌بەخشیبوو. هەوڵی بێدرێغی دوکتور سەعید بۆ هاوکاریو هاوخەباتبوونی هێزو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوەی بەرەیەکی پێشڕەو و یەکگرتووی واحیددا سەرنجی زۆری سیاسەتمەدارانی نێوخۆ و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

دەرەوەی بەرەو خەباتی حیزبی دێموکراتو بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کەسایەتیی چالاکی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتەیە ڕاکێشابوو. کەسایەتیو لێوەشاوەیی بەرزی سیاسیو ڕێبەریو دیپلۆماسیی دوکتور شەرەفکەندی زۆر زووتر لەوە کە دوژمنانی کورد بیریان لێدەکردەوە برینی لەدەستدانی شەهید دوکتور قاسملوی سارێژ کردەوەو بە گوڕوتینێکی زۆرەوە ڕەوتی بەرەوپێشی خەباتی بەرەو پێشتر برد. هەربۆیەش ماشێنی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمجارەشیان بۆ کردەوەیەکی شوومی دیکە دووبارە وەگەڕ کەوتەوەو لە ڕێکەوتی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاویدا لە شاری بێرلینی ئەڵمان دوکتور سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، کاک فەتاحی عەبدولی ئەندامی ڕێبەریی حیزب، کاک هومایوون ئەردەڵان تێکۆشەری حیزبو نووری دێهکوردی دۆستی حیزبی دیموکراتیان تیرۆر کردو حیزبی دێموکراتو گەلی کورد بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ کۆستێکی دیکە ڕووبەڕوو بوونەوە.

دوکتور سادقی شەرەفکەندی ساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە گوندی تەرەغەی بۆکان لەدایک دەبێ. خوێندن لە بۆکانو مەهابادو تەورێز تەواو دەکا. لە دانشسەرای پەروەردەی مامۆستایان لە تاران لیسانسی شیمی وەردەگرێو پاشان بە مەبەستی خوێندن دەچێ بۆ وڵاتی فەڕانسەو لەوێ لە زانکۆی ژمارە شەشی پاریس دوکتوڕای شیمی وەردەگرێ. هەرلەوێش لەگەڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دوکتور قاسملووی نەمر ئاشنا دەبێو دەبێ بە ئەندامی حیزب. پێش کۆنگرەی ٤ی حیزبی دێموکرات وەک ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێو لە کۆنگرەی چواردا دەبێتە ئەندامی کومیتەی ناوەندی. زۆر بە خێرایی پەیژەکانی سەرکەوتن لە نێو حیزبدا دەپێوێو دەبێتە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، لە ساڵی ١٣٦٥ەوە تا کاتی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو پۆستی جێگیریی سکرتێری گشتیی لە ئەستۆ دەبێ. دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو بە سکرتێری حیزب هەڵدەبژێردرێو پاش کۆنگرەی ٩ ش دووبارە وەک سکرتێری گشتیی حیزب هەڵدەبژێردرێتەوەو تا کاتی شەهیدبوونی لەم پۆستەدا دەمێنێتەوە. دوکتور شەرەفکەندیی نەمر نەتەنیا بە ژیانی بەڵکوو بە مەرگیشی لاپەڕەیەکی زێڕینی لە پەڕتووکی پڕ لە شانازیی سەروەرییەکانی نەتەوەییدا بۆ گەلی کورد تۆمار کرد و گەورەیی بە مردن بەخشی.

لە ژمارە ٦١٦ی ڕۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# دوکتور شەرەفکەندی، بەڕێوەبەری و ڕێبەری



**شکۆفە قوبادی**

کات بەخێرایی تێدەپەڕێت. بیست و یەک ساڵ لەو حەرەکەتە تیرۆریستی و دژی مرۆڤایەتییەی کۆماری ئیسلامی تێپەڕیوە. لە دوای ئەوە هەموو ساڵێک سمینار و بەرنامە بۆ یادکردنەوە و ڕێزگرتن لەو شەهیدانە بەڕێوە چووە و بە شێوازی جیاواز باس لە ژیان و خەباتی د. سادق و هاوڕێیانی کراوە. لەسەر چۆنیەتیی شەهیدکرانی و هەروەها کاریگەریی لەدەستدانی د. سەعید بۆ حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد بە گشتی و هەروەها ئامانجی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە تیرۆری ڕێبەرانی حیزب لە ڕوانگەی جۆراجۆر باس و لێکدانەوە کراوە.

من هەوڵم داوە کە ئەو تایبەتمەندییانەی د. سەعید چ وەک تاک و چ وەک ئەندامێکی ڕێبەرایەتی حیزب لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی زانستی لە سەر ڕێکخراو و نەقشی ڕێبەرایەتی زۆر بە کورتی بخەمە بەرباس.

لە ساڵی ١٩٥٠ هەتا ئێستا ئاڵوگۆڕێکی زۆر بە سەر شێوازی پێناسەکردنی ڕێبەرایەتی هاتووە. لە ساڵەکانی ٥٠ ڕێبەرایەتی زیاتر لە شێوازی ئەمر کردن و دەستور کەڵکی وەردەگرت و ئەندامانی ڕێکخراوەکە تەنیا دەبا بەڕێوەبەری بڕیار بان. دواتر باس لەسەر زانستی پێوەندی کۆمەڵایەتی بوو بە بەشێکی گرینگ لە تایبەتمەندییەکانی ڕێبەرێکی باش کە هەم بتوانێ بەڕێوەبەر بێت و هەم ڕێبەر. ئێستا ڕێبەری باش بەپێی زانستی ڕێبەرایەتی ئەوەیە کە بە شێوازی دێموکراتیک کار بکات و بتوانێ خەڵک لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ڕێگا بۆ پەروەردەکردنی سەرمایە مرۆییەکان لە نێو ڕێکخراوەکە خۆش بکات و توانایی ئەوەی هەبێت کە ئەندامەکانی هان بدات کە بە باشترین شێوە کارەکان بەڕێوە بەرن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

**Kotter که پرۆفسۆرێکی بەناوبانگ له زانستی مۆدیریەته دەڵێ که رێبەری له ٣ بەش پێک هاتووه:**

**١- دارِشتنی رێباز**
**٢- کۆکردنەوەی مرۆڤەکان له دەوری یەک ئامانج**
**٣- ئەنگیزه دان و ئیلهام دان به خەڵک.**

**هەر بەرپرسێک رێبەر نییه و یەکێک له جیاوازییەکانی نێوان بەرپرس و رێبەر ئەوەیه که رێبەر بڕیاری راست و دروست دەدات و بەرپرس بڕیارەکان به دروستی بەڕێوه دەبات.**

**رێکخراوەیش وەکوو بەشێک له کۆمەڵگا پێویسته لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگا بەرەوپێش بڕوات و خۆی لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانه رێک بخات بۆ ئەوەیکه بتوانێ هەم خەڵک به لای خۆیدا راکێشێ و هەمیش ئەندامەکانی خۆی له دەست نەدات. رێبەرایەتییەکی مۆدێرن پێویسته هاوکات چاو له داخوازیی ئەندامەکانی بۆ ئاڵوگۆر له نێو رێکخراوکه بکات و به شێوەی گونجاو وەڵامدەری ویستی ئەوانیش بێت.**

**ئەرکی رێبەری و رێبەرایەتی ئەوەیه که هەموو کات چاو له شێوازی بەشداری و چۆنیەتیی بەرەوپێشچوونی کارەکان له نێو رێکخراوەکەدا بکات و رادەی چالاکبوونی ئەندامەکان هەڵسەنگێنێ. ئەگەر له رێکخراوێکدا ئەندامەکان بەپێی پێویست چالاک نەبوون رێبەرایەتی ئەو رێکخراوه ئەرکی ئەوەیه که بزانێ هۆیەکانی ئەوه چییه و هەوڵ بدات بۆ ئاڵوگۆڕ له شێوازی کار و هێنانه سەر کاری شێوازی نوێ بۆ ئەوەی که بتوانێت ئەندامەکانی چالاک کاتەوە و له تواناکانی ئەنداماکەنی ئەوپەڕی کەڵک وەربگرێت.**

**د. توماس گۆردۆن که دەروونناسێکی ئەمریکاییه بۆ یەکەمین جار باس و لێکدانەوەی لەسەر مێتۆدی پێوەندییەکان و چارەسەرکردنی گرفتەکان دەکات.**

### تایبەتمەندیەکانی دیکەی رێبەر بریتییه له:

**٭ فەزایەکی کراوه و شەفاف که ئەندامەکان و رێبەرایەتی بتوانن پێکەوه سادقانه و ئاواڵه قسه بکەن.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

* هەردوو لا هەست بەوە بکەن کە لایەنی بەرانبەر دڵسۆز و خەمخۆرە.
* وابەستەگیان بە یەکتر نەبێت. بتوانن سەربەخۆ کار بکەن.
* ئازادی کەرەستەیەکی پێویستە بۆ ئەوەی کە مرۆڤەکان بتوانن گەشە بکەن و هێزی داهێنانی خۆیان پیشان بدەن.
* ئاواڵە بوون و شەفافییەت بە شێوەیەک کە کاتێ کێشەیەک دێتە پێش، بە شێوەیەک کێشەکە چارەسەر کرێت کە لایەنێ بە تەنیا تێیدا زەرەر نەکات.

### لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر شێوازی رێبەرایەتی کراوە جیاوازییەکان و ئاکامی ٣ شێوازی رێبەری کردن ئاوا پیشان دەدات:

* ئاکتۆریتەر کە لەوێدا رێبەر تەنیا بۆ خۆی بڕیاردەرە و زۆر کەم لەگەڵ ئەندامانی راوێژ دەکات. مەودایەک لە نێوان رێبەر و ئەندامان هەیە و هەموو وردەکارییەکان لە لایەن رێبەری دیاری دەکرێت. تەشویق و رخنە زۆرجار شێوەی بەرخوردی شەخسی بە خۆیەوە دەگرێت. ئاکامی ئەم شێوەیە ئەوەیە کە کارەکان بە زوویی دەڕواتە پێش.

* شێوەی دێموکراتیک ئەوەیە کە ئەندامەکان چالاکانە بەشداری گەلاڵەڕێژی و بەڕێوەبردنن. رێبەری یارمەتیدەرە بۆ ئەوەیکە هەموو تواناکان وەگەڕ بخات و هەر کەس پێویستی بە یارمەتی بێت یارمەتیی بدات. رخنەکان بەرانبەر بە شێوازی کارە و نەک تاک. رێبەر و رێبەرایەتی هەوڵ دەدات کە کارەکان بە باشی بڕواتە پێش و کێشەکان بە شێوەیەکی باش و لە رێگای تێگەیشتنێکی هاوبەش چارەسەر دەکرێت.

* دوایین شێوە ئەوەیە کە رێبەر و رێبەرایەتی پاسیڤە. هەتا پرسیاریان لێ نەکرێت رێنوینی و ئاگاداری بە ئەندامان نادەن. رێبەرایەتی رخنە لە کاری کەس ناگرێت و هەر کەس بە هەر شێوەیەک پێی خۆش بێت کار دەکات و کێشەکان هەروا بە بێ چارەسەری دەمێننەوە.

### لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر رێبەری کاریزما و رێبەرایەی کاریزمایی کراوە کە ٤ تایبەتمەندی بۆ دەسنیشان دەکرێت:

* بەرهەمی کارەکان لە لای هەموو ئەندامان زیاتر لە ئاستی باوە.
* ئەندامان باوەڕ و متمانەی زۆریان بە رێبەرەکەیان هەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

* ئیدە و پێشنیارەکانی رێبەر بە دڵ ئاوەڵایی لە لای ئەندامان جێگە دەگرێت.

* هەم رێبەر و هەم ئەندامان ئامادەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان قوربانی بدەن و لە بەرژەوەندی تاکیی خۆیان چاوپۆشی بکەن.

بۆ ئەوەی کە رێبەرایەتییەکی کاریزما بتوانێ لە نێو رێکخراوێکدا ببێت پێویستی بە ئامانجێکی دیاریکراو هەیە کە یەکێک لە ئەرەکەکانی رێبەری کاریزمایە کە کاتێکی یەکجار زۆر بۆ فرمووله کردنی ئامانجەکە تەرخان دەکات. بەشێکی دیکەی ئەرکی رێبەرێک ئەوەیە کە بە شێوەیەک لەگەڵ ئەندامان هەڵسوکەوت بکات کە ئەندامان بە شێوەیەکی روون بتوانن خۆیان لەو ئامانجەدا بناسنەوە و بۆ وەدیهاتنی هەوڵ بدەن.

تایبەتمەندی رێبەرێکی کاریزما ئەوەیە کە بۆ خۆی ریسک و مەترسییەکان قەبووڵ بکات. باوەڕ بەخۆبوون و هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرامبەر ئەندامان، یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی رێبەرێکی کاریزمایە کە ئەویش لەو رێبەرە شەهیدانەی ئێمە بە روونی دیار بوو.

تایبەتمەندیەکی دیکەی رێبەرێکی کاریزما ئەوەیە کە لە پێوەندی لەگەڵ دەوروبەری خۆی بتوانێ خێرا دژکردەوەکان بخوێنێتەوە و لێیان تێبگات.

لە زانستی مودیرییەت باس لە جیاوازی لە نێوان رێبەری کاریزمای پێکهێنەر و رووخێنەر دەکرێت.

ئەو دوو شێوەیە تایبەتمەندی وەکوو یەکیکان زۆرە و گەورەترین جیاوازییان بوون یان نەبوونی ئوسولی ئەخلاقییە.

### بوونی نووسولی ئەخلاقی دەبێتە هۆی ئەوە کە رێبەرێک:

* هەوڵ بدات بۆ دروست کردنی عەلاقەیەکی گشتی لە نێو ئەندامان کە لەوێدا نیاز و ئەرزشی خۆیان لە ئامانجەکاندا ببیننەوە.

* هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی هێزی داهێنان و توانایی رخنەگرتنی سازندە.

* پێوەندییەکان بە شێوەی دروست دادەمەزرێت بۆ ئەوەی ئەندامان بە شێوەی ئەرێنی خۆیان پەروەردە بکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

※ ئەندامان بۆ وەرگرتنی رخنەی ئەرێنی و نەرێنی بە دڵ ئاوەڵایی پەروەدە دەکرێن.

※ دان بە توانای هاوکارەکانیان دەنێن.

※ رێبەری هەموو چەشنە زانیارییەک لە ئیختیار ئەندامان دەنێت.

※ ئەرزش و ئوسوولی ئەخلاقی هاوبەش لە نێو ئەندامانـدا هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەنـدامانی رێکخراوەکە عەلاقە بۆ کاری گشتی، قازانجی گشتی و کۆمەڵگا نیشان بدەن.

※ هەوڵ دەدرێت کە ئەندامان بۆ خۆیان بەڕێوبەری ئەرکەکانی خۆیان بن.

نەبوونی ئوسوولی ئیخلاقی لە رێبەرێک دەبێتە هۆی ئەوە کە:

※ تەنیا ئەو ئامانجانە تاقی دەکرێتەوە کە قازانجی شەخسی رێبەری تێدایە.

※ کۆنترۆڵ و کاریگەریی لە سەر ئەندامان بۆ عەلاقەی شەخسی رێبەر یان رێبەرانە.

※ کردەوەکان تەنیا بە قازانجی خۆیانە و نە قازانجی رێکخراوەکە.

※ شێوەی بەڕێوەبەریەکی ئاکتۆریتەر (دیکتاتۆری).

※ هیچ هەستێک لە بەرابنەر ویست و خواستی ئەندامان نییە.

※ بیروبۆچوونی ئەندامان دەکەوێتە بەر رخنە و سانسۆر.

※ پێوەندی یەک لایەنە واتە تەنیا لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە.

※ داواکردن و چاوەڕوانی کە هەموو بڕیارەکان بەپێی ویستی رێبەر یان رێبەرایەتی بەڕێوە بچێت و نیازی کۆنترۆڵ لەسەر هەموو بەشەکان بە زەقی دیارە.

※ چاوەڕوانی فەرمانبەریی کوێرکوێرانە لە ئەندامان دەکرێت.

ئەم شێوە لە رێبەرایەتی دەبێتە هۆی پەرەئەستاندنی کەمتەرخەمیی ئەندامەکان لە بەرامبەر رووداوەکانی نێو ریکخراوەکەدا.

ئێستا ئەگەر چاوێک لە رابردوو بکەین و بە هەڵسەنگاندی هەلومەرج و ئیمکاناتی ئەو کات زۆربەی نزیک بە تەواوی خاڵەکان کە بۆ رێبەرایەتییەکی کاریزما کە سەرچاوە لە ئوسوولی ئیخلاقی دەگرێت و پابەندی بەو ئوسوولەوە هەیە لە "د. قاسملوو و د. سەعید"دا بوونیان هەیە. لەگەڵ گەورە، گەورە بوون و لەگەڵ منداڵ، منداڵ. لە کاتی کار بە تواناوە کاریان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**بەشی دووهەم**

دەکرد و لە کاتی ئازاددا لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی شۆخی و قسەی خۆشیان دەکرد. لەگەڵ باقی ئەندامانی حیزب لە ساڵۆنی نان خواردن نانیان دەخوارد و ڕێگایان نەدەدا جیاوازی لە نێوان ئەوان و باقی ئەندامانی حیزب پێک بێت.

تایبەتمەندییەکی دیکە کە هەم د. قاسملوو و هەم د. سەعید بوویان ئەوە بوو کە سەرمایەگوزارییان لەسەر سەرمایە ئینسانییەکان بۆ حیزب دەکرد. زۆر جار تەماسیان لەگەڵ دۆستان و ناسراوانی خۆیان گرتووە و داوایان لێ کردوون یان ببن بە ئەندام بۆ ئەوەی پێیان وابوو کە حیزب دەتوانێ لە زانست و توانای ئەوان کەڵک وەرگرێت یان پێیان وا بوو کە ئەو کەسانە دەتوانن لە نێو حیزبدا کار بکەن و ئەرکی حیزبی بەڕێوە بەرن. یان ئەگەر نا داوایان لێ کردوون کە تەنانەت با ئەندامی حیزبیش نەبن ئەرکێک بۆ حیزب راپەڕێنن. ئەوەش لە متمانە بەخۆ و باوەڕی ئەوان بە خۆیان و بە خەڵکەوە سەرچاوەی دەگرت.

دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەوان هیچ هەڵەیەکییان نەبوو و لە کاتی ڕێبەرایەتی ئەوان هەموو کارەکان بە باشی ڕۆیشتووەتە پێش. چونکوو ڕێبەرەکانیش مرۆڤن و هەڵە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ و بەم پێیە تەنیا ڕێگا بۆ باشترکردنی شێوازی کار، چاولێکردنێکی رخنەگرانەیە لە رابردوو و هەڵسەنگاندنی ئاکامی کردەوەکان بۆ ئەوەی کە دەرسیان لێ وەرگرین، بۆ ئەوەی ئەو هەڵانە دووپات نەکەینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## لە یادی ٢١ ساڵەی تیرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی دا



**برایم چووکەلی**

بیست و شەشی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٢، بیست و یەک ساڵ بە سەر کارەساتی شەهیدبوونی دوکتور «سادق شەرەفکەندی» و هاورێیانی بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە برلینی ئاڵمان تێدەپەرێ. لە ماوەی ئەو ٢١ ساڵەدا حیزبی دیموکرات زۆر قوناخی سەختودژواری تێپەر کردوە، هەر بۆیەش ئێستاش رێژیمی ئاخوندی نوکی قەڵەمە ژەنگاوی‌یەکانی خۆی، لە رێگای جۆراوجۆرەوە لەو حیزبە نیشانە گرتوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەو کاتەدا سەرەرای دەست بردن بۆ هەموو چەکێکی سەرکوت، نەیانتوانی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد بە چۆکدا بێنن.

بە دوای تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو لە ئوتریش لە ساڵی ١٣٦٨ی هەتاویدا رێژیم زۆری حەول بۆ تێکشکانی جووڵانەوەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتدا. بەڵام دوکتور سەعید لە ریزی پێشەوەی رێبەرانی حیزبدا کە لەکورەی خەباتی نەتەوەی کورددا قاڵ ببوو، توانی لە بەرامبەر کارەساتێکی ئەوتۆدا خۆڕاگر بێ و توانی ئەم بۆشاییە گەورە لەحیزبدا پڕ بکاتەوەو پیلانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە نسکۆ هێنانی خەباتی حیزبی دێموکرات بوو، پووچەڵ بکاتەوە.

دوکتور سەعید بە پشت بەستن بە رۆڵێک کە لەجووڵانەوەو لە رێبەری حیزبی دیموکراتدا هەیبوو و بە لێوەشاوەیی و مودیرییەتی کەم وێنەی خۆی زۆر زوو توانی هەم لە نێو حیزب، هەم لە نێو رێکخراوەکانی ئێرانی، هەم لە نێو کۆمەلانی خەلک، ئەو راستییە بسەلمێنێ ئەگەرچی حیزبی دیموکرات رێبەرێکی بە توانای لە دەست داوە، بەڵام دەتوانێ لە مەیدانی

خەباتدا هەروا خۆڕاگر بمێنێتەوە. دوکتور سەعید کە ڕێبەرێکی خۆشەویست، دوای دوکتور قاسملوو لە ڕاستیدا ئەو کلێنە گەوەری پڕ کردبووەو خەڵک هەستی بە دڵنیایی دەکرد.

تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە باشتر ئەو ڕاستییەی سەلماند کە حیزبی دیموکرات لەمەیدانی خەبات بە کردەوەدا و چقلی چاوی ڕێژیمی ئاخوندییە. ڕێژیم بۆیە دەستی برد بۆ ئەو کارە قێزەونە بە هەموو نرخێک حەولی دەدا داری بەرزی ئەو خەباتەی حیزبەکەمان پێشرەویەتی خاشەبڕ بکا کە هیچکات نەیانتوانی ئاگری گەشاوەی بزووتنەوە خەلکی کوردستانو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات دامرکێنێ.

تیرۆری دوکتۆر شەرەفکەندی بۆ حیزبی دیموکرات، بە تایبەتی لەهەلومەرجی ئەوکات دا کە هێشتا برینی تیرۆری دوکتور قاسملوو سارێژ نەببوە، زەبرێکی قورس بوولە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڵام بوو بە پەڵەیەکی ڕەشی دیکە بە نێو چاوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و ئەو ڕێژیمەی لەنێو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا ئەوندەی دیکە بێزراو کرد.

لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا وەک جینایەتەکانی دیکەی ڕۆڵی جینایەتکارانەی خۆی لەو تیرۆرە دا بشارێتەوە. بەڵام ئەمجارە نەیتوانی ئەو تاوانە لە سەر خۆی لاببا و، کارەساتی ریستورانی میکونووس بووە هۆی ریسوایی نیونەتەویی کۆماری ئیسلامیو ڕێبەرانی پلە یەکی ئەو ڕێژیمە.

ئەوەتا پاش بیستویەک ساڵ یەکێک لەسەرانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی هاشمی رەفسەنجانی رادەگەیەنێ کە کارەساتی میکونووس باڵی توندڕەوی نێو دەسەڵات کردوویەتی.

لە ژمارە ٦١٦ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٣



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دوکتۆر شەڕەفکەندی ئینتلێکتوێلێکی خەباتگێڕ.!



**برایم لاجانی**

لەسەرەتادا گەرمترین سڵاو لە ئێوە هاوڕیان و دۆستانی بەشدار لەم کۆڕی یادوبیرەوەریەدا دەکەم کە بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کارەساتی میکۆنوس، نەمران دوکتۆر شەرفکەندی، کاک فەتاحی عەبدولی، کاک هومایونی ئەردەلان و کاک نوری دیهکوردی پێکهاتوە.

هەروەها سوپاسی کۆمیتەی تێکۆشەری حیزبەکەمان لە سوئێد دەکەم کە زەحمەتی پێکهێنانی ئەم کۆڕەیان پێکهێناوە و شانازی ئەوەیان داوە بەمن کە لەگەڵ برای بەڕێزم کاک حاجی جوندیدا، ئەمڕۆ لێرە، لەو موناسەبەتە پڕ مانایەدا، لە خزمەتی ئێوەدابم.

پاش ئەو قسەوباسانەی لێرە لە پێوەندی لە گەڵ کاک سەعیدی نەمر و شەهیدانی دیکەی میکونوسدا کران، ڕەنگە هەم وەخت هەم حەوسەلەی ئێوە هێندە نەبێت، کەمن باسێکی تێروتەسەل لە پێوەندی دەگەڵ کەسایەتی خەباتگێرانەی کاک سەعیدا پێشکەش بکەم بەڵام وەک کەسێک کە ساڵانێک لە نزیکەوە لە خزمەت کاک سەعیدا ئەرکی حیزبیم بەرێوەبردوە و لەبەردەستی ئەودا لە لە کۆمسیۆنی ڕاگەیاندن و ئینتیشاراتی حیزبدا کارم کردوە تێدەکۆشم، بەشێک لە ڕوانگەکانی خۆم لە پێوەندی لەگەڵ ئەو نەمردەدا بخەمە بەرباس.

## بەشی دووهەم

شەهیدانمان بەگشتی و بەتایبەتی شەهیدانی ڕێبەرمان سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی خەباتن بۆ ئێمەو نەوەکانی داهاتووی میللەتەکەمان. بۆیە لەسەرمانە لە خسڵەتە بەرزە ئینسانیەکانی ئەوان فێربین و ئەو نرخ و بەهایانەی ئەوان کاروخەباتیان بۆکردن، بەرینە پێش. ئەوەش بەوە دەکرێ کە ناو و یادیان بەرز ڕاگرین و ئاڵای ئامانج و ڕێبازەکەیان هەروا بەرزو شەکاوە ڕاگرین.

باسەکەم بەوە دەست پێدەکەم کە ئینتلیتکتوێل کێ یە؟ پێوەندیی دەگەڵ دەستەڵات چیە؟ پاشان ئەوە ڕووندەکەمەوە کە ئەرک و ریسالەتی ئینتلیکتوێل و ڕووناکبیر چیە؟ جا دوایە کاک سادق لە بەرتیشکی ئەو باسەداو لە ڕوانگەی ئەزموونەکانی خۆم لە کارکردن لەگەڵ ئەو دا و نەخشی ئەو لە حتزب و تەشکیلات و بزووتنەوەدا هەڵدەسەنگێنم.

دواتر ئەوە باسدەکەم کە کاک سادق بۆ خەباتی دەکرد؟ بۆ ڕێگای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵبژارد بوو؟ چی دەویست؟ بۆ ڕیگای شۆڕشی هەڵبژاردبوو؟ بۆ ژیان و زانایی و ماڵ و سەروگیانی خۆی بۆ خەبات تەرخانکردبوو؟ بۆ هاتبووە مەیدانی خەبات؟

لە کۆتایی باسەکەشدا باسی ئەوە دەکەم کە ئێستا دەبێت چبکەین؟ چۆن ڕێبازو ئەو شەهیدانە درێژەبدەین و ئەرکی ئێمە لەوبارەوە چیە؟

### کاک سادق شەڕەفکەندی ئینتلێکتوێلیکی خەباتگێر!

پێش ئەوەی باسی ئینتلیکتوێل و ڕووناکبیر بکەین و ڕۆڵی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ دەستەڵاتی سیاسیدا بخەینە بەرباس، پیویستە بزانین دەستەڵاتی سیاسی چیە؟

مەبەست لە دەستەڵات، بریتیە لە دەستەڵاتی بریاردان و سیاسەتسازی و سیاسەتگوزاری سەبارەت بە مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کاروباری کۆمەڵ. لەوەش زیاتر بریتیە لە تواناو ئیرادە و ئۆتۆریتە بۆ بردنەپێشی ئەو سیاسەت و بڕیارانە و پیادەکردنیان.

دەستەڵات وەک سیاسەت هەویرەترشەی پێوەندیە ئنسانیەکانە. چۆن ماتۆڕی ماشێنێ بێ ڕۆن کارناکا، سیاسەت و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەستەڵاتی سیاسیش لە کۆمەڵدا هەمان ڕۆڵیان هەیە. کۆمەڵ بە بێ ئەوان هەڵناسوڕێ. واتە کۆمەڵگای ئینسانی بێ سیاسەت و یاساو ئیدارە و ئۆتۆریتە لێک هەڵدەوەشێ و ڕادەوەستێ.

دەستەڵات بۆ ئەوەی وەک پێویست کاربکا دەبێت ڕەوابێت، دیارە دەستەڵاتی ناڕەواش هەیە. دەستەڵاتی ڕەوا ئەو دەستەلاتەیە کە لەلایەن ئەو کەسانەوە کە دەستەڵاتیان بەسەردا بەرێوەدەبردرێ واتە لەلایەن خەڵکەوە، قبووڵ بکرێ. لەلایەکی دیکەشەوە پێویستە لە لایەن ئەکتەرەکانی دیکە شەوە وەرگیرێ یا بناسرێ.

لە یاسای نێونەتەوەییدا، رەوابوونی دەستەڵات (legitimation) زۆرتر لە ئیقتداری حکومەتیەوە سەرچاوەدەگرێ تا لە قانوون و قانوون مەداریەوە. ئەوە ئەزموونی سەدساڵی رابردووی.

## ئێستا بزانین ئینتلێکتوێل کێ یە؟ ڕووناکبیر کێیە؟

ڕووناکبیر پێناسەی جۆراوجۆری هەیە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دوو تاریفی سەرەکیمان بۆ ئەو دیاردەیە هەیە.
سارتەر ڕووناکبیر و ناڕەزایەتی لێک گرێدەدا. واتە لە ڕوانگەی ئەوەوە ڕووناکبیر کەسێکە کە لە وەزعی مەوجود ناڕازیە و ڕەخنەی لێدەگرێ و دەیەوێ تێکی بدا.

ڤاسلاڤ هاڤێلی چیکی، بە جۆرێکی دیکە تاریفی ڕووناکبیر دەکا. دەڵێ ڕووناکبیر ئەوکەسەیە خۆی و تەمەن و لێوەشاوەییەکانی خۆی، بۆ بیرکردنەوە لەسەر مەسەلەکانی پێوەندیدار بە کۆمەڵگا تەرخان دەکا، بیردەکاتەوە، بیرەکانی فۆرمۆلەدەکا، بۆ خزمەت بە گەل و وڵات دەکاریان دەکا و کار بۆ جێ بەجێ بوونیان دەکات.

تاریفی یەکەم گشتیە. هەموو چالاکێکی سیاسی و تەنانەت کەسانی بێ مایەش دەچنە چوارچێوەکەیەوە. ئەو تاریفە ساڵانێکی زۆر ڕووناکبیرانی وڵاتانی دونیای سێیەم و تەنانەت چەپی شیکی ئوورووپاییش خۆی لەوچوارچیوەیەدا خۆیان پێ پێناسەدەکرد.

**ئەو ڕووناکبیرەی دەچێتە چوارچیوەی تاریفی یەکەم. زۆرتر وێران دەکا و زۆرجار نایەوێ شتێکی لە جێ درووست بکات.**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

بەڵام دەبێ بزانین کۆمەڵگای ئینسانی ساختمان نیە، تێکی دەی و بتوانی لەجێگای وی ساختمانێکی چاکتری دیکە بنیات بنێیت. ئینسانەکان و پێوەندیە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکان خشت و بلۆک و سمیت و گەچ نین. هەست و سۆزو بنەماڵە و گەل و هەویەت و مەزهەب و دین و پێوەندیە ئینسانیەکان دەستەواژەی بێ نێوەرۆکنین. ئەگەر ئەوانە وێران کەین، زۆر زەحمەتە لە دوایە بتوانین کۆمەڵگایەکی سالم درووسکەین. ئاکامی کارێکی ئاوا زۆر دژوارە یان زیان بارە.

تاریفی هاڤێل بۆ ڕووناکبیر و ئینتلیکتوێل جۆرێکی دیکەیە. ئەو دەڵی رووناکبیر بیردەکاتەوەو و بیرو بیردۆزەکانی دەکاتە کردەوەی کۆمەڵایەتی و دەکەوێتە پڕاکتیکەوە بۆ بردنەپێشی بیرەکانی. واتە بیرکەرەوەیەکی پڕاکتیکیە و بەکردەوەش بۆ بردنەپێشی بیرەکانی خەبات دەکات. بەوجۆرە رووناکبیرە دەوترێت ئینکلیکتوێل واتە ڕووناکبیری خەباتگێڕ.

ئێمە لە کوردیدا تەنیا زاراوەی ڕووناکبیرمان هەیە و جیاوازی لە نێوان ئینتلیجنتسیا(intelligentsia) و ئینتلیکتوێل (Intellektuell) ناکەین. ئنتلیجنتسیا هەموو سەواد دارێک دەگرێتەوە و بەتایبەتی لە ولاتانی دونیای سێیەمدا هەموو میرزاو باسەوادێک بە ڕووناکبیر و ڕۆشەنبیر دادەنرێ. ئەوەش لەبەر نزمی ئاستی فەرهەنگی و دواکەوتوویی کۆمەڵایەتیە.

بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە هەموو باسەواد و خوێندەوارێک ڕووناکبیر نیە. مەبەست لە ڕووناکبیر ئینتلیکتویلە. واتە رووناکبیری خەباتگێڕ.

سارتەر دەڵێ هەر ڕووناکبیرێک ، نزیکی دەستەڵات بێتەوە و کاری دەگەڵ بکا و ڕەگەڵی کەوێ بەشداری سیاسەت بێ، ئەوە رووناکبیرنیە. واتە ناوبراو دەڵی هەر ڕووناکبیرێک ئەگەر جگە لە ڕەخنەو ئیعتراز بەوەزعی مەوجود، بکەوێتە ئەنجامدانی کردەوەی سیاسی ، ئەوە ریسالەتی ڕووناکبیری خۆی لە دەست دەدا.

بەڵام بە گوێرەی تاریفی هاڤێل، ڕووناکبیر بیرکەرەوەیەکی عەمەل گەرایە. مادام ئامادەیە ژیان وکار و لێوەشاوەیەکانی بۆ خێری گشتی تەرخان بکا، باشترە کە ئەگەر بتوانێ، دەستەڵاتی سیاسیش بەدەستەوە بگرێ و بەو دەستەڵاتە کار بۆ خێری گشتی بکاو ڕیفۆرم و چاکسازی بکات. واتە سیاسەت بکا و راستەوخۆ بێتە مەیدانی کاروباری سیاسی.

کەسێک ئەگەر بۆ خێری گشتی بیردەکاتەوە، چ باشتر ئەگەر دەستەڵاتیش بە دەستەوە بگرێ و بەو دەستەڵاتە خزمەت بە میللەتەکەی بکات. ئەوە زۆر لەوە باشترە کە کاسانی هەلپەرست و بێ مایە و قازانج پەرست و دەستەڵاتخواز، دەستەڵات

بەدەستەوە بگرن و کەڵکی خراپێ لێوەرگرن و ببنە کۆسپی سەر رێگای پێشکەوتنی وڵات.

کەواتە کردەوەی سیاسی و خەباتگێرانە، ئاکامی مەنتقی فەعالیەتی فکری و زهنی ڕووناکبیرێکی جدیە کە سەبارەت بەوەزعی کۆمەڵ و وڵاتەکەی بیردەکاتەوە.

تەنیا یەک مەرج لێرەدا لە گۆرێدایە. ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕووناکبیرەی کاری سیاسی و خەباتکارانە دەکات پێویستە خوڵقوخو واتە تێمپرامێنتی(temperament) کاری سیاسی هەبێت و شوروشەوقی سیاسی و خاباتگێرانەی تێدابێت. هەر بۆیە هەر بزووتنەوەو حیزب و دەستەڵاتێکی سیاسی کە ڕووناکبیری بە مانای ئینتلیکتوێل تێدانیە، بێ نێوەرۆکی زۆری پێوە دیارە.

سارتەر دەڵێ ڕووناکبیر نابێت خۆی لە سیاسەت و قودرەت و کاری سیاسی راستەوخۆ بدا، بۆ ئەوەی سەربەخۆبێ و سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەدا.

وتمان، ریسالەتی ئینتلیکتوێل بیرکردنەوەیە لەسەر کاروباری کۆمەڵ و وڵات و خەوندیتنە بۆ ژیانێکی باشتر، بەڵام زانست و فەلسەفە و پێداگۆگی دەڵێ ئەوە بیرەکانن دەبنە کردەوە و سیاسەت.

ئاخر کەسێک لە کۆمەڵدا بژی سەربەخۆ نیە. سەربەخۆی تەواو تەنیا لە دوورگەی رۆبینسۆن کرۆسۆدا هەیە. کە بەتەنیا لە جەزیرەیەکدا دەژیا.

لە ڕاستیدا سەربەخۆی رووناکبیر تەنیا لە شەخسیەت و کەسایەتی خۆی دایە. کەواتە بەوتاریفەوە، کە ڕووناکبیر دەیەوێ وەزعی مەوجود بگۆڕێ ، چ لە نێو دەستەڵاستدابێ یا لەدەرەوەی دەستەڵات، ئەگەر سەربەخۆی خۆی بپارێزی و بەکردەوەی خەباتگێرانەی وەک ئاکامی مەنتقی بیرەکانی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو ریسالەتە بکات کە خستویەتیە سەرشانی، هیچ لە مەوقعیەتەکەی ناگۆڕێ.

مرۆڤی سادەش دەتوانێ هەلپەرست بێ و ڕووناکبیریش دەتوانێ فرسەتەڵەب بێت. ئەوەی ئینسان جیادەکاتەوەو یەکپارچەیی ئەخلاقی (integrity) دەپارێزێ و ڕایدەگرێ، سادقبوون و شەرافەتمەندبوون و بە پرنسیپ بوونە.

## بەشی دووهەم

مرۆڤ بۆ ئەوەی یەکپارچەیی فکری و ئەخلاقی خۆی ڕابگرێ، نە پێویستە حەتمەن ڕووناکبیر بێ و نە پێویستیشە حەتمەن خۆی لە سیاسەت و حیزبایەتی و خەبات و بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی دوور ڕابگرێ.

بەو جۆرە دەگەینە ئەو ئاکامە کە پێوانەی ڕووناکبیربوون ئەوەیە کە کارێکی شایستە و شیاو لە کۆمەڵدا بکاو چالاکی فکری و فەرهەنگی و بیرکردنەوەی ببێتە چرای ڕووناکی دەری دەورروبەری و لە هەمان کاتدا یەکپارچەیی ئەخلاقی خۆشی لە دەست نەدا.

مەبەست لە یەکپارچەیی ئەخلاقی ئەوەیە کە ئینسانێکی شەرافەتمەند لە هەر شەرایتێکدا، لە هەر زەمان و مەکانێکدا، لە هەر پلەوپایەو مەوقعیەتێکی سیاسی و ئیداری و کۆمەلایەتیدا بێت، ئارلی هەت، لەدەست نەدا. واتە لەو نرخ و ئوسوول و پرنسیپ بەهایانەو چوارچێوانە لانەدا کە بروای پێ یانە و کاریان بۆدەکا.

کەواتە ریسالەتی ڕووناکبیر، بریتیە لە بیرکردنەوە بۆ خێری گشتی، کە ئاکامەکەی دەبێتە کردەوەی سیاسی خەباتگێڕانە. ئەوە تایبەتمەندیی ڕووناکبیر و کەسایەتی ڕووناکبیر و ئەخلاقی خەباتگێرانەیە کە نەخش و ڕۆڵ و مەکان و وەجاهەت دەداتە ئینتلیکتوێل.

یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی ڕووناکبیر ئەوەیە کە زۆر جار بە پێچەوانەی جەریانی غالب واتە (mainstream) حەرەکەت دەکات. واتە تەنیایە. خۆ زۆر دووکتۆر و پرۆفیسۆری کوردی دیکەشمان لە دەرەوەی کوردستان و و لە نێوخۆی وڵات هەبوون، ئەی بۆ تەنیا کەسانی وەک کاک سادق ئەو نەخشەیان بە ئەستۆ گرت کە مێژوو شانازیان پێوەدەکا؟

کەواتە ڕووناکبیر ئەو کەسەیە کە بیر لە خێری میللەت دەکاتەوەو دەیەوێ وەزعی مەوجود بگۆڕێ و بەدوای ڕێگاچارەوەیە و کاروخەباتی بۆ دەکات.

ئێستا لەبەر ڕووناکایی ئەو باسەی سەرەوەدا، کاک سەعید دەخوێنینەوە و هەندێک نموونە لە کار و ئەخلاقیاتی خەباتگێرانەی وەبیردێنینەوە. ئەودەم بۆمان دەردەکەوێ کە بەڕاستی کاک سەعید ئینتلیکتوێل بوو.

دوای شەهیدبوونی کاک سەعید، کە ئەودەم لە ڕادیۆ کارم دەکرد، هەر چەند بە هۆی ئەو کارەساتە سەختەوە لە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

هەلومەرجێکی رووحی زۆر نالەبار دابووم کە سێبەری کاک سەعیدمان لەسەر لاچوو بوو، بەڵام چل ڕۆژ لەسەرم نوسی. دەزانم لە تەوازووع بەدووره، بەڵام مێژووه. ئەو ڕستانەی لە ژیاننناماکەیدا باس لە کەسایەتی کاک سەعید دەکەن بە قەلەمی من نوسراون، خسڵەتە ئەسلیەکانی کاک سەعیدیان لە خۆ گرتوون. ئێستا کە پاش ئەو هەموو ماوەیە ئەو تایبەتمانیانەی کاک سەعید دەخوێنمەوە، کە لە ژیاننامەکەیدا هاتون، بڕوام بە قسەکانی ئەودەمم زۆرتر دەبێت و دەتوانم زۆر زۆرتر لەوەش لە سەر کەسایەتی خەباتگێرانەی کاک سەعید بنووسم.

ئەو کوردێکی دێموکرات و ڕووناکبیر بوو، هەستی بە زوولم و ستەمی نەتەوایەتی لەسەر گەلەکەی کردبوو، بۆ لەنێوبردنی ئەو ستەم و زوولم و زۆریە ڕێگای خەباتی هەڵبژاردبوو. هەر بۆیەش هاتبووە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات.

مێژووی میللەتەکەی خۆی و بزووتنەوە میللیەکانی میللەتەکەی خۆی بە قوڵی خوێنبووەوە و لە ئاکامی ئەو خووێندنەوەیەدا، تێگەی بوو کە دەبێت ئەرکی نیشتیمانی و خەباتگێرانەی خۆی بەڕێوەبەرێ و ببێتە پێشمەرگە. نوسین و بڵاوکردنەوە کورتە مێژووی بزووتنەوە میللەکانی کورد لە سەدەکانی ڕابردوودا، ئەوەدەردەخا کە ئە بە ئاگایی و وشیاری لەسەر ئەو ئەرکە کە لەسەر شانی بوو، پێی نابووە مەیدانی خەبات. ئەو دەیزانی میللەتی کورد لە چ مەوقعیەتێک دایە و دەبێ خەبات بۆ ڕزگاری خۆی بەرێتە پێش و شۆڕش بکات.

ئەو هاتبوو هەموو تواناو لێوەشاوەیی و ئینێرژی خۆی لە خزمەت بە شۆڕش و خەبات و بزووتنەوە دا دا نابوو. بە هەموو مانای وشە پێشمەرگە بوو.

هیچ چاوەڕوانیەکی لە حیزب و شۆڕش و خەبات نەبوو. واتە پاداشێکی نە دەویست. بەڵام زۆر شتی لەگەڵ خۆی هێنابوو، کە خزمەتی شۆڕش و حیزب و خەباتی پێ دەکردن.

تازە دەفتەری سیاسی هاتبووە سەرشاخان، من لە خزمەت مامم، چومە دەفتەری سیاسی. کاک سەعید تازە لە تارانەوە هاتبوە کوردستان. مامم خۆشحاڵی خۆی دەربڕی کە کاک سەعید لە بنکەی ڕێبەریی حیزب کار دەکاو وتی ئەوە کارێکی چاکە کە ڕێبەی حیزب تەقویەت دەکەی و لەڕێبەرایەتیدا کاربکەی بە قازانجی حیزبە و کۆمەک بە حیزب تەواودەبێ. حیزب لەو جێ یە پێویستی بە تۆیە نەک لە تاران. وەک ئێستا لە بیرمە کاک سەعید فەرمووی زۆر کەسی لەمن باشترو لێوەشاوەتر بۆ ئەوکارەهەن. من جارێ لە گەڵ وەزعەکە زۆر ئاشنانیم و لێم گەڕێن با باش لە گەڵ مەوقعیەتەکە ئاشنابم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

فەرمووی بۆ نموونە کاک قادر عەبدی و دەیان کەسی دیکەی لەمن لێوشاوەتر بۆ ئەو ئەرکە لێرە هەن. مەبەستم ئەوەیە ئەو نەهاتبوو ببێتە رێبەر، هاتبوو وەک پێشمەرگەیەک، وەک رووناکبیرێک خزمەت بەشۆڕش بکات. دواتریش کە چووە نێو رێبەری لەبەر ئەوەبوو کە حیزب و بزووتنەوە پێویستیان بەو بوو.

چاوەڕوانی هیچ مەسئولیەتێک نەبوو. پلەوپایەی نەدەویست. بەڵام کە کاتی خۆی هات و بۆی دەرکەوت شۆڕش و خەبات پێویستیان پێ یەتی، شانی دابەر باری مەسئولیەت و وەک کێو قورس و قایم ڕاوەستا. ئاخر ئەوە گەل و شۆڕش و خەبات بوون کە مەسئولیەتیان پێ سپاردبوو.

لە قۆناخەکانی دواتری خەباتدا کە چووە نێو رێبەرایەتی حیزب و بزووتنەوە، وەک لە ژیاننامەکەیدا هاتوە، بوو بەیەکێک لە کۆڵەکەکانی داڕشتنی سیاسەت و بریارات و هەڵوێستەکانی حیزب و بزووتنەوە. ئەو پلەوپایەی حیزبی وتەشکیلاتی و دەستەڵاتی ئۆرگانی حیزبی بۆ بردنەپێشی کاری حیزبی و خەبات و شۆڕش دەویستن نەک بۆ شتێکی دیکە. یاسر عەرەفات دەڵی من قودرەتم بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی شۆڕشی فەلەستین دەوێت. بەراستی کاک سەعیدیش پلەوپایەی حیزبی و تەشکیلاتی بۆ خزمەت بە شۆڕش و بزوتنەوەی کورد و ئامانجەکانی میللەتی کورد دەویستن. واتە قودرەتی بۆ بردنەپێشی هەڵوێستەکانی حیزب و پراکتیزەکردنی سیاسەتەکانی حیزب و پراکتیزەکردنی بیروبۆچونەکانی خۆی وەک ئینتلیکتوێل دەویست. لەخۆڕا نەبوو بۆ ماوەیەکی زۆر سەرپەرستی دەزگای ڕاگەیاندن و ڕیتۆریکی حیزبی بە ئەستۆوە بوو. واتە بەرپرسی فۆرمۆڵەکردن و داڕشتن و ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب بوو.

دوکتۆر سەعید یەکێک لەبەوەجترین و لێوەشاوەترین ڕیبەرانی حیزب و بزووتنەوە بوو کە هەموو وجودی خۆیبۆ خزمەت و بردنەپێشی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی و دێموکراتی خەڵکی کوردستانی تەرخان کردبوو.

ئەو کادروپێشمەرگەکانی حیزبی خۆشدەویستن، بەڵام ئەو خۆشەویستیە هەرگیز شوێنی لەسەر هەڵسەنگاندنی واقبینانەی کاروتێکۆشانی ئەوان دانەدەنا.

زۆربەی پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی بە ناو و موشەخەساتەوە دەناسین و کەم و زۆر ئاگای لە ژیان و کاروخەبات و تێکۆشانی ئەوان بوو. ڕێزی هەموو ئەوکەسانەی دەگرت کە خزمەتیان بە حیزب و شۆڕش و خەبات دەکرد. ئەوپێشمەرگانەی لە رادیۆ، نەخۆشخانە، تەدارووکات، پێوەندیەکانی دەرەوە، بنکەکانی دیکەی شۆڕشدا کارو تێکۆشانیان هەبوو، بۆ ئەو وەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەکانی دیکەی سەنگەرەکانی شەڕ و بەربەرەکانی بایەخ و ڕێزوحورمەتیان هەبوو. خەبات و کاروماندووبوونی هەموانی دەبینی و بایەخی بۆ دادەنان و پشتیوانی لێدەکردن.

دڵپاک و بێ غەرەز بوو. هەر بۆیە ئامۆژگاریەکانی وەردەگیران و ڕێنوێنیەکانی کاریان لە هاوڕێان دەکرد و ئینێرژیان دەدا بە کادرەکانی حیزب. زۆر لەسەر ئوسوڵ و پرنسیپەکانی حیزبی جدی و پێداگر بوو. بەڵام ئەو ئۆتۆریتەو دسیسپلین و ئوسووڵی حیزبی هەر لەسەر کادروپشمەرگەکانی حیزبی پیادەنەدەکرد، لە پێوەندی لەگەڵ ئەندامانی ڕێبەری و دەفتەری سیاسیش دا هەروابوو.

من لەبیرمە کە چۆن لە پلینۆمەکاندا، بەرەنگاری نەزەراتی ئەندامامی دەفتەری سیاسی دەبووەوە ، چۆن بە گژ نەزەراتی کاک دووکتۆر قاسملوو و ئەندامانی دیکەی ڕێبەری حیزب دا دەچوو. چۆن بی پێچ و پەناو ڕاشکاوانە نەزەراتی خۆی دەخستە ڕوو. ئەو کاتەم لەبیرە کە لە پێوەندی دەگەڵ وتووێژدا باسمان دەکرد، کە چۆن بەدژی ئەو پێشنیارەی کاک دووکتۆر ڕاوەستا.

کاتێک دوای کۆنگرەی ٨ ڕێبەری حیزب بۆ دیفاع لە مان و مەوجودیەتی حیزب بڕیاریدا لە هەموو ڕێگایەکی مومکین کەڵوەرگرێ، کاک سەعید بە توندی موخالەفەتی کرد و لەوەڵام دا وتی پێویست بەوە ناکا، ئەگەر بڕوامان بەخۆمان بێت کە ئێمە لەسەر حەقین، خەڵکیش درەنگ یا زوو ڕاستی و درووستی مەسەلەکەیان بۆ دەردەکەوێ. وە لە کاتی بڕیاردانیشدا دەنگی بەو بڕیارە نەدا. واتە ئەو لە هیچ کاتیک دا تەسلیمی مەین ستریم نەدەبوو، یەکپارچەیی ئەخلاقی خۆی لە دەست نەدەدا.

حیزبی دێموکراتی خۆشدەویست، بەڵام حیزبی دێموکراتی بۆ خزمەت و ڕێبەرایەتیکردنی شۆرش و بزووتنەوەی کوردستان دەویست. پێ وانەبوو کە کادر دەتوانێ جێگای تەشکیلات و تەشکیلات جێگای خەڵک بگرنەوە. ئەو حیزب و تەشکیلات و تێکۆشەرانی حیزبیشی بۆ خزمەت و بردنەپێشی خەباتی خەڵکی کوردستان دەویستن.

تازە پاشەکشەمان کردبوو بۆ بەری مێرگان. وەزعی ئێمە زۆر ناجووربوو. کاک سەعید بۆ ڕێنوێنی و سازماندانەوەی ئێمە سەردانی کردین و وەک هەیئەتی دەفتەری سیاسی هات میوانمان بوو. ئێوارێ خەبەریان هێنا کە لەودەورووبەرە چەند کاروانچی ڕووتکراون. مەسەلەکەی لەگەڵ ئێمە مەسئولینی حیزبی باسکرد. ئێمە دەمانزانی پێشمەرگەی حیزب نین و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پێشمەرگەکانی حیزبمان دەناسین و دەمانزانی ئەوکارە هی ئەوان نیە. کاک سەعید بە ئێمەی ڕاگەیاند کە تەحقیقی پێویست بکەین ئەگەر دەرکەوێ پێشمەرگەی حیزب کاری وایان کردبێت، دەبێ مەسئولینی حیزبی ئەو ناوچەیە سزابدرێن و لە حیزب دەربکرێن. قسەکەی ئەوەبوو کە ئێمە ڕەنگە نەمێنین، بەڵام ئەو حیزبە دەمێنی و نابێت بی ئیعتیبار بکرێت. ئەوە کە ئێمە لەنێوخەڵکدا ئیعتیبارمان هەیە، ئیعتیباری حیزبەو و حیزبیش ئامرازی بردنەپێشی ئەوخەبات و بزووتنەوەیە. بۆیە نابێت بێ ئیعتیبار بکرێ. هەرکەس و بەکارەکردەوەکانی زیان بە پرستیژ و ئیعتیباری حیزب بگەیەنێ لە هەرپلەوپایەیەکی حیزبی دابێت، دەبێت سزابدرێت و لە حیزبدا جێگای نەبێت.

لە سکتاریزم و دەستەبەندی بە دوور بوو. بڕوای بەسەداقەت و کاروتواناکانی خۆی هەبوو، ماندوو و پڕکاربوو، کاری ڕادیۆ، ڕۆژنامە، کاری ئیجرایی، مودیریەتی ئۆرگانەکان، هیدایەتی تەشکیلاتەکان، سەرەرای هەموو ئەوانەش وتار و بابەتی بۆ ڕۆژنامەو ڕادیۆ و تێکۆشەر دەنووسی و شەوانەش تادرەنگ دەیخوێندەوەو فێری شتی تازەدەبوو. ئەو شەووورۆژ لەخزمەت حیزب دابوو، ژیانی تایبەتی و بنەماڵەیی نەبوو. خەبات و تێکۆشان ژیانی ئەو بوو.

سادەو خاکی دەژیا. بە نان و ئاوێک بەرێ دەچوو، هیچ ئیمتیاز و شتێکی تایبەتی زیاتر لە پێشمەرگەکانی حیزبی نەبوو. دەی گووت ئێمە پێشمەرگەین، هەربۆیە ناز بەسەر خەڵکدا دەکەین، جا ئەگەر ژیان و بەرێچوون و گوزەرانمان وەک خەڵکی ئاسایی بوو، یا لە هی ئەوان باشتر بوو، جێ و بان و پاروومان وەک خەڵکی شاروگوندەکان گەرم و نەرم و چەوور بوو، باشە ئەدی ئەو نازونوزەمان بەسەر خەڵکا چیە. پێشمەرگە پێشمەرگەیەو دەبێ پێشمەرگانەش بژی.

لە پێوەندی دەگەڵ شۆڕش و ئیدامەکاریدا دەی گووت ئێمە کادروپێشمەرگەکان و تێکۆشەرانی حیزب نابێ و ناکرێ مەیدانەکە چۆڵکەین، منداڵی شەهیدان، کەم ئەندامان، برینندارەکان، ئەگەر ئیمکانمان هەبێت ڕەوانەی دەرەوەیان کەین، خەڵکی دیکەش کە لە نێوخۆ لە پێوەندی دەگەڵ بزووتنەوەدا ناچاردەبن بینەدەر، دەکرێ پشتیوانیان لێبکەین تا بڕۆنەدەر، بەڵام تێکۆشەرانی حیزب دەبێ ئەوخەباتە بەرنە پێش، ئێمە شۆڕشمان هەڵگیرساندوە و خەڵک ماڵی وێرانبووە و کوڕی شەهیدبووە و دەبێ ئەو خەباتە درێژەبدەین. حەقمان نیە لێدەین و بڕۆین و مەسئولیەت بە جێبێڵین. هەر بۆیە کاک سەعید دژی هاتنەدەرەوەی ئەو تێکۆشەرانەی حیزب بوو کە توانای کار و خەباتیان هەبوو.

ئەو بەڕاستی ڕووناکبیرێکی خەباتگێربوو. ئەو یەکپارچەگیە ئەخلاقی و ئارلیهەتەی کە بۆ کاری ڕیبەری و ڕووناکبیری خەباتگێر پێویستە بە باشترین شێوە لە کاک سەعید دا هەبوو. ئەو قسەو کردەوەی یەک بوون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو بە تەوازووع بوو. خاکی بوو، لە ڕاست هاوڕێ و کادروپێشمەرگەکانی حیزبدا سنگفرەوان و بە گوزەشت بوو، بە تایبەت لە بەرانبەر پێشمەرگەکاندا زۆر نەرم و لەسەرەخۆبوو، بەڵام، قەت لە ئوسوول لای نەدەدا.

لەبەرانبەر دوژمنان و ناحەزانی حیزب و گەلدا سەخت و بە هێزو قەوی و پتەبوو. دیفاع لە حیزب و سیاسەتەکانی حیزب بۆ ئەو ئەرکی هەرە ئەسلی تێکۆشەرێکی حیزبی بوو.

کاک سەعید بۆ کادروپێشمەرگەکان هەر رێبەری حیزب و سکرتێر نە بوو، براو پشت و پەنایان بوو. براگەورە و مامۆستا و رێنووێنی کەریان بوو. ئێمپاتی بۆ پێشمەرگەکان و ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکانیان هەبوو. موعەلیم بوو، بەڵام سەخگیر و پرچاوەڕوانی بوو، کارو خۆماندووکردنی لە شاگردو هاورێکانی دەویست. جارێک وتی ئەندامی حیزبی دێموکرات کاری ئەوەنیە وەک ئەندامی حیزبە لیبرالەکان چەندساڵ جارێک لە هەڵبژاردندا دەنگ بداتە حیزب و ئیدی کاری تەوا بێت. ئەندامی حیزبی دێموکرات دەبێ کەسێکی شوڕشگێر و ئامادەی فیداکاری بێت. ئاخر دەیزانی رێی خەبات سەخت و درێژەو پێویستی بە کارو تێکۆشانی لە ڕادەبەدەری هەمووان هەیە.

پاش شەهیدبوونی کاک دووکتۆر قاسملوو، کاتێک بە سکرتێر هەڵبژێردرا، لە پلینۆمدا چەن قسەیەکی کردن کە بەڕاستی مێژوویی بوون. وتی ئەوە کە دەنگی متمانەتان داوە بەمن سوپاستان دەکەم. دانیشتن لە جێگای پێشەوا و قاسملوو بۆمن شانازیەکی گەورەیە. بەڵام دەبێ بزانین کە من لە هەلوومەجێکدا سوکانی رێبەرایەتی حیزب بەدەستەوە دەگرم کە ئاستی کاروچالاکی حیزب روو لە دابەزینە بەرەوخوار. دەزانم ئەوە لە مێژوودا گران لەسەر من دەکەوێت، بەڵام چوونکە ڕەوتی خەبات ئەوەی خستۆتە سەرشانم بە هاوکاری ئێوە و خەڵکی کوردستان ئەو مەسئولیەتە قبووڵدەکەم و هەموو توانای خۆم بەکاردێنم ڕووسوور لە بنی بێمە دەر. واتە ئەو لە دوورەوەڕا وەزعی دەدیت و دەوخوێندەوە. شەممی سیاسیی هەبوو.

پێوانەی هەر کردەوەو حەڕەکەتێکی شۆڕشگێرانە لە کوردستاندا بۆ کاک سەعید، بریتیبوو لە تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی ئازادی و دێموکراسی و سرینەوەی ستەمی نەتەوایەتی. سیاسەت و تاکتیک بۆ کاک سادق دەستەواژەی ئەبستراکت و زهنی نەبوون، لە روانگەی ئەوەوە سیاسەت کردەوەی خەباتگێرانەبوو بۆ باشترکردنی وەزعی میللەتی کورد، بۆ ڕزگاری کوردوکوردستان، سیاسەت لای کاک سەعید خەبات بوو. هەر بۆیەش بە حەق و بە کردەوە ببوە ئاوێنەی باڵانوێنی سیاسەت و هەلوێستەکانی حیزب و بزووتنەوەی میللی و دێموکراتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## بەشی دووهەم

کاک دوکتۆر کوردستان و میللەتی کوردی خۆشدەویستن و هەموو ژیان و لێوەشاوەیەکانی خۆی بۆ خزمەت بەوان تەرخانکردبوو. ئەو لەوسیاسەتمەدارانە نەبوو کە خەڵکیان وەک وەسیلەی بردنەپێشی مەبەستەکانی خۆیان دەویێت. ئەو جگە لەقازانج و بەرژەدەندیەکانی کورد و کوردستان و گەلانی دیکەی ولاتەکەمان، هیچ بەرژەوەندیەکی دیکە و هیچ ئەجیندایەکی شاراوەی نەبوو. بەڵام شانازی دەکرد کە جێگای ئومێدی گەل و حیزب و نەتەوەکەیەتی. ئەوەی بە شانازی و ئیفتیخار دەزانی و ئەوەش بەنۆرەی خۆی وزەوتوانای بۆ کاروخەبات دەدا بە کاک سەعید.

### خەبات بە دژی ستەمی نەتەوایەتی، ریسالەتی ئەسڵی کاک دووکتۆر شەڕەفکەندی

مرۆڤ مەوجودێکی کۆمەڵایەتیە و بە کۆمەڵ دەژی. ئەوەش لە نیازو پێداویستیە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکانی ئینسان و ڕاستیەکانی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە هەر لەسەرەتای مێژووەوە چۆنیەتی ئیدارەو رێکخستن و ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا ئینسانیەکان، و تەنزیمکردنی پێوەندیە کۆمەڵایەتیەکان مەسەلەیەکی گرنگ بووە ومرۆڤ کاری بۆکردوە.

ئێستا پاش تێپەڕینی چەندین هەزار ساڵ بەسەر ئەزموونی ژیانی کۆمەڵایەتیدا، شکڵ و نیوەرۆکی ئیدارەکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا ئینسانیەکان پەرەی سەندوە و زۆر چۆتە پێش.

لەوپێوەندیەدا گرنگترین مەسەلە، مەسەلەی موشارەکەت و بەشداری خەڵکە لە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا.

ڕادەی بەشداری خەڵک لەکاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئیداری کۆمەڵگادا،شکڵ و نێوەرۆکی دەستەڵات، دەوڵەت و حکومەت دیاری دەکات. لێرەوەیە کە حکوومەتەکان، تایبەتمەندی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری یا دێموکراتیک بەخۆوە دەگرن.

لەسەردەمی ئێستادا، چڵەپۆپەی گەشەکردنی ئەزموونی مرۆڤایەتی بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵ، بریتیە لە دێموکراسی. مێژووی مرۆڤ تەجرووبەو ئەزموونیکی باشتر لە دێموکراسی بەخۆوە نەدیوە. هەرچەند دێموکراسی رەنگە کەمووکوڕی تایبەت بەخۆی هەبێت، بەڵام لە هەموو سیستەمەکانی دیکە باشترەو زەمینەی هەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵ و فەردی ئینسانی لە هەموو بوارێکەوە دەستەبەر دەکا.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

جەوهەری دیّموکراسی بریتیە لە (participation) بەشداری و موشارەکەتی خەڵک لەکاروباری کۆمەڵ و دەوڵەت و حکوومەتدا.

ئەسڵیّکی دیکە لە دیّموکراسیدا، بریتیە لە قبووڵکردن و وەبەرچاوگرتنی نەزەرو بیروبۆچوونی زۆرایەتی خەڵک لە کۆمەڵدا بەڵام سەرەڕای ئەوە ، کۆمەڵ دەستەوتاقم و چین و تویّژ و گرووپی جۆراوجۆری دیکەشی تیّدان کە پیّیان دەوتریّ کەمایەتی، وەک کەمایەتیە نەتەوەییەکان، کەمایەتیە زمانیەکان، کەمایەتیە ئاینی و مەزهەبیەکان و هتد، کەمایەتی ژمارەییشمان هەیە.

ئەوە کە دەوڵەت، یا سیستەمیکی سیاسی چۆن لەگەڵ ئەو کەمایەتیانە ڕەفتار و هەڵسوکەوت دەکا، ماهیەتی ئەو سیستەمە سیاسیە دەست نیشان دەکات.

مەبەست لە بەشداری و موشارەکەت، بریتیە لە بەشداری خەڵک لەکاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەلآیەتی و فەرهەنگی کۆمەلگاکانیاندا. بەڵام بەشداری سیاسی لە هەموو لایەنەکانی دیکە گرنگترە و مەبەستی ئیّمەش لە بەشداری زۆرتر بەشداری سیاسیە. لە دیّموکراسیدا خەڵک دەتوانن لە ئیدارەکردنی کاروباری سیاسی خۆیان و حکومەت و دەوڵەتدا بەشدار بن.

یانی موشارەکەتی خەڵک ،زەمینەی هەڵدان و پەرەسەندن و پیّشکەوتنی ئینسانەکان و کۆمەڵ و سیستەمی سیاسی و حکوومی پیّک دیّنیّ.

کۆمەڵناسەکان ئەمڕۆ لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەبەست لە پەرەسەندن(Development) بریتیە لە بەشداری هەرچی زۆرتری خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و کاروباری وڵاتەکەیاندا.

ڕادەی بەشداری خەڵک و چۆنیەتی ڕیّگاو میکانیزم و ئالیاتەکانی بەشداری خەڵک، ڕەوایی و لیگیتیمەیشن،بە دەوڵەت و سیستەمی سیاسی زاڵ بەسەر کۆمەڵدا دەدەن.

گرنگی و بایەخی موشارەکەتی خەڵک لە کاروباری سیاسیدا هیّندە پڕبایەخە، کە ڕیّکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناوەندە ئەکادیمیەکان، وەک ڕێگا چارەو ستراتیژی هەڵدان و گەشەکردنی کۆمەڵ حیسابی بۆ دەکەن.

لە ڕاستدا دێموکراسی و پێشکەوتن و پەرەسەندن، بە بێ بەشداری و موشارەکەتی خەڵک لە کاروباری سیاسی و ئیداری و کۆمەڵایەتی خۆیان و وڵاتەکەیاندا، مومکین نیە.

مەبەستمان لە موشارەکەت، بریتیە لە موشارەکەتی خەڵک وەک تاک، وەک گرووپ، وەک نیهاد و ڕێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دامووەزگا کانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەحزابی سیاسی و رەوتە جیاجیاکانی نێوکۆمەڵ. واتە بەتەنیا و بە کۆمەڵ.

لە دێموکراسیدا لایەنی جۆراوجۆر هەن. بەشداری ئاگاهانەی خەڵک و حیزب و ڕێکخراوە سیاسی و جەماوەریەکان،ڕادەی کەیفیەتی بەشداربوان دەردەخا. جیا لەوە موشارەکەت دەبێ ڕۆڵی هەبێ و تەئسیری هەبێ و نەزەرو بیروبۆچوون و ویست و داخوازەکانی خەلک وەبەر چاوبگیردرێ. دەنگی خەڵک دەبێ لەبەرچاوبگیردرێ، ئەوە جەوهەری دێموکراسیە. بەوپێ یە دەگەینە ئەو ئاکامە کە ڕادەی بەشداری و میکانیزمەکانی بەشداری خەلک لە کاروباری سیاسی خۆیان دا جەوهەری دێموکراسی و ئازادی و عەداڵەتە.

دەزانین کە ئێران وڵاتێکی فرەگەلە و چەند نەتەوەی جۆراوجۆر هەرکامیان لەسەر نیشتیمانی چەن هەزار ساڵەی خۆیان، لە چوارچێوەی ئەو وڵاتەدا دەژین. کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە. جگە لەوە گەلێک کەمایەتی مەزهەبی و ئاینی و ئیتنیکی دیکەش لە ئێران دا هەن.

ئەو کەمایەتیانە لە ئیدارەکردنی کاروباری وڵاتەکەیاندا و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکانی شوێنی ژیانی خۆشیاندا، نەخشێکی زۆرکەمیان هەیە. یا دەتوانین بڵێین کە لە مافە سروشتیە سیاسیەکانیان بۆ بەشداری لەکاروباری وڵاتەکەیاندا بێ بەشن. ئەوەی جێگای باسی ئێمەیە کەمایەتیە نەتەوەییەکان و بە تایبەتی کێشەی کوردە.

کەمایەتی نەتەوەیی بەو کۆمەڵە خەڵکە دەوترێت کە هوشیاری نەتەوایەتیان هەیەو خۆیان لە گرووپ و دەستەو تاقم و نەتەوەو گەلەکانی دەورووبەریان بە جیادەزانن. کولتور وفەرهەنگ و زمان و نژاد و هەویەتی هاوبەش و نیشتیمانی هاوبەشیان هەیە و مێژووی هاوبەش و داب و نەریت و چارەنوسی هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر هەیە. لەوەش زیاتر بۆ مافە

سیاسی و ئـابووری و كۆمەڵایەتیەكانیـان كـارو خەبـات دەكەن. بۆیە كوردایەتی و خەبات بـۆ ئـازادی و ڕزگـاریی لە ستەمی نەتەوایەتی، جەهەری ئەو هاوپێوەندیەیە كە خەڵكی كوردستانی لە دەوری ئامانجە هاوبەشەكانیان كۆكردۆتەوە.

پرسیار ئەوەیە كە ئایـا كەمـایەتیە نەتەوەییەكـانی ئێـران و یەک لەوان گەلـی كـورد لە ئیـدارەكردنی كاروبـاری وڵات و تەنانەت ناوچەكانی خۆیاندا بەشدارن؟

كام كاناڵ و میكانیزمی تایبەتیان بۆ بەشداری كردن و تەئسیردانان و موشارەكەت بۆ دەستەبەركراوە؟

كۆسپەكانی سەرڕێگای بەشداری ئەوان لە بەڕیووەبردنی كاروباری وڵات دا چن؟

ئەو ستەمی نەتەوایەتیەی كە خەڵكی كوردستان هەستی پێدەكەن و بە ئێسک و پێستەوە دەركی دەكەن لە كوێـوە سەرچاوە دەگرێ.

ڕێگاچارەی ئەو مەسەلەیە چیە؟ ئایا ڕێگاچارەكەی سیاسی هەیە و گیروگرفتەكە سیاسیە یا ئیداری و فەرهەنگی و ئـابووری؟ چۆن چارەسەر دەكرێ؟

وەک باسم كرد كەمـایەتیە نەتەوایەتیەكـان لە ئێرانـدا، لەبەڕێـوەبردنی كاروبـاری وڵات و تەنـانەت ناوچەكـانی خۆشیاندا هیچ نفوز و دەستەڵات و ڕۆڵێكیا نیە.

بەڵام هەستی نەتەوایەتـی و شعوری سیاسیان هەیەو بـۆ پاراستنی هەویەتـی نەتەوایەتـی خۆیـان تێدەكۆشن. بەوپـێ یە مەسەلەی كەمایەتیە نەتەوەییەكان لە ئێرانـدا مەسەلەیەكی سیاسیە و لەو ستەمە سیاسیەوە سەرچاوە دەگرێ كە لە سەر گەلی كورد هەیە.

واتە سەرچاوەكەی سیستەمی سیاسی دەوڵەتی و حكومەتیە.

مەبەست ئەوەیە كە موشارەكەتی كوردان و كەمایەتیە نەتەوەییەكانی دیكە لەكاروبـاری ئابووری و كۆمەلایەتی دا زۆر



كتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گرنگە. بەڵام موشارەکەتی سیاسی ئەوان لە دیاری کردنی چارەنووس و قازنج و بەرژەوەندیەکانی خۆیان و پێناسەکردنی ژیان و ڕێگاکانی بەختەوەری و پەرەسەندنی نیشتمانی خۆیان بە مەسەلەی هەرە گرنگ لە بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا بە حیساب دێت.

بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، و تەنانەت پراکسیسی نێونەتەوەییش، ئەوەدەردەخەن کە مەسەلەی کەمایەتیەکان و بەشداری ئەوان لە کاروباری ولات و بە تایبەتی ئیدارەی ناوچەکانی خۆیاند داخوازێکی سیاسیە و مەسەلەیەکی تەواو سیاسیە.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، داوا لە هەموو ئەندامانی خۆی دەکات، کە ئێرانیش یەکێک لەوانە، تا مافە سیاسیەکانی کەمایەتیەکان بۆ موشارەکەت لە پرۆسەی سیاسی و بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی وڵات و ناوچەکانی خۆیاندا، دەستەبەربکەن.

بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان دەڵێن حاشاکردن و نەدیتن و لەوەش زیاتر ئینکار و سەرکوت و هەوڵدان بۆ لەنێوبردنی سیاسی و ی کولتوری و کۆمەڵایەتی کەمایەتیەکان، دەبێتە هۆی لەنێوچوونی سیاسی و فیزیکی ئەوان و مەوجودیەتی ئەوان وەک گەل لەنێودەبا، جا ئەگەر وەک فەردیش بمێننەوە، وەک گەل و میللەت و نەتەوە لەنێو دەچن و ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ژینۆسایدی سیاسی و کولتووری.

بۆیە لە کۆنڤانسیۆنی نەتەوەیەکگرتوەکان لەمەڕ قەدەغەبوونی نەسل کوژیدا، ژینۆساید، بە جنایەت دەناسرێ و وەک تاوان بە دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دەدرێ.

چەسانەوەی سیستماتیک و ستەم و سەرکوتی سیاسی لەسەر کەمایەتیەکان وەک سیاسەتێکی دەڵەتی و بەرنامەڕێژی بۆکراو، بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، وەک ئەوەی کە لە ئێراندا، بە دژی کوردەکان بەڕێوەدەچی، لەباری ئەکادیمیەوە بە ژینۆساید و نەسلکوژی تەرجومەدەکرێ.

کۆنڤانسیۆنی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، مافی ژیان، مافی هەبوونی هەویەت و ناسنامەی تایبەتی، مافی پاراستن لە بەرانبەر تەبعیزی دەوڵەتیدا(stately discrimination)، بۆ هەموو کەمایەتیە میللی

و مەزهەبیەکان بەرەسمی دەناسێ و ئەرکیش دەخاتە سەرشانی دەوڵەت کە ئەو مافانە دابین و دەستەبەربکات.

لەو کۆنڤانسیۆنەدا، کۆمەڵگای نێیونەتەوەیی مافی کەمایەتیە نەتەوەیی و ئیتنیکی و میللی و مەزهەبیەکان بۆ پاراستن و پەرەپێدانی فەرهەنگ و کولتوری خۆیان و بردنەپێشی قازانج و بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان بە رەواو بەرحەق دەزانێ.

بەگویرەی بەڵگەنامەکانی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەموو مرۆڤەکان ئازادن لە ژیانی فەرهەنگی و کولتووری کۆمەڵگاکەیاندا بەشداری بکەن. کەواتە کۆمەڵە کەسێک کە فەرهەنگی هاوبەشیان هەیە، مافی خۆیانە پێکەوە کاروباری فەرهەنگی و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان بەرێوەبەرن.

بە گوێرەی کۆنڤانسوێنە نێونەتەوەییەکان، ئازادی مەسەلەیەکی سیاسیە. هەر بۆیە ئازادی بیرو عەقیدە و دین و مەزهەب ، جەوهەری ئازادی پێک دێنێ. هەرکاتێک دەوڵەتێک لەسەر ئەساسی مەزهەب و دین و عەقیدە و هەویەت، تەبعیز لەگەڵ کەمایەتیەکان بکا، ئەوە مافە هەرە سەرەتاییەکانی مرۆڤی پێشێل کردوون. واتە سەرەتاییترین مافە سیاسیەکانی هاووڵاتیانی لە ژێرپێ ناون. واتە رێگای بە موشارەکەتی خەڵک لە بەرێوەبەری کاروباری خۆیاندا گرتووە و ئەوەش مەسەلەیەکی تەواو سیاسیە.

چ لە قانووندا، چ لە سیستەمی سیاسیدا و چ لە ژیانی رۆژانەدا، بە ئاسانی دەتوانین دەرک بکەین کە گەلی کورد و کەمایەتیە نەتەوەییەکانی دیکە لە ئێراندا تەواو، لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی سیاسی دا.

کوردو کەمایەتیە نەتەوەیەکانی دیکە، چونکە نفووز و دەستەڵات و نوێنەرایەتیان لە ناوەندەکانی برپاردان و سیاسەتگوزاری و قانوون دانان دا نیە، لە ڕاستیدا ئیختیاراتی ئەوەشیان نیە سەبارەت بە کاروباری ژیانی خۆیان و ئیدارەکردنی ناوچەکانی خۆیان برێار بدەن.

کەمایەتیەکانی وەک کوردی سونی و بەلووچەکان و عەرەب و تورکمەن ناتوانن هیچ پۆستێکی وەک پۆستەکانی رێبەرایەتی، سەرکۆماری، سەرۆکی دەزگای قەزایی یان دەستەڵاتی ئیجرائیان بە دەستەوە بێت.

لە کردەوەدا تەنانەت وەزیرێک، جێگری وەزیرێک، سەرۆکی سازمانێکی گرنگیی دەولەتیش، تەنانەت ئوستاندارێکیش، لە


کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نێوکەمایەتیە نەتەوەیەکاندا کە مەزهەبیان شیعەنیە دیاری ناکرێ. یا زۆر بە دەگمەن هەلکەوتووە کەسێکی ئەوتۆ دیاری کرابێت.

لە ئەنجوومەنی تەشخیسی مەسلەحەتی نیزامدا، لە شورایی نیگابانـدا، لە شورای چاوخشاندنەوە بە قانوونی ئەساسیدا، لە شورای بەرزی ئەمنیەتی میللیدا، لە شورای عالی شۆڕشی فەرهەنگیدا، تەنانەت لەسەرۆکایەتی زانکۆکانیشدا، کەسێکی سەربە کەمایەتیەکان کە مەزهەبی شیعە نەبێت، وجودی نیە.

لە ناوچە میللیەکاندا، حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی سەربەکەمایەتیە نەتەوەییەکان قەدەخەن و فەعالیەتی یاساییان نیە. هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی لەو ناوچانەدا بە ئازادی تێکۆشانی نیە. خەڵک ئەگەر داخوازێکی سیاسی بێننە گۆڕێ، لەگەڵ سەرکوت و زەبروزەنگ بەرەو ڕوون دەبن.

رۆژنامە و گۆڤار و چاپەمەنی سەربە کەمایەتیەکان قەدەغەن. یا هەر وجودیان نیە. یا داخراون. یا زۆر کەمن و ئەوانەش کەهەن لە ژێر تیغی سانسۆردان و ناتوانن زمان حاڵی خەڵک بن و داخوازەکانی نەتەوەبندەستەکان بێننەگۆڕێ.

فەرماندەکانی ئەرشەدی نیزامی و ئینتیزامی و ئەمنیەتی، سەرۆکانی دەزگای قەزایی و ئیجرایی و قانوونگوزاری، کارمەندان و بەرپرسانی بەشەجۆراوجۆرەکانی بەیتی ڕێبەرایەتی، مەجلیسی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام، کوردێکیان تێدانیە و نوێنەری کەمایەتیە نەتەوەییەکان لە نێو ئەواندا نابینرێ.

پۆستەکانی پایەبەرزی وەزارەتی نێوخۆ، بازرەسی گشتی، دیوانی عەداڵەتی ئیداری، بۆ کەسانی سەربەکەمایەتیەکان قەدەغەن. لە مەجلیسی خوبرەگاندا، نوێنەری کەمایەتیەکان نیە. لە مەجلسی شورای ئیسلامیسدا، ئەوانە کە هەن هیچ رۆلێکیان نیە و لەسەر سیاسەتگوزاری ئێراندا تەئسیریان نیە. لە سەداوسیمای میللیدا، لە وەزارەتی دەرەوە و سەفارەتخانەکاندا، نوێنەری کەمایەتیە نەتەوەیەکان نیە. هەر بۆیە ناشتوانن لە بڕیاردان و سیاسەت گوزاریدا بەشداربن و شوێنەواریان هەبێت.

ئەوەی باسمان کردن تەنیا گیروگرفتە سیاسی و حقوقی و قانوونیەکانن. لەکردەوەو بەرخوردی رۆژانەدا و لە هەڵسوکەوتی دامودەزگاکانی دەوڵەتیدا، بە هەزاران شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، مەرموز، کەسانی سەربە کەمایەتیەکان، وەک ئێمەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کورد، لەدەرفەت و ئیمکاناتی بەرانبەر بۆ وەرگرتنی کار و پۆست و مەقام و بەدەستەوەگرتنی دەستەڵات و تەنانەت لەکارکردن لە هەندێک دامودەزگای دەوڵەتیشدا، جیاوازی و تەبعیزیان لەگەڵ دەکرێ. بۆ نموون پۆستەکانی هێزە نیزامی و پۆلیسی و ئەمنیەکان، ڕێکخراوەکانی گوزینش و چاودێری و کۆنترۆل و ئیدارەی بەندەر و شارێکان و نوختەسنووری و دەزگا گرنگە ئابووری و بازرگانی و سەنعەتی و عیلمی و...هتد.

**نێستا بزانین ئەو وەزعەی باسمان کرد لە چیەوە سەرچاوەدەگرێ.**

شێوەی درووستبوونی سیستەمی حکوومەتی و دەوڵەتی لە ئێراندا، لەسەر بناخەی سانتڕالیزم و مەرکەزگەرایی دامەزراوە. ئەوە پێی دەوترێ مۆدێلی ڕەزاخانی. هیچ سەرنجێک ناداتە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، ئیتنیکی، سیاسی، کولتووری و دێمۆگرافی دانیشتوانی ئێران. ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی کە کەمایەتیە نەتەوەییەکان نەتوانن لەکاروباری ئیداری و سیاسی وڵاتەکەیان دابەشداربن و تەنانەت لە بەڕێوەبردنی ناوچەکانی خۆشیاندا هیچ ئیختیارێکیان نەبیت.

لەلایەکی دیکەوە هەر لە هەوەڵەوە کاربەدەستانی ئێران تێکۆشاون مەسەلەی کەمایەتیەکان، وەک مەسەلەیەکی سیاسی نەبینن و لەباشترین حاڵەتدا، کەباسی دەکەن دەیخەنە چوارچێوەی مەسەلە کۆمەڵایەتیەکان و پێیان وایە لەڕێگای پەرەسەندی کۆمەلایەتیەوە چارەسەردەبێت و کێشەی کوردستان دەبڕێتەوە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە تا کاتێک مەسەلەی بەشداری کەمایەتیە میللەکان و مەسەلەی کورد بە تایبەتی وەک کێشەیەکی سیاسی بەڕەسمی نەناسرێ و قبووڵ نەکرێ، کێشەکە بە چارەسەرنەکراوی دەمێنێتەوە. چوونکە لەو حاڵەتەدا ئێمەی کورد هەر خۆمان بە غەدرلێکراو دەزانین و لەئاکامدا بەدژی خەبات وبەربەرەکانی دەکەین. ئەو غەدر و ناعەداڵەتیەش کە لەگەڵمان دەکرێ بەربەرەکانی لەگەڵ دەکەین. بۆیە کێشەکە هەرلەجێی خۆی دەبێ.

هەموو کاربەدەستانی ئێران، چ لەزەمانی شادا و چ لە زەمانی ڕێژیمی تازەدا و تەنانەت ڕاست و چەپی سیاسەتی ئێران، تێدەکۆشن مەسەلەکە وەک کێشەیەکی ساسی نەبینن. ئەوەش بۆ ئەوەیە کە ڕێگاچارەی سیاسی بۆ دانەنێن و ئینکاری بکەن. جەوهەری ئەو سیاسەتەش ئەوەیە کە ڕێگا لە موشارەکەتی ئێمە کوردەکان و کەمایەتیە کانی دیکە لە کاروباری سیاسی و ئیداری ئێران دا بگرن و نەیەڵن خەڵک لە ماف و ئازادیە سیاسیەکانی خۆیان بەهرە وەرگرن. چونکە ئەو دەم وەک ئێستا ناتوانن دەستەڵاتی خۆیان بەکەیفی خۆیان بسەپێنن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**جەوهەری ئازادی و دێموکراسی و سیتیزنشیپ، بریتیە لە موشارەکەت و ڕەقابەت و دیالۆگ.**

کوردو کەمایەتیە نەتەوەییەکانی دیکە نە ڕێگای موشارەکەتیان لە کاروباری سیاسیدا دەدرێتێ، نە مەیدانی ڕەقابەتیان هەیە و نە ئیجازەشمان دەدەنێ دیالۆگ بکەین و کێشەکانی خۆمان بە ئازادی بێنینە بەرباس.

سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا سەرکوت و زەبروزەنگ و گرتن و ڕاونان و بێ بەشی و مەحروم ڕاگرتن و بێبەش هێشتنەوەی ئێمەیە لە سەروەت و سامان و خێروبێری وڵات و ڕاگرتنمانە لە مەینەت بەشی و بێبەشی سیاسی و فەرهەنگیدا. تەنانەت وەک براچوکەش تەماشا ناکرێین، زڕبراشنین، نایەڵن لەسەر سفرە لەگەڵیان دانیشین، لە پاشخانەش ڕێگات نادات، کاک سەعی وتەنی لەدەرەوەی خێوەتەکە ڕاگیرتووین و دەیەوێ وەک خزمەتکار لەبەردەستیدا بین.

بەوجۆرە دەبینین کە گەلی کورد و کەمایەتیەکانی دیکە لە ئێراندا، لە ژێر تەبعیزو هەڵاواردنێکی توندی سیاسی دان هەویەت و کەرامەتی ئینسانی و میللی و فەرهەنگیان پێشێل دەکرێ.

خەباتی کورد و بزووتنەوەی کورد بۆ گۆڕینی ئەو وەزعەیە. بۆ شکاندنی ئەو قاوغەیە. بۆ وەلانانی ئەو مۆدێلەیە لە دەوڵەتداری و حکومەتداری. کار و خەباتی ئێمە بۆ دیسانترالیزەکردن و دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسیە لە ئێراندا، بۆ دابینکردنی هەلومەرجێکە کە موشارەکەتی کاریگەر و دیالۆگ و رەقابەتمان بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسیدا، بۆ شوێندانان لەسەر کاروباری وڵات و چارەنوسی خۆمان بۆ دەستەبەر بکات.

کورد حەقی خۆیەتی لە ئاستی سەرانسەریدا، لە ئاستی ناوچەکانی خۆیدا و لەوەش زیاتر لە ئاستی هەموو مەنتیقەکەدا، تەئسیر و کاری گەری لەسەر سیاسەت گوزاری و بڕیاردان و تەسمیم گیری و پرۆژەسازی هەبێت. ئەوە حەقی کەمایەتیە نەتەوەیەکانی دیکەشە. بەگوێرەی پەیماننامەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکان و ئەسڵە پەسندکراوەکانی کۆمەڵگای جیهانی کورد مافی خۆیەتی لە سەرخاک ی نیشتیمانی هەزاران ساڵەی خۆی خۆی بەڕیوەبەرێ و لەسیاسەتی ناوچەکەشدا قازانج و بەرژەوەندیە ڕەواکانی خۆی بەرێتە پێش.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێگای چارەسەری ئەو وەزعە لە دابین کردنی ئازادی و دێموکراسی، تەزمینی دۆزینەوەی کاناڵەکانی بەشداری و موشارەکەتی گەلانی ئێران لە ڕێگای ئۆتۆنۆمی و خودموختاری و فیدرالیزم و دەسەڵاتی موحەللی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەقسیمی دەستەڵاتی حکومەتی و برابەشیش لە حەقی حاکمیەت دا دەبینێ. بۆ ئەو مەبەستەش خەبات دەکا. کێشەکە وەک مەسەلەیەکی سیاسی دەبینێ و پرۆژەی سیاسیشی بۆ چارەسەری کێشەکە پێ یە.

دوکتۆر شەرەفکەندی وەک ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێر، بردنە پێشی ئەو پرۆژە سیاسیەی بە ریسالەتی خۆی دەزانی. هەر بۆیە بە ئاگاهی تەواوەوە، بەتێگەیشتن لە مەسئولەتێک کە لەسەر شانی خۆی هەستی پێدەکرد، ڕێگای خەبات و شۆڕشی هەڵبژاردبوو و سەرەنجام گیانیشی لە پێناویدا دانا. کاک سەعید لەوپەڕێ ئاگاهی و وشیاریدا ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵبژارتبوو.

بەڵێ دووکتۆر شەرەفکەندی و کاک فەتاح و کاک همایوون شەهیدبوون، دەیان و سەدان تێکۆشەری دیکەی میللەتەکەمان لەوڕێگایەدا شەهیدبوون و بە خووێنی خۆیان ئەو بزووتنەوە، ئەو جولآنەوەیان بیمەو تەسبیت کردوە.

مێژووی پێوەندیەکانی نێوان کوردو دەوڵەتی مەرکەزی لە ئێراندا یەک دەرسی گەورەی بۆ ئێمەو نەوەکانی داهاتوومان تێدایە. ئەویش ئەوەیە کە دەبێ جارێکی دیکە رێگا نەدرێ دەوڵەتی مەرکەزی لە نیەتپاکی کورد کەڵکی خراپ وەرگرێ و ڕێبەرانمان ئاوا بە ئاسانی شەهیدبکا. تازە دەبێ لە مەوزعی قودرەتەوە دەگەڵ تاران قسە بکەین. یانی دەبێ ببینە فاکتۆرێکی هێندە گەورە لە سەر سیاسەتی ئێران و ناوچە کە دەوڵەتی مەرکەزی بۆ دەربازبوون لە کێشەکانی ناچاربێت بدەوبستانمان دەگەڵ بکات. ئەوە کارێکی مومکینە. دەبێ گەلی کورد و گەلانی دیکەی بندەستی ئێران وا ڕێکخەین کە ئێمە کلیلی دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسی ئێرانمان بەدەستەوە بێت. ئێمە دەتوانین ئەوکارەبکەین

لەلایەکی دیکەشەوە ئەرکێکی نیشتیمانی گەورەش دەخاتە سەرشانی ئێمە کەبریتیە لە پاراستنی ڕێبەرانمان لە بەرانبەر دوژمندا. لەسەرمانە وەک گلێنەی چاومان دیفاع لە ڕێبەرایەتی خۆمان و بزووتنەوە بکەین. یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی پارێزگاری لە ڕێبەران و ڕێبەرایەتیمان ئەوەیە کە تێکۆشین لە خەباتدا موئەسیر بین و هەموو ئەرکێک بەوان نەسپێرین و لەو شووێنەش کە پێویستە بەرانبەریان ڕاوەستین. ڕێبەری حیزبی ئێمەو بزووتنەیەکی گەورەی وەک بزووتنەوەی کورد دەبێ کاری ستراتیژیک و سیاسەتگوزاری بکات و سەمبوولی خەبات و ئیرادەی گەل و بزووتنەوە بێت و نابێ بیهێنینەخوارەوە تا ئاستی مەئمورێکی ئیجرایی.

لەسەرمانە لەخسڵەت و تایبەتمەندیە ئینسانی و شۆڕشگێریەکانی کاک سەعید وڕێبەرانی دیکەمان فێربین. سروشتە بەرزو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئینسانیەكانیان بكەینە سەرچاوەی ئیلهام و سەرمەشقی تێكۆشانی حیزبی و تەشكیلاتی و سیاسیمان.

لەسەرمانە حیزبیەكەمان، بزووتنەوەكەمان، بەرهەمی كارو تێكۆشانی ئەوان، بناخەفكری و سیاسی و تیئوریەكانی ئەندێشەو ڕێبازی سیاسی ئەوان دەوڵەمەندتر، بەهێزتر كەین. تێكۆشین وەك ئەوان ببینە كچوكوڕی سەردەمی خۆمان. واتە لە هەلومەجی تازەی خەبات دا چاك بازی بكەین، بۆخۆمان سەرمایەی مادی و مەعنەوی و سیاسی و ئیعتیباری خەباتگێرانە بە خەزێنەی لەبن نەهاتووی حیزبەكەمان و بزووتنەوەكەمانەوە زیادكەین. نەك بێین شەهیدەكانمان دەكفنی كەربەلاوە وەرپێچین تاسوعاو عاشورای حیزبی و تەشكیلاتیان بۆ وەڕێخەین و ئەوان و بەرهەمی كارورەنج وخەباتی نەسلەكانی پێشوی حیزب و میللەتەكان بكەینە مایەی كێشە.

ڕێی خەباتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ڕوون و ئاشكرایە. هیچ تەمومژێكی سیاسی تیدانیە. دەبێ بەورێیەدا بڕۆینە پێش و لانەدەین. دەبێ سەربەخۆیی سیاسی و تەشكیلاتی و فكری حیزبەكەمان وەك گلێنەی چاو بپارێزین. ئەگەر كەسێك بە ئەنقەست لەخۆی نەگۆڕی، ئەوڕێیەی لی وننابێ. ئەودەم شایستەیین كە ئەو دەسكەوتانەمان پاراستبن و پێمانەوە زیادكردبن و بەشانازیشەوە بە كاروخەباتی نەسلەكانی پێشووی حیزب و گەلەكەمانەوە، ئیفتیخار بكەین و ئەو حیزب و خەباتە بە قودرەتەوە بەرینە پێش.

لە كاتی شەهیدبونی كاك دوكتۆر قاسملوودا، كاتێك لەسەر گۆڕی شەهیدانی دیكە قسەدەكات، لەو لەحزە سەخت و دژوارەدا، لە قسەكانیدا، بانگەواز لە خەڵكی كوردستان دەكات كوڕوكچەكانیان بنێرنە ریزەكانی خەبات و تێكۆشان و بەربەرەكانی و ناوی قاسملوو و شەهیدانی دیكەی گەل دە گوێی منداڵانی كوردستاندا بخوێنن تا بۆیان ببنە سەرمەشقی خەبات و بەناوی ئەوان بێنە گڕوگاڵ. ئێمەش دەبێ ئەوە بكەین، ناوی كاك سەعید و قاسملوو و كاك فەتاح و هومایۆن و شەهیدانی دیكەی نەتەوەكەمان، دەبێ بكەینە ڕەمزی خەبات و قوربانی دان و گیانبازی لە پێناوی گەل و نیشتیماندا و بەو ئامانج و ئیدەو ڕێبازە وەفاداربین كە ئەوان گیانیان لە پێناویدا دانا. كاك سەعید لەو بانگەوازەكەیدا دەڵێ لاوان كوردستان بینە ریزی خەبات و ببنە جێگای ئومێدی میللەتەكەیان. دەبا تێكۆشین ببینە جێگای ئومیدی گەلەكەمان.

خەباتی ئێمە خەباتێكی ڕەوایە و خەبات بۆ ئازادی میللەتێكە. ئەو خەباتە بە هەمووان دەچێتە پێش. با تێكۆشین ریزەكانی خەبات بەرین كەینەوە، ڕێز لە كاروزەحمەتی هەموو ئەوكەسانە بگرین كە لەو بزووتنەوەدا باشداربوون و بەشدارن. كەس حەقی نیە حیزب و خەبات و سەروەرەیەكانی گەل و بزووتنەوە لە سەرخۆی تاپۆبكا و خەلكی تر و

بەشی دووهەم

کاروخەباتی تێکۆشەرانی حیزب و گەل بە هیچ بگرێ و وەلایان بنێ. خەباتی ئێمە گەلی و جەماوەریە و نابێ بێلین حیزبەکەمان ببێتە فیرقەیەکی جیا لە کۆمەڵانی خەڵک.

لەسەرمانە خۆمان و گەلەکەمان و تێکۆشەرانی حیزب بەرینە پێش و پەروەردەیان بکەین. بۆ بردنەپێش و درێژەدانی خەبات دەبێ حیزبی دێموکرات بە هێز و مۆدێرن و هاوچەرخ دەربێنین.

پێویستە نەوەی تازەی کوردستان بکێشینە نێو جەرگەی خەبات و تێکۆشان و کاریان پێ بسپێرین و بەرپرسایەتی کاروخەباتیان بدەینێ. دەبێ سنگمان فرەوان کەین و دیدگای حیزب بۆ دیتنی دوونیای دەوروبەر گەورەکەینەوە.

با تێکۆشین مەیدان بۆ هەموو ئەوکەسانە بکەینەوە کە دەیانەوێ لەو خەباتەدا بەشداربن و لەگەڵمان دابن و هاوکار و هاورێمان بن.

حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد و کوردایەتی و خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری لە پاوان و قۆرخی کەس دانین و هەموو ڕۆڵەکانی میللەتی کورد حەقیانە لەو خەباتە بەشداربن و کەس مافی ئەوەی نیە خەڵکانی تە وەلانێ و کوردایەتی و حیزبایەتی لە خۆیدا ببینێ.

با تێکۆشین حیزبی دێموکرات بە هێزکەین، پەرەی پێبدەین، تەشکیلاتەکەی مونسەجم کەین و لە دابڕدابڕی دەری بێنین. با ئەو حیزبە و سەروەری و پرنسیپ و نرخ و ئەرزشەکانی بپارێزین. با حیزب مۆدێرنیزە بکەین. با ئیمکانات و پووڵ و سەروەت و هێزو شارەزایی تکنیکی و ئینسانی زیاتر بخەینە خزمەتی حیزب و خەبات.

با دۆست و ئەلیانس، لە ئێران و کوردستان و ناوچەو دونیادا بۆ حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان پەیداکەین. تاقانە بوون و خۆدیتن و کەس نەدیتن نەک هەر گەورەو بە هێزمان ناکات بەڵکو لە نێومان دەبات.

کورد و کوردستانمان خۆشبوێ، هەستی نیشتمان پەرستی، نیشتمان پەروەری لەخۆمان و ڕۆلەکانی میللەتەکەماندا بە هێزبکەین. هەویەتی کوردایەتی و کوردستانی بوون جێگیر کەین. وڵات و خاک و ئاو و ئەدەبیات و شیعروفەرهەنگ و مۆسیقاو گۆرانی میللەیی خۆمانمان خۆشبوێ. کاک سەعید کوردستانی بە هەموو وجودەوە خۆشدەویست. ئەو ڕۆژەی کەرکوک

## بەشی دووهەم

ئازادکرا تەقەی خۆشی کرد، لەبیرمە وتی لە سێسەد ساڵی رابردوودا ئەوە یەکەمجارە کەرکوک، بەدەستی کورد خۆیەوەبێ. بۆیە حەقە ئەو ئێوارەیە بەوبۆنەوە شادی بکەین. کاک سەعید بەراستی کوردپەروەرو کوردستانی بوو. ناسیۆنالیستێکی کوردی رووناکبیر و خەباتگێر بوو.

لەسەرمانە بەرپرسایەتی قبووڵکەین. واتە بەرپرسایەتی ئەوە کە بەشێکی زۆری ئەو وەزعەی خۆمان و خەباتەکەمان و حیزبەکەمان و میللەتەکەمان تێیدایە، ئاکامی کاروڕەفتار و چۆنیەتی کارو هەڵسوڕانی ئێمەیە. نابێ هیچی تر هەر دوژمنانی کورد و ناحەزانی گەل و میللەتەکەمان لەو پێوەندیەدا بە گوناهبار بزانین، دەبێ سەهمی خۆشمان لەو بارەوە ببینین و وەخۆبێینەوە. مەسئولیەتی ئەوە قبوول کەین کە نابێ لەو پێوەندیەدا هەر دوژمن بە گوناهبار بزانین، دەبێ سەهمی خۆشمان ببینین. دەبێ خۆمان تێکۆشین لەو هەلومەرجە بێینە دەر. تا خۆمان نەمانەوێ کەس ناتوانی هیچمان بۆ بکات. خۆمان فاکتۆری ئەسلی پێکهاتنی ئەو وەزعەین، بۆ هاتنەدەر لەوهەلومەرجە دژوارەش دەبێ خۆمان هەر فاکتۆری ئەسڵی بین. دەبێ خۆمان کۆمەک بەخۆمان بکەین، دەنا کەس ئامادەنیە کۆمەگمان بکات.

ئەو خەباتە پێویستی بە هەموومانە، لەوەزیاتریش ئێمە هیشتاش کەمین، کار بۆ ئازادی میللەتێکی ژێرچەپۆکە، کارێکی قورس و مەئموریرتێکی گرانە و دەبێ خەڵکانی دیکە ڕەگەڵخۆمان دەین. پێویستە ڕێگاومیتۆدی سەردەمیانە و تازە بۆ خەبات و بەربەرەکانی بدۆزینەوە. با رێگاو میتۆدیدیکە بۆ کاری سیاسی و حیزبی و هاوئاهەنگی پێکهێنان لە نێو ریزەکانی میللەتەکەماندا بدۆزینەوە. بۆ بردنەپێشی ریبازی حیزبی دێموکرات و ئامانجەکانی کاک سەعید دەبێ خۆمان لە داوی تەعەسوب و دەمارگرژی حیزبی و سیاسی و تەشکیلاتی ڕگارکەین. دەبێ خۆمان لەدەستی خۆمان رزگارکەین. دەبێ خۆمان بگۆڕین. ئەگەر دەمانەوێ وەزعەکە بگۆڕین و بەرەو باشی بەرین، تەنیا یەک رێگامان هەیە، ئەویش ئەوەیە دەبێ خۆمان بگۆڕین، شێوەی بیرکردنەوە و گۆشەنیگای ڕوانینمان بگۆڕین. ئەودەم ئاڵووگۆڕ درووست دەبێت. دەبێ دەگەڵ کەمووکوریەکانی خۆمان خەبات و بەربەرەکانی بکەین و بەسەریاندا زاڵبین. دەبێ تێکۆشین لەخۆمان و چوارچێوە و سنووری ئێستامان تێپەرێن. با لە هەموو زەرفیەتی خۆمان و میللەتەکەمان بۆ بردنەپێشی خەبات کەڵک وەرگرین.

دەبێ دونیا بکەینە مەیدانی خەبات. ئەگەر جاران خەباتمان لە سابڵاخ و سنەو بانە و ورمی و ڕەوانسەر و کامیاران و قەندیل بەرێوەدەبرد، بەو تەشکیلاتە کە هەمانە، بەو هەموو ئینێرژیە کە لە تەشکیلات و میللەتەکەمان داهەیە دەتوانین سەرتاسەری دونیا بکەینە مەیدانی خەبات بۆ ئازادی میللەتەکەمان. بەڵام دەبێ فێربین لە ئیمکانات و هەلومەرجی سەردەم کەلک وەرگرین و خۆشما لە گەڵ دونیای نوێ هاوئاهەنگ کەین.

## بەشی دووهەم

سەردەمی گلۆبالیساسیۆنە. هەموو بازار و فەرهەنگ و وڵات و گەل و دین و مەزهەب و شێوەژیانەکان، نەتەوەکان، قاڕڕەکان، دەشت و کێو وبیابانەکان، دەریاو چۆم و ئۆقیانوسەکان، لەیەک کاتدا بەرەولای یەکتر دەرۆن و تێکەڵ دەبن و پتریش خۆیان دەناسن و هەویەت وناسنامەی خۆیان لەلا تۆختر دەبێتەوە. واتە لایەنێکی زۆرگرنگی گلۆبالیزم، دەرکەوتن و بەهێزبوونی هەویەت و سیاسەتە هەویەت تەڵەبیەکانە کە پێی دەوترێ گلۆکالیزم. تەرکیبێکە لە گلۆبالیزم و لۆکالیزم. ئەوە دەریدەخا کە دەرفەتێکی زۆر باش بۆ خەبات و تێکۆشانی ئێمەو بردنەپێشی ئەوخەباتە پیک هاتووە کە حیزبی ئێمە وەک ریسالەتی خۆی دیاری کردوە.. بەڵام دەبێ توانای کەڵک وەرگرتن لەو ئیمکاناتەمان بە قازانجی گەل و میللەتەکەمان هەبێت کە دونیای هاوچەخ پێکی هێناون. وەک فرۆکە، کەشتی قەتار، ئینترێت، یوتیوب، تویتر، فەیسبوک، کۆمیونیکاشۆنی سەردەم، کۆمەڵگای مەدەنی جیهانی، کۆنڤانسوێن و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، بیروڕای گشتی جیهانی، کۆریدۆرەکانی ناوەندەکانی بریاردانی سیاسی لە ژنێف، ستۆکهۆڵم، ئۆسلۆ، لەندەن، پاریس، نیۆیۆرک و پەکین و قەتەر و ئەستانبول و هتد.. مەبەستم ئەوەیە قەت هەلومەرجی نێونەتەوەیی بۆ بردنەپێشی خەبات بۆ ڕزگاری کورد وەک ئێستا ئامادەنەبووە. ئێستا دەورانی گلۆبالیزمە و لایەنێکی زۆر زەقی گلۆبالیزمیش گەشە سەندنی هەویەت تەڵەبی، خودموختاری خوازی، دیسانترالیزەخوازی، فیدراڵیزم خوازی و پێداگرتن لەسەر مافی دیاری کردنی چارەنوسی گەلان بەدەستی خۆیانە. واتە لۆکالیزم خوازی. کەواتە ئاسۆی خەباتمان روونە، قەزیەی ئێمە و میللەتەکەمان ڕەوایە، لەگەل شەپۆلی سیاسەتی هەویەتخوازی لە دوونیادا دێتەوە و وەردەگیرێ و پشتیوانێ لێدەکرێ. ئەوە ماوە خۆمان لە مەیدان دابین و خۆمان بۆ سواری شەپۆلە گەورەکان ئامادەکەین بە هیواو هومێدە وە خەبات بکەین و دڵی یەکتر بدەینەوە، پشتی ڕێبەری بگرین و لەو شوێنەش کە پێویستە ڕەخنەیان لێبگرین.

دونیا جۆرێکی لێهاتووەوە هەرلەحزەئیمکانی هەیە مەسەلەیەکی تەواو لۆکال و محەللی، ببێتە مەسەلەیەکی گەورەی نێونەتەوەیی. ئیدی مەسافەت بەمانای فاسیلە نیە. درەنگ خەریکە لە فەرهەنگی زماندا واتاکەی جارانی نامێنی. من دوێنێ لە ئوستانی ئۆستفۆلد کارم کردوە تا سەعاتی چوار، شەو لە ماڵی لە ئۆسلۆ خەوتووم، بەیانی هاتوومە ستپکهۆڵم و ئەوەتا لە خزمەت ئێوەدا لەو کۆڕەدام و قسەو باسەکانمان لە ڕێگای سەتەلایتەوە لەو ساڵۆنە ڕا پاش چەند سەعاتی تر راستەوخۆ بۆ هەموو دوونیاو خەڵکی کوردستان دەنێرین. بەڵام یەک شت موسەلەمە، ئەویش ئەوەیە دەبێ خۆمان لە خەبات دابین. لە مەیدانەکە دابین. واتە ئیمکانی خەبات و بەربەرەکانی زۆرە بەڵام دەبێت بتوانین کەڵکی لێوەرگرین.

فەرهەنگی خەباتگێرانە، ڕۆمانتیزمی ئینقلابی، پێداگۆگی ئازادیخوازیانەمان پێویستن، پێویستە مەسەلەی میللەتەکەمان لە چوارچیوەی ئەسڵەکانی مافی مرۆڤ و یاسانێونەتەوەیەکاندا بەرینە پێش. بۆیە دەبێ مافی مرۆڤ و فەرهەنگی مافی مرۆڤ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ببێتە بەشێکی هەرەگەورەی سیمانی کاری سیاسی و جەوهەری داخوازەکانمان.

ڕاستە فەعالیەتی نیزامی ئێمە وەستاوە، بەڵام خەباتی سیاسی میللەتی ئێمە زۆر چۆتەسەرتر. بە گشتی خەلکەکەمان وشیارترە، باسەوادتر و خووێندەوارترە، وشیارتر و سیاسیتر و چاوکراوەترە. ئاشناترە لە ڕابردوو زیاتر ئاشناترە بە مافەکانی، بە داخوازەکانی، چاونەترسترە ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە بە هەزاران تێکۆشەری مەدەنی و فەرهەنگی و ئەدەبی و سیاسی و حقووقی بەشەری لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی دان، بە هەزاران مامۆستای زانکۆ و موعیلیم و خوێندکار لە قوتابخانە و زانکۆکاندا، لەسەرتاسەری شارەکانی کوردستاندا، تەنانەت لەتاران و زانکۆکانی دیکەی ئێرانیشدا، پەیامی بزووتنەوەی کورد و پەیامی حیزبی ئێمە دەبەنە پێش. ئەوانە سەرمایەی گەورەی حیزب و بزووتنەوەن و لێرەوەڕا دەستی هەموویان دەگوشین و سڵاویان لێدەکەین و تووند دەئامێزیان دەگرین. ئەوانە هەموویان بەشێکی گەورەی بزووتنەوەی نەتەوەکەمانن و حیزبی ئێمە هەموویان بە کوڕوکچی خۆی دەزانێ و چاویان ماچ دەکات.

لەلایەکی دیکەوە کێشەی کورد لە ئاستی ناوچەکەدا دەڕواتە پێش و بۆتە کێشەیەکی نێونەتەوەیی ، ئەوە بە نۆرەی خۆی شوێنەواری موسبەت لەسەر خەباتی حیزب و بزووتنەوی ئێمەش دادەنێ و گەشبینی و ئۆپتیمیزمان دەداتێ. پشتگەرمیمان دەداتێ. بەهاری ناوچەکە جارێ هێشتا لە سەرەتا دایە و دەگاتە ولاتی ئێمەش. هیچ دەلیلێک نیە ئێران ببێتە جەزیرەیەکی دوورەپەرێز و سەرەنجام نەکەوێتە نێو ئەو گێژەلووکەوە. بەڵام دەبێ خۆمان پارامیتر بین و بە هێزبین و لەمیدان دابین حازربین بۆ گێرانی ئەو ڕۆڵە مێژوییەی کەوتۆتە سەرشانی حیزبەکەمان و خۆمانە.

ئێمە حیزبێکی ئیرانی و کوردستانین و دەتوانین لە هەردوو مەیداندا چالاک بین. هەم مەسەلەی ئێران و هەم مەسەلەی کوردیستانیش ئاکتوێل و چالاکن و بۆیە خەباتی ئێمە بێ ڕەبت نیە. مەوزوعیەتی لەدەست نەداوە. حیزبی ئێمە چ لە خەبات بۆ دێموکراسی و چ لە خەبات بۆ مافەکانی کورد دا دەتوانێ نەخشی گەورەی هەبێت. دەبێ خۆمان بۆ گێڕانی وەها نەخشێک ئامادەبکەین.

ئەگەر سالانێکی زۆر حیزبی ئێمە بەتەنیا لەمەیدان دابوو، ئێستا بە خۆشیەوە ، بە گەشەکردنی سیاسی کۆمەڵگای کوردستانەوە گەلێک هێزو لایەنی دیکەش لە گۆڕەپانەکەدان کە حیزبی ئێمە لە نێو هەموویاندام خاوەنی ڕێز و پرستیژێکی بەرزە و جێگای متمانەی ئەوان و کۆمەلانی خەلکی کوردستانە. بۆیە ئەگەر وەزعێکی لەبار بێتە پێش، حیزبی ئێمە دەتوانی ببێتە هەوێن و چەتری ئیئتلافێکی بەرینی سیاسی ، کە بکرێ بەقازانی میللەتەکەمان کار بکات. ئەوە نوختە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەشی دووهەم

قـوەتیکی گەورەی حیزبـی مەیە و دەبـێ بیپـارێزین. واتە دەبـێ تێکۆشـین هەروا حیزبـی خۆشەویسـتی کـۆمەڵانی خەڵکـی کوردستان وەمێنینەوە.

دونیا و مێژوو شاهیدە کە ئیمە لە خەبـات و بەربەرەکـانی دەگەڵ دوژمنـانی میللەتەکەمـان و خەبـات لە ڕێـی ئازادیـدا چەنە ئـازاو جەسورین، دەبـێ لە بەرخـورد دەگەڵخۆمـان و کەمووکوڕیەکـانی خۆشـماندا، شـەهامەتی سیاسی و ئەخلاقـی لەخۆمـان نیشاندەین. بەڕاستی دەبێ بزانین لەوبارەو جارێ ماومانە لەخۆما رازیبین.

لەو خەبـاتەدا، لەو ململانیەدا، قەت وەک دوژمن پووڵ و چەک و ئەسلەحە و هێـزی مـادی و نیزامیمـان نـابێ، بەڵام بـایەخە بەرزە ئینسـانیەکان ، ئەخلاقـی بەرزی سیاسـی و شـەڕافەتمەندانە، بـایەخە بەرزە دیموکراتیەکـان، ئەخلاقـی بەرزی خەباتگێرانە و داخوازی عـادلانە، هی ئێمەن و دوژمن ئەوانەی نیە، واتە هیچ مەشروعیەتێکی نیە. بەو بـایەخەبەرزانە و پاراستن و بەهێزکردنیـان دەتوانین حیزبەکەمان بە بەرزایی ئاسمانی مەیدانی خەباتدا وەبال لێدان بخەین.

ئەو خەباتە سەردەکەوێ. لەو شەڕوبەربەرەکانیەدا ئێمە دەیبەینەوە. گرنگ ئەوەیە ئەرکی خۆمان بەرێوەبەرین و هەرکاممـان بە ئەندازەی توانا و زەرفیەتی خۆمان وزەوئینێرژی بخەینە خزمەت خەبات و بزووتنەوە و حیزبەکەمان.

بۆخەباتیش وەک کاک سەعید دەڵێ چ زۆرن ڕێگا.

**لە کۆتاییدا جارێکی دیکەش لەبەرانبەر گیانی پاکی کاک سەعید، کاک فەتاح و کاک هومایون و هەموو شەهیدانی حیزب و گەلەکەماندا، سەری ڕێزو حورمەت دادەنوێنم.**

سڵاو لە ئیوەی بەرێزیش کە بە حەوسەلەوە گوێتان لە برا بچوکی خۆتان گرت.

سەرچاوە: ماڵپەری خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١٣

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەرمانانی ٢٧٢٥ی کوردی = سێپتەمبەری: ٢٠٢٥ی زایینی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org



# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org